# دەرو دراوسێی کوردستان

بەرگی دووەم

کۆمەڵە وتارێکە دەربارەی

(کوردستان، عیراق، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و داعش)

بورهان شێخ رەوف

٢٠٢٣

| | |
| --- | --- |
| ناوی کتێب: | دەر و دراوسێی کوردستان |
| بابەت: | کۆمەڵە وتار |
| نووسەر: | بورهان شێخ رەوف |
| چاپی یەکەم: | ٢٠٢٣ |
| دیزاین و بەرگ: | عومەر حسێن |
| چاپ: | چاپخانەی پاندا |
| تیراژ: | (٥٠٠) دانە |
| نرخ: | ٦٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

## پێڕست


| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| **بەشی یەکەم - هەرێمی کوردستان** | **١٣ - ٣٢** |
| ڕۆژنامەوانی و دەسەڵاتی چوارەم | ١٤ |
| هۆشیاریی دەنگدەر | ١٦ |
| لە سەرو بەندی ڕاگەیاندنی کابینەی نۆدا دنیایەك هیوا و ئامانج | ١٨ |
| کۆبوونەوەکانی هەرێم و ناوەند لە سەنگی مەحەکدا | ٢٠ |
| پیرۆزبایی و کۆنگرەی نوێبوونەوە، ئەرکەکانی قۆناغی نوێی یەکێتی | ٢٢ |
| جارێکی تر لەشکرکێشی تورکیا | ٢٤ |
| هەرێم لە نێوان لێکترازان و سازان | ٢٦ |
| کورد لە داوی ئەمریکادا | ٢٨ |
| **بەشی دووەم - عیراق** | **٣٣ - ١٠٠** |
| نەوتی کوردستان لە ململانێی نێوان هەرێم و ناوەندەوە بۆ ململانێی نێوان عیراق و روسیا | ٣٤ |
| عیراق لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا | ٣٦ |
| داخستنی بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی هەنگاوێك بە ڕێگەی ڕاستدا | ٣٨ |
| عیراق، دووانەی سوپا و حەشدی شەعبی | ٤١ |
| کابینەکەی عەبدولمەهدی لە بەردەم ئاڵنگارییەکاندا | ٤٣ |
| ڕووبەری خۆپیشاندانەکانی عیراق فراوانتر دەبێت | ٤٦ |
| عیراق لە داخوازیی خزمەتگوزارییەوە بۆ شۆڕش | ٤٨ |
| لەناوبردنی گەندەڵیی جێگەی شەڕی ئتنیکی دەگرێتەوە | ٥٠ |
| خۆپیشاندانەکانی عیراق بۆ بەردەوامە؟ | ٥٢ |
| نەخشەڕێگەی خۆپیشاندەران بۆ ئایندەی عیراق | ٥٤ |
| دوای دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی | ٥٦ |
| بۆ تێناگەن شەقامی عیراق چی دەخوازێت؟ | ٥٨ |
| کۆتایی هاوبەشی ئەمریکا و ئێران لە عیراق | ٦٠ |

| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ئەمریکا و ئێران لە دوای موشەکبارانی بنکەی عەین ئەلسەد و هەولێر | ٦٢ |
| لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق | ٦٤ |
| عیراق و خۆپیشاندانە ملیۆنییەکان | ٦٦ |
| کلاوشینەکان لە بەرگرییەوە بۆ پەلامار | ٦٨ |
| ئەمریکا و عیراق بەرەو قۆناغێکی نوێ | ٧٠ |
| ئاوڕدانەوەیەك لە کەرتی تەندروستیی عیراق | ٧٣ |
| یەکەم گەشتی دەرەوەی کازمی | ٧٦ |
| کازمی وادەی هەڵبژاردنی پێشوەختی دیاریکرد | ٧٩ |
| کازمی سەردانی واشنتۆن دەکات | ٨١ |
| ئەمریکا گەڕایەوە بۆ عیراق | ٨٣ |
| ئەمریکا و روانینی بۆ عیراق لە ئێستادا | ٨٥ |
| تەپڵی شەڕ دێتە گوێمان | ٨٧ |
| کازمی لە بەردەم گەردەلوولی قەیرانەکانی عیراقدا | ٨٩ |
| خۆپیشاندانەکانی عیراق لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی "الإحتجاج" دا | ٩١ |
| ئابووری عیراق لەبەردەم مەترسیی دارماندایە؟ | ٩٧ |
| گەڕاندنەوەی ئەرشیفەکانی بەعس لە ئەمریکاوە بۆ عیراق | ٩٩ |
| **بەشی سێیەم ـ داعش** | **١٠١ ـ ١٥٤** |
| داعش لە بەردەرگای ماڵەکانمانەوە بۆ سەربانی ماڵەکان | ١٠٢ |
| داعشە فەرەنسییەکان | ١٠٥ |
| هۆشداری لە گەڕانەوەی داعش | ١٠٧ |
| ئەبوبەکر بەغدادی لە ئۆپەراسیۆنی (کایلا مولەر) دا کوژرا | ١٠٩ |
| ئەبوبەکر بەغدادی لە دوو وێنە ودوو کاتی جیاوازدا | ١١١ |
| حکومەتی نووستوو یان شانەی نووستوو | ١١٣ |
| چارەنووسی چەکدارە دیلەکانی داعش | ١١٦ |
| ئایا داعش سەر هەڵدەداتەوە؟ | ١١٨ |
| داعش کۆتایی دێت؟ | ١٢١ |
| داعشی دوای عیراق و عیراقی دوای داعش | ١٢٣ |

| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ناکۆکییەکانی عیراقی دوای داعش | ١٢٥ |
| پاریسی خوێناوی | ١٢٧ |
| جەنگی پیرۆز | ١٢٨ |
| داعش چۆن بووە زەنگینترین هێزی تیرۆریست؟ | ١٣٠ |
| داعش لە بەردەمی ماڵەکانمان | ١٣٣ |
| داعش لە عێراق و شامەوە بۆ پاریس | ١٣٥ |
| داعش و ژن | ١٣٧ |
| شەنگال مەرگەساتێکی تری کورد | ١٣٩ |
| وشککردنی سەرچاوە داراییە کانی داعش | ١٤١ |
| داعش لە بێشکەوە تا گۆڕ | ١٤٣ |
| ڕاوێژو ئامۆژگارییەکانی عەبدولباری عەتوان بۆ داعش | ١٤٦ |
| هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژ بە داعش بۆ؟ | ١٤٨ |
| ئەدلب دوا پێگەی تیرۆریستان | ١٥٠ |
| شەڕی مەنبەج | ١٥٢ |
| **بەشی چوارەم ـ عەرەبی** | **١٥٥ ـ ٢١٢** |
| یەمەن، ئەو زەلکاوەی کە سعودیە و ئیمارات تێیدا چەقیون | ١٥٦ |
| ئێران و ئیمارات، کرانەوە بەڕووی یەکدیدا | ١٥٨ |
| بە ئامانجگرتنی دامەزراوەکانی ئارامکۆ، ناوچەکە لە جەنگ نزیک دەکاتەوە؟ | ١٦٠ |
| بۆشایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا | ١٦٢ |
| لوبنان، نیشتمانپەروەری جێ بە تائیفییەت لێژ دەکات | ١٦٤ |
| تویتەکەی سەرۆکە تازە هەڵبژێردراوەکەی تونس | ١٦٦ |
| ناوچەی ئارام، ئارام نییە | ١٦٨ |
| سەودای سەدە | ١٧٠ |
| ئیدلب ململانێکانی سوریا و تورکیا یەکلایی دەکاتەوە؟ | ١٧٣ |
| سیناریۆکانی تورکیا لە لیبیا | ١٧٦ |
| دیسانەوە عەبدولباری عەتوان | ١٧٨ |
| سعودیە و ئەمریکا خاڵی هاوبەش | ١٨٠ |
| تەپڵی شەڕ | ١٨٢ |
| یەمەن دوای عەلی عەبدوڵلا ساڵح | ١٨٤ |
| بەهاری عەرەبی لە یادی حەوت ساڵەیدا | ١٨٦ |

| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر دەریاییەك لە ئاگر | ١٨٩ |
| جەمال خاشقچی جیهانی هەژاند | ١٩١ |
| ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و ململانێکانی سعودیەو قەتەر | ١٩٤ |
| بەهاری عەرەبی دووەم | ١٩٧ |
| جەزائیر لە قۆناغی کۆنەوە بۆ قۆناغی تازە | ١٩٩ |
| یەمەن قوربانی ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان | ٢٠٣ |
| سوریا لەبەردەم یاسای قەیسەر- دا | ٢٠٧ |
| دۆخی سعودیە لەبارە بۆئەوەی هەنگاوەکەی ئیمارات بنێت؟ | ٢١٠ |
| **بەشی پێنجەم ـ سوریا و خۆرئاوای کوردستان** | **٢١٣ ـ ٢٩٤** |
| دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ بۆ ئایندەی تورکیا گرنگە | ٢١٤ |
| تورکیا لە نێوان ئەمریکاو ڕوسیادا | ٢١٦ |
| بڕیاری ئەمریکا لەمەڕ ئێران | ٢١٨ |
| سییەکانی زەوی، جەنگەڵەکانی ئەمازۆن دەسووتێن | ٢٢٠ |
| با ترەمپ وەڵامی تانە و تەشەرەکان بداتەوە | ٢٢٢ |
| جینۆسایدی ئەرمەن پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکای ئاڵۆزتر کرد | ٢٢٤ |
| قۆناغێکی نوێی ململانێی تورکیا و روسیا لە سوریا | ٢٢٦ |
| ماکرۆن لە بەیروت و بەغدا | ٢٢٩ |
| ئاگربەستێکی مێژوویی لە ئەفغانستان | ٢٣١ |
| پەتا و دەردەکان تا کۆرۆنا | ٢٣٣ |
| ئەمریکا و چین لە لێواری جەنگێکی سارددا | ٢٣٦ |
| ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێوان جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناویندا | ٢٣٨ |
| جیهان دوای کۆرۆنا | ٢٤٠ |
| کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا | ٢٤٢ |
| ئەمریکا و ئێران لە دەمەقاڵەو تویتەوە بۆ بەریەککەوتن | ٢٤٤ |
| ترەمپ لەرێککەوتننامەی پاریس کشایەوە | ٢٤٦ |
| ململانێی ئەوروپا و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین | ٢٤٨ |
| کۆبوونەوەی لووتکەی هیلسنکی ترەمپ و پوتین | ٢٥٠ |
| ئایا سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین دەگۆڕێت؟ | ٢٥٢ |
| ڕاپۆرتەکەی مولەر | ٢٥٤ |
| هیندستان و پاکستان | ٢٥٦ |

| بەش و بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| کۆریای باکوور دۆزەخێك | ٢٥٩ |
| عومران خان لە گۆڕەپانەکانی یاری کریکێتەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی پاکستان | ٢٦١ |
| روسیا و ئیسرائیل لە هێڵی پەیوەندی گەرمەوە بۆ رووبەڕووبوونەوە | ٢٦٣ |
| هیند و پاکستان لاپەڕەیەکی تری گرژی | ٢٦٥ |
| دابەزینی نرخی نەوتی خاو لەبازارەکانی جیهاندا | ٢٦٧ |
| پوتین لە جەنگی ساردەوە بۆ جەنگی گەرم | ٢٦٩ |
| سەدەیەك پاش جەنگی جیهانی یەکەم | ٢٧١ |
| ئەوروپا لە نێوان هاوپەیمانی ناتۆ و سوپای یەکگرتووی خۆیدا | ٢٧٣ |
| ئاوڕێك لە ساڵی رابردوو روانینێك بۆ ئەمساڵ ٢٠١٩ | ٢٧٥ |
| کشانەوەکانی ترەمپ لەرێکەوتننامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان | ٢٧٧ |
| کۆنگرەی میونشن (٥٥) | ٢٧٩ |
| گەشەکردنی رۆڵی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوین | ٢٨٢ |
| هۆکارەکانی پشت کوشتاری موسڵمانان لە نیوزلەندا | ٢٨٤ |
| روسیا لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا | ٢٨٦ |
| ململانێکانی ئەمریکاو ئێران لە هورمزەوە بۆ جەبەل تاریق | ٢٨٨ |
| عەرەب و یەهود لە دوژمنەوە دەبن بە دۆست؟ | ٢٩٣ |

## پێشەکی

خوێنەرانی خۆشەویست خۆشحاڵم جارێکی تر، پێشەکی بۆ بەرگی دووەمی کۆکراوەی وتارەکانم بنووسم، هەرچەند بەرگی یەکەمی وتارەکانم ساڵی ٢٠٢٠ بە سوپاسەوە لە لایەن ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە چاپکرا بەناونیشانی (دەرو دراوسێی کوردستان) ، چونکە ئەو وتارانەی لە خۆ گرت کە لە گۆشەی دەرو دراوسێ ی ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاوکرابوونەوە، بەڵام من وام دانابوو کە لەسەر بەرگەکەی بنووسرێت بەرگی یەکەم بەو هیوایەی لە داهاتوودا بەرگ بەرگ بە زنجیرە ئەگەر تەمەن بواری دام وتارەکانی تریشم چاپ و بڵاوبکەمەوە، بەڵام بە داخەوە لە بەرگی یەکەم بە زنجیرەی بەرگەکە پەڕی و نەکەوتە سەر بەرگەکەی! بە هەرحاڵ من بڕیارمدا دوای ڕاوێژ لەگەڵ چەند برادەرو هاوڕێ ی بەڕێز کە هەر بە هەمان ناونیشانی پێشوو بەرگی دووەمیش چاپ بکەم، چونکە بابەتەکانی ئەم بەرگەش جگە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەرو دراوسێکانیش لە خۆ دەگرێت.

ئەو وتارانەی کە لەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە بە شێکی زۆریان لە گۆشەی دەرو دراوسێی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و چەند پێگەو ماڵپەڕێکی تریش بڵاوکراونەتەوە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٤-٢٠٢٠، هەندێکی بە ئاگاداری خۆم و هەندێکیشی بێ ئاگاداری، ئەو وتارانەی لە بەرگی یەکەمدا جێیان نەبووەوە ئەوا ئۆتۆماتیکی کەوتنە ئەم بەرگەوە، جگە لەو وتارانەی کە تایبەت بوون بە داعش و دوای سەرهەڵدان و ڕاگەیاندنی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوە نووسیومن و لە ماڵپەڕەکانی ئاوێنەو خەندان و NRT و وتاری کورد و کوردستان نێت ئاڕاستەو پۆلەتیك و زۆر ماڵپەڕی تریش لە کاتی خۆیدا بڵاو کراونەتەوەو ڕۆژو ساڵەکەی نووسراوە لە دامێنی وتارەکاندا، بوون بە شێکی تایبەت بە داعش کە کاری زۆرم لە سەری کردووە کە دواتر بە درێژتر باسیان دەکەم.

ئەم بەرگی دووەمەش لە پێنج بەش پێکدێت:-

بەشی یەکەم (٨) وتارەو تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و ئەو بابەت و پرسانە لە خۆدەگرێت کە باس لە دۆخی هەرێم و پەیوەندییەکانی لە گەڵ عێراق و میدیاو دەستەڵاتی چوارەم و دەستوەردانەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و هەڵبژاردن و دەنگدان و هۆشیاری دەنگدەران و پێکهێنانی کابینەی نۆ و دۆخی ناوخۆیی هەرێم لە نێوان سازان و لێکترازاندا و جگە لە کورد لە داوی ئەمریکادا.

بەشی دووەم تایبەتە بە عێراق و ئەمیش ڕووبەرێکی زۆری کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوە (٢٩) وتارە، دۆخی ناوخۆیی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەکان، ململانێکانی

هەرێم و ناوەند، گەندەڵی و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیە بەردەوامەکانی شارەکانی عێراق لە ناوەڕاست و باشوور، عێراق لە نێوان دەستەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، حەشدی شەعبی و سوپا و ململانێکانیان، ئاڵنگارییەکانی بەردەم کابینەی عەبدولمەهدی، هۆکاری بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی عێراق، نەخشە ڕێگای خۆپیشاندەران بۆ ئایندەی عێراق، دوای دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی، کۆتایی هاوبەشی ئەمریکاو ئێران لە عێراقدا، لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئاوڕدانەوەیەك لە دۆخی تەندروستی عێراق، گەشتەکانی کازمی بۆ دەرەوەی وڵات دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی پێشووەختە، خۆپیشاندانەکانی عێراق لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئیحتجاجدا، مەترسی داڕمانی ئابوری عێراق، گەڕاندنەوەی ئەرشیفەکەی بەعس لە ئەمریکاوە بۆ عێراق و زۆر بابەتی تر.

بەشی سێ یەم، ئەم بەشەش (٢٤) وتارە وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێدا تایبەتە بە داعش هەر لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بۆ؟ لە سەرهەڵدانیەوە واتە لە بێشکەوە وەکو لە تایتڵی یەکێك لە وتارەکاندا هاتووە داعش لە بێشکەوە تاوەکو گۆڕ، هۆکاری سەرهەڵدان و تواناو سەرچاوە داراییەکانی داعش، وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش، ڕاویژ و ئامۆژگارریەکانی عەبدولباری عەتوان بۆ داعش، داعش چۆن بووە زەنگینترین هێزی تیرۆریست، داعش لە عێراق و شامەوە بۆ پاریس، شەنگال مەرگەساتێکی تری کورد، تاوەکو ڕۆڵی ژن لەناو ئەو ڕێکخراوەدا، داعشە فەرەنسی و ئەوروپیەکان و مەترسی و کاریگەری داعش لەسەر ئارامی و سەقامگیری جیهانی، پاریسی خوێناوی، جەنگی پیرۆز، داعش لە بەردەمی ماڵەکانمانەوە بۆ سەربانی ماڵەکانمان، کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی، چارەنووسی دیلەکانی داعش، داعش کۆتایی دێت؟، ئایا داعش سەر هەڵدەداتەوە؟، عێراقی دوای داعش و داعشی دوای عێراق، ناکۆکیەکانی عێراقی دوای داعش، شەڕی مەنبەج، هەموو ئەمانەو پەلاماردانی مەخمورو و کەرکوك و جەلەولا و زۆر شوێنی تر، ڕۆڵی کورد و پێشمەرگە لە شەڕی داعش و پەنادانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و زۆر بابەتی تر.

بەشی چوارەمیش(٢٣) وتارە تایبەتە بە وڵاتانی عەرەبی و بارودۆخی ئەو وڵاتانە و بەهاری عەرەبی و قەیرانی سوریا و بە تایبەتی ئەدلب و شەڕی یەمەن و ململانێکانی ئێران و ئیماراتی عەرەبی و عەرەبستانی سعودیە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، لوبنان نیشتمان پەروەری جێ بە تائیفیەت لێژ دەکات، تونس، سەودای سەدە، سیناریۆکانی تورکیا لە لیبیا، سعودیەو ئەمریکا، بەهاری عەرەبی لە یادی حەوت ساڵەیدا، خۆرهەڵاتی ناوین لەسەر دەریایەك لە ئاگر، تیرۆری جەمال خاشقچی، ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ململانێکانی سعودیەو قەتەر، بەهاری عەرەبی دووەم، جەزائیر لە قۆناغی کۆنەوە

بۆ قۆناغی نوێ، سوریا لەبەردەم یاسای قەیسەردا، زۆر بابەتی گرنگی تر.

بەشی پێنجەم ئەم بەشەش (٣٧) وتارەو قەبەترین بەشی کتێبەکەیە، تایبەتە بە باسوخواستی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە، هەر لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی تورکیاوە تاوەکو ململانێ ی ئەمریکاو ڕوسیا لە تورکیا، ئەمریکاو ئێران، سیەکانی زەوی ئەمازۆن دەسووتێن، جینۆسایدی ئەرمەن و پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، ململانێکانی ڕوسیاو تورکیا لە سوریا، ماکرۆن لە بەیرۆت و بەغداد، ئاگربەستی مێژوویی لە ئەفغانستان، کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی، ئەمریکاو چین لە لێواری جەنگێکی ساردا، ترەمپ لە ڕێککەوتننامەی پاریس کشایەوە، ململانێکانی ئەمریکا و ئەوروپا لە خۆرهەڵاتی ناوین، کۆبوونەوەی ترەمپ و پۆتین لە هلسنکی، ڕاپۆرتەکەی مولەر، هندستان و پاکستان، کۆریای باکوور دۆزەخێك، روسیاو ئیسرائیل، دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، سەدەیەك پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کۆنگرەی میونشن (٥٥)، گەشەکردنی ڕۆڵی روسیا لە خۆرهەڵاتی ناوین، عەرەب و یەهود لە دوژمنەوە دەبن بە دۆست، چەندین بابەتی گەرموگوڕی تر.

لە کۆتاییدا پێمخۆشە باسی شێوازی نووسینی خۆمتان بۆبکەم، مەبەستم زیاتر ئاشناکردنی خوێنەرانی کوردزمانە بەشرۆڤەی هەواڵ و ڕوداوە سیاسیەکانی کوردستان و ناوچەکەو جیهانیش بە زمانێکی ئاسان و سادە، کە زۆربەی خەڵکی لێی تێبگەن، ئیتر هەر وتار و باسێکیش بنووسم بە ڕاستی تا ئەوپەڕی توانای خۆمی بۆ دەخەمەکار تاوەکو وردترین و ڕاستترین و بێلایەنترین و هاوسەنگترین شیکاری بۆبکەم.

ئامانجم لە کۆکردنەوەو پۆلینکردنی وتارەکانم پاراستنیانە لە فەوتان و بەدەست گەیشتنیەتی بە خوێنەران و خاوەن پەیوەندی بەو باسانە، چونکە مانەوەو بە دەست گەیشتنی ئەو وتارانە لە ماڵپەرو ڕۆژنامەکاندا مسۆگەر نیە .

دوا وتەم خۆشحاڵدەبم بە ڕەخنەو تێبینیەکانی ئێوەی خۆشەویست لەسەر راو بۆچوونەکانم و داوای لێبووردن دەکەم لە هەر کەم و کوڕییەك کەبەدەر لە تواناو خواستی خۆم ڕوی دابێت.

بورهان شێخ ڕەوف
سلێمانی ٢٠٢١/٤/٢٣

# بەشی یەکەم

# هەرێمی کوردستان

# ڕۆژنامەوانی و دەسەڵاتی چوارەم

زاراوەی دەستەڵاتی چوارەم بە هەموو کەرەسەکانی ڕاگەیاندن دەبێژن بە گشتی ورۆژنامەوانی بەتایبەتی، لەلایەکی ترەوە ئەوەندەی ئەم زاراوە بۆ کاریگەری لە سەرەڕای گشتی چ بۆ گۆڕینی و یان زەمینە سازکردن بۆ خولقاندن ورازیکردنی وەرگر واتە کۆمەڵانی خەڵک بۆ بابەتێک کە ئامانجێکی گرنگی لە پشتەوە بێت بۆرێنوێنی و هاندانی ڕای گشتی، ئەوەندە پەیوەندی بە بواری ڕۆشنبیری هۆشیاری مەعریفەوە نیە.

### لەچی یەوە هاتووە ئەم زاراوە؟

هەرچەندە بیر و بۆچوونەکان جیاوازان لەسەر ناونان و سەرهەڵدانی ئەم زاراوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دوای ئەو پێشکەوتن و بازدانە خێراییانەی کەرۆژنامەوانی بە خۆیەوە بینی هەندێک بە وەی دەبەستنەوە کە ئەمیش دەستەڵاتی چوارەمە دوای دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری، بەو پێیەی کە کاریگەری زۆری لە سەر خەڵکی هەیە کە کاریگەرییەکەی لە حکومەت و دامودەزگاکانی تر کەمتر نیە.
لەلایەکی ترەوە راو بۆچوونی جیاواز هەیە لە سەر سەرهەڵدانی ئەم زاراوە، کێ بۆ یەکەم جار بەکاری هێناوە، رایەک هەیە کە یەکەم جارمێژوونووسی سکۆتلەندی (توماس کارلیل) بەکاری هێناوە لە کتێبی (پاڵەوانەکان و پەرستنی پاڵەوان) ساڵی ١٨٤١ ز کە چەند رستە و دەستەواژەیەکی لە بیرمەندی ئێرلەندی (ئیدمۆند بیرک) وەرگرتبوو کە باسی سێ پارتەکە یان سێ چینەکە کە حوکمڕانی وڵاتیان دەکرد ئەو سەردەمە، واتە پیاوانی ئایینی و دەوڵەمەندەکان و خەڵکی ئاسایی (گەل) کە وتوویەتی کە پەیامنێران و رۆژنامە نووسانیش چین و پارت و دەستەڵاتی چوارەمن و کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر کۆمەڵگا بگرە لە سێ چینەکەی دی زیاتر.
ئەمڕۆ لەم سەردەمی ئەم پێشکەوتنە خێرایانەی زانست و تەکنۆلۆجیادا کە جیهان بووەتە گوندێکی بچکۆلانە و لە هەمانکاتدا سیستەمی دیموکراسی چ بەراست و چ بە درۆش بە ئاست ورادەی جیاجیا لێرەو لەوێ پیادە دەکرێت هەموو ئەمانە بە چی پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت کە کێ دیموکراسی و دیموکراسیخوازە و لە کوێ مافەکان پێشێل دەکرێت ئەگەر میدیا ورۆژنامە نووسان نەبێت.
لەبەرئەوە بە بێ میدیا ورۆژنامە نووسان و راگەیاندنەکان زۆر ئەستەمە دیموکراسی جێبەجێ بکرێت و لەبەرئەوە میدیا و میدیاکاران کۆڵەکە و بنەما و رەگەزێکی زۆر

کاریگەر و پێکهێنەرو خوڵقێنەری سیستەمی دیموکراسین و بەبێ میدیا ئەستەمە باس لە دیموکراسی بکرێت تەنانەت بۆ نموونە هەڵبژاردن کە سەرەتا و دەستپێکی سیستەمی دیموکراسیە بە بێ میدیاوراگەیاندن بەڕێوە ناچێت چ لە هاندانی خەڵک بۆ بەشداری چ بۆ بانگەشەی لیست و کاندیدەکان، دواتر چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ئاستی پاکی و بێگەردی پرۆسەکە کە میدیارۆڵی چاودێری کردنی لە گەڵ داموودەزگاکانی تردا دەگرێتە ئەستۆ.

بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کۆنگرەی نێو دەوڵەتی ساڵانە بۆ ئازادی رۆژنامە نووسی لەراگەیەندراوێکدا رایگەیاند (کە میدیای ئازادو سەربەخۆ و فرە رەنگ فاکتەرێکی بنەڕەتیە بۆ مسۆگەرکردنی لێپرسینەوە و شەفافیەت و بۆ بەشداریکردن وەکو رەگەزێکی بنەڕەتی بۆ حوکمڕانیەکی رەشید و گەشەکردن لەسەربنەمای مافەکانی مرۆڤ).

***میدیا دەبێت چۆن بێت؟***

بۆ ئەوەی میدیا رۆڵی راستەقینە و کاریگەری خۆی ببینێت پێویستە لە ئاستێکی باڵای بەرپرسیارێتیدا بێت بە تەواوی پیشەیی و ورد بین و راستگۆ و بێلایەن بێت لەڕووماڵەکانیدا بۆ رووداوەکان و رێزگرتن لە یاسا و پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەمڕۆ بە هۆی پێشەکەوتنی تەکنۆلۆجیاوە میدیا کاریگەری راستەوخۆ و خێرای لەسەر رووداوەکان هەیە. هەر سەرپێچییەک یان گواستنەوەی هەر بابەت و مەسجێکی نابەرپرس و ناپیشەیی بۆی هەیە کارەسات و رووداوی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە بۆیە دەبێت میدیاکاران لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتیە مێژووییەدا بن و لە هەمان کاتدا پێویستە مافی میدیاکاران پارێزراو بێت بە یاسا و ئازادی و نان و سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێت.

کوردستانی نوێ- ژ. ٧٥٩٦ – ٢٠١٨/٦/٢٤

# هۆشیاریی دەنگدەر

لە چەند رۆژی داهاتوو و بە دیاریکراوی رۆژی ٣٠ ئەیلولی ئەمساڵ ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن بۆ خولێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەوەی گرنگە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و من دەمەوێت بە کورتی لەسەری بدوێم هۆشیاری دەنگدەرە کە کۆی پرۆسەکە رووی دەمی لە خەڵکە و هەموو لایەنەکان خۆیان نمایش دەکەن، بانگەشە دەکەن ئاهەنگ و کەرنەڤاڵ و پانێل و سیمینار و میدیاکانی بیستراو بینراو لە ماوەی دیاریکراو بۆ بانگەشە کاری لە سەر دەکەن بۆ ئەوەی لای دەنگدەر قەناعەتێک دروست بکەن دەنگیان پێبدەن.

بۆیە دەنگدەر، هاوڵاتی، هاونیشتمانی کە تەمەنی سەرووی هەژدە ساڵ بێت بۆی هەیە دەنگ بدات ورۆڵی هەبێت لە دیاریکردنی کەسانی شایستە و گونجاو بۆ ئەوەی ببن بە نوێنەری راستەقینە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی چوار ساڵ.

گرنگە دەنگدەر هۆشیاربێت لە کاتی دەنگداندا زۆر بە ئاگایانە و وریاییەوە دەنگ بدات دوور لە ناوچەگەری و خێڵگەری و بزانێت کێ دەستپاک و داوێن پاک و پەروەردەی دروست کراوە کێ خاوەن بیروباوەڕی رەسەن و رەگوڕیشەی مێژوویيە لە چ حزبێکە کە خاوەنی باکگراوندی مێژوویی و خاوەن پێگەی جەماوەریی فراوان و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بێت کە بتوانێت ئەو بەڵێن و بەرنامانەی کە پێشنیاری کردووە بۆ خەڵک بتوانێت جێبەجێیان بکات بە کردەوە،

ئێستاش کە کوردستان نوقمی قەیران و ململانێیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی خوولەکانی پێشووی پەرلەمان جۆرێک لە ناهاوسەنگی هاتبووە ئاراوە کە بە زیانی خەڵکی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شکایەوەو ئەو هێزانەی هاتنە ئاراو کایەکە و نەخۆیان توانیان ئەو لاسەنگیە راست بکەنەوە نە بواریان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هێشتەوە رۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت

بۆیە ئیتر پێویست و گرنگە دەنگدەری کوردستان هەست و دەرک بەو راستیە حاشا هەڵنەگرە بکات کە گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆرێڕەوە راستەقینەکەی خۆی و ریفۆرم و چاکسازی لە ناوبردنی گەندەڵی و قۆرخکاری بە نیشتمانی کردنی هەموو دامو دەزگاکانی حکومەت لە پێشمەرگەو ئاسایش و پەیوەندییەکانی دەرەوەو شەفافیەت لە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و کانزاکان بە هێزێکی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرێت کە خاوەن هەموو کەرەسەو پێداویستیەکانی ئەو پرۆسە گرنگ و چارەنووسسازەیە.

بۆ ئەم هەڵبژاردنەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی گەورەدا جیا لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە بەرنامەیەکی تۆکمە و سەردەمیانە و بە دروشمەکانی بۆ ئارامی..هەلی کار...خزمەت بەشداری دەکات، بە لیستێکی سەد کەسی کە هەموو چین وتوێژو پسپۆڕییە جیاجیاکان لە خۆ دەگرێت کە بوار و ئازادی بە دەنگدەران دەدات بە خواست و ئارەزووی خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن چونکە هەڵبژاردنی کوردستان بە لیستی نیمچە کراوەیە و ئەو ئازادییە بە هاوڵاتیان دەدات کە هەر لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە سەد کام کاندیدیان بەلاوە گونجاوە و متمانەی پێدەکەن و لە ئاست خواست و ئارەزووەکانیندایە دەنگی پێبدەن.
لە کۆتاییدا پێمخۆشە ئەوە بیری هاوڵاتیانی خۆشەویستم بهێنمەوە کە پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی و پێشکەوتن زۆر پرۆسەیەکی هێواش و لە سەرخۆیە و کاتی زۆری دەوێت ئامادە سازی پێویستە گۆڕانکای لە پەروەردە و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی ئابوری گەرەکە و نابێت بێئومێدبین لە دیموکراسی و هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەستەڵات و چونکەرێگای دیموکراسی بە گوڵ وریحانە نەڕازێنراوەتەوە تەنراوە بە دڕک وداڵ و ئارامی و دان بە خۆداگرتنی پێویستە و تا ئەم ساتە وەختەش هیچ ئەڵتەرناتیفێک بۆ دیموکراسی نیە و باشترین و گونجاوترینرێگایە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.
بۆیە هەمووومان لە بەردەم لێپرسراوەتییەکی مێژووی هەستیاردابن کە بەشداری دەنگدان بین وریێ لە ساختەکاری بگرین و دەنگ بە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بدەین.

کوردستانی نوێ- ژ. ٧٦٧٢ – ٢٠١٨/٩/٢٦

# لەسەرو بەندی راگەیاندنی کابینەی نۆدا دنیایەک هیوا و ئامانج

رۆژی ١٠ تەمموزی ٢٠١٩، دواجار دوای ژانێکی درێژ کە نۆ مانگی خایاند، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دایکبوو، ئەو کابینەیەی کە هەروەکو سەرۆک وەزیرانی نوێ لە وتاری دەستبەکاربوون و خوێندنەوەی کارنامەی کابینەکەیدا وتی "ملیارەها دۆلار قەرزارە".

**کارنامەی حکومەت**

ئەگەرچی پێشتریش کابینەکانی پێشوو بە هەمان شێوە کارنامە و پلان و نەخشەرێگەی جوان و گشتگیریان دەخستەڕوو، بەڵام لە دواییدا لە بواری پراکتیکدا کۆسپ و تەگەرەی گەورەیان دەهاتە پێش، بۆیە خەڵکی ئەم وڵاتە ناهەقیان نییە ئەگەر بە وریایی و دوو دڵییەوە لە دۆخەکە بڕوانن، هەرچەندە ئەمجارە کارنامەی حکومەت لەلایەن لیژنەیەکی سێ کەسی لە هەر سێ لایەنی سەرەکیی بەشداربووی حکومەت، واتە پارتی و یەکێتی و گۆڕانەوە نووسراوە و پێداگری زۆری لەسەر زۆر بابەتی گرنگ و جێبایەخی تێدایە کە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، پێدەچێت گۆڕانکاری ریشەیی بهێنێتە ئاراوە.
لەو بابەتانەش کە یەکەم شت سەرنجی راکێشام، ئەوە بوو سەرۆک وەزیرانی نوێ وتی "دەبێت رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە"، چونکە خواستی هاووڵاتیانە. هەروەها وتی، "خواستی منیشە چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی". ئەوەی زیاتر گرنگ بوو وتی، "گەندەڵی دیاردەیەکی سامناکە بەڵام نەبۆتە کولتوور".
جگە لەوەش بەرنامەی کاری حکومەت گرنگی و پێداگری دەکات لەسەر زۆر خاڵی گرنگ، لەوانە چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی و لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری رێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچییەک کە لەم کەرتەدا بکرێت، کارکردن بۆ نەهێشتنی رۆتین و بە ئەلیکترۆنی کردنی حکومەت، لەوانەش گرنگتر، نابێت و ناکرێت بەرپرسانی باڵای حکومەت پێگەی کارگێڕیی خۆیان بەکاربهێنن بۆ بازرگانی و خۆ دەوڵەمەندکردن.
فاکتەرێکی تری گرنگ کە لەم کارنامەیەدا گرنگی پێدراوە، مەسەلەی شەفافیەتە لە بواری نەوت و غاز و سامانی سروشتی، کە زۆرترین گلەیی و گازندە و قسەی لەسەر کراوە کە

بەڵێنی دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکانیان داوە.
بابەتێکی تر، چاکسازی لە بواری تەندروستی و دەرمان و خۆراک و رێکاری یاسایی بۆ هەر سەرپێچییەک، چاکسازیی لە سیستمی باج، بە شێوەیەک هیچ کەس و لایەنێک نەتوانێت خۆی بدزێتەوە لە دانی باج.
بابەتێکی تر کە گرنگی لەوانەی پێشووتر کەمتر نییە، ئەویش رێگەگرتنە لە قۆرخکاری بازاڕ و رەخساندنی بوار و دەرفەتی یەکسان بۆ کۆمپانیاکان، بۆ ململانێی بازرگانیی رەوا.

***ئەمانە بە چی دەکرێت؟***

بە پشتیوانی پەرلەمان و دامودەزگا چاودێرییەکانی تر، رەخساندنی ئازادی بۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، بۆئەوەی ببن بە ئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیف بە رەخنە و سەرنجەکانیان، کەموکورتییەکانی حکومەت بخەنەڕوو، ببنە چاودێرێکی ورد و کاریگەر بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، خۆشبەختانە کارنامەی حکومەت پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت پەرلەمانی کوردستان رۆڵی چاودێری خۆی ببینێت بەگوێرەی پەیڕەو، لە هەمان کاتیشدا مسۆگەری کاری ئۆپۆزسیۆنیش دەکات و رێز لە بیروبۆچوون و داخوازییەکانیان دەگرێت.
جگە لەمانەش، بەرنامە و پلانی گرنگی تێدایە بۆ هەموو بوارەکانی دی، هەر لە خوێندنی باڵا و پەیوەندییەکانی دەرەوە و پەیوندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییە پێویستەکان و بیمەی بێکاری و بیمەی تەندروستی و کەسوکاری شەهیدان و کەمئەندامان و پاراستنی ژینگە و گرنگیدان بە ژیانەوەی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و ناحیەکان و گرنگیدان بە گەنجان و.... تد.
لە کۆتاییدا، گرنگ ئەوەیە بتوانرێت لانی کەمی ئەم کارنامەیە جێبەجێ بکرێت و کێشەی ئەم هەرێمە لە رابردووشدا هەر ئەوە بووە کە زۆر پلان و بەرنامەی جوان داڕێژراوە، بەڵام نەتوانراوە پراکتیزە بکرێت.

کوردستانی نوێ- ژ. ٧٩١١ - ١٤ / ٧ / ٢٠١٩

# کۆبوونەوەکانی هەرێم و ناوەند لە سەنگی مەحەکدا

عیراقی بەهێز ئەو عیراقە دەبێت کەوا بەرەی ناوخۆیی پتەو و هاوسەنگ و گونجاو سازاو بێت لە فۆرمێکدا کە هەموو پێکهاتەکانی پابەندی دەستوورەکەی بن، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە سەختترین دۆخی ئەوسای عیراقدا راپرسی لەسەر کراو نزیکەی ٪٨٠ ی زیاتری گەلانی عیراق بە بەڵێ دەنگیان لە سەری دا.
بەم رێکەوتن و پێکهاتنە درز و دەرگا و کەلێن دادەخرێت، دەستی دەرەکی بەئاسانی دەستوەردەنە کایە جیاوازەکانی دەوڵەتی عیراقەوە، هەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە، رێگر دەبێت لەوەی وڵاتانی ئیقلیمی کێشە و ململانێکانیان لەسەر خاکی عیراق یەکلایی بکەنەوە و خۆشیان بینەری بن.
ئەگەرچی ئەم کێشانەی لەم ساڵانەی دواییدا سەریان هەڵداوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عیراقدا، لە ئاکامی ساردی و دوورکەوتنەوە و لێکتێنەگەیشتن هاتنە ئاراوە لە سەر پرسی نەوت و سامانی سروشتی، دواتر بڕینی بودجەی هەرێمی لێکەوتەوە لەسەر دەستی نوری مالکی و دواتر عەبادی، ئەگەرچی پێشتر کێشە و ململانێکانی ئەو دوو حکومەتە لەسەر پرسە گرنگەکانی مادەی ١٤٠ ی دەستوور و هێزی پێشمەرگە و دواتر دەرهێنانی نەوت و غاز و دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئیتیحادی عیراق بوو، کە زۆر لەوانە تا ئێستاشی پێوە بێت دانەمەزراون.
ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە کۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوان هەردوو لادا، ئەوەمان پێدەڵێت کە خواست و ئارەزوویەکی جددی هەیە لە نێوان هەردوولادا بە تایبەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری یەکجاری و کۆنکرێتی بۆ ئەو کێشانە لە چوارچێوە و لە ژێر چەتری دەستووری عیراقدا، چونکە مسەلەی فرۆشتنی نەوت و دابینکردنی مووچەو بودجەی پێویست بۆ کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها وەگەڕخستنەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لە کارە هەرە لە پێشینەکانی کابینەی نوێیە و شتگەلێکن کە ئیتر قابیلی هیچ سازش و دواکەوتنێک ناکەن.
ئەگەر حکومەتی نوێی هەرێم ئەم کێشە هەنووکەییانەی چارەسەرکرد، دواتر دەست کراوە دەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەی دروست و دەستووری بۆ کێشە و قەیرانە قورسەکان، ئەویش بنیاتنانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی عیراقە، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی

دەستووره و پڕکردنەوەی پشکی کورده لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عیراق بە کەسانی بە توانا و لێهاتوو پرۆفیشناڵ، کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو.
لەوانەش گرنگتر، ئیتر هەردوو حکومەت دەست کراوە دەبن بۆ بە گژداچوونەوەی ئافاتە گەورەکەی گەندەڵی، کە هەردوولا دان بەوەدا دەنێن کە گەندەڵی گەورە هەیە و هەردوولاش بڕیاریانداوە رووبەڕووی ببنەوە، چونکە لە ساڵی ۲۰۰۳ بە دواوە، گەورەترین تاوانی بە فیرۆدانی سامان و داهاتی عیراق ئەنجامدراوە و گەندەڵکاران وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئازادن و دەستی یاسا و دادپەروەرییان پێ نەگەیشتووە.
بۆیە ئێستا هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەندی لە بەردەم سەنگی مەحەک و گەورەترین ئەزمووندان، چونکە شەڕی تیرۆر و دەوڵەتی ئیسلامی داعش کۆتایی هاتووە و هیچ پاساوێک نەماوە بۆ خۆدزینەوە و خەمساردی بەرامبەر ئەم پرسە چارەنووسسازانە، کە پەیوەندی بە پارووی دەمی هەژارانی ئەم وڵاتەوە هەیە، لە هەمانکاتدا گەندەڵی لە تیرۆر سامناکترە، ئەگەر زوو فریای نەکەون و بنەبڕی نەکەن.
ماوەتەوە بڵێین، پابەند نەبوون بە دەستوور، رێکنەوتن لە نێوان پێکهاتەکانی عیراقدا، ئاوکردنە بە ئاشی دوژمنانی عیراق و درێژەدانە بە تیرۆر و سەرهەڵدانەوەی رەوت و بزاڤی توندڕەو و وەحشیتر لە ئەلقاعیدە و داعش و گەڕانەوەیە بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ و شەڕی تائیفی و ئیتنیکی، کە خەڵکی ئەم وڵاتە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە زۆر نیگەران و بێزارن لێی، هەر ئەوەشە وای لە زۆرێک لە خەڵکی ئەم وڵاتە کردووە، کە سەری خۆیان هەڵگرن و رێگەی هەندەران و غوربەت و نامۆیی بگرنەبەر و سەدانیان لە ئاوەکانی ئیجەدا ببنە خۆراکی قرش و دڕندەکان.
نا بۆشەڕ، نا بۆ توند و تیژی و توندڕەوی، بەڵێ بۆ ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان.

کوردستانی نوێ- ژ. ۷۹۲٤ - ۲۹ / ۷ / ۲۰۱۹

# پیرۆزبایی و کۆنگرەی نوێبوونەوە، ئەرکەکانی قۆناغی نوێی یەکێتی

سەرەتا پێمخۆشە پیرۆزبایی گەرمم بە هاوسەرۆکانی یەکێتی کاک بافڵ تاڵەبانی یادگاری مام و لاهور شێخ جەنگی بڵێم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بخوازم، دواتر پیرۆزبایی لە هەموو هەڤالانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکەم، هەرچەندە زۆربەیان لە نزیکەوە دیومن و پیرۆزباییم لێکردوون، بەڵام لێرەوە جارێکی تر پیرۆزبابییان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم بۆ ئەو ئەرکە قورسەی کەوتۆتە سەرشانیان و لە راستیدا بەرپەرسیارێتی بۆ خەڵکی لێهاتوو و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو ئەرکە.

ئەوەی جێی خۆشحاڵی ئەندامان و لایەنگران و بنکەی جەماوەری یەکێتی بوو، دواجار کۆنگرە بەسترا و ئەو فۆبیایەی کە دروستکرابوو لەمەڕ بەستنی، شکا، گۆڕانکاری لە پەیکەری رێکخراوەیی یەکێتیدا کرا و لە سەرەوە و وا بڕیارە خوارەوەش بگرێتەوە.

### نوێبوونەوە

هەروەکو دروشمی کۆنگرەکەش نوێبوونەوە بوو، دیارە بەرنامەی لەمەودوای یەکێتی بۆ ئەو مەبەستەیە و کاری جدی دەخوازێت و کەرەستەکانی نوێبوونەوەش لە بەردەستدان و سەرکردایەتی نوێ کاری بۆ دەکات و ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو هەڤاڵ لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی یەکێتی لە دوای هەڵبژاردنی لە وتەیەکی کورتدا وتی «ئەرکەکەمان قورسە»، ئەمە بۆ خۆی هەستکردنە بەو ئەرکە سەختەی کە چاوەڕوانیانە بۆ ئەوەی ئەم حزبە گەورە و رەگ و ریشەدارە جارێکی تر رۆڵی مێژوویی و رابەرایەتی گرنگی خۆی وەربگرێتەوە، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە ئەگەر خواست و ئیرادەی پۆلایین و لێبووردەیی و ئارامی و بەخۆداچوونەوەی ورد و کارامەی بۆ نەکرێت.

### ئەرکەکانی قۆناغی نوێ

هاوسەرۆکەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی راستە بەشێکی زۆریان تازە هاتوونەتە سەرکردایەتییەوە و شانیان داوەتە بەر بەرپرسیاری و نەوەی نوێی یەکێتین، بەڵام گرنگە سوود لە ئەزموونی هەڤاڵە دڵسۆز و تێکۆشەرەکانی پێشوو وەربگرن و خاڵە بەهێزەکانی کاری ئەوان پەرە پێبدەن و خاڵە لاواز و نێگەتیڤەکانیان چارەسەر بکەن.

بۆ قۆناغی نوێ، یەکێتی دەبێت خاوەنی یەک وتار و  یەکبڕیار و کۆتایی بە فرە کوێخایی بهێنێت و خاوەنی پرەنسیپ و دیسپلینی حزبی بێت، بوار نەدرێت بە ناوی رای ئازادەوە ململانێ و ناکۆکییە ئاساییەکانی رۆژانە لە میدیاکاندا ڕەنگبداتەوەو و نەیارە سیاسییەکانی کاری لەسەر بکەن،  بەڵکو دەبێت هەر لە ناوخۆی حزب و کۆبوونەوە ناوخۆییەکاندا چارەسەر بکرێن.
ئاشتکردنەوەی هەموو کادر و ئەندامە زویر و پەراوێزخراوەکان و نازکێشانیان و وازهێنان لە پشتگوێخستنی خەڵکانی لێهاتوو و بەتوانا کە یەکێتی خاوەنی توانایەکی گەورەی مرۆییە ئەگەر وەگەڕبخرێن لە هەموو بوارەکانی میدیایی و رێکخراوەیی و جەماوەری و سیاسی و کارگێڕی و سەربازی و پێشمەرگایەتی، گۆڕانکاری جۆریی گەورە دەخوڵقێنن.

***بۆ هاوسەرۆکەکانیش بە تایبەتی دەڵێم***

مام جەلال خاوەنی کەلتوورێکی گەورەیە لە هەموو بوارەکانی کاری سیاسی و سەرکردایەتی و رابەرایەتی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە و عیراق و ناوچەکە و جیهانیش،  بۆیە باشترین وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی نەمری مام جەلال پابەندبوونە بەو کەلتوورە زەنگینەوە،  لە ناوخۆشدا  بۆ کاری رۆژانە و  هەنووکەیی دوو خاڵی سادە و ساکارن:
١- فەراهەمکردنی  ئازادی و رای ئازاد و تەنانەت وتە بە ناوبانگەکەی، کە وتی ئەگەر رەخنە لە یەکێتی گیرا، پێمخۆشە لە کوردستانی نوێ-دا بڵاوبکرێتەوە.
٢- سەروەربوونی یاسا و جێبەجێکردنی و دەستوەرنەدانە کاروباری دادگاکان.
بۆ یەکێتی گرنگە لەم ناوچانەی کە باڵادەستە و  لە ناوچەکانی تریش هەموو هەوڵ و توناکانی بخاتەگەڕ بۆ سەروەربوونی یاسا و راپێچکردنی هەموو تاوانباران و ئەوانەی داواکراون لە دادگاکان بۆ بەردەم یاسا، کە ئەمە هەنگاوێکی مەزن و ئێجگار گرنگە و بەشێکی بەرینی خەڵک ئاشتدەکاتەوە و دەبنە هێز و پشتیوان.

کوردستانی نوێ- ژ. ٨٠٩٣ - ٢٠٢٠/٢/٢٤

# جارێکی تر لەشکرکێشی تورکیا

لە کاتێکدا ڤایرۆسی نەگریسی کۆرۆنا هەموو جیهان و تێکڕای مرۆڤایەتی کردۆتە ئامانج و ژیانی خەڵکی ئیفلیج کردووە، ئابووری جیهانی شەکەت و وێران کرد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قەتیس کردووە، مەراسیم و سروتە ئاینییەکانی وەستاندووە و ئەگەر زۆرێک لە شەڕ و ململانێ ئیقلیمییەکانی نەوەستاندبێت، ئەوا خاویکردوونەتەوە.

لە ئاوا بارودۆخێکدا دەوڵەتی تورکیا کە خۆشی یەکێکە لەو وڵاتانەی گیرۆدەی ڤایرۆسەکە بووە و قوربانی و توشبووی زۆریشی هەیە، کەچی لە چەند رۆژی رابردوودا لەشکرکێشییەکی گەورە و رێکخراوی بە فەرماندەیی و سەرپەرشتی وەزیری بەرگری و فەرماندەی هەموو بەش و بەشە جیاجیاکانی سوپای تورکیا هەر لە ئاسمانی و وشکانی دەستپێکردووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و باکووری عیراق.

### پاساوی لەشکرکێشییەکە

ئەمە یەکەمجار و دواجاریش نابێت دەوڵەتی تورکیا بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی ستراتیجی وڵاتەکەیەوە سەروەری خاکی عیراق پێشێل دەکات و خەڵکی سڤیل دەکاتە ئامانج. ئەمە ئەگەر لە رواڵەتدا وابێت، ئەوا ئەم پرسە مانا و مەدلولی مێژوویی و سیاسی و چاو چنۆکانەی قوڵی هەیە و لەلایەک باسی میساقی میللی دەکەن و لەلایەک ولایەتی موسڵ لە عیراق و حەلەب لە سوریا بە بەشێکی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشاوە دەزانن.

جگە لەوانەش، ئێستا دەوڵەتی تورکیا سوپاکەی لە نۆ وڵات بڵاوەپێکردووە، هەر لە قوبرس، لیبیا، قەتەر تاوەکو سوریا و عیراق و شوێنی تریش، هەر هەمان مەبەستی زیندووکردنەوەی سەروەرییەکانی دەوڵەتی عوسمانییە و ئاکەپە بە هاوکاریی مەهەپەی نەژادپەرست کە بەگوێرەی دوا راپرسییەکان لە تورکیا ئاستی جەماوەرییان زۆر دابەزیوە و سەرەتاکەشی لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی پێشووی شارەوانیی ئەستەنبوڵ و گەورە شارەکانی تری تورکیا، دەرکەوت کە شکستی گەورەی بە دەستهێنا و خودی ئەردۆغان دەیوت ئەوەی حوکمی ئەستەنبوڵ بکات ئەوا حوکمی هەموو تورکیا دەکات، بۆیە ئێستا لە رێگەی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە کە بە ناوی چنگی پڵنگی یەک و دوو و چنگی هەڵۆوە ناوزەد کراون، دەخوازن باڵانسی جەماوەرییان بەرزبکەنەوە و کێشە و قەیرانەکانی ناوخۆیان بۆ دەرەوە بنێرن.

لەلایەکی ترەوە، ناونانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە ناوی ئاژەڵی دڕندەوە، ئەوە بە گوێی سەرجەم جیهان و ناوچەکەدا دەدات کە سوڵتان یاسای دارستان پیادە دەکات و بەهێزەکان، بێهێزەکان لووش دەدەن.

***کاردانەوەکان***

حکومەتی عیراق وەکو ئەرکی سەرشانی خۆی و بەو پێیەی کە پاراستنی سەروەریی خاکی عیراق بە هەرێمیشەوە لە چوارچێوەی دەستەڵاتەکانیدایە، تا ئێستا وێڕای ئیدانە و ناڕەزایی توند دووجار باڵیۆزی تورکیای لە بەغدا بانگهێشتکردووە، بۆ گەیاندنی نیگەرانییەکانی و سەرەڕای ئیدانە و نیگەرانیی فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران. هەرچەندە ئەو هەنگاوانە وەکو پێویست نین و دەخوازێت ڕێکاری توندتر و ئازایانەتر بگرنەبەر، بەڵام لێرەدا بۆ ئێمەی چاودێرانی سیاسی، بارودۆخی عیراق گومانێکی گەورە سەرهەڵدەدات لە سەردانی (هاکان فیدان) سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت) دوو ڕۆژ پێش ئۆپەراسیۆنەکە بۆ بەغدای پایتەختی عیراق، بۆ بوونی جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا کە ئەمەش بە درێژایی مێژووی ئەم دوو وڵاتە بوونی هەبووە، کە دژ بە کورد و ئایندەی و مافەڕەوا و دەستوورییەکانی بوون.
هەروەها بوونی هێزی تورکی لە هەرێمی کوردستاندا هەڕەشەی گەورە و جددییە بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و مانەوەی وەکو قەوارەیەکی فیدراڵی نیمچە سەربەخۆ، کە تاوەکو ئێستا هێزی چەکداری حکومەتی ناوەندی لێ نییە، دەکرێت ئەم بوونەی تورکیا پاساو و ڕێخۆشکەر بێت بۆ هێنانی هێزی فیدراڵی عیراق لە ئایندەدا.
لە کۆتاییدا، باشترە بۆ دەوڵەتی تورکیا پەنا بۆ دانوستان و ڕێکاری سیاسی ببات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نەوەک بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی و چنگی پڵنگ دەنووکی هەڵۆ و شێر و فیل و... تد.

کوردستانی نوێ- ژ. ٨١٣٤ – ٢٠٢٠/٦/٢١

# هەرێم لە نێوان لێکترازان و سازان

ئەوەی متمانەی نەهێشت لەم هەرێمەدا و پرۆسەی سیاسیی بە هەموو بەش و جومگەکانیەوە خستە ژێر پرسیاری جددی و مەترسییەوە، ڕێگریکردن بوو لە سەرۆکی پەرلەمان لە بازگەی پردێ لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی پارێزگای هەولێرەوە لە ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/١٢ کە نەیانهێشت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی لە هەولێری پایتەخت.

ئەو کاتەی فراکسیۆنەکانی یەکێتیی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو پرۆژەیاسایەکیان پێشکەش کرد بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم لە کاتێکدا سەرۆکی هەرێم ولایەتەکەی لە تەواوبووندا بوو ئیتر هیچ بوارێک بۆ مانۆر و خۆلادان لە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە نەمابوو، فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان جگە لە فراکسیۆنی پارتی هاوڕا بوون بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم بەڵام دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو خۆیان لە بڵندترین ئاستدا وتیان لە نێو بژاردە خراپەکاندا خراپترینیان هەڵبژارد و مانایەک بۆ سەروەریی یاسا و دامەزراوەی یاسادانان کە پەرلەمان بوو نەمایەوە و بە زەبری چەک و کووتەک ڕێ لە دانیشتنەکانی پەرلەمان گیرا ئەمە جگە لە ناردنەوەی بەشێک لە وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ماڵەوە بە بێ هیچ پاساوێکی یاسایی کە تا ئێستاش وەزارەتەکانیان بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن تەنیا وەزیری دارایی نەبێت کە سەنگەری گواستەوە.

بەڵێ ئەمە هەنگاوێک بوو کە دەرگای کردەوە بۆ کاردانەوەی خراپتر، ئەگەر ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان ملی بەو پرۆژەیاسایە بدایە بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ئەوا دیموکراسی هەنگاوێکی باش لە هەرێم دەچووە پێش و ناو و ناوبانگی هەرێمیش لە لای وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار لە ناوچەکە و بگرە جیهانیش سەنگین دەبوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو ئەو هەنگاوە هیچ زیانێکی سیاسی و ستراتیجی و تەکتیکیی ئەوتۆی بە پارتی دیموکراتی کوردستان نەدەگەیاند لەبەر ئەوەی ئەوان زۆربەی جومگە گرنگەکانی حکومڕانیی هەرێمیان لە بن دەستدا بوو هەر لە دارایی و ئەمنی و سەربازی و دیبلۆماسیشەوە.

ئەو هەنگاوە هاوپەیمان و هاوبەشە گرنگەکەی پارتی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە خستە هەڵوێستێکەوە کە بە کۆی پەیوەندی و ڕێککەوتنامەکانی نێوانیان بە ڕێککەوتننامەی ستراتیجی کە لەسەر دەستی ڕەوانشاد مام جەلال و لەگەڵ کاک مەسعود واژۆ کرابوو بچێتەوە و بە دوای فۆرمی نوێ و میکانیزمی نوێ و ڕێککەوتنی نوێ و هاوبەشیی

ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکەدا بگەڕێت.
ڕاستە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی ٤٥ کورسیی پەرلەمانی کوردستانە و کورسیی کۆتاکانیش لە فەلەکی ئەواندا دەخولێنەوە کە ١١ کورسین، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تەنها ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد لایەنەکانی تر هیچیان ئامادە نەبوون کۆنووسی کۆتایی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨/٩/٣٠ واژۆ بکەن، چونکە هەموو لایەنەکان تێبینی و سکاڵا و گلەیی جددییان هەبوو لەو پرۆسەیە، ڕەنگە ئەمە هەڵەی یەکێتیی بووبێت کە چۆن ئەو ئەنجامانەی پەسەند کرد و دەبێ ئێستا باجەکەی بدات چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچەندە بە لێدوان دەڵێن یەکێتیی هێزێکە پەراوێز ناخرێت و زۆر بارودۆخی قورس و نالەبەرمان بە یەکەوە تێپەڕاندووە بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە شەڕی قورس و ئێسقانشکاندنی لەگەڵدا دەکات هەر لە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارەوە تا کۆبوونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکەکەی بە بێ ئامادەبوونی یەکێتیی و لەوەش خراپتر دانانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و ئێستا خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەمواری پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم.
سەرباری هەموو ئەوانە سەرکردەی مەزن و سیاسەتمەداری بە توانا ئەوەیە کێشە چارەسەر بکات و بەرژەوەندیی باڵای گەل و ئاییندەی ئەم هەرێمە بخاتە سەر و بەرژەوندییە تەسکە حزبییەکانی نەک شەڕ و ململانێی نابەجێ و خۆسەپاندن و کارکردن بە گیانی تۆڵەسەندنەوە.

ئاژانس - ٢٠١٩/٤/٤

# کورد لە داوی ئەمریکادا

مێژووی خیانەتەکانی ئەمریکا لە کوردو مەسەلە ڕەواکەی درێژە وەکو ئازارەکانی، سەختە وەکو جوگرافیاو چیاکانی، خەمناکە وەکو جینۆسایدو ئەنفالەکانی.
ئەگەر باسی ئەو بابەتە بکەم نازانم لە کوێوەوە دەست پێبکەم، لە دواکارەسات و گورگان خواردنی کورد لە خۆرئاوای کوردستان لە ئێستادا، یان بگەڕێمەوە بۆ سەدەیەک بەر لە ئێستا نازانم!
بە هەرحاڵ لە سەد ساڵی ڕابردوودا کورد قوربانی گەورەی سات و سەودای وڵاتانی زلهێزو کۆلۆنیالیستی جیهان بووە نەک هەر ئەمریکا، لە(سایکس _ بیکۆ)وە تاوەکو غەدری سۆڤیەتیەکان لە کۆمارە ساواکەی مهاباد لە خۆرهەڵاتی کوردستان. بەڵام لێرەداو لە باسێکی وا کورتدا ڕەنگە ئاسان نەبێت بچمە ناو بابەتێکی وا ئاڵۆز و کارەساتبارەوە، بەڵکو هەر تیشکێک بە کورتی دەخەمە سەرەداوەکانی ئەمریکا بۆ کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە کورتی:
١. لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەو کات پێیان دەگوت پیاوە نەخۆشەکە و کوردیش لە ژێردەستەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا بوون ئەو کات وەکو زۆربەی گەلانی ئەم ناوچەیە، ئا لەوکاتەدا دەستەبژێری کورد بە تایبەتی و هەموو گەلی کورد بە گشتی خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوون،هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانیش کە لایەنی سەرکەوتووی جەنگەکە بوون بەڵێننامەی سیڤەریان واژۆکرد ساڵی ١٩٢٠ ، کەمافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کورد مسۆگەر کردبوو، کە تورکەکان وەکو ئێستا ئەوکاتیش دژی سیڤەر وەستانەوەو دواتر بە پشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیەکان ڕێککەوتننامەی لۆزانیان واژۆکرد لە ساڵی ١٩٢٣ کە عێراق و سوریایان دابەشکرد بۆ خۆیان و هیچ بەندێکی تێدا نەبوو باسی مافەکان و ئایندەی کورد بکات ئەمە بە یەکەم فێڵی گەورەو خیانەتی ئەمریکا دێتە ئەژماردن.
٢.لە دوای ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق کرانەوەیەکی باش لە عێراقدا هاتە ئاراوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و بۆ یەکەم جار لە دەستوری کاتی عێراقدا دان نرا بە ئەوەی کە عێراق پێکهاتووە لە دوو گەلی کوردو عەرەب و هاوبەشن لە عێراقدا و دواتر ڕێی بە مەلا مستەفای بارزانی دا کە دوای یازدە ساڵ دەربەدەری لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام حکومەتی قاسم دواتر پاشگەزبووەو لە بەڵێنەکانی و

شەڕو توندو تیژی و بەریەککەوتن لە نێوان کورد و حکومەتی قاسم ڕویدا، بەڵام لەو کاتیشدا ئەمریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان یارمەتی کوردی داوە لە ١٩٥٨تاوەکو ١٩٦٣ بەڵام دواتر ئەمریکا یارمەتی کودەتای سەربازی دا دژی قاسم و جارێکی تر کۆمەکەکانی بۆ کورد بڕی بۆمبی ناپاڵم وایرانکەرو قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دا بە حکومەتی ئەوسای عێراق بۆ سەرکوتکردنی کورد.

٣.لە حەفتاکان سەدەی پێشووش کاتێک عێراق لە بلۆکی سۆڤیەتی نزیک کەوتەوە ئەمریکیەکان و ئیدارەی سەرۆک نیکسۆن و وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا هنری کیسنجەر یارمەتی کوردییان دەدا و کاتێک کورد لە ساڵی ١٩٧٠ لە گەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوتبوون و بەیاننامەی مێژوویی ١١ ی ئازاریان دەرکردبوو، بەڵام ئەوان کاریان بۆ تێکدان و سەرنەگرتنی ڕێککەوتنەکە دەکردو دواتر کە شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراقدا هەڵگیرسایەوە، دواتر ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و سەدام حسین واژۆکرا ئەمریکیەکان هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، کورد چەند هاواری کرد نەگەیشتە گوێی کەڕو کاسی کیسنجەرو ئەمریکا.

٤.لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و لەکاتی جەنگی عێراق – ئێران ١٩٨٠- ١٩٨٨ یشدا کاتێک ڕژێمی عێراق دەستی دایە کوشتن و بڕینی کورد لە عێراقدا و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وێرانکردنی هەزاران گوندو شارۆچکەو ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کەس بەبەرچاوی هەموو دنیاوە ئەمریکیەکان هیچ کاردانەوەو هەڵوێستێکیان نەبوو، بگرە سەرۆک ڕیگن دژی هەوڵەکانی کۆنگریس وەستایەوە بۆ سزادانی ڕژێمی عێراق بە هۆی ئەوەی عێراق لە شەڕدا بوو دژی ئێران و ئەمەش لاوازی بوو بۆ ڕژێمی عێراق، لەم هەنگاوەدا زۆرێک لە میدیاکانی ئەوکات هاوکاری ڕیگن بوون بەوەی باسی ئەو کارەسات و جینۆسایدەی دەرهەق بەکورد کرابوو نەکرد و چاوپۆشیان لێکرد.

٥.لە ساڵی ١٩٩١ دوای گەردەلوولی بیابان کە ئەمریکا دەوڵەتی کوەیتی ڕزگارکرد لە دەستی ڕژێمی عێراق، سەرۆک جۆرج بۆشی باوک داوای لە عێراقیەکان کرد کە ڕاپەڕن و ڕژێمی سەدام بڕوخێنن، بەڵام دواتر کوردو شیعە ڕاپەڕین و ڕژێمی سەدامیان لە ناوچەکانی خۆیان وەدەرنا بەڵام بوش درۆی لە گەڵ کردن و جەنگەکەی وەستان و وتی ئێمە دەست وەرنادەینە کاروباری ناوخۆی عێراق، ئەوەبوو کورد و شیعە بەرشاڵاوێکی دڕندانەی ڕژێم کەوتن و هەزاران کەس کوژران و زیندەبەچاڵکران و بەشێکی زۆری گۆڕەبەکۆمەڵەکان کە دواتر دۆزرانەوەهی ئەوانەو ئەنفالەکانن کە کورد بوون.هەرچەندە دواتر بە هۆی کۆڕەوی ملیۆنی گەلی کوردەوەو لە ژێر فشاری شەقامی ئەوروپاو پێشنیاری حکومەتی فەرەنسا

بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین و ئارام بۆ کورد درا.
تێبینیەکی زۆر گرنگ و ورد لە سەر هەڵسوو کەوتی دیماگۆگیانەو ئەمریکا لە گەڵ کورد بە تایبەتی لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن ئەوە بوو کە تەماشای کوردستانی باشووریان وەکو قوربانی دەستی ڕژێمی سەدام دەکرد و بە دۆست و خەباتگێڕو ئازدیخواز ناویان دەبردن، بەڵام بە کوردستانی باکوور کە لە بن دەستەڵاتی تورکیای هاوپەیمانیاندا بوو بە تیرۆریست و جوداخواز و شەڕخواز ناوی دەبردن و تۆپ و بۆمباو چەکی پێشکەوتووی دەدا بە تورکیا تاوەکو بیانکوژێت و گوندو شارەکانیان خاپور بکات.
دوا خیانەت و دوا خەنجەری ژەهراوی ئەمریکا بە دەستی ترەمپ لە جەستەی شەکەتی کوردلە خۆرئاوای کوردستان درا، دوای ئەوەی لە ٦ ئۆکتوبەری ئەمساڵدا ٢٠١٩ کۆشکی سپی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هێزەکانی لە باکورو خۆرهەڵاتی سوریا دەکشێنێتەوە، گومانی گەورە دروست بوو، دەبێت سەرۆک ترەمپ بۆ ئەم بڕیارەی دابێت لە بەرچی؟
بۆ ئەوەی ڕێ چۆڵ بکات بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکەی بۆ سەر کوردەکان دەست پێ بکات کە چەندین مانگە خۆی بۆ ئامادە دەکات و هەڕەشەیان لێدەکات، یان لە بەرخاتری ڕوسیا و ئێرانە هەروەکو برێت مەکگۆرک نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدژی داعش لە تویتێکدا وتی (ئەمە باشترین دیارییە لە سەرۆک ترەمپەوە بۆ ڕوسیاو ئێران)، یان ئەمە گەڕانەوەیە بۆ خووە کۆنەکەی ئەمریکا، کە خیانەتە لە کورد دەکات لە کاتە هەستیارو چارەنووسسازەکاندا.
ئەوەی ئەمجارە لەوەیە مایەی خۆشحاڵی بێت بۆ کوردەکان لە هەموو جیهاندا سەرەڕای ئازاری برینەکەیان کە خوێنی لێدەچۆڕێت، ئەو کاردانەوە پۆزەتیف و جوانانەیە کە لە خودی ئەمریکا وە بەرامبەر بە هەڵوێستی سەرۆکەکەیان دەریان بڕیووە، چ لە سەر ئاستی شەقامی ئەمریکی چ لە سەر ئاستی هەردوو پارتی گەورەی ئەمریکا کۆماری و دیموکراتی، چلە سەر ئاستی میدیاکان بە تایبەتی ئەوانەی و زۆر لە سەرۆک ترەمپیشەوە نزیکن، چ هونەرمەندەکان کەسایەتیەکان.
لەوانەش گرنگتر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە ٤٣ ولایەتی ئەمریکا دژ بەم هەنگاوە نامەردانەی ترەمپ لە گەڵ هاوپەیمانەکانی بە تایبەتی کورد بوون، لە کاتێکدا کوردو شەڕڤانەکانی هەسەدە لە باکوری سوریا ئەفسانەی دەوڵەتی خەلافەی ئیسلامیان نابووت کردو پایتەختەکەی ئەو دەوڵەتە کە ڕەقە بوو ئازاد کرد، هەر ئەمریکیەکان لە سەر زاری جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمریکاوە وتی ئێوە لە جیاتی هەموو مرۆڤایەتی شەڕی تیرۆرتان کرد.

جێگەی دڵخۆشیە بۆ کورد نووسەری ناودار (جۆن شوارتز) کە ئەوەی ئەو ئاماژەی پێداوە کورد خۆی باسی نەکردووە ئەوەیە کە دەڵێت سێ شت حەتمین و دەبێت ڕووبدەن و کەس ناتوانێت خۆی لێ ی بشارێتەوە ئەوانیش ئەمانەن: مردن کە هەقەو هەموو کەس دەبێت ببینێت و کۆتایی بە ژیانی بێت دووەم باجی دەرامەت کە هەموو هاوڵاتیە چۆن مافی هەیە ئەرکیشی هەیە دەبێت باج بدات سێ یەم کە زۆر گرنگە خیانەتی ئەمریکایە لە کوردە جۆن شوارتز لە دینامیکەتی پەیوەندی ئەمریکاو کورد زیاتر قووڵ دەبێتەوەو دەڵێت هەموو جار کوردەکان بە تەمان لە لایەن ئەمریکاو خەڵات بکرێن و تاج و ئەستێرەی پێبدرێت، بەڵام لە کۆتاییدا پێچەوانەکەی دەبینن لە کۆتاییدا پشتیان لێ دەکەن و بە تەنیا بە جێ یان دەهێڵن. شوارتز زیاتر دەڕوات و دەڵێت ئەمریکا لەو چوار وڵاتەی کە کوردستانیان داگیرکردووە لە هەرکوێ پێویست بکات کوردەکان چەکدار دەکات و دژی وڵاتەکان بەکاریان دەهێنێت بەڵام دواتر بۆ چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەستبەرداریان دەبێت.

***لە کۆتاییدا:-***

١. هەرچەندە ترەمپ وتی من گڵۆپی سەوزم بۆ ئەردۆگان دانەگیرساندووە تا پەلاماری کوردەکان بدات و کوردەکان گەلێکی دیارن و و جەنگاوەری لێهاتوون دەستبەرداریان نابین ، بەڵام تورکیاش هاوپەیمانمانە لە ناتۆ و هاوبەشی بازرگانی باشیشمان هەیە.

بەڵام ئەم قسانە پەرێزی ترەمپ پاک ناکاتەوە لەو خیانەتەی لە کورد کردی لە عێراقیش و لە سوریاش لە دوای شەڕی تیرۆرو داعش.

٢.لە هەمانکاتدا کە باسی ئەو هەڵوێستانەی ئەمریکا دەکەین ڕاستیەکی تریش هەیە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین ئەویش ئەوەیە ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی خەڵکی باشووری کوردستان هەرچەندە لە سەر پێشنیاری فەرەنسا بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش دەرکرا بۆ پاراستنی کورد و ناوچەی ئارام و دژە فڕین لە ناوچەی باکوری هێڵی ٣٦، ئەمریکیەکانیش ڕۆڵێکی کاراو دیاریان گێڕا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە و بنکەی ئەنجەرلیکیان لە تورکیا بەکارهێنا بۆ ئەو مەبەستە، لە ئێستاشدا لە خۆرئاوای کوردستان هەرچەندە سەرۆک ترەمپ بڕیاری کشانەوەی داوە بەڵام ئیدارەی ئەمریکا بە زۆربەی دامودەزگاکانی دژبەو بڕیارەن بۆیە دواتر هەندێک لە هێزەکانیان گێڕاوە بە بیانووی پاراستنی بیرە نەوتەکان، پێناچێت وابە ئاسانی بوار بە ئەردۆگان بدەن ئەجندەکانی جێ بە جێ بکات.

کوردستانی نوێ- ژ. ٨٠١٨ – ٢٠١٩/١١/٢٣

# بەشی دووەم

# عیـــــــــراق

# نەوتی کوردستان لە ململانێی نێوان هەرێم و ناوەندەوە بۆ ململانێی نێوان عیراق و روسیا

لە کاتێکدا کێشەو ململانێی سەخت لە نێوان حکومەتی ناوەندی عیراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادایە لەمەڕ پرسی نەوتو غازو سامانی سروشتی، بەتایبەتی لە یاسای بودجەی گشتیی عیراقدا حکومەتی هەرێم ناچارکراوە رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، کە سەرپەرشتیی کۆی پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی عیراق دەکات، لە بەرامبەر ئەوەشدا حکومەتی ناوەندی مووچەو پێداویستی کارمەندانی هەرێم بدات.
لە ئاوا بارودۆخێکدا کە ئێستا وا نیوەی ساڵی ٢٠١٩ تەواو بوو هێشتا یەک بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ نەکراوە لەلایەن هەرێمەوەو عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەندی فشارێکی زۆری لەسەرە لەلایەن فراکسیۆنو لایەنە جیاوازەکانی عیراقەوە، بەتایبەتی شیعەکان بۆئەوەی ئەگەر نەوتەکە رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ نەکەن، ئەوا ئەویش پارەی مووچە بۆ هەرێم نەنێرێت.
هەرچەندە عەبدولمەهدی، د.ئەیاد عەلاوی ناردووە بۆ لای بەڕێز مەسعود بارزانی کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکاتو لەوە زیاتر عادل عەبدولمەهدی نەخاتە بەر نەشتەری رەخنەو فشاری لایەنە عیراقییەکانو بە وتەی عەلاویش، بارزانی بەڵێنیداوە وەفدێکی هەرێم بنێرێت بۆ بەغدا لەم دوای جەژنەدا و کێشەکانی تایبەت بە نەوتو غاز چارەسەر بکەن.
سەرۆکی کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی روسی (روس نەوت) لە کۆنگرەی ساڵانەی هاوبەشەکانیدا رایگەیاند: لەم ساڵدا سۆپرایزێکی بۆ حکومەتی ناوەندی وڵاتەکەی دەبێت، ئەویش دەستکردنە بە پرۆسەیەکی فراوانی گەڕانو پشکنینی جیۆلۆجی بۆ نەوت لە هەرێمی کوردستانداو لە ساڵی داهاتووشدا بە نیازن دەست بە دەرهێنان و فرۆشتنی بکەن.
سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن کە ئەو گرێبەستە نەوتییە نوێیە لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای روس نەوت کە کۆمپانیایەکی نیمچە حکومییەو نزیکە لە حکومەتی روسیاوە، سیاسەتەکانی گوزارشت لە سیاسەتەکانی دارایی ئابووری و سیاسی حکومەتی روسیا دەکات، کە بە نیازن لە پێنج ناوچەی جیۆلۆجی هەرێم وەبەرهێنان بکەن کە توێژینەوەی سەرەتایی و دۆزینەوەی بۆ دەکەن لە قۆناغی یەکەمداو دواتر دەست بە هەڵکەندنی بیرو دەرهێنانی دەکەن.
بەگوێرەی گرێبەستەکە، کۆمپانیای روس نەوت هەموو تێچووی ئەو پرۆسەیە کە ٤٠٠ ملیۆن دۆلارە لە ئەستۆ دەگرێت، کۆمپانیاکە پێشبینی دەکات کە ٧٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی تێدا

بەرهەم بێتو دواتر ٪٨٠ قازانجەکەی بۆ روس نەوت بێت.
پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەی چی قازانجێک بۆ هەرێم دەبێت، ٪٢٠؟ ئایا ئەمە رێژەیەکی زۆر کەم نییە؟ ئایا ئەم گرێبەستە بە فلتەرەکانی پەرلەمانو حکومەتدا دەڕوات؟!

## هاوبەشی ستراتیجی نێوان روسیا و هەرێم

روسیا هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی وەبەرهێنانی گرنگ دەزانێتو لەلایەکی تریشەوە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا وەبەرهێنان لە ناوەڕاستو باشووری عیراقدا دەکەنو بەرژەوندییەکانیان ناخەنە مەترسییەوە لەگەڵ هەرێمدا وەبەرهێنان لە بواری نەوتو غازدا بکەن، لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان پەنا بۆ کۆمپانیا روسییەکان دەبات.
لە هەمان کاتدا روسەکانیش ئەوە باش دەزانن کە نەوتی کەرکوکو ناوچەکانی باشووری عیراق هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە بەبڕیارێکی سیاسی بۆ ئەو کۆمپانیایانە یەکلاییبۆتەو هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی ئەو رێکەوتنەیە، هەر لەبەر ئەوەشە روسەکان لە هەوڵدان ناوچەیەکی هەژموونو جێ پێیەکیان لە عیراقدا هەبێت لەڕێگەی وەبەرهێنان لە بواری نەوتداو هەر لەو پێناوەشدا لەساڵی ٢٠١٧ دا قەرزێکی ٣,٥ ملیار دۆلارییان دا بە هەرێمو هەروەها خاوەنی بۆری ستراتیجی گواستنەوەی نەوتن لە هەرێمەوە بۆ بەندەری جیهانی تورکی و لەدوای ریفراندۆمیش لە ژێر قورسترین بارودۆخدا دەستبەرداری هاوبەشی هەرێم نەبوون.

## هەڵوێستی حکومەتی عیراق

عیراق کارتی فشاری زۆری پێ نییە بۆ بەرگرتن لەم گرێبەستو ساتو سەودایە، لەبەرئەوەی دەستووری عیراق بوار دەدات بە هەرێمەکان کە گرێبەستو دەرهێنانو گەڕانو پشکنین بۆ نەوت بکەن. جگە لەوەش ئێستا هەردوو وڵاتی ئەمریکاو ئێران رۆڵی کارا دەگێڕن لە کاروباری عیراقداو هەروەها حکومەتی عیراق لەئێستادا ناخوازێت گرژیو هەڵچوونی زۆر رووبدات، بەهۆی ناکۆکییەکانی ئەمریکاو ئێرانەوە.
لەلایەکی تریشەوە، ئێستا حکومەتی ناوەندی عیراق زۆر پێویستی بە هەرێمی کوردستانو بۆرییە نەوتیو غازییەکانیەتی، لەبەرئەوەی لە کاتی روودانی یان هەڵگیرسانی شەڕو ململانێ لە نێوان ئێرانو ئەمریکاداو بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداوو تەنگەی هورمز، عیراق هیچ دەرچەیەکی خێراو خۆشدەستی وەکو هەرێمی دەست ناکەوێت بۆ درێژەدان بە فرۆشتنی نەوت، لەکاتێکدا ٪٩٠ ی داهاتی عیراق، نەوتە.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٨٨٧ – ٢٠١٩/٦/١٦

# عیراق لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا

هەرچەندە ئەمە یەکەم جارم نییە لەسەر ئەم بابەتە بنووسم، چ بۆ هەرێمی کوردستان و چ بۆ عیراقیش هاوکێشەی حوکمڕانی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵات بەبێ بوونی لایەنی ئۆپۆزسیۆن و رکابەر هاوکێشەیەکی نابەرابەر و ناهاوسەنگ دەبێت و ئاکامەکەی وەکو ئەوە دەبێت کە ئێستا لەعیراقدا دەیبینین، کە لە شانزە ساڵی رابردوودا هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووە کە شایانی پێزانین و ستایش بێت. واتە ئەگەر بەراوردی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی بکەین، بێگومان نێگەتیڤەکان زیاترن.
ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەی گۆڕانکاری و پرۆسەی سیاسی عیراقدا هەموو حزب و لایەنەکان لە هەموو پێکهاتەکان جگە لە سوننەکان کە هەندێکیان ئۆپۆزسیۆنی نێگەتیڤ بوون، هەموو لە هەوڵی بەشداریکردن لە حکومەت و وەرگرتنی پۆست و ئیمتیازاتدا بوون و بیانوو و پاساویشیان ئەوە بووە کە سازان پێویستە بۆ بارودۆخی ئێستای عیراق و دۆخی شێواوی عیراق بەرگەی ئۆپۆزسیۆن بوون ناگرێت. ئەگەر ئەمە تاڕادەیەک راستی تێدا بێت، ناکاتە ئەوەی لە بری سازان و بەرژەوەندیی باڵای وڵات، لایەنەکان هاوپەیمانیی ببەستن لە ئاستی هاوبەشی و رێکەوتن لەسەر پەردەپۆشکردنی هەڵە و کەموکورتی یەکتر، «تۆ چاو لەسەر هەڵە و گەندەڵییەکانی من دابخە، منیش هەمان هەڵوێستم دەبێت لەسەر هەڵە و گەندەڵییەکانی تۆ». بە داخەوە لە چەند ساڵی رابردوودا ئەو کردەوەیە بۆ چەندین جار لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عیراقدا روویدا و لە میدیاکانیشەوە باسی کرا.
ئەوەی مەبەستمە بیڵێم لەم وتارە کورتەدا ئەوەیە کە تازە بەتازە هەندێک قەوارەو فراکسیۆنی پەرلەمانی لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا ئاماژە بە ئۆپۆزسیۆن بوون دەکەن و هەندێکیشیان رایانگەیاندووە کە ئێتر ئەوان ئۆپۆزسیۆنن, بەنموونەی رەوتەکەی سەید عەمار حەکیم، هەرچەندە رایانگەیاندووە کە ئەم هەنگاوەی ئەمان دژ بە هیچ کەس و لایەنێک نییە و خواستی رووخانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی نییە، چونکە هەندێک دەنگۆ هەبوو کە دەیانوت ئامانجیان هەڵوەشانەوەی کابینەکەیە و وەرگرتنی پلە و پۆستی زیاترە، بەڵام رەوتی حیکمە دەبێژن ئێمە خوازیاری پێکهێنانی ناوکی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنین لەو هێز و قەوارانەی تا ئێستا دوودڵ و نیگەرانن لە پرۆسەی سیاسی بە ئامانجی راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە عیراقدا.
لەلایەکی ترەوە، فراکسیۆنی نەسر کە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشوو،

سەرۆکایەتی دەکات، رایگەیاند کە ئەوانیش دەبنە ئۆپۆزسیۆنی راستکردنەوە و چاکسازی (تقویمیە) و نیگەرانی خۆیان نەشاردەوە لە ئەدای کابینەکەی عەبدولمەهدی و بە حکومەتی بەشبەشێنەی تائیفییان وەسفکرد و وتیان ئێمە عەبدولمهەدی-مان سەرپشک کردووە بۆ پڕکردنەوەی پۆستە وەزارییە بەتاڵەکان و هیچ خواستێکی تایبەتمان نییە، دەخوازین بە دەستێک لەپۆلا بچێت بەگژ گەندەڵکاران بچێتەوەو بەرنامەی نیشتمانی پراکتیزە بکات, بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێت سەرۆک وەزیرانی پێشوو کە لە خۆیان بوو، بە دەستێک لە تەختەش نەیدا بەسەر گەندەڵکاراندا، هەرچەندە بە وتە و دروشم زۆری وت، بەڵام بە کردار هیچمان نەدی.

لەلایەکی ترەوە، فراکسیۆنی سائیرون کە سەید موقتەدا سەدر رابەرایەتی دەکاتو دەنگی یەکەم بوو لە دوا هەڵبژاردنەکانی عیراق لەساڵی ٢٠١٨، لە دوای کۆبوونەوەیەکی بەشێک لە ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان لەگەڵ سەید موقتەدا لە ناوچەی حەنانەی شاری نەجەفی پیرۆز لەلایەن شیعەکانەوە کە بارەگای سەدر-یش لەوێیە، رایانگەیاند کە دەبێت عەبدولمەهدی و کابینەکەی بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی لە شەش مانگی رابردوودا هیچ شتێکی دیاری پێشکەش نەکردووە بۆ هاووڵاتیانی عیراق و شکستی هێناوە لە دابینکردنی هەلی کار و خوازیارن راپۆرتێکی روون و درێژ لەسەر کار و چالاکییەکانی بە ژمارە و داتای ورد بخاتەڕوو، رایانگەیاند کە گەلی عیراق بە نالەبارترین دۆخی بێئومێدی و نیگەرانیدا دەڕوات و هەروەها خوازیاری ئەوە بوون کە هەموو دۆسیێ گەورەکانی گەندەڵی رادەستی دادگاکان بکرێت.

لە کۆتاییدا جارێکی دی ئەو پرسیارە قورسە خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا تاقم و گروپی سیاسی بارگاوی بە بیر و باوەڕی توندڕەوی تائیفی، دەتوانن وڵاتێکی وەک عیراقی فرە مەشرەب سەرکردایەتیی بکەن بەرەو کەناری ئارامی؟ جا ئیتر چ لە دەسەڵات بن یان لە ئۆپۆزسیۆن؟.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٠٠ - ٢٠١٩/٧/١

# داخستنی بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی هەنگاوێک بە ڕێگەی ڕاستدا

ئەو فەرمانە دیوانییەی کە د.عادل عەبدولمهدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەندی عیراق بە ژمارەی ٢٣٧ لە ١ی تەموزی ٢٠١٩ دا تایبەت بە ڕێکخستنی کارو چالاکییەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەریکرد، هەرچەندە هەنگاوێکی دروستە بە ڕێگەی ڕاستدا بەرەو کۆکردنەوەی هەموو چەکەکان لە دەستی دەوڵەتدا، بەڵام لە هەمان کاتدا مایەی نیگەرانیشە بۆ هەندێک لایەنو ناوەندی بڕیارو هێز.

***لایەنە گرنگەکانی فەرمانەکەی عەبدولمهدی بریتین لە:***

١. فەرمانەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو هێزو تاقمەکانی حەشدی شەعبی بەشێکن لە سیستمی بەرگریو هێزە چەکدارەکانی عیراقو دەبێت لە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا بن، بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی نوێنەران دایڕشتووە.
٢. فەرمانەکە پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە، کە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لەلایەن فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە، واتە سەرۆک وەزیرانەوە دیاری دەکرێت.
٣. بەگوێرەی فەرمانەکە، هەموو ئەو ناوانەی کە لەو هێزانەی حەشدی شەعبی نرابوون لەکاتی شەڕ لەدژی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا، هەڵدەوەشێنرێنەوەو ناوی سەربازییان لێدەنرێتو هەموو فەرماندەو ئەندامەکانی پلەی سەربازیی وەکو سوپای عیراق وەردەگرن.
٤. لەسەر فەرماندەو ئەندامانی حەشدی شەعبییە کە هەموو پەیوەندییەکی سیاسی بە حزبو ڕێکخستنەکانیانەوە ببچڕێنن.
٥. ئەو لایەنانەی کە پەیوەست نابن بە سوپاو هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتەوە، دەبێت ببن بە لایەنو حزبی سیاسیو پابەندبن بە سیاسەتی حزبە سیاسییەکانەوە.
٦. ئەو لایەنانەی کاری سیاسی هەڵدەبژێرن، نابێت بەهیچ شێوەیەک چەک هەڵبگرن، بە مۆڵەتی فەرمی دەوڵەت نەبێت بۆ پارێزگاری بنکەو بارەگاکانیان.
٧. فەرمانەکە هەموو ئەو هێزانە پابەند دەکات کە هەموو بنکەو بارەگاکانیان لەناوەو دەرەوەی شارەکانیشدا دابخەن، لەگەڵ نووسینگەی دارایيو خاڵەکانی پشکنینی تایبەت بەو هێزانەش.

٨. بەگوێرەی فەرمانەکە، هەر تاقمو گروهێک بەئاشکراو نهێنی کارێک یان چالاکییەک بکات، پێچەوانەی ئەم فەرمانە بە تاوانبارو یاخیو تێکدەر دەناسرێتو لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت.

٩. ئەم فەرمانە حەشدی عەشائیریش دەگرێتەوە، کە تاقمێکی عەشائیری سوننینو دوای حەشدی شەعبی دامەزرێنرانو هەر تاقمو گروپێکی تریش لەم شێوەیە بێت، هەمان یاساو فەرمانیان بە سەردا دەسەپێت.

١٠. فەرمانەکە تا ٢٠١٩/٧/٣١ی وەکو دوامۆڵەت بۆ هەموو ئەو تاقمانە دیاریکردووە کە پابەندبن پێیەوە.

لە یەکەم کاردانەوەدا، موقتەدا سەدر کە یەکێک لە سەرکردە دیارو خاوەن پێگەی شیعەکانەو هەروەها رابەری فراکسیۆنی سائیرونە کە لە دوا هەڵبژاردنی عیراقدا ٢٠١٨ یەکەم دەنگی هێنا، دەستخۆشی لە عەبدولمهدی کردو بڕیاریدا تاقمەکەی خۆی کە بە سەرایا سەلام ناسراون، دەستبەجێ فەرمانەکە جێەجی بکەن، لە هەمان کاتدا نیگەرانیی خۆی لەوە پیشاندا کە لەوانەیە ئەم فەرمانە بە تەواوی جێبەجێ نەکرێت.

پێویستە ئەوەش بڵێین، حەشدی شەعبی ساڵی ٢٠١٤ بە فەتوای ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعی شیعەکانی عیراق دامەزرێنرا لە دوای ئەوەی چەکدارەکانی داعش سێ یەکی خاکی عیراقیان داگیرکردو تا نزیک دیوارەکانی بەغدای پایتەخت رۆیشتنو هەڕەشەی توندیان لە شیعەو مەزارە پیرۆزەکانیان دەکرد.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی گەلی عیراقو بەتایبەتی سوننەکانە، لە شەڕی داعشدا دەستدرێژیو پێشێلکاری زۆر لەلایەن ئەم هێزانەی حەشدی شەعبییەوە کراوە لە ناوچە سوننە نشینەکانداو دواترو تائێستاش رێگری دەکەن لەوەی زۆرێک لە سوننەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵو حاڵی خۆیان، بە تایبەتی لە ناوچەکانی پشتێنەی بەغداو پارێزگای دیالە.

بە هەرحاڵ، ئەگەر عەبدولمەهدی لەم هەنگاوەو تاقیکردنەوەدا سەربکەوێت، ئەوا دەستکەوتێکی گەورەیەو دەستی والا دەکات بۆ ریفۆرمو چاکسازیو شەفافیەتو یەکلاکردنەوەی دۆسێ زەبەلاحەکانی گەندەڵی، کە ئەم میلیشیایانە بەکاردەهێنران بۆ خۆشاردنەوەو خۆدزینەوە لە سەروەریی یاسا.

لە کۆتاییدا ئەم فەرمانەی عەبدولمهدی بڕیارێکی شارستانیو نیشتمانییە هەرچەند بەفشاری ئەمریکییەکانیش بێت، بەڵام هەموو شەقامی عیراق پشتیوانی لێدەکات و پێویستە لەسەر پێکهاتەکانی تری عیراق بەتایبەتی سوننەو کوردو تورکمان و کەمینەکان، پشتیوانی تەواو لەم فەرمانە گرنگە بکەن، چونکە بوونی هێزی چەکداری تائیفی وەکو بۆمبێکی

تەوقیتکراو وایە، هەر چرکەساتێک بۆی هەیە بتەقێتەوەو کارەساتی گەورە بۆ گەلانی تری عیراق بهێنێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە شیعە نین، چونکە پەروەردەو رێکخستنی ئەمان ناوەرۆکیکی تائیفی هەیەو کردەوەکانی ساڵانی رابردوو ئەوەی پیشانی هەمووان دا.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٩٠٥ – ٢٠١٩/٧/٧

# عیراق، دووانەی سوپا و حەشدی شەعبی

ئەگەرچی سوپای عیراقی لە ٦ کانونی ١٩٢١ دامـەزرا، سەرەتا لەلایەن زۆرێک لە ئەفسەرەکانی پێشووی سوپای عوسمانی بە سەرەتایەکی هاوسەنگ و پیشەیی باش کە هەموو پێکهاتەکانی عیراقی تێدا بوو بە تایبەتی بەشێکی باش لە فەرماندە و سەرکردەکانی لە ئەفسەرە کوردەکانی وەکو جەعفەر پاشا عەسکەری و بەکر سدقی و زۆری تریش، دواتریش یاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ لە عیراقدا پیادەکرا. بەڵام لەدوای کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨، ئەو سوپایە لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی خۆی لایدا و مۆنۆپۆلکرا بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو و حزبی بەعس بەتایبەتی، تا لەلایەن پۆل بریمەری حاکمی ئیداری ئەمریکا لەعیراق، لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە ئەو سوپایەی هەڵوەشاندەوە.
دواتر سەرلەنوێ سوپایەکی تازە بۆ عیراق دروستکرا لە هەموو پێکهاتەکان و یاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ (ئیجباری) هەڵوەشایەوە، بەڵام ئێستاش هاوسەنگیی تێکچۆتەوە لە سوپای نوێی عیراقدا ئەو یاسایەی کە بۆی دەرکراوە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکرا، ئەوەش ئاکامەکەی بوو کە ٢٠١٤ نەیتوانی خۆی بگرێت بەرامبەر پەلاماری داعش.
هەر لە ئاکامی ئەو هەرەسە گەورەیەی سوپای عیراق، مەرجەعیەتی باڵای شیعەی عیراقی هێنایە دەنگ، کە خۆی لە سەید سیستانی-دا دەبینێتەوە و وایکرد بانگەواز و فەتوای نەفیری گشتی بدات و حەشدی شەعبی پێکبهێنن بۆ پاراستنی مەزارە پیرۆزەکانی شیعە و پاراستنی حکومەتی عیراق کە شیعە سەرکردایەتی دەکرد، لە شاڵاوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام.
هەربۆیە هەموو لایەن و حزبە شیعەکانی عیراق لە دوای فەتواکەی سەید سیستانی کەوتنە خۆیان و هەریەکە بۆخۆی هێزێکی چەکداری دروستکرد، کە دوایی بووە ناوکی حەشدی شەعبی، دواتر حەشدی شەعبی بە خێرایی گەشەی کرد و بووە ژمارەیەکی قورس لە هاوکێشەی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی عیراقدا، تەنانەت جێی بەهێزە ئەمنییەکانیش لێژ کرد و پێگەی ئەوانیشی پڕکردەوە، بە سوپای عیراقیشەوە و بوو بەخاوەنی زەبەلاحترین بودجە و سەرەڕای بایکۆتی هێزە سوننیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران ، یاسای بۆ دەرکرا و بوو بە بەشێک لە سیستمی بەرگری عیراق.
لە دوای پێنج ساڵ، ئێستا حەشدی شەعبی هێزێکی گەورەیە و تەنانەت لە دوا هەڵبژاردنی عیراقدا لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٨، بەشداری ئەو پرۆسەیەیان کرد و لەهێزێکی سەربازییەوە بوونە هێزێکی سیاسیش، کە بەشداریی لە حوکمڕانی عیراقدا بکەن و نەخش و ئەجێندای

خۆیان هەبێت بۆ ئایندەی عیراق.
لەهەمان کاتیشدا حەشدی شەعبی هەر بەهێزی سەربازی و سیاسییەوە نەوەستاوە، بەڵکو بەکردنەوەی دەیان و سەدان نووسینگەی ئابووری زۆر لە ناوچە ئازادکراوەکانی بندەستی داعش، ئێستا بۆتە خاوەن و هاوبەشی هەموو پڕۆژە بازرگانی و وەبەرهێنانەکان لەو ناوچانەدا، کە ئەمەش سەرچاوەیەکی گەورەی داهات و کۆکردنەوەی سەرمایەیە بۆ حەشدی شەعبی.
ئێستا کە بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی لەچەند شوێنێکی جیادا کەوتوونەتە بەر هێرشی فڕۆکەی نەناسراو، بەتایبەتی سەربازگەی سقور لە باشووری بەغدا و سەربازگەی بەلەد لە پارێزگای سەلاحەدین کە چەک و جبەخانەکانیان بە ئامانج گیراوە و زیانی زۆریان بەرکەوتووە، کە هەندێک ئیسرائیل و هەندێکی دی ئەمریکا بە ئەنجامدانی تۆمەتبار دەکەن، لەناو حەشدی شەعبی و بە تایبەتی چەند کەسایەتییەکی شیعە لە تاقمەکەی نوجەبا، سوپای عیراق بە بەکرێگیراوی ئەمریکا وەسف بکەن و داخوازی ئەوە بکەن کە سوپای عیراق هەڵبوەشێنرێتەوە و حەشدی شەعبی جێگەی بگرێتەوە و هەندێکی تریان بڵێن ئەو سوپایەی کە بریمەر دروستی کردووە، خێری بۆ عیراق نابێت.
هەرچەندە هەندێک لەلایەنە شیعەکان و لایەنە عیراقییەکان بەتەمای ئەوە بوون کە سەید سیستانی لە دوای تەواوبوونی شەڕی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی داعش فەتوای هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی بدات، وەکو دەیانوت ئەو فەتوایەی ناوبراو بۆ حاڵەتێک و دۆخێکی تایبەت و مەترسییەک دراوە و ئێستا ئەو مەترسییە نەماوە و پاساو بۆ مانەوەی حەشدی شەعبیش نەماوە، بەڵام عادل عەبدولمهدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ئیتیحادی عیراق بڕیاری تێکهەڵکێشکردنی حەشدی بە سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عیراق دا تاوەکوە ٣١ مانگی تەموزی ٢٠١٩ رابردوو، بەڵام پێناچێت ئەو بڕیارە بەئاسانی جێبەجێ بکرێت.
ئەمانە و جگە لە گلەیی و گازندە و رەخنەی توندی هێزە سوننییەکان کە باس لە پێشێلکاریی گەورە دەکەن لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەرامبەر دانیشتووانی ناوچەکانیان و لەهەمان کاتدا گومانی گەورەیان لە قەبارەی هێزەکە هەیە، کە دەڵێن بەلیستی مووچەکانیان بێت ١٥٠ هەزار کەسن، بەڵام خۆیان لەڕاستیدا ٦٠ هەزار کەسن.
ماوەتەوە بڵێین، لە عیراقی نوێی ئیتیحادی و دیموکراسی، دروستکردنی هێزی چەکدار لەسەر بنەمای تائیفی و ئێتنیکی لە چ یاسا و دەستوورێکدا جێی دەبێتەوە؟ یان بۆمێیکی سامناکە هەرکات بخوازن دەتەقێتەوە؟

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٤١ - ٢٠١٩/٨/٢٥

# کابینەکەی عەبدولمەهدی لە بەردەم ئاڵنگارییەکاندا

ئەگەرچی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی هێشتا ساڵی یەکەمی تەمەنی حوکمڕانی تەواو نەکردووە، ئومێد و ئاواتێکی گەورەی لەسەر هەڵچنرابوو، لە کاتێکدا هەموومان ئاگاداری بارودۆخی عیراقین کە چ وێرانەیەک بوو لەدوای شەڕی تیرۆر و داعش و ململانێ ناوخۆییە هەمەچەشنەکانی، هەر لەناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی، ناکۆکی سوننە و شیعە، ناکۆکی شیعە و شیعە... تد.

عەبدولمەهدی بێ پشت و پەناترین کەس لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و تەنانەت بەشداریی دوا هەڵبژاردنەکانی عیراقیشی نەکرد، ئەگەرچی لەدوای گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣ەوە فیگەرێکی دیاری سەر گۆڕەپانی سیاسی وڵات بوو، هەر لەجێگری سەرۆک کۆمارەوە تاکو وەزیری دارایی و دواتر وەزیری نەوت کە پێش تەواوبوونی چوار ساڵەکەی دەستی لەکارکێشایەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سەردەمی ئۆپۆزسیۆنیشدا یەکێک لە سەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق بوو، بەڵام لەبەر بێ ئومێدبوونی لە بارودۆخی عیراق دوورەپەرێز وەستابوو، تاکو دواجار وەکو کاندیدی سازان و چارەسەری ناوەنجی و وەکو پەتی نەجات بۆ دەرباز کردنی عیراق لە قەیرانەکان، پەنای بۆ برا.

دیارە ئەرکی عەبدولمەهدی و کابینەکەی ئێجگار قورسە لەبەر ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، بۆیە ئەو بارودۆخ و ژینگە سیاسییە لە هەمووان دەخوازێت کە پشتیوانی بکەن، چ لە ناوخۆ بەتایبەتی کورد و دواتر سوننەکانیش، چونکە کەسایەتییەکی میانڕەو و نیشتمانییە و تاڕادەیەکی باشیش دوورە لە مەیلی تائیفەگەرییەوە، لە نێو ماڵی شیعەشدا خاڵی هاوبەشی نێوان لایەن جیاوازەکانیانە، لەڕووی دەرەوەشدا بۆ ئەمریکا و ئێران کە ئێستا لە ململانێیەکی سەختدان، عەبدولمەهدی تا ئێستا توانیویەتی بگونجێت و بۆ لەمەودواش ئەگەر لێی بگەڕێن دەخوازێت عیراق دوور بگرێت و نەبێتە بەشێک لەو ململانێ مێژوویی و ئاڵۆزە، لە کاتێکدا لەگەڵ سەرۆک کۆمار (د.بەرهەم سالح) پەیوەندییەکی زۆرباشیان هەیە و تا ئاستێکی نایاب سازاون.

***ئاڵنگارییەکانی بەردەمی:***

١. ناوخۆیی: زۆر میلیشیا و تاقمی چەکدار هەن کە پێگە و پارەیان هەیە و لەهەوڵی ئەوەدان ئارامی و ئاسایشی وڵات بشێوێنن و لەماوەی رابردوودا حکومەتەکەی بڕیاری

هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دا و ڕێکیان بخاتەوە لە ناو سوپای عیراقدا، بەڵام پێناچێت بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت.
٢. هەڕەشەکانی دەرەوە: لەماوەی رابردوودا لێدان و بۆمبابارانکردنی بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی کە دەنگۆی ئەوە هەیە لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجام درابێت لە ئامرلی و قائیم و پارێزگای سەلاحەدین و لە دەوروبەری بەغدا، ئەمەش وایکرد خاکی عیراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێکانی وڵاتانی تر، ئەمەش دژ بە خواستی حکومەت و گەلی عیراقە و لە کاتێکدا دەنگۆی ئەوەش هەیە کە دەستی ناوخۆیی بن.
٣. دۆسێی گەندەڵی: یەکێک لە پەتاو نەخۆشییە قورس و شێرپەنجەییەکانە کە جەستەی عیراقی گرتۆتەوە و لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە، گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ئاستە هەرە باڵاکانی حکومەتەوە تا خوارەوە تەشەنەی کردووە، کە مەترسییەکەی لە تیرۆر زیاتر و سامناکترە، هەرچەندە عەبدولمەهدی ئەنجومەنی باڵای بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دامەزراندووە، بەڵام تا ئێستا ئاکامێکی بەرچاوی نییە. ژینگەی عیراقیش یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردن و پەلهاویشتنی زیاتری گەندەڵی دارایی و بەفیرۆدانی سامان و داهاتەکەی، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی رەها پشت بە نەوت و وزەی سروشتی دەبەستێت و حزب و لایەن و تاقمە دەستڕۆیشتووەکان لە هەوڵدان زیاتر دەستی بەسەردا بگرن و هاوپەیمانی تەنانەت سیاسیش بکەن و هاوبەش بن و تەنانەت چاو لە یەکتری بپۆشن بەیاسای ئەنجومەنی نوێنەران بە تایبەتی لە خولەکانی پێشووتردا ئیمتیازات و مووچە و دەستکەوتی چەور بۆ خۆیان ببڕنەوە.
٤. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە: یەکێکی دی لەو بەربەست و کێشانەی رووبەڕووی عەبدولمەهدی بۆتەوە، کێشەی خێڵەکانە و بەتایبەتی لە پارێزگای بەسرە، کێشەی ئاوارەکان و مووسڵ و کەرکوک.... تد.
لە ئاوا بارودۆخێکدا، بێگومان ئەرکی عەبدولمەهدی ئاسان نییە، لە کاتێکدا هێز و لایەنە سیاسیەکانی عیراق لەژێر کاریگەریی هێزە باڵادەستەکانی جیهان و ناوچەکەدان، بە تایبەتی ئێران و ئەمریکا کە هەندێکیان روو لە ئەمریکا و هەندێکیان روو لە کۆماری ئیسلامی و هەندێکیشیان کە لە هەردوو ئەو بەرە رۆڵیان مەترسیدارترە، ئەو تاقمە بەرژەوندیخواز و دیماگۆگییەن کە لەگەڵ ئەمریکییەکان ئەمریکین و لە تەک ئێرانییەکان ئێرانین، کە ئەمانە لەهەوڵی ئەوەدان لە هەردوو لای هاوکێشەکە سوودمەندبن.
لە کۆتاییدا، عەبدولمەهدی لەهەوڵی بنیاتنانەوەی عیراقدایە و هەوڵیشی بۆ داوە، بەڵام کاتێ دەوێت ئەگەر لایەنە سیاسییەکان پشتگیری بکەن. ئەو دەخوازێت عیراق لەڕووی

کشتوکاڵییەوە زیندووبکاتەوە و پشت بە داهات و بەروبومی ناوخۆیی ببەستێت. بۆ نموونە، لەڕووی پەیوەندیی دەرەوەشدا هەوڵی داوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ دەوروبەرە عەرەبییەکەی و وڵاتانی تریش ئاسایی بکاتەوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٥٩ - ٢٠١٩/٩/١٥

# ڕووبەری خۆپیشاندانەکانی عیراق فراوانتر دەبێت

ئەم ١ی مانگی تشرینی یەکەمەی ئەمساڵ، لاپەڕەیەکی تری خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵکی بەغدای پایتەخت و شارەکانی تری باشوور و ناوەڕاستی عیراقی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەم خۆپیشاندانانەی ئەمجارە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو کە لەناوچە سوننە نشینەکان، یان ئەوەی پێیان دەوت ناوچە گەرمەکان، سەری هەڵدەدا، بەڵکو ئەمجارە لەو شار و ناوەندە چڕانەی دانیشتووانە کە شیعەن و لە شازدە ساڵی رابردوودا حوکمڕانی عیراق بوون هەموو جومگە و پێگە گرنگەکانی عیراقیان بەدەستەوەبوو.
ئەمجارە ئەگەر لە دروشم و لێدوانەکانی خۆپیشاندەران وردبیتەوە دەبینیت جیاوازە لە جاران، شێواز و رووخسارێکی تری لەبەرکردووە و هیچ حزب و رەوتێکی سیاسی بەشداربووی پرۆسەی سیاسیی عیراق خۆی ناکات بە خاوەنی، خۆپیشاندەرانیش بوار نادەن ئەوان سوار کۆڵی داواکاری و خواستە رەواکانیان ببن، جگە لە ئاڵای عیراق و داخوازی سادە کە خۆی لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی رۆژانەی ژیانی خەڵکدا دەبینێتەوە کە ئەوانیش ئاو، کارەبا، دەرمان، کار، ئاسایش، بەرگرتن لە دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ، سەروەریی یاسا، نزمی ئاستی پەروەردە و فێرکردن، دیاردەی گەندەڵی، فرۆشتنی پۆستە حکومییەکان و زۆر شتی تر.
خۆپیشاندان و مانگرتن و ئازادیی رادەربڕین مافی سەرەتایی و بێ ئەملا و ئەولای گەلی عیراقە لە باکوورەوە بۆ باشوور، دەستووری عیراق ئەو مافەی مسۆگەر کردووە و هیچ حکومەت و دەستەو تاقمێکی میلیشیایی ناتوانێت سنوورداری بکات، ئەوەی زیاتر قوڕەکەی خەست کردەوە، تەقەکردن و پەنابردن بوو بۆ چەک و کوشتن و بریندارکردنی هاووڵاتیانی ناڕازی کە داوای مافە رەوا و دەستوورییەکانی خۆیان دەکرد.

### ***ناڕەزایەتییەکان لە پای چی ؟***

ئێستا لە عیراقدا لە دوای شەڕی داعش و دوای نزیکەی ساڵێک لە دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، لەکاتێکدا باس لەوە دەکرێت عیراق رۆژانە نزیکەی شەش ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێت و هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە بێبەشن لە زۆر شت بە تایبەتی نەوەیەکی نوێ پێگەیشتووە و ترس و تۆقاندنی رژێمی پێشووی نەدیوە و وڵاتانی

تر دەبینیت  بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو و دراوسێکانی تر. تەنانەت هاووڵاتیانی باشوور باسی شارەکانی هەرێمی کوردستانیان دەکرد لە تەلەفزیۆنەکانەوە کە دەیانوت ئەوان واتە هەرێمی کوردستان چۆن دەژین و ئەوان کاری زۆریان بۆ کراوە، بەڵام لای ئێمە لە باشوور و ناوەڕاست هیچی وامان بۆ نەکراوە، ئاساییە و مافی خۆیانە داوای مافەکانیان بکەن، بەڵام بە هێمنی و دوور لە توندوتیژی و پاراستنیماڵی گشتی ڕەچاو بکەن.
جگە لەوانەش ڕاپۆرتە فەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لە عیراقدا ٤٥٠ ملیار دۆلار دیار نەماوە، ڕێژەی بێکاری ٪٩,٩ لەوڵاتدا لەوانە ٪٢٦ لاوەکانن و ژنانیش لەو ڕێژەیەوە نزیکن، هەروەها عیراق لەڕیزی دوانزدەهەمیندا دێت لە وڵاتە گەندەڵەکان بەگوێرەی پۆلبەندی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی بۆ شەفافیەت.

### کاردانەوەکانی حکومەتی عیراق

بڕینی هێڵی ئینتەرنێت لە عیراق جگە لە هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی هێز و غازی فرمێسکڕێژ و ئاو و گوللەی پلاستیک و گوللەی ڕەساس دژ بە خۆپیشاندەران و هەروەها داخستنی ڕێگا و پردەکان و قەدەغەکردنی هاتوچۆ و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بە زۆری هێز، خستنە حاڵەتی هۆشداریی توندی هەموو هێزە چەکدارەکانی عیراق.
لەلایەکە تریشەوە سەرۆک کۆمار مافی خۆپیشاندانی بە دەستووری وەسفکرد و داوای دانبەخۆداگرتنی کرد. سەرۆک وەزیرانیش لیژنەی لێکۆڵینەوەی لە سەر کوشتن و برینداربوونی هاووڵاتیان ڕاگەیاند، بەڵام رووبەری خۆپیشاندانەکان فراوانتر بوو.
لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ گەلی عیراق روونتر و ئاشکرابووە، شکستی تاقم و حزبە تائیفییە دینییەکانە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و نووقم بوون و تێوەگلانیانە بە گەندەڵی گەورە و ئابڕووبەرانە و کەڕوکاسیانە لە ئاست خواست و مافی هاووڵاتیانی عیراقدا.

کوردستانی نوێ - ژ.  ٧٩٧٧ - ٢٠١٩/١٠/٦

# عیراق لە داخوازیی خزمەتگوزارییەوە بۆ شۆڕش

ئەگەرچی لە عیراقی نوێدا ئەمە یەکەمجار نییە خۆپیشاندان و نارەزایی لەلایەن کۆمەڵانی عیراقەوە خەڵکەوە بەشێوازی جیاجیا دەربڕێت، بەڵکو ئەوە مافێکی دەستوورییە و دەستووری عیراق ئەو مافەی بۆ گەلی عیراق فەراهەم کردووە، هەر بۆیە پێشتریش سوننەکان و دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەکاتی پێویستدا پەنایان بۆ بردووە و تەنانەت قوربانیشی لێکەوتۆتەوە.
ئەوەی ئەمڕۆ لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق دەگوزەرێت سەرەتا داخوازییەکانیان لە چاکسازی و دابینکردنی خزمەتگوزاریدا کورت کردبۆوە، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکان درێژەی کێشا تا ئەم ساتە وەختەی من ئەم وتارە دەنووسم هەواڵەکان باس لەکوژرانی زیاتر لە ٢٨٠ کەس و برینداربوونی ١٢ هەزار کەس دەکەن، داخوازییەکانی خۆپیشاندەران گۆڕانکاری بنەڕەتی و گەورەی بە سەردا هاتووە، باسی گۆڕینی دەستوور  و دادگاییکردنی هەموو گەندەڵکاران و دوورخستنەوەی ئەو تاقم و دەستانە دەکەن کە ئێستا لەسەر شانۆی سیاسەت لە عیراقدا رۆڵی کارایان هەیە و تا بیناقاقایان نوقمی گەندەڵی و بێ دەربەستییە بەرامبەر بە ئایندەی گەل و وڵات. هەروەها خۆپیشاندەران خوازیاری کۆتایی هێنان بە دەستوەردانی دەرەکی لە عیراق.
ئەگەر شانازیی عیراقی نوێ، دیموکراسی و مافی ئازادیی رادەربڕین  و خۆپیشاندان و مانگرتن بووبێت، ئەوا ئێستا کە لوولەی چەکەکان روو لە سینگی کچان و کوڕانی خێر لەخۆنەدیوی عیراق بن، ئەنجومەنی نوێنەران کە بنەمای سیستمی دیموکراسی  پەرلەمانی عیراق بێت، ئەوە ژمارەی قوربانییەکان بێت کە لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، ئێستا ئیتر ئەمەی دەگوزەرێت ناکرێت ناوی لێ بنێین دیموکراسی، بەڵکو بارودۆخێکی فشۆڵ و لاواز و بێ هیچ بنەمایەک و پێگەیەکی جەماوەرییە، ئەوە کۆمەڵە هێز و تاقمێکی ناکۆک و وابەستەی وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتین.

### ***کابینەکەی عەبدولمەهدی***

ئەو کابینەیەی عادل عەبدولمهدی سەرۆکایەتی دەکات و ساڵێک و چەند رۆژێک بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیوە، بە خراپترین کابینەکان دێتە ئەژماردن، چونکە کەموکورتی و کێشەی

چوار کابینەکەی پێش خۆی کۆبۆتەوە و بەسەر ئەمدا شکاوەتەوە و ئەمیش هیچ پشتیوان و هێزێکی گەورەی لە پشت نییە تا بتوانێت ئەو بەرنامانەی کە دایناوە جێبەجێیان بکات، بەڵکو دەستی بەستراوەتەوە لەلایەن هەموو قەوارەکانەوە، هەرچەندە بەڵێنی ئەوەیان پێدا کە دەستی والآ بکەن، بەڵام نەیانکرد و تەنانەت بۆ دانانی وەزیرێک هەشت مانگ دەنگیان لەسەر نەدەدا.

### ئایندەی لایەنە تائیفییەکان و ناسنامەی خۆپیشاندەران

کاتێک عەبدولمهدی کرا بەسەرۆک وەزیران وەکو کاندیدی رێکەوتن و سازان بۆ رێگرتن لەبەریەککەوتنی لایەنە شیعییەکان کە دانیان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا نەدەنا و بەتایبەتی گومانیان لەسەر دەنگدانی ئەلیکترۆنی هەبوو کە ساختەی گەورەی تێداکرابوو، پرسیارێک لێرەدا خۆی قووت دەکاتەوە کە زۆر لۆجیکییە، ئایا هێزگەلێک بڕوای بە دۆڕان لە هەڵبژاردندا نەبێت و بڕوای بە گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی ئاشتیيانەی دەستەڵات نەبێت، چۆن هەڵسوکەوت و گوێڕایەڵی داخوازییەکانی خەڵکی بێکار و برسی دەبێت؟

لە کۆتاییدا ئەوەی تێبینی کراوە و ئامارەکانی چالاکوانان لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان کراوە، ٧٥ ٪ی ئەوانە بێلایەنن و سەر بەهیچ حزبێکی سیاسی نین و ٢٥ ٪ دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان و هەڵگری بڕوانامەی بەرزن، ئەوانەن کە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ یان نەکرد، هەموومان ئاگادارین کە رێژەی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا زۆر لاواز بوو. ئەم خەڵکەی ئێستا هاتوون داوای مافەکانیان دەکەن، بەڵام باشترە بە ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی بەردەوام بن و رێ نەدەن ئاژاوەگێڕ و دەستی دەرەکی بە لاڕێیدا بەرن.

کوردستانی نوێ – ژ. ٨٠٠٧ – ٢٠١٩/١١/١٠

# لەناوبردنی گەندەڵیی جێگەی شەڕی ئێتنیکی دەگرێتەوە

لە چەند رۆژی پێشوودا وتارێکی ترم هەر لەسەر ئەم بابەتە نووسی کە زیاتر پەیوەندیی بە خۆپیشاندانەکانی لوبنانەوە هەبوو لە ژێر سەردێڕی (لوبنان، نیشتمانپەروەری جێ بەتائیفییەت لێژ دەکات)، بەڵام ئێستا حەز دەکەم هەر لەسەر درێژەدان بەو بابەتە و دوای زیاتر روونبوونەوەی وێنە گەورەکەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی لە عیراق و ناوچەکە، قسەی زیاتری لەسەر بکەم.
ئێستا لە بەشێکی زۆری ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لە دوای چوار دەیە لە شەڕی تائیفی و ئێتنیکی کە زیانی گەورەی مادی و گیانی بە گەلانی ئەم ناوچەیە گەیاند، واخەریکە ئەو شەڕە بە کۆتا دەگات و لە جێگەی ئەو دیاردەیەکی نوێ سەر هەڵدەدات، ئەویش وەکو بزاڤێکی جەماوەریی مەزن و کاریگەر دەستی پێکردووە کە تەجاوزی ئێتنیک و نەتەوە مەزهەبی کردووە و هێشتا زووە حوکم لەسەر ئاکامەکانی بدەین، کە تەخت و تاراجی تاقم و دەستەبژێری حوکمڕانی گەندەڵی وەلەرزە هێناوە، کە لە رابردوودا بە پاساو و بیانووی بەرگری لە نەتەوە و ئایین و مەزهەب و رەوایەتییان بە خۆیان دابوو، وایان لە خەڵکی گەیاندبوو کە بەبێ ئەوان هاوزمان و هاوئایین و هاومەزهەبەکانیان لە ناو دەبرێن و پاکتاو دەکرێن.
ئەگەر سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆیی لوبنان لە ساڵی ١٩٧٥ەوە لە نێوان پێکهاتە جۆرا و جۆرەکانی ئەو وڵاتەوە دەستی پێکردبێت، لە ناوچەکە و خەڵکی ئەو وڵاتە رووبەڕووی کارەساتی جەرگبڕ بوونەوە و لە عیراقیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی سەدام حسێن لەلایەن ئەمریکاوە و ململانێی ئایینزای شیعە و سوننە بە شێوازێکی زۆر توند سەری هەڵدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەرییەکانی ماون، سەرەڕای لە ناوبردنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، هێشتا شیعەکان بوار بە سوننەکان نادەن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، بە تایبەتی لە ناوچەی پشتێنەی بەغدا و موسڵ و دیالە و زۆر شوێنی تریش.
ئەوەی لە بەرنامە و ئەجێندایاندا باسی نییە، جێبەجێ کردنی دەستوورە و ئێستا بە نیازن بیگۆڕن بۆ مەبەستی خۆیان و تێکەڵ بەداخوازیی خۆپیشاندەرانی بکەن، لە کاتێکدا ئەوان داوای شتی تر دەکەن، لەوانە (نان و کار و یەکسانی و خزمەتگوزاری و ئاسایش و

دادپەروەری و بنەبڕکردنی گەندەڵیماڵی و کارگێڕی کە ئەوەندە زۆرن لە ئەژمار نایەن و گەر بچمە ناوییەوە دەبێت باسی شتی تر نەکەم.
یەکێکی تر لەو شەڕە ئێتنیکیانەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە، شەڕ و ململانێی میللەتی کوردە لەگەڵ رژێمەکانی عیراق و ئێران و سوریا و تورکیادا کە وڵاتەکەیان دابەشکراوەتە سەر ئەم چوار وڵاتە، ئەوانیش بێباکانە حاشا و نکۆڵی لە مافە سەرەتاییەکانیان دەکەن جگە لە عیراق، بە تایبەتی تورکیا کە تا چەند ساڵێک لەمەوپێش هەر دەیوت تورکی شاخاوی بە کورد.
بۆیە ئەو ناهاوسەنگییە گەورەیەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە، بنەماکەی ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە لە چوار نەتەوەی سەرەکیی کورد و عەرەب و تورک و فارس پێکهاتووە، بەڵام نەتەوەکانی تر مافی کورد بە فەرمی ناناسن و کوردیش خۆی رادەستی ئەو دیفاکتۆ تاڵ و ناڕەوایە ناکات، لەوەیە تاکە کێشەی راستەقینەی ئەم ناوچەیە، ئەوە بێت.
لە سوریاش لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە لە دوای خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی، شۆڕشی گەلانی سوریا گۆڕدرا بۆ شەڕی تائیفی و ئێتنیکی وا هەشت ساڵە نزیک بە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە ئاوارە و دەربەدەر بوون و سەدان هەزار کەس بوون بە قوربانی لە نێوان کوژراو و بریندار‌دا و ئێستا ئەو شەڕەش خەریکە لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە.
لە کۆتاییدا کە ئەم شەڕانە کۆتاییان هات، سەرکردەی شەڕەکان چ ئەوانەی براوەن یان دۆڕاون، ئەگەر سەیریان بکەین، زۆربەیان تێوەگلاون بە گەندەڵی، بۆیە هیچ متمانەیەکیان لەلای گەلەکانیان نەماوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠١٣ - ٢٠١٩/١١/١٧

# خۆپیشاندانەکانی عیراق بۆ بەردەوامە؟

لە ١ ی مانگی تشرینی رابردووە خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکی شارەکانی بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عیراق لە هەڵکشانێکی بەردەوامدایە، بەجۆرێک زیاتر لە ٤٠٠ کەس گیانیان لە دەستداوە و زیاتر لە ١٤ هەزار کەسیش بریندار بوون.
ئەمە پێشهاتێکی نوێیە لە مێژووی نوێی عیراقدا، کە هەندێک ناوەند بە راپەڕینێکی جەماوەریی فراوان ناوی دەبەن و گەنجان و لاوانی وڵات بەشدارن، کە تەمەنیان لە نێوان (١٥ –٣٠) ساڵدایە و رووبەڕووی حکومەتێک بوونەتەوە کە هێز و توندوتیژی بەکارهێناوە بۆ پەرپەرچدانەوەیان، هەر لە غازی فرمێسکرێژەوە تاکو گوللە لەلایەن تاقم و میلیشیا چەکدارەکانەوە. لە کاتێکدا لاوەکان بە سنگی رووت و ئاڵای عیراقەوە و بە ئاشتییانە داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن.

### هۆکاری خۆپیشاندانەکان

گەندەڵی: ئەو پەتا کوشندە و سامناکەیە کە مەترسی لە تیرۆر کەمتر نییە و زیانی گەورەی بە گەلانی تازە پێگەیشتووی جیهان گەیاندووە، لە پێش هەموویانەوە گەلانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، هەربۆیە دروشمی خۆپیشاندەران هەر لە تونس و لیبیا و جەزائیر و میسر و یەمەن و سوریا و لوبنانەوە تاوەکو عیراق لە ناوبردن و بنەبڕکردنی گەندەڵییە و بە فاکتەری سەرەکیی هەموو قەیران و نەگبەتییەکانی وڵاتەکانیانی دەزانن.
رێکەوت نییە کە رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە دوا راپۆرتی ساڵانەیدا، گەندەڵی سیاسیی بە ئاڵنگاری سەرەکیی بەردەم گەلانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقیاش بزانێت. لەبەرئەوەی زۆرێک لە حکومەتەکانی ناوچەکە لە ژێر کاریگەریی هەندێک کارەکتەر و کەسایەتیی سیاسی دەستڕۆیشتوودا بودجە و پلانە ئابوورییەکانیان دادەڕێژن، کە ئەمەش وادەکات بەرژەوندیی ئەو تاقم و کەسانە بخرێتە سەرووی بەرژەوندیی گەل و هاووڵاتیان.
هەروەها رێکەوت نییە کە بەشی زۆری ئەوانەی ئێستا لە عیراق و تەنانەت لوبنانیش خۆپیشاندان دەکەن گەنج و لاوانن، چونکە ئەوان زیاتر هەستیارن و هەست بەو زوڵم و ناهەقییە گەورەیە دەکەن کە لێیان دەکرێت لەلایەن تاقم و توێژێکی کەمەوە. خەڵکی ئەم وڵاتە چۆن بێ دەنگ بن ئیتر، لە کاتێکدا وڵاتەکەیان لە ریزی پێشەوەی وڵاتە دەوڵەمەندەکان بێت بەڵام گەلەکەی داماو و بێکار و بێ خزمەتگوزاری بێت. وڵاتەکەیان لە ریزبەندیی پێشەوەی لیستی وڵاتە گەندەڵەکاندا بێت کە لە پێش وڵاتانی لیبیا و سودان و یەمەن و سوریا و سۆماڵەوە بێت.

ئەی شرۆڤە و وەڵام بۆ ئەو پرسیارە چییە کە لە وڵاتێکدا دەستەی دەستپاکی هەبێت کە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دامەزرابێت و گەندەڵی هەبێت؟ هەر وەزارەتێک پشکنەرێکی گشتی بە دەزگایەکەوە لەگەڵدا بێت، کەچی گەندەڵی هەر هەبێت؟ دیوانی چاودێریی دارایی جگە لە دەزگای دادوەری و پەرلەمانی هەڵبژێراو هەبێت، کەچی گەندەڵی هەر گەشە بکات؟
دەبێت لە ئاوا دۆخێکدا خەڵکی ئەم وڵاتە لە هەموو دەزگاکان بە گومان بن، دەبێت بپرسین بۆ دەبێت دەزگایەکی حکومی نەمابێت لەم وڵاتەدا گەندەڵیکی تێدا نەبێت؟ ئەگەر سێکتەری کارەبا بە نموونە بهێنینەوە، لە عیراقدا لە دوای ١٦ ساڵ و دوای خەرجکردنی دەیان ملیار دۆلار، تا ئێستا نەیانتوانیوە کارەبای هەمیشەیی بۆ عیراق دابین بکەن.

### دەستوەردانی دەرەکی

فاکتەرێکی دی خۆپیشاندانەکان کە لە هەموو گۆڕەپانەکانی شارەکانی عیراقدا ڕەنگی داوەتەوە، دەستوەردانی وڵاتانی ئیقلیمییە لە کاروباری ناوخۆی عیراقدا، بە تایبەتی ئێران کە کاردانەوەی توندی خۆپیشاندەرانی لێکەوتۆتەوە بەوەی پەلاماری سیمبول و رابەر و تەنانەت کونسڵگەرییەکانیشی بدرێت، کە لە پێشوودا باس لە پەیوەندیی تائیفی نێوان ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەو شارانە دەکرا.
لە کۆتاییدا لە دوای ١٦ ساڵ لە حوکمڕانی ئەم تاقم و هێزە تائیفییانە کە جومگە سەرەکییەکانی عیراقیان بە دەستەوە بووە، ئێستا عیراق لە دۆخێکدایە کە ئیرەیی پێ نابرێت، کە بە کورتی پێم باشە هەندێک زانیاری و داتای ورد بخەمەڕوو، بۆ ئاشنابوونی زیاتری خوێنەران:
عیراق ١٣٤ ملیار دۆلار قەرزدارە بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی بانکی نێودەوڵەتی، کورتهێنانی دارایی ١٠٠ ملیار دۆلار، عیراق پێویستی بە ٤٠٠ ملیار دۆلارە بۆ بنیاتنانەوەی ئەوەی لە دوای ٢٠٠٣ەوە وێرانکراوە. عیراق بودجەی بەکاربەری ٤٤ ملیار دۆلارە، تەنها بۆ بیرۆکراسییەت و مووچەی ٨ ملیۆن کارمەند، لە کاتێکدا ٣٥ ٪ کۆمەڵگەی عیراق هەژارن، ٦ ملیۆن هەتیوی تێدایە، ٢ ملیۆن بێوەژن، ٨ ملیۆن نەخوێنەوار، پێویستی بەبنیاتنانی ١٥ هەزار قوتابخانە هەیە، ٧ ٪ی مادە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن.
لەوانەش سامناکتر، عادل عەبدولمەهدی بایی ١٨٧ ملیار دۆلار واژۆی گرێبەستی بۆ ٦ هەزار پرۆژە لەگەڵ وڵاتی چین لە دوا سەردانیدا کردووە، بێ ئەوەی هیچ بڕەپارەیەک ڕەسید و دەستمایەی لە بەردەستدا بێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠١٩ - ٢٠١٩/١١/٢٤

# نەخشەڕێگەی خۆپیشاندەران
# بۆ ئایندەی عیراق

وا لە کۆتایی دوو مانگ لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە پان و بەرینەکانی خەڵکی عیراق کە بە دروشمی هاتوومەتە سەرشەقام و مافی خۆمم دەوێت نزیک دەبینەوە، بێ ئەوەی هیچ تروسکاییەک لە ئاسۆوە دیاربێت بۆ کۆتایی هاتن بەو بارودۆخە، لەبەر نەمانی متمانەی خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق بەو تاقم و دەستە تائیفی و میلیشیاییانەی کە ئەوەی لە توانایاندا بێت کردوویانە بۆ بە فیڕۆدانی سامان و داهاتی وڵات و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و میلیشیاکانیان.
ئەوەی جاران و ساڵانی پێشوو رەوتە تائیفییەکان بەکاریان دەهێنا بۆ خەڵەتاندنی خەڵک و بە لاڕێدا بردنیان بۆ مەبەستەکانی خۆیان، ئەوا ئێستا یەک قروشی قەڵب ناکات، ئێستا ئەم خۆپیشاندانانە بەرگی تائیفییەت و ئێتنیکی لەبەر خۆی داماڵی، هەموو هەوڵ و بەڵێن و کۆبوونەوە و ریفۆرمەکانی دەستەڵاتدارەکان کە لە رووخساردا چاکسازییە، لە ناوەڕۆکدا بە گەندەڵییەکی رێکخراو دەزانن.
ئێستا وەکو ئاژانسەکانی هەواڵ و میدیاکان و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی کە هەرچەندە زوو زوو تۆڕی ئینتەرنێتیشیان لێ دەبڕن، چالاکوانانی مەدەنی باس لەوە دەکەن کە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان بۆتە تابلۆیەکی مەزن لە هەموو پارێزگاکانی  عیراقدا لەسەر هاوپشتی و یەکگرتوویی هەموو چین و توێژەکانی گەل لە بەرامبەر تاقمێکی گەندەڵ کە وەکو خۆپیشاندەرەکان خۆیان دەڵێن، ئێستا نارەزایەتییەکان گۆڕاوە بۆ شۆڕشی تشرین و بۆتە مۆدیلێکی نوێی خەبات بۆ یەکسانی و دادپەروەری و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و دژی پاشکۆیەتی و وابەستەیی بۆ وڵاتانی تر.
ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، نەمانی متمانەیە بە هەموو بەڵێنەکانی حکومەت و پەرلەمانی عیراق، هەر لە گۆڕینی دەستوور و یاسای نوێی  هەڵبژاردن و کۆمسیۆنی نوێی هەڵبژاردن و گۆڕانکاریی لە وەزارەتەکانی حکومەتدا، کە هەموو ئەمانە بە فێڵ و خەڵەتاندنی خۆپیشاندەران دەزانن.

***لە ئاوا بارودۆخێکدا چی بکرێت، چارەسەر چییە؟***

دەست لە کارکێشانەوەی حکومەت یان کوشت و بڕی خۆپیشاندەران وەکو ئەوەی تا ئێستا

باس لە کوژرانی ٨٥٠ کەس دەکرێت و هەزارانی تر بریندارن، هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ژێر چاودێری نێونەتەوەیی و هەڵوەشانەوەی هەموو تاقمە تائیفی تێوە گلاوەکان بە گەندەڵی و دادگاییکردنیان و گێڕانەوەی ماڵی گشتی بۆ گەنجینەی دەوڵەت.
هەرچەندە تا ئێستا سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە کە ناوەڕۆک و دروشمی نیشتمانی مەزنیان هەڵگرتووە و قوربانییان بۆ داوە و ئامادەنین سازشی لەسەر بکەن، ئیتر لەبەر دۆخی ئەمنی بێت کە واش دەخوازێت بۆئەوەی بەردەستی میلیشیاکان نەکەون، بەڵام پێویستە نامە و بەڵێن و مەسجی جددی و جێ متمانە بۆ هەموو پێکهاتەکانی عیراق بنێرن، بە کورد و تورکمان و کریستیان و شیعە و سوننەوە، کە ئەم بزاڤە بزاڤێکی نیشتمانییە کار بۆ هەموو پێکهاتەکانی عیراق دەکات لە پێناوی یەکسانی و دادپەروەری حکومەتێکی رەشید، کە هەموو مافە سەرەتاییەکانی هاونیشتمانانی عیراق دابین بکات، دوور لە ئینتیمای تائیفی و نەتەوایەتی، تاوەکو ئەوانیش ببنە پاڵپشتی ئەو بزاڤە. لە کۆتاییدا:
١. هەر چەندە عەبدولمەهدی بڕیاری دا دەست لەکاربکێشێتەوە، بەڵام پێناچێت ئەم هەنگاوەی ناوبراو کۆتایی بە گرژی و ناڕەزایەتییەکان بهێنێت، بەڵکو وەکو پێشتر ئاماژەم پێداوە، ئەوەی ئێستا بۆتە خوازیاری سەرەکی هەموو گۆڕەپانەکان ئەوەیە کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستمی بەڕێوەبردن و دوورخستنەوەی هەموو ئەو کەس و تاقم و حزبانەی بە دۆسیێ زەبەلاحەکانی گەندەڵییەوە تێوەگلاون، لە کارو چالاکی سیاسی لە عیراقدا.
٢. کێ ئەو ئازایەتییەی بەردەکەوێت لە عیراقدا بەر لە رشتنی زیاتری خوێنی خەڵک بگرێت و زەمینەسازیی بکات بۆئەوەی بە زووترین کات و بە کەمترین زیان ئاشتی و ئارامی بگەڕێتەوە بۆ وڵات، چونکە هەمووان دانیان بەوەدا ناوە کە گەندەڵی هەیە، نادادپەروەری هەیە، پێشێلکاری گەورە بەرامبەر بە هاووڵاتیانی عیراق لە سەرەوە تا خوارەوەی کراوە، تەنانەت هەندێک لە سەرکردەی میلیشیا و تاقمە چەکدارەکان بە ئاشکرا و لەسەر شاشەی تی ڤییەکانەوە داوای لێبووردن و بەخشینیان لە خەڵکی وڵات کرد، بەڵام زۆر درەنگ بوو.

کوردستانی نوێ – ژ. ٨٠٢٥ – ٢٠١٩/١٢/١

# دوای دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی

دواجار لە ٢٠١٩/١٢/١، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق قایل بوو بە دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەندی عیراق، هەرچەندە عەبدولمەهدی وتی کە لەسەر بانگەوازی مەرجەعیەتی باڵای شیعە عەلی سیستانی دەستم لەکارکێشایەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە فشاری شەقام و خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵکی عیراق بوو کە قوربانی زۆری لێکەوتەوە، ناوبراویان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد، لە کاتێکدا ئەوەی روون و بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە عەبدولمەهدی بوو بەقوربانی گەندەڵیی ١٦ ساڵی رابردوو و لە یەک ساڵ و یەک مانگی کابینەکەیدا هیچ بوارێکیان نەدا چاکسازی بکات، بەڵکو دەستیان بەستبوو، تەنها گوناهی ئەوە بوو کە دەبوو زووتر دەستلەکاربکێشێتەوە، وەکو جارانی پێشووی لە جێگری سەرۆک کۆمار و وەزارەتی نەوتیش.

ئێستا و لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی، عیراق لەوەناچێت سەربەخۆ بێت و خواستێکی وا لەلایەن کاربەدەستانی عیراقەوە هەبێت، لەبەرئەوەی بۆ هەموو لایەکیش روونە کە عیراق لە ژێر فشار و کاریگەریی زۆری دەرەکیدایە، بەتایبەتی ئێران و دواتر ئەمریکا و مەرجەعیەتی شیعەش لە نەجەف، کە دەخوازێت لەم قۆناغەدا حکومەتێکی تەکنۆکرات دابمەزرێنێت، بۆئەوەی بتوانێت ئەوەی کاربەدەستانی ئێستا و پێشتر تێکیانداوە، چاکی بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاندبوو، کە داوا لە سەرۆک کۆمار دەکەم تاکو داوا لە گەورەترین فراکسیۆن بکات، کاندید دەستنیشان بکات بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ بەگوێرەی مادەی ٧٦ ی دەستوور، کە لەماوەی سی رۆژدا کابینەیەکی نوێ پێکبهێنێت. بەڵام ئەوەی لە شەقامەکانی عیراق دەگوزەرێت پێچەوانەی ئەمەمان پێدەڵێت، سەرەڕای دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی، دوای دوو هەفتە هێشتا گۆڕەپانەکان پڕن لە خەڵک و ئامادەنین بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، تاکو تەواوی مافەکانیان بە دەست نەهێنن. جگە لەوەش پەلاماردانی گۆڕەپانەکان و رفاندنی چالاکوانەکانی گۆڕەپانەکان و تیرۆرکردن و تۆقاندن لەلایەن لایەنی سێیەمەوە، خەڵکی توورەتر کردووە و سوورتر بوون لەسەر داخوازییەکانیان.

ئەوەی ئێستا باس و خواسی گەرمی گۆڕەپانەکانە، هەنگاوی دووەمە، ئەویش هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانە و هەڵبژاردنێکی پێشوەختەیە لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتی بەبێ بەشداریی هەموو ئەو لایەن و تاقمانەی تێوەگلاون بە گەندەڵی و وابەستەی وڵاتانی ئیقلیمین و بەرژەوەندیی ئەوان دەخەنە سەرووی بەرژەوەندیی عیراقەوە، لە هەمانکاتدا باس لە سیستمێکی سیاسی نوێ دەکەن، کە جێگەی ئەمەی ئێستا بگرێتەوە.

### کورد بۆ قۆناغی داهاتوو

ئەوەی گرنگە بۆ کورد، خۆئامادەکردنە بۆ هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان، هەرچەندە تا ئێستا بە فەرمی بێجگە لە هەندێ دەنگی ناسازی ناو گۆڕەپانەکان کە دژ بە هەرێمی کوردستان لێدوان و بانگەشەی نیگەتیڤیان کردووە، هیچ لێدوان و دۆکیۆمێنتێکی فەرمی نییە ئەو لێدوانانە بسەلمێنێت، بەڵام ئەگەر ئەو بزاوتەی لە ناوەڕاست و باشووری عیراق سەریهەڵداوە باسی مافی مرۆڤ و یەکسانی و دەوڵەتی هاووڵاتی بوون و دژ بە تائیفییەت و ئێتنیک بێت، بێگومان ناتوانێت دژ بە مافی کورد و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی بێت.

لە هەمانکاتیشدا زۆر گرنگە و پێویستە هەموو هێزە سیاسییە کوردستانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتییەکان، ئەم بارودۆخە تازەیەی عیراق بەهەند وەربگرن و دوورەپەرێز نەبن لێی و لینکی پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکەن و هەرچەند پشتیوانی داخوازییەکانیان کراوە، بەڵام هەنگاوی زیاتر و لێکنزیکبوونەوەی باشتری گەرەکە، پێناچێت عیراق بگەڕێتەوە بۆ پێش ١ی تشرین.

کوردستانی نوێ – ژ. ٨٠٣٧ – ٢٠١٩/١٢/١٥

# بۆ تێناگەن شەقامی عیراق چی دەخوازێت؟

قەوارە و فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق سەرگەرمی دیاریکردنی کاندیدن بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و هەریەکەیان خۆی بە قەوارەی گەورەی ناو پەرلەمان دەزانێت بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ، دوای دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە ژێر فشاری شەقامدا هەر چەندە دەست لەکارکێشانەوەی ناوبراو درەنگ کەوت و بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین هاووڵاتی عیراق.

ئێستا ئەوەی ئەم لایەنە سیاسی و قەوارە و فراکسیۆنە پەرلەمانییانە خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە، زۆر دوورە و پێچەوانەی خواستی شەقام و خەڵکی نارازی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراقە و تەواو دوورە لەوەی  کە بەڕاستی لەسەر خاک دەگوزەرێت، خەریکی داتاشینی پۆست و بەرژەوندییە تایبەتییە حزبییەکانی خۆیانن و هیچ باکێکیان بە ئازار و ئێش و نەهامەتییەکانی خەڵکی عیراق نییە، وەکو ئەوەی تینووی خوێنی زیاتری گەنجە خێر لەخۆ نەدیوەکانی عیراق بن تاکو تێبگەن کە خەڵکی برسی و بێ پشت و پەنای وڵات چی دەخوازێت؟

کە داخوازییەکانیان سادە و ساکارە وەکو ژیانیان روون و ئاشکرایە، هیچ شرۆڤە و لێکدانەوەی ناوێت و پێویست بە راوێژکار ناکات، کە مووچەی چەور و مفتی ئەم وڵاتەیان بۆ هەڵڕشتوون، بەڵکو  پێویستە ئیتر گوێیان هاواری خەڵک ببیستێت و لە کەلی شەیتان بێنە خوارێ و مل بە داخوازی و خواستەکانی گەل بدەن.

ئەوەی ئێستا هاتۆتە ئاراوە دوای دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی و دەستبەرداربوونی فراکسیۆنی سائیرونی سەر بە موقتەدا سەدر لە فراکسیۆنی پلە یەک و گەورەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەو مافەی داوە بە شەقام و مەرجەعیەتی نەجەف کە سیستانی رابەرایەتیی دەکات و نوێنەرەکەی ئەویش عەبدولمەهدی کەربەلائی لە وتاری هەینی رابردوودا وتی، شەقام مەرجەعی راستەقینەی گەلی عیراقە، ئیتر هیچ پاساو و لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت خۆ خەریککردن بە دیاریکردنی ئەم کاندید و ئەو کاندید لە لایەن قەوارەی بینائەوە کە مالیکی لە پشتیانەوەیە و خۆی کاراکتەرێکی خوازراو نییە لە عیراقدا و لە کاتی کابینەکەیدا هەم بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و هەم داعش سێ یەکی خاکی عیراقی داگیرکرد. ئێستا بە نیازە جارێکی دی لە پشت پەردە و بە کاندیدکردنی کاراکتەری لاواز و بێ متمانە و بە پشتیوانی هەردوو فراکسیۆنی بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق و دوو فراکیسۆنی سوننە، کابینەیەکی نوێ پێکبهێنێت، کە لە ماوەی رۆژانی

رابـردوودا هـەریەک لە محەمەد شیاع سودانی و قوسەی سوهەیلی کاندید کرد، بەڵام بەتوندی رەتکرانەوە لە لایەن شەقامەوە و دواتر خۆشیان بە ناچاری رایانگەیاند کە پاشەکشە دەکەن لە خۆکاندید کردن و داوای لێبوردنیان کرد کە ئەو کارەیان بۆ ناکرێت، کەچی دواتر ئەسعەد عیدانی پارێزگاری بەسرەیان کاندید کرد، ئەویش رووبەڕووی رەخنەی توند بۆوە و شەقامی عیراقی زیاتر تووڕە و نیگەران کرد.

هەر لە چوارچێوەی ئەو کاردانەوانەدا، فشاری فراکسیۆنی بینا، کە سەرۆک کۆماریش نەیتوانی ئەسعەد عیدانی دەستنیشان بکات وەکو نوێنەری قەوارەی گەورە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ و بەگوێرەی مادەی ٧٦ ی دەستوور، نامەیەکی ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران کرد و بژاردەی دەست لەکارکێشانەوەی خستە بەردەمیان، ئەگەر هەر سووربن لەسەر ئەوەی کاندیدی حزبیی دەستنیشان بکەن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، چونکە :

١- بەگوێرەی مادەی ٦٧ی دەستووری عیراق، نابێت سەرۆک کۆمار هەنگاوێک بنێت کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسییەوە، کە ئەمەش لە لایـەن گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەوە لە شارەکانی بەغدا و باشووریش بە توندی رەتدەکرێتەوە و شەپۆلێکی تری نارەزایەتی زیاتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

٢- مەرجەعیەتی باڵای شیعە هەر چەندە ئێستا وەکو پێشووتر گرنگییەکەی نییە، ئەوانیش رای شەقام بە گرنگ دەزانن و سوورن لەسەر ئەوەی کە خواستی گەل رەچاو بکرێت و (مجرب لایجرب) تاقیکراوە جارێکی دی تاقی ناکرێتەوە.

لە کۆتاییدا خراپترین شرۆڤە بۆ ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە بەرفراوانانە لە لایەن ئەو هێزە تائیفییە وابەستانەوە دەکرێت کە بە پیلان و دەستی دەرەکی و زایۆنیزم و ئەمریکای دەزانن و خۆیان بە فریشتە و نوێنەری خەڵک و خودا لەسەر رووی زەوی دەزانن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٤٩ - ٢٠١٩/١٢/٢٩

# کۆتایی هاوبەشی ئەمریکا و ئێران لە عیراق

عیراقی نوێ لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە سەرەڕای پرۆسەیەکی سیاسی داسەپاو و خێرا کە باشترین دەستووریشی بۆ نووسرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە بە کەم و کورتی و ئینتیقائی، بەڵام دواتر نەیتوانی عیراق بگەیەنێتە مەنزڵ و کەناری ئارامی.
یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەوەبوو کە خاکی عیراق بووە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێزەکانی جیهانیش، سەرهەڵدانەوەی نەعەراتی ئێتنیکی و تائیفی لە عیراق و ناوچەکە کە ئاکامی زۆرماڵوێرانکەری بە دوای خۆیدا هێنا، کە ئێستا خەڵکی عیراق بە تایبەتی شیعەکان کە لە ١٧ ساڵی رابردوودا باڵادەستی عیراق بوون، لە هەموو کەس زیاتر لەم حوکمڕانییە بێزارن و سێ مانگە لەسەر شەقامەکانن و داوای گۆڕینی ئەم سیستمە دەکەن.

### ئەمریکا و ئێران

ئەگەرچی ئەمریکا و ئێران هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەماهەنگی و هاوبەشییان هەبوو، ئەمە کاتی خۆی ئاژانسەکانی هەواڵ فۆکسی زۆریان خستەسەر، دواتریش بە حوکمی پێگەی گرنگی ئێران لە عیراق و پەیوەندیی لە مێژینەی مەزهەبی نێوان هەردوو وڵات بە تایبەتی هەردوو حەوزەی قوم و نەجەف، شەڕی داعشیش وێستگەیەکی تری هەماهەنگیی نێوان ئێران و ئەمریکا بوو، ئەگەرچی دژایەتیی ئێران بۆ داعش لە رووی مەزهەبییەوە بوو، بەڵام دژایەتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیارە و لێرەدا لەوەیە بوار نەبێت باسی بکەم، بەڵام هەماهەنگیی نێوانیان لە وەدەرنانی داعش لە موسڵ و تکریت و دیالە و شوێنەکانی تریش تەنانەت دەوترا هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هێزەکانی حەشدی نزیک لە ئێران، هەماهەنگی تەواویان هەیە.
لەلایەکی ترەوە، وەزیری دەرەوەی پێشووتری عەرەبستانی سعودیە کۆچکردوو شازادە سعود ئەلفەیسەڵ گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بە ئاشکراو وەکو گلەییەکیش لە ئەمریکا، بێژێت (ئەمریکا عیراقی لەسەر سینییەک لە زێڕ پێشکەش بە ئێران کرد)، کە روونە مەبەستەکەی.
لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ یشەوە لە دوای نووسینی دەستوور و پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت، هەمووجارێک پێکهێنانی کابینەکان کارێکی قورس و پڕ لە سەرئێشە بوو، عیراقییەکان

نەیاندەتوانی ئەو کارە بکەن و دەبوو لە دەرەوە بە پرۆسیسێکی قەسری ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی ئەمریکا و ئێران.
ئێستا و لە دوای خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ وە کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە، هاوکێشەکانی ناو عیراق هەڵگەڕایەوە و تەواو بەپێچەوانەی جارانەوەیە، عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە کرا و خەڵک خوازیارن:
١- باری گوزەرانیان باش بکرێت.
٢- کۆتایی بە حوکمڕانی حزبە تائیفییەکان بێت.
٣- هەڵبژاردنی پێشوەختە.
٤- ئێستا دادگاییکردنی بکوژانی خۆپیشاندەرانیشیان بۆ زیادکردووە.
٥- کۆتاییهێنان بە دەستوەردانی ئێران لە کاروباری وڵات.
بەڵێ ئەمریکا و ئێران بە هاوبەشی کاندیدیان بۆ پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت دەستنیشان دەکرد، تا دوا سەرۆک وەزیرانیش عادل عەبدولمەهدی هەر وابوو، بەڵام ئەوەی لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی هاتۆتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەمریکا دەخوازێت کاندیدێک دیاری بکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت کە دوور بێت لە هەژموونی ئێران و ئەوە یەکێک لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی عیراقیشە کە زۆرینەیان شیعەن، ئەمەش سەرەتاکەی لە ٢٠١٩/١٢/٢٩ دەرکەوت کاتێک فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا لە قائیم بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبییان بۆردومان کرد.
لە هەمانکاتیشدا ئەمریکا ئێرانی تۆمەتبارکرد بە پەلاماری بنکە و بارەگاکانی و کوشتنی بەڵێندەرێکی ئەمریکی لەK1 کەرکوک، سەرۆک ترەمپ وتی «ئەوەی پەلاماری باڵیۆزخانەکەمانی دا لە بەغدا، ئێران بوو، ئەوەی هاووڵاتییە ئەمریکییەکەی کوشت ئێران بوو، ئیتر هیچ بوارێک بۆ شەڕی بریکارەکان نەماوە و ئەمریکا و ئێران رووبەڕووی یەک وەستاون.
لە کۆتاییدا، رووداوەکان و پێشهاتەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بە خێرایی دەڕۆن و ئەوەی لە شەوی ٢-٢٠٢٠/١/٣ کە بە بەئامانجگرتنی سەردار (قاسم سلێمانی) فەرماندەی سوپای قودسی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و هاوڕێکانی و ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی حەشدی شەعبی، لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، ئەو ئاماژەیە دەدەن کە کۆتایی هاوبەشی و هەماهەنگیی نێوان ئەو دوو جەمسەرە گەورەیە لە عیراق، کۆتاییهات.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٥١ - ٢٠٢٠/١/٥

# ئەمریکا و ئێران لە دوای موشەکبارانی بنکەی عەین ئەلسەد و هەولێر

پەلامار و موشەکبارانی بنکەی ئاسمانیی عەین ئەلسەد لە پارێزگای ئەنباری خۆرئاوای عیراق کە دووەم گەورەترین بنکەی سەربازی و ئاسمانیی عیراقە لە دوای بنکەی بەلەد-ەوە، وەکو تەواوکەر و کاردانەوەی ئەو زنجیرە پەلامار و بەریەککەوتننانەی ئەمریکا و ئێرانە لەسەر خاکی عیراق دوای پەلامارەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر بنکەی K1 لە کەرکوک و کوژارانی بەڵێندەرێکی ئەمریکی و هێرشی فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکەکانی حەشد لە قائیم و کوژرانی ژمارەیەک لە چەکدارەکانیان کە عەلی خەزعەلی فەرماندەی لیوای ٤٥ی حەشدی شەعبی لە ناویاندابوو.

دواتر خۆپیشاندانەکانی بەغدا لەلایەن لایەنگرانی حەشدی شەعبی بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و سووتاندنی دەرگای دەرەوەی و دواتر رووداوەکەی ٢٠٢٠/١/٣ نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، پاشان ئێرانیش لە دوای نیوەشەوی ٢٠٢٠/١/٨ وەکو وەڵامێک و تۆڵەیەک، رۆکێتبارانی بنکەی عەین ئەلسەد و هەولێری کرد.

لە دوای پەلامارەکەی عەین ئەلسەد

هەرچەندە ئێرانییەکان پێنج رۆژ دواکەوتن و دوای بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی ئێران بە سەرۆکایەتیی رابەری کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەئی، بڕیاری تۆڵە ئەستاندنەوەیان دا و باشترین شوێنیش بۆ ئۆپەراسیۆنەکەیان عیراق بوو، بۆیە هەر لەسەر خاکی عیراق وەڵامیان دایەوە و پەلاماری ئەو دوو شوێنەیان دا کە پێشتر باسمکردوون.

هەرچەندە بەیانی سەرکردایەتیی پاسدارانی ئێران باس لە کوژرانی ٨٨ سەربازی ئەمریکی دەکات لەو ئۆپەراسیۆنەدا، بەڵام ئەمریکییەکان لەزاری سەرۆک ترەمپ-ەوە دەڵێن هیچ زیانێکی گیانیمان نەبووە.

بە هەرحاڵ ئەوەی دوای هێرشەکە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت ئەوەیە، کە هەرچەندە ئێرانییەکان بە دوو وتاری جیا گوزارشتیان لێکرد، یەکێکیان بۆ ناوخۆی وڵات کە بەیانی سوپای پاسداران و میدیا و ماڵپەڕەکانی نزیک بوو لێیان، کە زۆر بە توندی و گەورەیی باسی هێرشەکەیان کرد و بۆ رێکخستن و یەکگرتنی بەرەی ناوخۆیی خۆیان و شیعە بەگشتی و هەوادارانیان لە عیراق، بە تۆڵەسەندنەوەیەکی جەرگبڕ وەسفیان کرد.

وتاری دووەمیان لە زاری وەزیری دەرەوەیان محەمەد جەواد زەریف-ەوە بوو کە ئاڕاستەی رای گشتیی دەرەوە کرابوو، وای پیشاندا کە ئەمە بەرگرییە لە خۆیان و ئێران زوڵمی لێکراوە، ئەوانیش لە چوارچێوەی مادەی ٥١ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگرییان لە خۆیان کردووە، ئێران هەوڵی هەڵکشان و جەنگ نادات و ناخوازن شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بکەن.
لە هەمانکاتیشدا ئێرانییەکان سەرکەوتوو بوون لەوەی شەڕێکی سەخت و خوێناوی و وێرانکەر لە خۆیان بە دوور بخەنەوە و ئێستا هیچ نەبێت بەوەی کە گورزی گەورە و پەلاماری شوێن و پێگەی تریان نەدا، چ لە بنکە ئەمریکییەکانی تر لە وڵاتانی ناوچەی کەنداو و ئیسرائیل.
لە لایەکی ترەوە دیپلۆماتکارانی ئێران هەوڵی تریان خستەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و گرژییەکانی ناوچەکە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان، ئەوەش خۆی لەوەدا بینییەوە کە ئەو تۆمەتەی ساڵی رابردوو دابوویانە پاڵ ژنە زانای کۆمەڵناسی ئەکادیمی فەرەنسی (فابریکا عەدلخا) لابەن و سووکی بکەن لەسەری.
لە هەمانکاتیشدا ئەوە رابگەیەنن کە ئێرانییەکان پابەندن بە رێکەوتننامە ئەتۆمییەکەوە و هەوڵنادەن جەنگ هەڵبگیرسێت لەگەڵ ئەمریکادا و وەڵامدانەوەکەی خۆیان بۆ ئەمریکا بە هاوسەنگ ناو ببەن.
لە کۆتاییدا لە ئاوا بارودۆخێکدا ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگ دوورنییە تاوەکو زەمینەسازی نەکرێت بۆ دانوستان و دیالۆگ لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە گرنگەدا، لە کاتێکدا ئەمریکا لە خۆسازدانی سەربازیدایە لە هەموو بنکەو بارەگاکانی لە عیراق و کوێت و وڵاتانی تر و بنکەی دییگۆگارسیا لە ئۆقیانووسی هیندی، ئێرانییەکانیش بە هەمانشێوە لە تەنگەی هورمز هەڕەشە و هوتاف و دروشمە ئایینی و مەزهەبیەکانیان لە کاتی بە خاکسپاردنی ژەنراڵ سلێمانی. موژدەی خۆشی بە گەلانی ناوچەکە نادەن. ئەگەر هەموولایەک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی خێرا و جددی نەدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کریزە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٥٨ - ٢٠٢٠/١/١٤

# لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق

رووداوەکەی ٢٠٢٠/١/٣ لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، بووە هۆی ئاڵۆزی و گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عیراق تا رادەی هەڵچوون و کوڵان.
کار گەیشتە ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە دانیشتنێکی کتوپڕ و نا ئاساییدا لە ٢٠٢٠/١/٥، بە ئامادەبوونی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەر و بەبێ ئامادەبوونی دوو پێکهاتەی گرنگ و سەرەکیی عیراق، ئەوانیش سوننە و کورد و جگە لەوەی هەندێک لایەنی شیعەش لەوێ نەبوون، بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا بدات و داوا لە حکومەت بکات کە کۆتایی بە هەموو هەماهەنگی و هاوکارییەک لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە عیراق بهێنێت و داوایان لێ بکات بە زووترین کات خاکی عیراق بەجێبهێڵن.
وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش لەلای خۆیەوە نیگەرانی و بێئومێدی خۆی لەم هەنگاوەی پەرلەمانی عیراق راگەیاند و خوازیاربوو دووبارە پێداچوونەوەی تێدابکرێت، هەروەها رایانگەیاند کە ئەمریکا ناخوازێت هێزەکانی لە عیراق بکێشێتەوە، بەڵکو لە ئاوا حاڵەتێکدا بیر لە سزادانی عیراق دەکەنەوە بە سزای ئابووری زۆر قورس وەکو ئەوەی ئێران، کە ئابووری عیراق هەڵدەتەکێنێت.

### لێکەوتەکانی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق

هەرچەندە هەر هێزی ئەمریکا لە عیراقدا نییە، بەڵکو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هێزی زۆر وڵاتی تری تێدایە و هێزی تورکیاش لە عیراقدا هەیە و ئێرانییەکانیش لە رێگەی هاوپەیمانەکانیانەوە لە حەشدی شەعبی، کاریگەرییان لە هەموو لایەنەکانی تر زیاترە، بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە کە هێشتا سوپای عیراق و سیستمی بەرگریی وڵات لە ئاستێکدا نییە کە بەرگری لە ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری و سەروەریی زەوی و ئاسمانی عیراق بکات و جموجۆڵی تیرۆریستانی داعش تا ئێستاش لە زۆر شوێنی عیراق بەدیدەکرێت. لەوەش خۆشتر نییە وڵات سەربەخۆ بێت و دەستی دەرەکی تێدا نەبێت و خۆی خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆی بێت و ملکەچی هیچ وڵاتێک نەبێت.
١. یەکەم کاردانەوە و لێکەوتەیەک کە لە ئەنجامی سزادانی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە دێتە

ئاراوە ئەوەیە، کە عیراق دەچێتە ژێر عابای ئێرانەوە و بێبەش دەبێت لە هەموو هاوکاری و کۆمەکەکانی رۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی.
٢. بێبەشکردنی عیراق لە تاکە سەرچاوەی داهاتی، کە نەوتە.
٣. کشانەوەی هەموو کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکی و جیهانییەکان، کە ئەمەش کاریگەریی کارەساتبار بە دوای خۆیدا بۆ عیراق دەهێنێت.
٤. کۆتاییهێنان بەو چاوپۆشی و لێبووردنە کە عیراق گاز و غاز لە ئێران بکڕێت بۆ وێستگەکانی کارەبا، کە لە وەرزی هاوینی داهاتوودا دۆخی عیراق زیاتر شپرزە دەکات.
٥. لەلایەکی ترەوە، جگە لە پێگەی جیۆسیاسی گرنگی عیراق، ئەمڕۆ عیراق وڵاتێکی گەورەی بەرهەمێنی نەوتە لە سەرئاستی ئۆپیک و جیهان، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بمێننەوە، ئەوا عیراق دەتوانێت کەڵک لەو سامانە سروشتییەی خۆی وەربگرێت و خۆی بنیات بنێتەوە و ببێتە وڵاتێکی گەشەسەندوو.
جگە لە مانەش، مانەوەی هێزی هاوپەیمانەکان هاوکار و یاریدەدەر دەبێت بۆ کۆتاییهێنان بە پاشماوەکانی داعش و تاقم و گروپە تیرۆریستییەکانی تر، بە پێچەوانەوەشەوە، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان بکشێنەوە لە عیراق، ئەوا عیراق دەبێت بە گۆڕەپانی ململانێی زیاتری تاقم و گروپە توندئاژۆکان.
لە کۆتاییدا، ئەگەر ئەمریکییەکان عیراق بەجێبهێڵن، ئەوا بە وتەی شارەزایانی بواری سیاسی ئەمریکا، دەبێتە شکستێکی سیاسی و سەربازیی گەورە بۆ ئیدارەی کۆشکی سپی لە ناوچەکەدا بەگشتی، نەک هەر لە عیراق.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٦٢ - ٢٠٢٠/١/١٩

# عیراق و خۆپیشاندانە ملیۆنییەکان

خۆپیشاندانو ناڕەزایەتییەکانی عیراق لە سێ مانگی رابردوودا نزیکەی ٧٠٠ قوربانیو زیاتر لە ٢٢ هەزار بریندراری لێکەوتۆتەوە، ئێستا لە ئەدەبیاتی سیاسیو میدیایی عیراقدا بە شۆڕشی تشرین ناودەبرێت، دەستووری عیراق ئەو مافەی بۆ هاووڵاتیانی عیراق دەستەبەرکردو بە ئازادیی رای خۆیان دەرببڕن، بەڵام لە تەنیشت ئەو مافەشدا لایەنی نەناسراوو نادیار واتە لایەنی سێیەم تا ئێستا ئەو ژمارانەی لە هاووڵاتیانی عیراق بەو دەردە بردووە کە لە سەرەوە باسمکردوون، جگە لەوانەی لە زیندانداندان یان رفێنراونو تیرۆر کراون.
خۆپیشاندانی ملیۆنی کە موقتەدا سەدر لە دوو هەفتەی رابردوودا بانگەشەی بۆ کرد، سەرەتا لە رێگەی تویتەکەیەوە لە ئێرانەوە، دواتر هەموو تاقمو میلیشیا چەکدارەکان چوونە پاڵیو لە رێگەی کەناڵەکانیانەوە گەورەترین هەڵمەتی بانگەشەو ریکلامیان بۆ کرد، بۆئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بچنە دەرەوە.
هەر چەندە هیچ پێوەرو پێوانەیەکی وردو دروست لەبەردەستدا نییە بۆ دیاریکردنو جێگیرکردنی ئەو ژمارە گەورەیە، جگە لەوەی تەنها بۆ بانگەشەو بەرزکردنەوەی ورەی لایەنگرانی موقتەدا سەدر ساڵانێکە خۆپیشاندانی ملیۆنی لە ئەدەبیاتی سیاسی شیعەو تائیفی عیراقدا بەکاردەهێنێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەی خۆپیشاندانی ملیۆنییە بە ڕاستی، خۆپیشاندانەکانی ١٠٠ رۆژی رابردووی خەڵکی ناوەڕاستو باشووری عیراقە، کە بەشێکی زۆری لاوانن و داوای مافە رەواکانی خۆیان دەکەن، داوای نانو ئازادیو یەکسانیو خزمەتگوزاریو ئاوو کارەباو ئارامیو سەروەربوونی یاساو نەمانی حوکمی میلیشیای چەکدارو بیمەی بێکاریو بیمەی تەندروستیو بەرگرتن لە دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عیراق دەکەن.
ئەوەی جێی نیگەرانیی خەڵکو تەنانەت لایەنگرانی خودی سەید موقتەدایە، ئەوەیە کە ئەم بەڕێزە لە سەرەتای ئەم بزاڤە جەماوەرییەوە خۆی بە خاوەنو پشتیوانی دەزانێت، بەڵام ئێستا هێشتا ئەم بزاڤە نەگەیووەتە مەنزڵ، ئەو بانگەشەی خۆپیشاندانێکی تر دەکات کە دژ بە ئامانجەکانی بزاڤە سەرەکییەکەیە، هەر چەندە لە دواساتەکانی پێش ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە شوێنەکەی گۆڕی بۆ جادریە دوور لە گۆڕەپانی تەحریر، کە ئەمە دەرگای بەریەککەوتنی داخست لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا کە بەرەی گەلو بەرەی میلیشیاو تاقمە وابەستەکانیان.

**هۆکاری خۆپیشاندانی هەوادارانی سەدر**

هۆکاری سەرەکیی ئەم خۆپیشاندانە وەکو سەرچاوە ئاگادارەکان لە ماڵی شیعە باسی دەکەن، ئەم ئەرکە بە موقتەدا سپێردراوە لەلایەن هەموو تاقمە شیعیەکانی ترەوە بەو پێیەی ئێستا موقتەدا پێگەی لە هەموو ئەوانی تر بەهێز ترە، بۆئەوەی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە گەورەو بەهێزەی عیراق لاواز بکەنو سەرنجی میدیاو ناوەندەکانی بڕیارو وڵاتان بگۆڕن بە ئاڕاستەیەکی ترو داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکەن.

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی چاودێرانی خۆپیشاندانەکەو لایەنی تریش باسی دەکەن کە ژمارەی بەشداربووان زۆر کەمتر بووە لە ملیۆنو دروشمەکانی خۆپیشاندەرانیش گۆڕا.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوەش بڵێم کە موقتەدا سەدر لەگەڵ خۆپیشاندانەکاندا پەیامێکیشی بڵاوکردەوە بۆ لایەنگرانیو روو لە گەلی عیراقیش، کە دەخوازێت میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبووەشێنرێنەوەو لە ناو هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆو بەرگری عیراقدا جێگەیان بکرێتەوە، بەڵام ئەم داخوازییەی پێشتر عادل عەبدولمەهدیش سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەر کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو، بۆی نەچووە سەر، بۆیە بۆ سەید موقتەداش ناچێتە سەر.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٦٨ - ٢٠٢٠/١/٢٦

# کڵاوشینەکان لە بەرگرییەوە بۆ پەلامار

دوای ئەو شەپۆلە توندوتیژییەی کە عیراقی گرتەوە و لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە سەرەتای مانگی تشرینی رابردووەوە تا ئەمڕۆ، سەرەڕای بەڵێن و داخوازییەکانی حکومەتی عیراق و رێکخراو و هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران، گۆڕانکارییەکی سەیر روویدا لە هەڵوێستی موقتەدا سەدر و باڵی سەربازی کە بەسەرایا سەلام و شوێنکەوتووانی کە بە کڵاوشینەکان، ناسراون، دوای راسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری نوێ، ئەویش هەوڵدان بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵک لە گۆڕەپانی تەحریر و هەموو گۆڕەپانەکانی تر لە رێگەی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و تۆقاندنەوە، سەرەتا دەستیانگرت بەسەر باڵەخانەی ریستۆرانتی تورکی و سەکۆی راگەیاندن و تریبوونی ئازادی گۆڕەپانەکە، هەروەها دەستیانگرت بەسەر خێمەی خۆپیشاندەراندا و ئەو لافیتە و دروشمانەشیان هێنایە خوارەوە کە دژ بە راسپاردنی عەللاوی نووسرابوون، هەروەک هەموو ئەو رێگە و شەقامانەیان کردەوە کە خۆپیشاندەران دایانخستبوون و هەڕەشەیان لەو چالاکوانانەش دەکرد کە داوای مانگرتن و خۆپیشاندانیان لە خەڵک دەکرد و دەوامی قوتابخانە و دامودەزگا حکومییەکانیان بە زۆر دەستپێکردەوە.

لەم پێناوەشدا بەریەککەوتنی زۆر و توندوتیژی بە دەمانچە و دار و چەقۆ روویدا لە نێوان کڵاوشینەکانی سەر بە سەدر و خۆپیشاندەراندا، دواتر زیندانیکردنی چالاکوانان و ئەشکەنجەدان و سووکایەتی پێکردنیان بە مەبەستی تێکدانی یەکڕیزی خەڵک و بڵاوەپێکردنیان و لادانیان لە ئامانجە رەوا و راستەکانیان، دوای ئەوەی حکومەت و میلیشیاکان شکستیان هێنابوو بە هەموو شێوازەکانی کوشتن و بڕین و رفاندن و بە شەیتانکردنیان، بۆئەوەی عیراق بکەنە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ئێران و ئەمریکا.

بەڵی لایەنگرانی سەدر هەر بە پەلاماردانی خۆپیشاندەرانی بەغداوە نەوەستان و پەلاماری خۆپیشاندەرانی پارێزگاکانی تریشیان دا، مەیدانی حەبوبی لە ناسریە، گۆڕپانی پەروەردە لە کەربەلا، هەروەها پەلاماردانی خۆپیشاندەرانی نەجەف و بابل و بە ئامانجی لادانی خۆپیشاندانەکان لە رێگە راستەکەی خۆی کە چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی و کۆتاییهێنان بە میلیشیات و کۆکردنەوەی خەڵکەکە لە شوێنێکی دوورەپەرێز و بێ کاریگەر و گۆڕینی دروشمەکان لە دژی گەندەڵی، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە شکست بە خۆپیشاندەران بهێنن.

### هەڵگەڕانەوەی سەدر و هەڵوێستە ناجێگیرەکانی

ئێستا ڕێبەری ڕەوتی سەدر بە قورسترین و سەخترین قۆناغەکانی ژیانی سیاسی خۆی و شوێنکەوتووانیدا گوزەر دەکات، ئایا لەگەڵ بەرەی گەل و چاکسازییە یان پشتیوانی میلیشیا و گەندەڵکارانە؟ ئەوەی جێی سەرنج و سەرسووڕمانە، سەدر هەڵوێستەکانی زوو دەگۆڕێت بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی، سەرەتا بەشداریی خۆپیشاندانەکانی نەکرد و لە مانگی تشریندا دوای چەند هەفتەیەک بڕیاری بەشداریی دا و کڵاوشینەکانی نارد پارێزگاری خۆپیشاندەران بکەن، دواتر دوای ڕووداوەکەی نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، هەڵوێستی گۆڕی و کڵاوشینەکانی لە گۆڕەپانەکان کشاندەوە، ئێستاش دوای ڕاسپاردنی عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانەکان و پشتیوانی عەللاوی دەکەن و پەلاماری خۆپیشاندەران دەدەن.

### گۆڕەپانەکان عەللاوی ڕەتدەکەنەوە

سەدر لە کاتێکدا پشتیوانی عەللاوی دەکات کە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان دژی کاندیدکردنین، لەبەرئەوەی ئەو مەرجانەی کە خۆپیشاندەران دایاننابوو بۆ سەرۆکی حکومەتی نوێ، لە کەسایەتی عەللاویدا نین، بە تایبەتی کە لەلایەن فراکسیۆنی بیناوە پشتیوانی دەکرێت کە لە ئێرانەوە نزیکن و ئەمەش مایەی نیگەرانی زۆری خۆپیشاندەرانی تووڕە و بێزاریی عیراقە. لە کۆتاییدا ئەوەی دەبینرێت و دەخوێنرێتەوە، عەللاوی بژاردەی سەرەکیی شەقامی عیراقی نییە، کە ماوەی چوار مانگە ڕاپەڕیون و نزیکەی ٧٠٠ کەس بوون بە قوربانی و ٢٥ هەزار کەس بریندارە، بەڵکو بژاردەی ئەو حزب و لایەنانەیە کە خەڵکی عیراق لە دژیان خۆپیشاندان دەکەن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٨١ - ٢٠٢٠/٢/١٠

# ئەمریکا و عیراق بەرەو قۆناغێکی نوێ

دوای گۆڕانکارییە خێرا و چاوەڕوان نەکراوەکانی ناوچەکە و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین، لە دوای بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە سەرەتای ئەمساڵ، بەتایبەتی لایەنە شیعەکان بە کشانەوەی هێزە بیانییەکان «رِوونتر ئەمریکییەکان» لە عیراق، ئێستا گەڕێکی تری گفتوگۆ لە نێوان هەردوو حکومەتی واشنتۆن و بەغدا و نوێنەرێکی هەرێمی کوردستانیش، دەستی پێکردووە و دۆسێی گفتوگۆکە چوار بواری گرنگ لە خۆدەگرێت:

١. سیاسی

٢. ئاسایش

٣. ئابووری

٤. رۆشنبیری

لە بواری سیاسیدا هەردوولا تێبینی و زانیاری لەسەر نێردە دیپلۆماسییەکانی یەکدی دەگۆڕنەوە، بەڵام پێدەچێت بوار و دۆسێی گەرم و گرنگ لایەنی تەناهی و ئاسایش بێت، کە لە نێو بڕگە و بەندەکانیدا ئایندەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق دەبێت. هەرچەندە سەرەتا وتوێژەکان تەکنیکی دەبن و لە شەش مانگدا تاوەکو ساڵێک دەخایەنن و لەسەر ئاستی بریکار و جێگری وەزیر بەڕێوەدەچێت، ئامانج لێی رێکەوتنێکی ستراتیجی نوێیە.

خاڵی لاوازی عیراق لەم گفتوگۆیەدا

هەرچەندە فوئاد حسێن دوای رۆژێک لە دەستبەکاربوونی وەکو وەزیری دەرەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ماسیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمریکا لە عیراق، رایگەیاند، کە هەموو ئامادەکارییەک کراوە بۆ گفتوگۆکانی نێوان هەردوو وڵات، هەرچەندە بە درێژی و بە راشکاوی جۆری ئەو ئامادەکارییە روون نەکرایەوە، چونکە پێناچێت ئێستا عیراق هیچ کارتێکی بەهێزی بەدەستەوە بێت بۆئەوەی گفتوگۆیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئەمریکادا بەڕێوەبەرێت، بەهۆی شپرزەیی بارودۆخی عیراق لە رووی ئابووری و دابەزینی نرخی نەوت و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کێشە و ململانێ درێژخایەن و کەڵەکەبووەکانی عیراق. لەبەر هەموو ئەو فاکتەرانە، گومان لە توانای وتوێژکارانی عیراق دەکرێت کە بتوانن وتوێژێکی بەرهەمدار و راشکاو بەڕێوەبەرن لە بەرامبەر وتوێژکارانی ئەمریکا، کە

بەرچاویان روونە و دەزانن چی دەخوازن.
جگە لەوانەش، کاتی وتوێژەکەش کاتێکی گونجاو و لەبار نییە بۆ حکومەتی عیراق، کە مانگێک و چەند رۆژێکە پێکهاتووە و هەموو دۆسێ و وەرەقەکانی ناودەستی خۆی وەکو پێویست رێک نەخستووە و ترسی ئەوە هەیە لە لایەن زۆر لایەنی عیراقییەوە سازش بکرێت و عیراق بەرگەی فشارەکانی ئەمریکا نەگرێت، لەبەرئەوەی ئێستا عیراق پێویستی بە کۆمەک و هاوکارییە لە رووی ئاسایش و ئابووریشەوە.
لەلایەکی تریشەوە، هەندێک لایەنی عیراقی بە دیاریکراوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نزیک لە ئێران، دەخوازن هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بکەنە دەرەوە، هەرچەندە کورد و سوننەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونەی شیعەکاندا یەکناگرنەوە و هەروەها شیعەکان لەنێو خۆشیاندا هەموو هاوڕانین، بەڵام دواجار ئەوە بەرژەوەندی و خواستی ئەمریکا یەکلایی دەکاتەوە لەوەی ئەگەر خواستی مانەوەی هەبێت دەمێنێتەوە و بە شێوازی تایبەتی خۆی عیراق قایل دەکات، ئیتر لە رێگەی هێز یان پێدانی ئیمتیاز و سازشەوە بێت.
لەلایەکی تریشەوە، باڵیۆزی ئەمریکا لە عیراق لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان رایگەیاند، کە گفتوگۆکانیان گشتی دەبێت و هەموو بوارەکان دەگرێتەوە و دۆسێی ئاسایش یەکێکە لە دۆسێ گرنگەکانی تری وەکو ئابووری و سیاسی و مافەکان و رۆشنبیری و هیچیان لە یەک جیاناکرێنەوە.
هەرچەندە بڕیار بوو گفتوگۆکان راستەوخۆ و رووبەڕوو لە بەغدا ئەنجام بدرێن، بەڵام دواتر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە شێوازی بەڕێوەچوونەکەی گۆڕدرا بۆ کۆنفرانسی تەلەفزیۆنی داخراو.
لە کۆتاییدا، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەرچەندە ئەمریکییەکان وەکو هەندێک سەرچاوە باسی دەکەن، بە مستەفا کازمی-یان راگەیاندووە، بەوەی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەن هێزەکانیان لە عیراق بە تەواوی بکشێننەوە، بەڵام هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن کە ئەو لێدوانەی ئەمریکا تەنها رووکەشە و لەو متمانە زۆرەوە هاتووە بە کازمی، کە شارەزاییەکی زۆری بواری ئاسایشە و ریسک بەوەوە ناکات تاکو پشتیوانی سەربازی و ئاسایشی ئەمریکا لە دەست بدات، لە کاتێکدا لە چەندین ناوچەی عیراقدا جموجۆڵی داعش بە دی دەکرێت، عیراق لەبەر مەترسی گەورەدایە، بە تایبەتی سەرهەڵدانەوەی سیناریۆی ٢٠١٤ لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ لە سەردەمی ئۆبامادا، بۆیە عیراقییەکان لە هەوڵدان کە پاڵپشتی و هاوکاریی ئەمریکا لە دەست نەدەن، بە تایبەتی لە رۆژئاوای عیراق لە بنکەی عەین ئەلئەسەد و لە باکووریش

لە هەرێمی کوردستان لە بنکەی حەریر چالاکییە سەربازییەکانیان ئەنجام بدەن، جگە لەوانەش یارمەتیی ئابووری بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابووری و پێدانی قەرز و فشار لە کۆمپانیاکان، بۆئەوەی پەلە لە عیراق نەکەن بۆ گێڕانەوەی قەرزەکان.
لە بەرامبەریشدا ئەمریکییەکان لە حکومەتی عیراق دەخوازن سنوورێک بۆ جموجۆڵی میلیشیا شیعەکان دابنێت، تاکو پەلاماری باڵیۆزخانە و بنکە سەربازییەکانیان نەدەن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١٣٠ - ٢٠٢٠/٦/١٤

# ئاوڕدانەوەیەک
# لە کەرتی تەندروستیی عیراق

هەر چەندە کەرتی ساغڵەمی بواری شارەزایی و پسپۆڕی من نییە، بەڵام لە کاتی سێرچ و چاودێری دۆخی سیاسی شێواوی  وڵات و ناوچەکە، بەسەر بابەت و زانیاری وادا دەکەوم کە ناتوانم پەردەپۆشیان بکەم و بۆ هاووڵاتیانی مەینەتباری بەیان نەکەم.
لە پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە، پێم خۆشە ئەوە روون بکەمەوە کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوی عیراقە و هەمان کێشە و کەمایەسی هەیە لە کەرتی ساغڵەمیدا، جگە لە کەرتی تایبەتی ئەگەر پێشووەچوونێک هەبێت.
لە چل ساڵی رابردوودا بە هۆی شەڕ و ململانێ بەردەوامەکانی رژێمی ئەوسای عیراق، کەرتی تەندروستی ئەو وڵاتە  پاشەکشەیەکی گەورەی بەخۆیەوە دیوە، جەنگی هەشت ساڵەی عیراق - ئێران و داگیرکردنی کوێت و گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی لەسەر عیراق و دوای رووخانی رژێم و داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی ئەو سێکتەرە کارەساتی گەورەی بەدوادا هات.
عیراق سەرەڕای ئەوەی وڵاتێکی نەوتی دەوڵەمەندە و خاوەنی دووەم یەدەگی نەوتە لەسەر ئاستی جیهان، بە داخەوە کەرتی ساغڵەمی لە دۆخێکدایە ئیرەیی پێ نابرێت کە هێندە شپرزە و ماندووە، بە تایبەتی ئەم راستییە لەسەروەختی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا وەکو رۆژی رووناک بەدەرکەوت.
ئەگەر سەیری ژێرخانی تەندروستی عیراق بکەین، وەکو شارەزایانی ئەو بوارە باسی دەکەن، ئەوا ٩٠ ٪ ئەو نەخۆشخانانەی لە عیراقدا هەن لە سەردەمی حکومەتەکانی پێش ٢٠٠٣ دروستکراون، تەنانەت هەندێکیان لە سەردەمی حوکمڕانی پاشایەتیشدا بنیاتنراون. حکومەتەکانی دوای پرۆسەی ئازادی یان «داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکییەکانەوە» وەکو خۆیان دەڵێن، نەیانتوانی سیستمێکی تەندروستی  شایستە بە گەلی عیراق دابمەزرێنن. وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، کە عیراق یەکێک لە وڵاتە زەنگینەکانی جیهانە، بەڵام بە پێچەوانەوە، لەسەر حسابی ئێش و ئازاری هاووڵاتیانی هەژار و بێدەرەتانی وڵات وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستیدا کرا، بە قۆرخکردنی بازاڕەکانی دەرمان و گەندەڵی لەو بوارەدا، کە دیارترین ئەنجامەکانی بڵاوبوونەوەی هەڵکشانی نەخۆشی شێرپەنجەیە لە عیراقدا، کە پێشتر عیراق ئاستی بەرزی وای لە تۆمارکردنیدا بەخۆیەوە نەدیوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر چاوێک بە پارەی تەرخانکراو بۆ کەرتی ساغڵەمی لە بودجەی ساڵانەی عیراقدا بخشێنین، وەکو لە لێکۆڵینەوە و راپۆتە پەیوەندیدارەکاندا هاتووە، ئەوا دەبینین بە داخەوە عیراق یەکێک لە چرووکترین و رەزیلترین و دەستقایم واتە دەست داخراوترینیانە بۆ کەرتی تەندروستی ژیانی هاوڵاتییەکانی، بە شێوەیەک لە بودجەی ساڵی ٢٠١٩دا لە ١٠٥ ملیار دۆلار تەنها ٢,٥ ٪ تەرخانکراوە بۆ کەرتی ساغڵەمی، لە کاتێکدا ئەم رێژەیە زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمانکاتدا زانیارییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) باس لەوە دەکەن کە لە ١٠ ساڵی رابردوودا ئەوەی حکومەتی ناوەندی عیراق بۆ کەرتی تەندروستی تەرخانکردووە، زۆر لە بودجەی تەرخانکراوی تەندروستی وڵاتانی دراوسێی کەمترە، لە کاتێکدا ئەوان لە عیراق هەژارترن.

بۆ زانیاری زیاتر، هەر بەگوێرەی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان، بەرکەوتووی تاکی عیراقی لە بودجەی تەندروستیدا ساڵانە١٦١دۆلارە، کە وڵاتانی تری نزیک لە عیراق وەکو ئوردن ٣٠٤ دۆلار ساڵانەیە و لوبنان ٦٤٩ دۆلارە، کە ئەمەش پێشهاتێکی سامناکە بۆ عیراقییەکان.

هەر بەگوێرەی لێدوانی بەرپرسانی تەندروستی عیراق و پسپۆڕانی ئەو بوارە، عیراق کەمتر لە ٢٥٠٠ قەرەوێڵەی هەیە بۆ چاودێری ورد و هەورەوەها ژمارەیەکی زۆرکەم لە ئامێری هەناسەدانی دەستکردی هەیە کە لە سەردەمی کۆرۆنادا لە نەخۆشخانەکانیدا پێویستی زۆری پێی هەیە.

جگە لە کەمبوونی ئامێر و کەرەسەی پزیشکی و نەبوونی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و گەندەڵی لە گرێبەستەکانی کڕینی دەرمان، زۆر هۆکاری تر هەن کە پێویستیان بە پلان و کۆنفرانس و کۆنگرەی گەورە تەنانەت نێودەوڵەتیش هەیە بۆ رزگارکردنی کەرتی ساغڵەمی عیراق بە هەرێمیشەوە لە رووخان و هەرەسهێنانی تەواو.

لەوانەش مەترسیدارتر، زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لە هەر ٢٥ منداڵی عیراقدا یەک منداڵ لە پێش تەمەنی پێنج ساڵیدا بەهۆی خراپی خزمەتگوزاریی تەندروستییەوە دەمرن.

لە کۆتاییدا، لە بەردەم ئەم مەشهەدە تاڵ و سامناکەی عیراقدا لە بواری تەندروستیدا، خەڵکی دڵسۆز و بە توانای زۆر هەن کە چەندین پلان و پێشنیاری خێرا و گونجاویان بۆ کورت مەودا و درێژ مەودا خستۆتەڕوو، کە دەکرێت کاریان لەسەر بکرێت و فریادڕەسێکی خۆشدەست بن ئەگەر گوێیان لێ بگیرێت، لەو پێشنیارانە:

١. پێشخستنی بەرنامەیەکی زانیاریی وردی ئامار بۆ وەزارەتی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتگیر و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی ساغڵەمی ئەلیکترۆنی.

٢. پێویستە وەزارەتی تەندروستی ستراتیجێکی نوێ دابڕێژێت لەسەر بنەمای لامەرکەزی لە پلاندانان و جێبەجێکردن و هاوبەشی و بەتایبەتی کردن و بیمەی تەندروستی... تد.
٣. سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی پەیکەری وەزارەتی تەندروستی لە رووی کارگێڕی و دارایی و تەکنیکیشەوە.
٤. هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستی عیراق و دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە رێی لە ئێستا و داهاتووشدا.
٥. دانانی میکانیزمی نوێ بۆ هێنان و هەڵگرتن و دابەشکردنی دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکان.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١٣٧ - ٢٠٢٠/٧/١٣

# یەکەم گەشتی دەرەوەی کازمی

مستەفا کازمی لە یەکەم گەشتی سیاسی بۆ دەرەوەی ولآت لە دوای دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆک وەزیرانی عیراق کە ولآتانی ئێران و عەرەبستانی سعودیە و ئەمریکا دەگرێتەوە، زۆر دۆسێی قەبە و قورس لەخۆدەگرێت.
هەرچەندە بڕیاربوو گەشتەکەی لە عەرەبستانەوە دەستپێبکات، بەلآم تێکچوونی باری تەندروستی شا سەلمانی پادشای سعودیە، لەناکاودا ڕێڕەوی سەردانەکەی گۆڕی بۆ تاران، لەکاتێکدا سعودیە و ئێران وەکو دوو جەمسەری ئیقلیمی و رکابەری شیعی و سوننی ئومێدی زۆریان لەسەر ئەو سەردانەی کازمی هەڵچنیوە، کە هەریەکەیان دەخوازن عیراق لەو ململانێ سەختەی نێوانیاندا بەلای خۆیاندا رابکێشن.
تاکو کار گەیشتە ئەوەی وەزیری دەرەوەی سعودیە رایبگەیەنێت کە هەڵبژاردنی سعودیە وەکو یەکەم ولآت بۆ سەردانیکردنی لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عیراقەوە، هەڵوێستێکی بەرز و شەرەفمەندایە و دواخستنیشی بۆ ئەوەیە کە خاوەنشکۆ پێشوازی لێبکات و گرنگییەکی زیاتری پێبدرێت.
لە بەرامبەریشدا محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران کە ٢٠٢٠/٧/١٩ سەردانی بەغدای کرد، رایگەیاند کە عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی خۆی پێشوازی لە کازمی دەکات و ئەمەش دووەم بەرپرسە کە خامنەیی دەیبینێت، لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، بۆیە دوو رۆژ دوای ئەو بەروارە، لە ٧/٢١ کازمی بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی رەسمیی گەیشتە تاران.

#### *هەگبەی دۆسێکانی کازمی*

یەکەم دۆسێ کە پێدەچێت کازمی بیکاتەوە و گرنگ بێت بۆ دۆخی هەنووکەیی عیراق، کەمکردنەوە و خاوکردنەوەی گرژی و هەڵکشانی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و سعودیە و ئێرانە، ئەمەش لە رێگای گەیاندنی مەسج و ناوبژی سیاسی دەبێت لەلایەن کازمی-یەوە، هەرچەندە پێشتریش عادل عەبدولمەهدی هەوڵی بۆ دا، بەلآم ئاکامی نەبوو.
لێرەدا ئێرانییەکان مەبەستیانە نیازپاکی خۆیان بۆ کازمی دەرببڕن لە رێگەی ئەوەی مەسجێک بنێرن بۆ سعودیە و ئەمریکا، بەلآم ئەمریکییەکان کە ئامانجیان سنووردانانە بۆ دەستوەردانەکانی ئێران لە عیراق، لەم هەنگاوەی ئێران لە رێگەی کازمییەوە خۆشحاڵ نین.

هاوکات لەگەڵ ئەم باسوخواستانەدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایگەیاند، کە وڵاتەکەی ئامادەی دانوستان و وتوێژە لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی تری ناوچەکە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و ململانێکان و پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دیالۆگ تەنیا رێگایە بۆ چارەسەری قەیرانەکان.

یەکێکی تر لەو دۆسیێ هەستیار و گرنگانەی کە کازمی لە سەردانەکەی ئێراندا باسیکردووە، بێگومان دۆسێی میلیشیا چەکدارەکانە، ئەوانەی کە نزیکن لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەتایبەتی کە کازمی لە بەرنامەی کابینەکەیدا هەر لە سەرەتاوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت چەک بەدەستی دەوڵەتەوە بێت و جگە لەوە لەهیچ لایەن و کەسێکی تری قبوڵ ناکات و پێدەچێت ئەم داخوازییەی لە ئێرانییەکان کردبێت، بەتایبەتی زۆرێک لەو گروپانەی وەلائیان بۆ ئێران هەیە.

هەر تایبەت بەم بابەتە، هەمووومان شاهیدی پێکادان و بەریەککەوتنەکانی ماوەی رابردووی عیراق بووین.

هەربۆیە کازمی لە گەشتەکەیدا سەرنجی ئێرانییەکانی بۆ سی خاڵ و سی پێوەری گرنگ راکێشاوە، ئەوانیش:

١. پاراستنی سەروەریی عیراق.
٢. بەرژەوەندیی باڵای گەلی عیراق.
٣. بەرژەوندیی هاوبەش لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە سەردانی دەکات.

لەم هەنگاوەشدا ئەمریکییەکان پشتیوانی کابینەکەی کازمی دەکەن، هەروەکو لە زاری مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە رایانگەیاند.

### دۆسێی وزە

یەکێکی دی لەو دۆسێیانەی کە کازمی باسی دەکات  و خەمی گەورەیەتی، دۆسێی وزەیە، بە تایبەتی کارەبا کە لە ١٧ ساڵی رابردوودا کابینە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق دەستەوەستان بوون لە ئاستیدا، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ٦٢ ملیار دۆلاریان بۆ خەرجکردووە.

هەرچەندە سەردانەکەی کازمی بۆ سعودیە دواخرا بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی پادشای وڵاتەوە، بەڵام پێشتر وەزیری دارایی عیراق و جێگری سەرۆک وەزیران چەند لێکتێگەیشتن  و رێکەوتنێکی لەگەڵ ئیمزا کردبوون لە بوارەکانی وزە و فێرکردن و وەبەرهێنان و وەرزش و سێکتەری تریشدا.

هەر تایبەت بە سعودیە، لە ٢٠٢٠\٧\١٦ لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسێکەوە، عیراق و ئەمریکا و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداوی عەرەبی ڕێکەوتن کە تۆڕی کارەبای عیراق ببەستنەوە بەوڵاتانی کەنداوەوە، ئەمەش کاردانەوەی ئێرانی لێدەکەوێتەوە و بەتایبەتی تائێستا عیراق ١٢٠٠ مێگاوات کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە دەکات، جگە لە غازی شل بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەبا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١٤٥ - ٢٠٢٠/٧/٢٦

# کازمی
# وادەی هەڵبژاردنی پێشوەختی دیاریکرد

ئەگەرچی زۆر لایەن و چاودێری بارودۆخی عیراق لە سەرەتای دەستبەکاربوونی مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عیراقەوە، بە گومانەوە لەوەیان دەڕوانی کە وا زوو وادەی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکات، بەڵام کازمی لە ئێوارەی یەکەم رۆژی جەژنی قوربان لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا رۆژی ٢٠٢١/٦/٦ی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە راگەیاند، کە وەکو دەرچەیەک بۆ دەرچوون لە کێشە و قەیرانە درێژ و بەردەوامەکانی عیراق و لە هەمان کاتدا وەڵامێک بۆ داخوازیی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانەکانی عیراق کە بە ڕاپەڕینی تشرین ناسراوە، بۆئەوەی دەرفەتێک بڕەخسێت بۆ ئەو خەڵک و چالاکوانە سیاسییانەی رابەرایەتی ئەو نارەزایەتییانەیان دەکرد بێنە ناو پرۆسەی سیاسی و رۆڵی خۆیان بگێڕن لە ریفۆرم و گۆڕانکاری و دانانی سنوورێک بۆ گەندەڵی.
هەڵبژاردنی پێشوەختە لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا وەکو رێگاچارەی خێراو دەرچەیەکە، کە قەیرانەکانی وڵات بگاتە بنبەست، بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەکو عیراقدا.
ئەوەی لەسەر کازمی–یە، بەڵێنیدا (ئەگەر بۆی بکرێت) هەموو پێداویستییەکانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد فەراهەم بکات، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت و بەڵێنی ئەوەشی دا کە هەموو هەوڵ و تواناکانی بخاتەگەڕ، تاکو چەک تەنیا بە دەست دەوڵەتەوە بێت و چاودێرانی نێودەوڵەتی چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و بواری یەکسان بۆ هەموو لایەک بڕەخسێنێت.
هەر بۆیە ئەم هەڵبژاردنە گرنگە، چونکە خواست و مەیلێکی جەماوەری گەورە لە شەقامی عیراق بۆ گۆڕانکاری و کۆتاییهێنان  بە دۆخی ئێستا هەیە، کە عیراقی زەنگین بۆتە دۆزەخێک بۆ رۆڵەکانی، بۆیە ئومێدێکی گەورە لەسەر ئەم هەڵبژاردنە هەڵچنراوە،  کە گۆڕانێکی چەندایەتی و چۆنایەتی لە عیراقدا بهێنێتە کایەوە و کۆتایی بە زۆر دۆسیێ و قەیران بهێنێت.

### بەربەست و گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنەکە

هەرچەندە هێشتا ١٠ مانگی ماوە بۆ ئەو وادەیەی کازمی دیاریکردووە، ئەو وادەیەش قابیلی وتوێژ و ئاڵوگۆڕە، بەڵام بەربەست و ئاڵنگاری گەورە هەن، لەوانە، یاسای هەڵبژاردنەکان

کە هێشتا لە ئەنجومەنی نوێنەران تەواو نەکراوە و بۆئەوەی سەرۆک کۆماریش ڕەزامەندی لەسەر بدات، نوێنەرانی کوردیش تێبینی زۆریان لەسەر یاسا نوێیەکە هەیە و تەنانەت بایکۆتی دانیشتنەکەشیان کرد، ئەو بەندانەی کە دەنگیان لەسەر دراوە بە غیابی کورد بووە، ئەمانە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە هێزە ملیشیاییەکان هەرچەندە تا ئێستا هیچیان نەوتووە یان بە زارەکی جۆرێک لە ڕەزامەندییان پیشانداوە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە بە لێدان لە خۆیان دەزانن و دەترسن ئەو پێگە و هەژموونەی ئێستایان لە دەست بدەن، بۆیە تا پێیان بکرێت کۆسپ و تەگەرەی بۆ دەخولقێنن و خوازیارن ئەم خولەی پەرلەمان ماوەی یاسایی خۆی تەواو بکات.
کازمیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە عیراق بە گێڕانەوەی شکۆ بۆ دەوڵەت بەهێز دەبێت، دەبێت دووربخرێتەوە لە ناکۆکی و ململانێ ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان کە هەڕەشەی جددین بۆ عیراق و گەلەکەی و بەرژەوەندییەکانی. ساڵانی گەندەڵیی ڕێکخراو و بەفیڕۆدانی سامان و داهاتەکەی کێشە و قەیرانی گەورەیان بۆ عیراق خوڵقاندووە، کە ڕووبەڕووبونەوەیان ئاسان نییە و بەڵام درێژەی پێدەدەن و چارەسەری پینە و پەڕۆ ناکەن و دەست بۆ خاڵە هەستیار و کاریگەرەکان دەبەن، هەر وەکو سڵیان لێنەکردەوە و دەروازە سنوورییەکانیان کۆنترۆڵکرد و لیژنەیەکیشیان پێکهێناوە بۆ لابردنی هەموو بەربەستەکانی بەردەم هەڵبژاردنی گشتی.

### کورد و ئەم هەڵبژاردنە

ئەگەر لە هەرێمی کوردستان کە لەوە ناچێت ئاکامەکان چی بن کێشە بێت، بەڵام بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و مادەی ١٤٠ گرنگە بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان، کورد بە یەکدەنگی بتوانێت هەموو توانا و دەسەڵات و پێگە و پەیوەندییەکانی هەر لە سەرۆک کۆمارەوە تاوەکو سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و هێزە سیاسییەکان هەر هەموویان بێنە سەرخەت و کۆبوونەوەیەکی لوتکە ببەستن بۆ دانانی ڕێ و شوێنی پێویست، بۆئەوەی هەم یاسای هەڵبژاردن و هەم مادەی ١٤٠ ئەکتیڤ بکەنەوە بەرەو چارەسەر.

کوردستانی نوێ – ژ. ٨١٥٢ – ٢٠٢٠/٨/٩

# کازمی سەردانی واشنتۆن دەکات

کۆشکی سپی رایگەیاند، کە ٢٠ی ئەم مانگە سەرۆک ترەمپ پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی عیراق دەکات، بۆ باسکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی و دۆسێکانی ئاسایش و وزە و ئابووری، لە کاتێکدا ئەم سەردانە دەکرێت، کە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بە کەشێکی گرژ و تەمومژاویدا دەڕوات، بە هۆی خواست و ئارەزووی هەندێک لایەن بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق و لە بەرامبەریشدا ئەمریکییەکان دەخوازن سنوورێک بۆ هەژموونی ئێران لە عیراق دابنرێت و ئەم خاڵە زۆر بە گرنگ دەزانن، چونکە خاڵی بە هێزبوونی هەژموونی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناویندا لە عیراقەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە لە دیدی ئەمریکاوە هەر دەبێت لێرەشەوە بەری پێ بگیرێت.

#### قۆناغێکی چارەنووسساز

وەسفکردنی ئەم سەردانەی مستەفا کازمی بۆ ئەمریکا لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپیدا بە چارەنووسساز، بۆ خۆی مانا و مەدلولی قووڵی هەیە بۆ ئەمریکا و عیراقیش، ئەمریکییەکان دەخوازن چارەسەرێکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بۆ جموجۆڵی میلیشیاکان لە عیراق بدۆزنەوە، تەنانەت زۆرێک لە چاودێرانی دۆخی ناوچەکە لەو بڕوایەدان کە ئەمە یەکەم مەرجی واشنتۆنە بۆ هەر کۆمەک و هاریکارییەک کە عیراقییەکان لە ئەمریکای بخوازن .
ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە، کە ئایا ئەمە لە توانای کازمی-دایە تاکو بتوانێت ئاوا هەنگاوێک بهاوێژێت؟ یان رۆڵی کازمی هەر تەنها گەیاندنی نامە و مەسجی ئێرانییەکانە بۆ ئەمریکا و هەوڵی ئەوە دەدات وەکو رابردوو جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا لە عیراق بهێنێتە کایەوە، یان کازمی هەوڵی وتوێژێکی دروست و راست و رەوان بدات لەگەڵ ئەمریکییەکان کە هەموو دۆسێکانی نێوانیان یەکلایی بکاتەوە و خۆی وا پیشانی ئەمریکییەکان بدات کە هاوبەشێکی جێمتمانە و بەهێزە، کە ئەمەیان ئەگەرێکی لاوازە، لە هەمانکاتدا ئەمریکییەکانیش دەخوازن توانای کازمی بزانن لە بەڕێوەبردنی دۆسێی ئەم ململانێیانە لەگەڵ میلیشیاکاندا.
ئەوەی پەیوەندی بە بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەوە هەیە لەلایەن کازمی-یەوە پێش سەردانەکەی بۆ ئەمریکا، وا لێکدەدرێتەوە کە بۆ خۆدزینەوەیە لە بڕیاری سزادانی بکوژانی خۆپیشاندەران و جێبەجێکردنی بڕیاری چەک بە دەست دەوڵەتەوە بێت، ئەمەش ئەمریکییەکان وایدەبینن کە کازمی بەرنامە و پلانی نییە بۆ ئەو مەبەستە.

**_کازمی و ئێران_**

هەرچەندە کازمی ناخوازێت و نیازی نییە بچێتە بەرەیەکەوە دژ بە ئێران بێت، بەڵام حەز دەکات نەخشەڕێگا و سنووری نوێ بۆ پەیوەندییەکانی ئێران و عیراق دابنێت، کە عیراقی بەهێز و کراوە بە رووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرژەوندی ئێرانیشدایە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ خواست و مەیلی هەندێک لە میلیشیاکانی عیراق یەکناگرێتەوە، کە دەخوازن خۆیان وتەی سەرەتا و کۆتاییان هەبێت لە دۆسێی پەیوەندیی دەرەوەی عیراقدا. هەرچەندە ئێرانییەکان قەناعەتێکی وایان لا دروستبووە کە فرسەتێک بە کازمی بدەن، بەڵام کە باسی کرانەوەی عیراق لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی تری کەنداو دەکرێت، بە تایبەتی لە بواری وزەدا، ئیتر ئەو هێزانە زیاتر شپرزە دەبن و وەکو زەنگێکی مەترسی بۆ سەر خۆیانی دەزانن.

**_دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی جەمسەرگیریی_**

سەردانەکەی کازمی بۆ ئەمریکا لە رووی کات و رێکخستنەوە لێکدانەوەی وردی بۆ کراوە و لە کاتێکدا دەکرێت کە سەردانی تارانی کردووە و سەردانی عەرەبستانی سعودیە دواخراوە، ئەمەش خواستی هەموو پێکهاتەکانی عیراقە کە وڵات دووربخرێتەوە لە سیاسەتی جەمسەرگیری و وابەستەیی بە هیچ وڵاتێکەوە.

لە کۆتاییدا، سەردانەکەی کازمی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئێستا و ئایندەی عیراق کە کۆتایی بە دابڕانی عیراق و تەریکبوونی بێت و ببێتە ئەندامێکی کارا و ئەکتیڤی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی کازمی ئێستا بە رەسمی نوێنەرایەتیی عیراق دەکات و نابێت بچێتە ژێر فشاری هیچ میلیشیاییەکی چەکدار کە وابەستەی وڵاتانن و بەرژەوەندیی تائیفی و تایبەتی خۆیان هەیە.

کوردستانی نوێ- ژ. ٨١٥٧ - ٢٠٢٠/٨/١٦

# ئەمریکا گەڕایەوە بۆ عیراق

باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی دا بەڵێنی بە دەنگدەرانی دابوو کە ئەگەر سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوا یەکسەر هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق دەکێشێتەوە و هەر بەڕاستیش وایکرد و ئاکامەکەیمان بینی عیراق چی بەسەرداهات.

بەڵێ ئەمریکا لە ژێر فشاری هێزە تیرۆریستیەکان و دەستێوەردانی گەلێک لایەن و وڵاتی ناوچەکە لە عیراق زۆر بە پەلە و بە پەلە قاژە کشایەوە وەکو دیارییەکی جوان پێشکەش بە خەڵکی تر کرا، وەکو وەزیری دەرەوەی پێشووتری عەرەبستانی سعودیە میر سعود ئەلفیسەل وتی: کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە،بەڵام دەکرێت بپرسین ئەو فاکتەرانە چین وایان لە ئەمریکا کرد جارێکی تر لە پەنجەرەو خۆی بکاتەوە بە عیراقدا؟

عیراق جگە لە پێگە ئیستراتیجی و گرنگەکەی بۆ ئەمریکا گرنگی ئابووری و سیاسی وئەمنیشی هەیە و لە هەمانکاتدا لە دوای پێشڕەوییەکانی ئێران لە ناوچەکە بە گشتی و فراوان بوونی رووبەری هەژموون و دەستەڵاتی بەسەر وڵاتانی ناوچەکە بە گشتی وەکو سوریاو یەمەن و لوبنان و بەحرێن و عیراق بە تایبەتی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ کە هەموو تێچووی پرۆسەکە و قوربانیەکانی ئەمریکا چووە ژێری و ئێستا خەڵکی تر بەرووبوومەکەی بخۆن ئەمە خاڵێکی قورس و پڕ ئازارە بۆیان.

لەلایەکی ترەوە گەڕانەوەی روسیا بۆ ناوچەکەو بە تایبەتی لە سوریاو هەوڵدانی جارێکی تر پێگەی خۆی قایم بکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای شەڕی سارد بۆ یەکەم جار مایەی نیگەرانیە بۆ ئەمریکا،

هەروەها پێویستیەکانی شەڕی تیرۆرو دەوڵەتی ئیسلامی داعش وای دەخواست ئەمریکا جارێکی تر بە هێزەوە بگەڕێتەوە بۆ عیراقو بە تایبەتی پاش ئەوەی زۆرێک لە شرۆڤەکارانو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە سەرهەڵدانی داعش ئاکامی زوو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عیراق.

***هێزەکانی ئەمریکا لە کوێ جێگیرکراون قەبارەیان چەندە لە عیراقدا  ئێستا؟***

هەرچەندە ئەمریکا لە دوای روداوەکانی مانگی حوزیرانی ٢٠١٤ هەنگاو بە هەنگاو پچڕ پچڕ  هێزەکانی هێنایەوە بۆ عیراق یەکەمجار ١٧٠ سەربازی هێناو  دواتر تا کۆتاییساڵی ٢٠١٤ کردی بە ١٥٥٠ سەرباز کە ئەرکەکانیان پێشکەشکردنی راوێژو ئامۆژگاری بوو بۆ

هێزە ئەمنیەکانی عیراق، دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ دا هێزە سەربازییەکانیان گەیشتە ٤ هەزار کە پێکهاتبوون لەراهێنەروراوێژکاری سەربازی و ئەمنی و تەکنیکارو، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ دا قەوارەی هێزەکان زیادکرا تا گەیشتە ٦ هەزار کەس جگە لەوەی نزیکی ١٨٠٠ کەسی لە باڵوێزخانەی ئەمریکان لە بەغدادکە ئەمانە کارو ئەرکی تایبەتی و نهێنی بە جێ دێنن و ناچنەریزی هێزە جەنگاوەرەکانەوە.
لە ئێستاشدا هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە ئەمریکا هێزی زیاتر رەوانەی عیراق بکات دوای ئەوەی دەسەڵاتی تەواو دراوەتە وەزیری بەرگری کە هەرکات پێویست بوو بێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرێس هێزەرەوانەی عیراق و سوریا بکات.
هێزەکانی ئەمریکا ئێستا لە زۆر بنکەو پێگە و بارەگا لە باکوورو ناوەڕاست خۆرئاوای عیراق جێگیر بوون لەوانە بنکەی تاجی و بنکە فڕۆکاخانەی بەغدادی نێودەوڵەتیو بنکەی عێن ئەسەد وبنکەی حەبانیەو بنکەی بەلەدو بنکەی سپایکەرو بنکەی گیارە کە تازە لە دەستی داعش رزگارکراوە ئەمانەو بنکەی تریشیان لە نزیکی حەمام عەلیل و بەنداوی موسڵ هەیەو جگە لە سەربازگەی تر لە هەرێمی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی و دهۆک.
ئەرک و ئامانجی ئەم هێزانە لە عیراق هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا جگە بەرگرتن بە هەژموونی ئێران راوێژو راهێنانی هێزە چەکدارەکانی عیراقەو پشتیوانی کردنیانە لە کاتی پێویستداو هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە داعش.
لە کۆتاییدا نابێت ئەوەشمان لە یادبچێت کە بوونی ئەم هێزانەرووبەڕووی زۆرێک لە کۆسپ و تەگەرەی گەورە دەبێتەوە لە دوای شەڕی داعش ئەویش هێزەکانی حەشدی شەعبی شیعەیە کە پێکهاتوون لە سرایا السلام و عەسائیبی ئەهلی حەق و کەتیبەکانی حزبوڵڵا و ئەمانە لەو بڕوایەدان کە ئەمانە هێزی داگیرکەرن و نابێت بمێننەوە لە عیراق جارێکی تر بەڵام لە هەمان کاتدا تەنها کوردو هەندێک هێزی سوونە لایەنگری مانەوەی ئەو هێزانەن لە عیراق.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٣٠٣ – ٢٠١٧/٧/٢

# ئەمریکا و روانینی بۆ عیراق لە ئێستادا

وا لە ٢ی مایس نزیک دەبینەوە، ئەو رۆژەی ئیتر هەموو ئەو چاوپۆشیو لێبووردنانە کۆتایی دێت کە بۆ هەشت وڵات لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە کرابوو، بەوەی نەوتو غازی ئێران بکڕن. عیراقیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە پشتی بە وزەی کارەباو گازو غازی ئێران بەستووە بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەباو تا ئێستاشی پێوەبێت هیچ ئەلتەرناتیڤێکی نەدۆزیوەتەوە بۆ جێگرتنەوەی ئەو وزەیەی کە لە ئێران هاوردەی دەکرد.
هەرچەندە هەفتەی پێشوو عادل عەبدولمهدی سەرۆک وەزیرانی عیراق بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی گەورەی فەرمی کە لە سیازدە وەزیرو دەیان بازرگان پێکهاتبوو، سەردانی عەرەبستانی سعودییەی کردو چەندین رێکەوتنی گرنگ ئیمزاکراو پێشتریش سعودییە بڕی یەک ملیار دۆلاری وەکو یارمەتی  پێشکەشی حکومەتی عیراق کردبوو، کە پێدەچێت هەموو ئەمانە سەرەتاو زەمینە خۆشکردن بن بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی توندوتۆڵ لە نێوان عیراق و سعودییەدا. هەموو ئەمانەش بەناوبژی و خۆشحاڵی ئەمریکایە کە لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە کە عیراق کوێتی داگیرکرد، ئەو پەیوەندییانە گرژیو ئاڵۆزی توندیان بەخۆوە بینیو هەموو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان تا ساڵی ٢٠٠٣ بچڕا.
ئەو وادەیـەی  ئەمریکا دیاری کـردووە، ٢ی مایسی ٢٠١٩ کۆتا رۆژو دواوادەیـە بۆ هەموو ئەو کۆمپانیاو وڵاتانە کە ساتو سەودای بازرگانی نەوتو غازیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبوو، هەروەکو لەسەر زاری (مایک پۆمپیۆ) وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە راگەیەنرا، ئیتر بوار بەهیچ وڵاتێک نادرێت سـەودا لەگەڵ ئێراندا بکاتو دەبێت بەرهەمی فرۆشتنی نەوتی ئێران بگەیەننە زیرۆ (سفر)و هەر وڵاتێک سەرپێچی بکات سزای توندی بەسەردا دەسەپێنن.
لە کاتێکدا ئەمریکا ئەم بڕیارەی داوە، لە هەموو ئەو وڵاتانە (کە هەشت وڵات بوون) لەماوەی رابردوودا بوورابوون لە سزاکانی ئەمریکاو وەکو باس دەکرێت زۆربەیان ئەلتەرناتڤیان دۆزیوەتەوە بۆ نەوتی ئێران، کە وڵاتی خاوەن پیشەسازیو ئابووری زەبەلاحیشی تێدایەو ئامادەنین بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن بە قوربانی بەرژەوندییەکانی ئێران. لە هەمان کاتیشدا هەردوو گەورە وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت (عەرەبستانی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو) بڕیاریانداوە قەرەبووی هەموو کورتهێنانێک  بکەنەوە کە وەستانی نەوتی ئێران دەیهێنێتە ئاراوە.
ئەوەی پەیوەندی بە عیراقەوە هەیە، ئەوەیە ئایا حکومەتی عیراقو کەسی عەبدولمهدی

چۆن لەگەڵ ئەم کەیسە هەستیارو ئاڵۆزەدا هەڵسوکەوت دەکات؟ لە کاتێکدا بەشی زۆری هێزو لایەنە سیاسییەکانی عیراق بە شیعەو سوننەو کوردەوە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە. لە هەمان کاتدا هەمووان دەزانن قەبارەی ئەو زیانو سزاو ئاستەنگییانە چی دەبێت ئەگەر عیراق پابەند نەبێت بەو سزایانەوە کە ئەمریکا بەسەر ئێرانیدا دەسەپێنێت. لەلایەکی تریشەوە گەلی عیراق تاڵیو نەهامەتییەکانی سالانی گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی لە بیرە لە ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٣.

لەبەر هەموو ئەوانە، پێناچێت حکومەتی عیراق و بەشێکی لایەنە سیاسییەکان بتوانن تاکۆتایی بەرامبەر بە خواستو بڕیارەکانی ئیدارەی ئەمریکا بووەستنەوەو لەوەیە لە کۆتاییدا مل بە خواستو حەزەکانی ئەمریکا بدەن بۆ پابەندبوون بەو سزایانەوە، چونکە کاریگەریو ئاکامەکانی هەر سیاسەتێک دژو پێچەوانەی خواستی ئەمریکا بێت، کاردانەوەی نیگەتیڤی بۆ سەر ئابووریو پێگەی سیاسیو سەربازیی عیراق دەبێتو قورس لەسەری دەکەوێت. لەبەر چەند فاکتەرێک، لەوانە:

١- عیراق بەشێوەیەکی گشتی هەموو پێداویستییەکانی لە دەرەوە هاوردە دەکات، کە لە هەر حاڵەتێکی سزادا باجەکەی زۆر تاقەت پڕوکێن دەبێت.

٢- ئابڵۆقەدانی عیراقو جیاکردنەوەو دابڕینی لە دراوسێ عەرەبیو ئیقلیمییەکانی، لە کاتێکدا هێزەکانی ئەمریکا لە عیراقدان.

٣- سزادانی سەرکردە سیاسییەکان و فەرماندەی میلیشیاکانی عیراق بە پاساوی بوونی پەیوەندی لەگەڵ سوپای پاسداران، لە کاتێکدا ئەو سوپایە خراوەتە لیست تیرۆرەوە لەلایەن ئەمریکاوە.

لە کۆتاییدا ئەمریکا عیراق بە ناوچەو پێگەی هەژموونی خۆی دەزانێتو ساڵانێکە شەڕی لەسەر دەکات لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئیقلیمی و تاقم و گروهە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدەو داعشیش، بۆیە سەرۆک ترەمپ لە ئێستادا بەهەموو هێزو توانایەوە گەڕاوەتەوە بۆ عیراقو بوار نادات هیچ وڵاتێکی تر ڕۆڵی هەبێت لە عیراقدا، بەتایبەتی ئێران، هەر لەو پێناوەشدا خەڵکو تاقمی نزیک لە خۆی لە نێو چینی سیاسی عیراقدا دەهێنێتە پێشەوە. هەر بۆیەشە لە هەوڵی دامەزراندنی پێگەو بنکەی سەربازیی هەمیشەییدایە لەناوچە سوننەنشینەکانی عیراقدا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٤٩ - ٢٠١٩/٤/٢٨

# تەپڵی شەڕ دێتە گوێمان

یەکەم جار و دواجاریش نابێت دەنگی ناسازی دەهۆڵی جەنگ، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و عیراق و ئێران بە تایبەتی هەراسان بکات، ساڵانێکی درێژ (١٩٨٠-١٩٨٨) عیراق و ئێران مەتەریزیان لە یەکگرتبوو تا پەلاماری سەربازی و ئاسمانی و شەڕی شارەکان و شەڕی کەشتییەکان لە کەنداو و کارەساتی گەورە و قوربانی گەورە و وێرانبوونی لە رادەبەدەری بەدوای خۆیدا هێنا، بە جۆرێک  هەزاران گوند و سەدان شار و شارۆچکە و مەزرا لەگەڵ خاکدا یەکسان بوون، جگە لە کوژرانی سەدان هەزار کەسی سڤیل و بێ دیفاع.

لە کۆتاییشدا جەنگ وەستا بێ ئەوەی سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو دیار بێت، ئەوەی زیانی کرد گەلانی هەردوو وڵات بوون. هەر دوای دوو ساڵ لە کۆتاییهاتنی ئەو جەنگەماڵوێرانکەرە، سەدام حوسەین لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ دەوڵەتی کوێتی دراوسێی داگیرکرد. ئیتر لاپەڕەیەکی تری جەنگ دەستیپێکرد و دواتر ئابڵۆقەی نێودەوڵەتیی خرایە سەر عیراق کە لە شەڕ نالەبارتر بوو. ئەگەر جاران خەڵکی عیراق هەر کوڕەکانیان لە جەنگ بوون و دەبوونە قوربانی، ئەمجارە هەموو گەلی عیراق سزادرا بەهۆی کردەوەکانی دیکتاتۆرەوە. بە هەرحاڵ مێژووی شەڕەکانی ئەم وڵاتە بەقەد تەمەنی درێژە و ناکرێت لە وتارێکی کورتدا من هەمووی بەیان بکەم، چونکە دوای ئەمەش پرۆسەی ئازادکردنی عیراق و ململانێکانی ناوخۆ و شەڕی تائیفی و ناوخۆ و سەرهەڵدانی داعش کە پێشتر من زۆرم لە سەری وتووە تا لە ناوبردنی، بیرەوەری گەلێکی خۆش نین و هیوادارم بڕۆن و نەیانبینینەوە.

ئەوەی دیسان بە گەرمی دەهۆڵ و تەپڵی شەڕی بۆ لێدەدرێ، ململانێکانی ئەمریکا و ئێرانە کە لەم رۆژانەدا رووبەرێکی زۆری  میدیاکانی بیستراو بینراوی  جیهان بە گەرمی باسی دەکەن  و پێدەچێت ئەمجارە هەموو لێدوان و ململانێکانیان کە دوور لە سەر خاکی ئەو دوو وڵاتە لە شوێن و کاتی جیاوازدا بەڕێوە دەچوون لەلایەن لایەنی سێیەم و بریکارەکانیانەوە، ئەمجارە خۆیان راستەوخۆ بەر یەک بکەون و کارەساتی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

بۆیە لە ئێستادا ئاماژەکانی ئەو بەر یەککەوتنە لە ئاسۆوە بە روونی دیارە، هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە داخستنی گەرووی هورمز و جوڵاندنی کەشتیگەلی جەنگی گەورە لە لایەن ئەمریکا و بەرەو کەنداو و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین، لە هەمان کاتدا

دوا ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ پابەندنەبوون  بە ڕێکەوتننامەی (٥+١)، بێگومان ململانێکان دەباتە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە.
ئەگەر چل ساڵی ڕابردووی پەیوەندی ئێران و ئەمریکا لە ڕووبەڕێکی خۆڵەمێشیدا هەڵبەز و دابەزی کردبێت، وا دیارە ئەمجارە ئەو ڕووبەرە کەم دەبێتەوە و بواری هیچ مانۆڕ و خۆ لادانێک نابێت. ئەو کات جارێکی تر دەردەکەوێت جەنگ چ ماڵوێرانییەکە و دەردەکەوێت کێ زەرەرمەندی گەورە دەبێت  لەم جەنگەدا؟
هەر بۆیە گەلانی ئەم ناوچە گەرم و گرنگ و دەوڵەمەند و ستراتیجییە دەبێت هەمیشە دەستیان لەسەر دڵیان بێت، کەی شەڕ دەست پێدەکات و کەی کۆتایی دێت؟
بۆیە ئێستا ئەم ناوچەیە بە هەستیارترین چرکەکانی تەمەنیدا دەڕوات، لە دۆخێکدا هەموو ئۆردوو و سوپای ئەمریکا بە پێشکەوتووترین چەک و تەکنۆلۆجیا و هێزە چەکدارەکانی ئێرانیش خاوەنی ئایدیۆلۆجیا و ئامادە بۆ مەرگ و لە حاڵەتی ئامادەباشیدان. ڕوودانی هەر هەڵەیەک یان لێک تێنەگەیشتنێک دەکرێت ئاگرێکی لێ بکەوێتەوە کە تەڕ و وشک بە یەکەوە بسووتێنێت و گەلانی ناوچەکە بە تایبەتی ئێران، بۆ سەردەمی بەردین بگەڕێنێتەوە. ماوەتەوە بڵێین، هەرچەندە ئەمریکا لە ئەزموونەکانی جەنگ  لە ئەفغانستان و عیراق و لە ئاکامدا ئەو وڵاتانەی داگیرکرد، بەڵام دەستی سوور بوو بە خوێنی گەلانی ئەو وڵاتانە و هەیبەتی لە جیهاندا لەکەدار بوو، بۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی فشار و سزا و ئابڵۆقەکانەوە ئێران ناچار بکات پابەند و ملکەچی مەرجەکانی بێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٦١ - ٢٠١٩/٥/١٢

# کازمی لە بەردەم گەردەلوولی قەیرانەکانی عیراقدا

مستەفا کازمی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی عیراق، سێیەم کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە سەرەتای ئەمساڵی ٢٠٢٠ ەوە تائێستا کە بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق رایبسپێرێت بۆ پێکهێانی کابینەی نوێ لە دوای شکستهێنانی پارێزگاری پێشووی نەجەف عەدنان زورفی بۆ پێکهێنانی حکومەت و پێشتریش محەمەد عەللاوی بە هەمان شێوە شکستی هێنا.

کازمی لە تویتێکدا کە لە ٢٠٢٠/٤/٩ بەهەر چوار زمانی عەرەبی و کوردی و فارسی و ئینگلیزی نووسیبووی تێیدا هاتووە: (بەڵێن بە گەلەکەم دەدەم کە حکومەتێک پێکبهێنم ئامانج و ئاوات و خواستەکانی ئەوان لە پێشینەی کارەکانم بێت، پاراستنی سەروەریی نیشتمان و پاراستنی مافەکان و کار بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و پێشخستنی رەورەوەی ئابووریی بۆ پێشەوە ، هەروەها دەبێت چەک بە هەموو جۆرەکانییەوە بە دەستی دەوڵەتەوە بێت.

ئاماژەکان وا پیشان دەدەن کە مستەفا کازمی متمانەی نوێنەران بە دەست بهێنێت لە ئەنجومەنی نوێنەران، بە پێچەوانەی دووانەکەی پێش خۆی، چونکە لە مەراسیمی راسپاردنەکەیدا سەرۆکی فراکسیۆنە گەورەکانی شیعە ئامادەبوون، جگە لەوەش کۆدەنگییەکی گەورە هەیە لەسەر دەنگدان بە کابینەکەی لەلایەن کورد و سوننەشەوە ، هەرچەندە ئەرکەکەی کازمی هێندە ئاسان نابێت و پێوستی بە هەوڵ و دیالۆگی جدی هەیە لەگەڵ فراکسیۆنە جیاوازەکاندا بۆ دیاریکردنی وەزیرەکان.

### *ئاڵەنگارییەکانی بەردەم کابینەکەی کازمی*

١- داخوازیی خۆپیشاندەرانی گۆرەپانەکانی شارەکانی بەغداو باشووری عیراق کە ئێستا بەهۆی مەترسیی کۆرۆناوە چوونەتەماڵەوە کە ٧٠٠ کوژراو و ٢٥ هەزار بریندار و هەزاران کەسیان لە زینداندان و هەڕەشە دەکەن کە بە نەمانی مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگەڕێنەوە سەر شەقامەکان تا بەدیهاتنی داخوازییەکانیان.

٢- چارەکردنی کێشەی دابەزینی نرخی نەوت کە ئەمە کێشەی نوێیە و پێشتر نەبوو، کورتهێنانی گەورەیە لە بوودجەی عیراقدا.

٣- بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی نەفرەتی کۆرۆنا کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە و ژیانی ئیفلیج کردووە.
٤- بوونی چەکی دەستی میلیشیاکان کە ئەمەش قەیرانێکی گەورەیە و هەڕەشە لە ئارامیی و سەقامگیریی عیراق دەکات، مێژووش پێمان دەڵێت لە هەر کوێی ئەم جیهانەدا حوکمی میلیشیای چەکدار هەبووبێت، بەربەست بووە لە پێشکەوتن و ئارامی.

### ئێران و کازمی

هەرچەندە کاتی پەلامارەکانی ئێران و ئەمریکا بۆسەر ئامانجەکانی یەکتریی هەندێک تاقم و گروپی شیعەکانی نزیک لە ئێرانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سەرۆکی یەکێک لە دەزگا ئەمنیەکانی عیراق بەشدارە لەو ئۆپەراسیۆنەدا کە مەبەستیان کازمی بوو، بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێت کە کازمی لەلایەن ئێرانییەکانەوە پشتیوانیی گەرمی لێدەکرێت بە حوکمی ئەوەی سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی لە دەزگای هەواڵگریی هاوسەنگ بووە و توانیوێتی هاوسەنگیی نێوان ئێران و ئەمریکا رابگرێت.

### ئەمریکا و کازمی

ئەمریکاییەکانیش خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیووە بۆ کاندیدکردنی کازمی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عیراق، تەنانەت مایکڵ نایتس کە لێکۆڵەرێکی ئەمریکییە لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی دوور دەڵێت : "کازمی کەسایەتییەکی نیشتمانیی بەهێزە و بیرمەندە ، هەربۆیە ئەگەر بکرێت بە سەرۆک وەزیران، ئەوا رووبەرێکی فراوان دەخوڵقێت بۆ دیالۆگ لە نێوان عیراق و ئەمریکادا سەبارەت بە بابەتەکانی کۆمەکی ئابووریی و چاوپۆشیی لە سزاکان و هاریکاریی سەربازیش.
لە کۆتاییدا هەرچەند کابینەکەی کازمی کاتییە و بۆ ساڵێکە و دەبێت سەرکردایەتیی ماوەی ڕاگوزەر بکات و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە کە لە وتار و تویتەکانیدا ئاماژەی پێ نەدا، پێشبینی ئەوە ناکرێت گۆڕانکاریی گەورە و کاریگەر بکات، بەڵام ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت کە ببێتە کلیل و هەنگا و بۆ سەردەمێکی نوێ کە جیاواز بێت لەمەی ئێستا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٢٠٢٠/٤/١٣

# خۆپیشاندانەکانی عیراق لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "الإحتجاج" دا

هەرچەندە سۆشیال میدیا ڕۆڵی کارا و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عیراق و وڵاتانی ناوچەکە و تاوەکو باکوری ئەفریقیاش هەبوو،بەڵام لە عیراقدا کە دەستەڵاتداران تۆڕی جاڵجاڵۆکەی ئەنتەرنێتیان لە خەڵک دەبڕی گورزێکی گەورەیان لە خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازی دەدا، لە کاتێکدا ئەم هەنگاوە کردەوەیەکی دژ بە دیموکراسی و تەسککردنەوەی ڕادەربڕینە کە دژ بە دەستووری عیراقە کە ئەو مافەی بۆ گەلی عیراق مسۆگەر کردووە.

ڕۆژنامەی (احتجاج) واتە نارەزایی بەکوردی، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بزاوتە جەماوەرییەوە لە لایەن دەزگای « المدی» بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەرەکان بڵاو دەکرێتەوە، ئەگەر چی باس لەوە دەکرێت کە ڕۆژنامەی کاغەزی ئەو برەوەی جارانی نەماوە، لە هەمانکاتدا هێشتا خەڵکێکی زۆریش تا ئێستا بە شەوقو زەوقەوە دەیخوێننەوە،بۆ عیراقیش کە تۆڕی ئەنتەرنێت هەڕەشەی لەسەرە و حکومەت وەکو چەکێکی کاریگەر بەکاری دەهێنێت دژ بە خۆپیشاندەران، لەبەرئەوە گرنگە ئەم بڵاوکراوە چوار لاپەڕییە وەکو ئەڵتەرناتیفێکیش بۆ سۆشیال میدیا بڵاو بکرێتەوە.

هەرچەندە دەزگای « المدی» بڵاوکراوەکەی وا ناساندووە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و دۆکۆمێنتی ڕاپەڕینی عیراقییەکان دەکات.

لە ڕاستیدا من هەموو ژمارەکانی ئەم بڵاوکراوەم نەدیووە، بەڵام هەندێک لە ژمارەکانیم دەست کەوت بە سوپاسەوە لە لایەن هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم کاک ستران عەبدوڵا، بۆیە هەوڵدەدەم گەشتێکی خێرای بەناودا بکەم هەر لە مانشێت و سەروتارەوە تا ئەو چیرۆک و بە سەرهات و ڕووداو قوربانیانەی کە لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی ئەو شارانە و گۆڕەپانەکانەوە ئەنجام دراون.

مانشێتی ئەو ژمارانە ڕۆژانە لە سەر هەواڵە تازە و گەرمەکانی خۆپیشاندان و گۆڕەپانەکانە،پێشهاتە نوێکانی عیراقە. وەکو :

١.بەیانێک لە گۆڕەپانی تەحریرەوە، دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتی (قەناس بەدەسەکان) پێش هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ حکومەت،خۆپیشاندانێکی ملیۆنی نوێ کێشانەوەی ڕەوایەتی لە حکومەت.

٢. مانگرتنی دەوامی زانکۆ و خوێندنگەکان بەردەوامە (ئەگەر نیشتمان نەبێت دەوامیش نابێت.)
٣. هێزەکانی بەگژاچوونەوەی ئاژاوە، گولە دژی خۆپیشاندەران بەکاردەهێنن (٧) کوژراو دەیان بریندار لە چوار پارێزگا.
٤. ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی : پێشهاتەکان لە بەسرە جەرگبڕن.
٥. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ: هێزەکانی ئاسایش بەردەوامن لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی.
٦. خۆپیشاندەران: ناگەڕێینەوە بۆ ماڵەکانمان تاوەکو هەموو داخوازییەکانی گەل بەدینەیەت.
٧. دوای ڕۆژێکی خوێناوی حاڵەتێکی ئیفلیجی تەواو باڵی بەسەر شارەکانی ناوەڕاست و باشووردا کێشاوە.
٨. کۆی دوو مانگ قوربانی خۆپیشاندەران ٤٣٢ کوژراو ١٩ هەزار بریندار.
٩. خۆپیشاندەران: داوای گۆڕانکاری بنەڕەتی دەکەن و دەڵێن تەنها گۆڕینی شۆفێری ئۆتومبیلی خراپ بەس نیە.
١٠. هیومن رایتسۆچ: داوای دادگاییکردنی نێودەوڵەتی سەرۆک وەزیران دەکەن و دەڵێن خۆدزینەوە لە کوشتنی خۆپیشاندەران هیچ پاساوێکی نییە.
هەموو ژمارەکان لە لاپەڕەی یەکەم، ستوونێکی تێدایە، رۆژانە بەناوی خۆپیشاندەرێکەوە دەنووسرێت وەکو سەروتاریش وایە، کە ناونیشانی سەرەنجڕاکێش و تووڕەی تێدایە، وەکو تووڕەییەکانی شەقامی عیراق لە هەمبەر نەبوونی خزمەتگوزاری و نادادپەروەری و گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

***لەو ناونیشانە جوانانەی ئەم ستوونە ئەمانەم بۆ هەڵبژاردوون.***

١. کاتێک شەیتان دەبێتە پاسەوانی دەرگای بەهەشت.
٢. سیستانی لە نێوان لایەنگرانی و لایەنی سێ یەمدا.
٣. علوج لە بیرەوەری عیراقییەکاندا..خەم و گاڵتە وگەپ.
٤. ڕاپەڕین ڕێچکەکانی خۆی دیاری دەکات میکانیزمی یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆن.
٥. سەرکردە سیاسیەکان بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە و ئاگایان لە هەڵچوونی گۆڕەپانەکان و ناڕەزایەتیەکان نییە.
٦. خۆشەویستی و هاوسۆزی نێوان بازرگان و بزنسمانەکان لە گەڵ تاقمە سیاسیە دەستەڵاتدارەکاندا.
٧.کاتێک نیشتمان دەگری و ڕەشپۆشە.

لاپەڕەکانی ٢ و ٣ و ٤ پڕن لە وێنە و چیرۆک و هەواڵی تایبەت بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی شۆڕشی تشرین. هەوڵدەدەم هەندێک وێنە و هەواڵی گرنگ و کاریگەری بخەمەڕوو بۆ خوێنەرانی خۆشەویست.

***باڵەخانەی ڕێستورانتی تورکی***

باڵەخانەیەکی چۆڵ لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە هیچ کەسێکی تێدا نەبوو دواتر دوای ئەوەی لاوانی بەغداد لە ١ تشرینەوە بڕیاریان دا کە ٢٥ تشرینی یەکەم خۆپیشاندانێکی ملیۆنی ئەنجام بدەن، بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان،ئەو ئاپارتمانە کە دەڕوانێتە سەر گۆڕەپانی تەحریر و ئێستا ناوی تری هەیە وەکو، چیای ئوحد یان قەڵای ئازادیخوازان و لە هەموو ئاژانسەکانی هەواڵ و میدیاکاندا بە بەربڵاوی دەنگی داوەتەوە و بووە بە سیمبوڵێکی نیشتمانی گەورە بۆ هەموو ئازادیخوازانی عیراق.

***بۆ خۆپیشاندەران چوونە ئەم باڵەخانەوە ؟***

وەکو خۆپیشاندەران لە ڕۆژنامەکەدا باسیان کردووە، هۆکارەکەی ئەوەیە چونکە ئەم باڵەخانە کە ١٢ نهۆمە سەرەتا هێزە ئەمنییەکان بەکاریان دەهێنا و لەوێوە بە قەناس و گازی فرمێسک ڕێژ، پەلاماری خۆپیشاندەرانیان دەدا، بۆیە ئەمانیش لە کاتی هەوڵدان بۆ پەڕینەوە لە پردی سنک کە هێزە ئەمنیەکان پەلاماریان دەدان، وردە وردە چوونە ناو باڵەخانەکەوەو دەستیان بەسەرداگرت، کە شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەیە. کاتی خۆیشی شوێنی یەکێک لە وەزارەتەکانی سەردەمی سەدام بووە،ئێستا ئەم باڵەخانە کە هیچ بنەمایەکی ژیانی تێدا نەبوو، بە هەوڵی هەموو لایەک و بە یارمەتی ڕەوندی عیراقی لە دەرەوەی وڵات، توانراوە دەستکاری بکرێت و شانۆ و پێشانگای هونەری تێدا دروست بکرێت، کە هەموو خۆپیشاندەران هان بدات بە هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی وڵات و ڕێزگرتن لە یاسا و سەروەر بوونی.

***دیمەنەکان لە گۆڕەپانی تەحریر***

جەماوەر لە گۆڕەپانی تەحریر مانیان گرتووە و داوای مافەکانیان دەکەن بەو دروشمە سادەو ساکارەی خۆیان وەکو: داخوازییەکانیان دابەزییومەتە سەر شەقام و مافی خۆمم دەوێ، لە لایەکی ترەوە گۆڕەپانی تەحریر خاڵێکە ئەمڕۆ کە ململانێی هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکای لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. هەروەها ململانێی لە مێژینە عیراق و ئێران و

شەڕی هەشت ساڵەی نێوانیان، هەرچەندە ئیستا نەوەی نوێ ئەو شەڕەیان نەدیوە، بەڵام باوک وباپیریان قوربانی و کارکتەری ئەو جەنگە نەگریسە بوون تەنانەت لە یاری تۆپێنی نێوان هەردوو تیپی عیراق و ئێراندا، کە عیراق بردیەوە بە ڕوونی ئەمە بینرا.

### چالاکی ڕۆژانەی گۆڕەپانی تەحریر

لە چوار چێوەی ئەو چالاکی یە بەردەوامانەی لە گۆڕەپانی تەحریر بۆ پشتیوانی خۆپیشاندانەکان ئەنجامدران جگە لە پاککردنەوەی گۆڕەپانەکە و ڕازاندنەوەی بە وێنە و تابلۆی جوان و سینەما و یاری تۆپێن،ماراسۆنێکیش ڕێکخرا بۆ پشتیوانی خۆپیشاندانەکان. لە لایەکی تریشەوە چەندین هەواڵ شرۆڤەو ڕاپۆرتی جۆرا و جۆری لە خۆ گرتووە لە میدیا جیهانی و ئاژانسە هەواڵیە ناودارەکانی دونیاوە.

### ئەدەب و احتجاج

چەندین چیرۆک و شیعرو وێنەی شیعری جوانی تێدایە کە نووسەران و شاعیران بۆ پشتیوانی خۆپیشاندانەکان نووسیویانە،جگە لەوەی کە ڕۆشنبیران و یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق و دەزگای «المدى» هەموو ڕێکخراوە هونەری و ڕووناکبیریەکان ئامادەگی تەواویان هەیە لە گۆڕەپانەکە چەندین چالاکی جۆراو جۆر ئەنجام دەدەن، دوو ڕۆژنامە دەردەکەن «احتجاج و تك تك» لە باڵەخانەی ڕیستوڕانتی تورکی کتێبخانەیەکیش بە ناوی کتێبخانەی شەهیدانی تەحریر کراوەتەوە، کە کتێب بە خۆڕایی بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەش دەکات ،بۆ پشتیوانی ئەم بزوتنەوەیە و خێمە تایبەتی بە خۆیان هەیە وەکو بنکەیەکی گرنگ و ڕوویەکی شارستانیانەی خۆپیشاندانەکان دیارن.

هەواڵی پردەکانی بەغداد

هەروەکو لە هەواڵەکاندا دەیبیسین، خۆپیشاندەران بەرەو دەروازەکانی ناوچەی سەوز دەڕۆن لە پردەکانی سنەک و کۆماری و ئەوانی تر. بەرگرتنیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، باسی گۆڕەپانەکانی وەسبە و خەلانی ئەو چیرۆکانەن کە ڕۆژانە ڕووبەرێکی زۆری ڕۆژنامەکەیان داگیرکردووە.

ئەم ڕۆژنامە توانیوویەتی ڕوماڵێکی وردی خۆپیشاندانەکانی عیراق بکات هەر لە چیرۆکی «تک تک»ەکانەوە کە بوونەتە پاڵەوانی ئەم فیلمە و ڕۆڵی کارایان هەیە لە گەیاندن و فریاکەوتنی بریندارەکان و سەرجەم چالاکیەکانی تردا.

### کاری هاوکاری نانخواردنی خۆپیشاندەران

دەیان ژن، خۆبەخشانە لە گۆڕەپانەکە سەرەڕای هەموو مەینەتیەکانی مێژووی خۆیان و وڵاتەکەیان لە جەنگ و گەمارۆی نێودەوڵەتی و شەڕی ناوخۆ و تائیفیەوە، کەچی هێشتا کەسانێک هەن، هەموو ئەوانە کاری تێنەکردوون و گیانی هاریکاری و خۆبەخشیان تێدایە و پارووی دەمی خۆیان لەگەڵ هاو خەمەکانیاندا بەش دەکەن.

### هەواڵی دادگاکان

دادگای تەمیزی عیراق ڕایگەیاند، ئەو سەرپێچیانەی کە لەسەر خۆپیشاندەران تۆمار کراوە، تاوانی تیرۆریستی نین و بە گوێرەی یاسای سزادانی عیراقی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت و سەرپێچی ئاسایین و تیرۆر نین.

هەواڵی جیهانی دەربارەی خۆپیشاندان لە «احتجاج» ەوە
بەریتانیا بە توندی سەرکۆنەی بەکارهێنانی هێز و توندو تیژی دەکات لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی عیراقەوە و دژ بە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازی عیراق کە داوای مافەکانیان دەکەن.
بەیاننامەیەکی توند لە کۆمیتەی خاچی سووری نێو دەوڵەتیەوە دژ بە هێرش و پەلامارە توندو تیژەکانی هێزە ئەمنیەکانی عیراق، بۆسەر خۆپیشاندەران و کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کەس.

### بیرو بۆچوونی تائیفی و ئێتنیکی لە فەرهەنگی هاوڵاتیانی عیراقدا نەما

سەروەرییەکی تری ئەم خۆپیشاندانانە و ئەوەی لەم ڕۆژنامە جوانەدا ڕەنگی داوەتەوە، داماڵینی بەرگی تائیفی و ئێتنیکیە، هەروەها زاڵبوونی شێوازێکی نیشتمانیە کەمایەی خۆشحاڵیە و ئومێدی دوا ڕۆژی گەشی لێدەکرێت،ئەوەی من بەرچاوم نەکەوت باسی کورد و هەرێمی کوردستان بوو لەم ڕۆژنامەدا، هەرچەندە خەڵکی هەرێم هیچ پشتیوانیەکی جەماوەری ڕاستەوخۆیان نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی هەرێم پشتیوانی داخوازی خۆپیشاندەران بوون، بەڵام لێرەو لەوێ هەندێک دەنگی ناساز و نەشاز باسی هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان و مافەکانی کورد دەکەن،بەڵام ئەو قسەو هەڵوێستانە لە گەڵ دروشم و داخوازییەکانی ئەم بزاوتە نیشتمانیەدا یەک ناگرێتەوە.

***پزیشك و کارمەندانی تەندروستی***

ئەو چینەی کە زۆر ڕۆڵیان کاریگەرەوە پشت و پەناو ئومێدی خۆپیشاندەرانن، ئەو پزیشک و دکتۆرە خۆبەخش و لێهاتووەکانن، کارمەندە خۆبەخش و بەخشندەکانی تەندروستین، کە ڕۆژنامەکە تیشکی باشی خستوونەتە سەر و ئەرکە مرۆڤایەتیەکەیان بەرز دەنرخێنێت. لە کۆتاییدا چیرۆک و هەواڵ و باسوخواستەکانی ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە لەم ڕۆژنامەدا، ئێجگار فراوان و گشتگیرن وکاردانەوەی خەڵکی بەشخوراو و پەراوێزخراوی و برسی و ڕەش و ڕووتە، بەرامبەر دز و گەندەڵ و ماڤیا و چەتە یە،کە سڵ لە هیچ شتێک ناکەن، لە کوشتن و ڕفاندن و گرتن و بێ سەرو شوێن کردن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٣٤ - ٢٠١٩/١٢/١١

# ئابووری عیراق لەبەردەم مەترسیی دارماندایە؟

ڕۆژی ٧ی ئەم مانگە، لە دانیشتنێکدا کە وەزیری دارایی عیراق و گەورە کاربەدەستانی وەزارەتەکەی و لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران، هەروەها سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەیبوون، گفتوگۆ و دەمەقاڵەیەکی توند لە نێوان وەزیری دارایی و سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان هاتەکایەوە، دەربارەی سیاسەتی دارایی حکومەت.

لە دانیشتنەکەدا، وەزیری دارایی داوای لە پەرلەمان کرد، کە ڕەزامەندیی دەرببڕن تاکو قەرزی تازە بکەن، بۆئەوەی پارەی مووچە و شایستە داراییەکانی تر و بودجەی بەگەڕخستنی حکومەتی پی دابین بکەن.

لە بەرامبەر ئەم داخوازییەی حکومەتیشدا، نوێنەران خوازیاری ڕوونکردنەوەی ئەو هەنگاوانە بوون کە وەزارەتی دارایی دەیگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات و پڕکردنەوەی کورتهێنان.

لە دواییدا، گفتوگۆکان گەیشتنە توندی و قسەی زبر و تۆمەتبارکردنی یەکدی، کە وەکو کەرەسەیەکی خاوی جێ سەرنج و سەرسوڕمان، لە زۆرێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخشکرا، بەڵام بابەتە سەرەکی و گرنگەکە لە بیرکرا، کە قەیرانی ئابوورییە.

هەر دوای ئەم دانیشتنە، وەزیری دارایی  بە هاوڕێیەتی وەزیری پلاندانان ڕووبەڕووی دانیشتنێکی ئەنجومەنی نوێنەران بوونەوە، کە ئەندامێکی  لیژنەی دارایی (محەمەد ئەلدوراجی) پرسیارێکی زارەکی کرد بوو لەسەر ئەو فاکتەرانەی بۆچی تائێستا حکومەت وەرەقەی ڕیفۆم و چاکسازی پێشکەش نەکردووە؟ کە دەبوو دوای دەرچوونی یاسای قەرزکردنی ناوخۆیی و دەرەکی لە ٢٠٢٠/٦/٢٤ کە مادەی (٧) یاساکە دەڵێت، پێویستە حکومەت لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا پرۆگرامێکی چاکسازی ئابووری و دارایی پێشکەشی پەرلەمان بکات.

لە وەڵامدا وەزیری دارایی وتی: یاساکە ئامادە دەبێت بۆ نیوەی مانگی تشرینی یەکەم و زیاتر لە ٤٠ شارەزا کاری تێدا دەکەن، هەروەها وتیشی: پرۆسەی ریفۆرمی ئابووری پێویستی بە ٥ ساڵ زیاتر هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی.

**پڕکردنەوەی کورتهێنان لە بودجەدا**

حکومەت لە قۆناغی پێشوودا دەستی بۆ ئاسانترین کارت برد بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان، ئەویش قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی بوو، لەبەرئەوەی ئەرکی سەرشانی بودجەکە قورس بوو و بۆ قەرز و سوودەکانی، بۆیە ئەو بودجەیەی کە بۆ ٢٠٢٠ ئامادەکرابوو، ١٠ تریلیۆن دیناری تێدابوو بۆ دانەوەی قەرز و سوودەکانی، هەر لەبەرئەوەشە لە بودجەدا ئەو بڕگەیە جێگیر دەکرێت، چونکە حکومەت دەزانێت نوێنەران رازی نابن بە قەرزکردنی نوێ، بەڵکو کە دەنگ بە بودجە دەدەن، ئەمەش دوا هەڵبژاردەیە کە حکومەت کورتهێنانی پێ پڕبکاتەوە و ئەگەر نوێنەران بەم تەمویلە رازی نەبێت، ئەوا حکومەت ناتوانێت لە کۆتایی ئەم مانگەدا مووچەی کارمەندانی بدات، بۆیە سیستەم و حکومەت لە مەترسیی دارمانی تەواودان.

ئێستا حکومەت بە ئاشکرا باسی دەکات و پێشتریش مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران لە سەردانەکەیدا بۆ بەسرە وتی: ٧ ملیار دۆلارمان پێویستە بۆ مووچە، لە کاتێکدا حکومەت تەنها بایی ٣ ملیار دۆلار نەوت دەفرۆشێت، کەواتە ٤ ملیار دۆلار کورتهێنان هەیە، لەبەرئەوە لەسەر سەرۆک وەزیرانە تاکو فشار بکات لە وەزیرەکانی کە هەموو هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ، بۆئەوەی لە رێگەی کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهاتەوە، کورتهێنانەکانیان پڕ بکەنەوە، لە کاتێکدا وەزارەتەکانی پیشەسازی و کارەبا و کشتوکاڵ دەتوانن دەیان ملیار دۆلار داهاتەکانیان زیاد بکەن، ئەگەر بە بەرنامە و پلانێکی تۆکمە و یەکگرتوو و زانستییانە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

**وەرقەی ریفۆرمی دارایی**

بەربەست و کۆسپی گەورە هەن لەبەردەم هەر هەنگاوێکی چاکسازی، چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یان خودی ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ بەرگرتن لە فیرۆدانی ماڵی گشتی لەلایەن ئەو هێز و قەوارە سیاسییانەوە کە دەخوازن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پارێزگاری لە پێگەکانیان بکەن، چ لە وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکاندا بێت.

کوردستانی نوێ -ژ. ٨١٧٧ - ٢٠٢٠/٩/١٣

# گەڕاندنەوەی ئەرشیفەکانی بەعس لە ئەمریکاوە بۆ عیراق

لە ٣١ ئابی ٢٠٢٠دا، حکومەتی بەغدا ٤٨ تۆن دۆکیۆمێنت و ئەرشیفی حزبی بەعس و حکومەتی عیراقی لە حکومەتی ئەمریکا وەرگرتەوە، کە بەگوێرەی ڕێکەوتنێکی پێشووتری نێوان واشنتۆن و بەغدا، ئیمزاکرابوو.

ئەوەی روونە، لە دوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە، هێزەکانی سوپای ئەمریکا دەستیانگرت بەسەر زیاتر لە پێنج ملیۆن لاپەڕە لە دۆکیۆمێنت و نامەی نێردراو و وەڵام لە نێوان سەرکردایەتیی هەرێمی عیراقی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا لە (١٩٦٨-٢٠٠٣) و دامودەزگاکانی دەوڵەتی عیراق، کە پەیوەندییان بە کاروباری کارگێڕی و ئەو ڕاپۆرتانەوە هەیە، کە ئەندامەکانی حزبی بەعس لەسەر هاووڵاتیان و دراوسێ و خزم و کەسوکاری خۆیان نووسیویانە و تۆمەتباریان دەکەن بەوەی کە ڕەخنەیان لە سەدام حسێن سەرۆکی رژێمی پێشوو گرتووە، یان لەسەر سەربازەکانی سوپای عیراق، کە تۆمەتباریان دەکەن بە خیانەت، کاتێک بەدیلگیراون لە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عیراق و ئێراندا و زۆر بابەتی تریش.

هەرچەندە حکومەتی عیراق دوای وەرگرتنەوەی ئەو دۆکیۆمێنتانە، کە ئەرشیفی سەرکردایەتیی حزبی بەعسە، یەکسەر لە شوێنێکی نهێنی هەڵیگرتن و نیازیشیان نییە ئێستا ناوەڕۆکی ئەو دۆکیۆمێنتانە بۆ خەڵکی عیراق ئاشکرابکەن یان بیانخەنەڕوو، تاکو خاوەن پەیوەندی و توێژەران و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، کەڵکی لێوەربگرن، ئیتر لەبەرئەوە بێت، کە ڕووداوەکان کاتێکی زۆریان بەسەردا تێنەپەڕیوە، هێشتا، یان بەشێکی زۆر لەو کارەکتەرانە لەوەیە تائێستا لە ژیاندا مابن و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسییەوە.

### گرنگی ئەو ئەرشیفە

لەکاتی سەردانەکەی ئەم دواییەی مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عیراق بۆ ئەمریکا و دوای ئەو پێشوازییە گەرمەی لێی کرا، بەشی سێیەمی ئەرشیفی عیراقی رادەستکرا، کە پێشتر ئاماژەم پێدا. بەشەکانی تر پێشتر وەرگیرابوون و لەلایەن عیراقەوە. بەشی یەکەم دۆسێی حکومەت و هەواڵگریی بوو، بەشی دووەم دۆسێی کورد بوو، دۆسێی

سێیەم و کۆتاییش ئەم دۆسێیە بوو، کە کازمی وەریگرتەوە و گرنگترینی دۆسێ و بابەتە هەستیارەکان بوو، لەبەرئەوەی تەواوی کۆنووسی کۆبوونەوە ناوخۆییە تایبەتەکانی سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی حزبی بەعسی لەخۆگرتووە، جگە لە ناوی سەرکردەکانی حزب و ئەو نووسراو و موراسەلاتانەی لە نێوان سەرکردایەتیی حزبی بەعس و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەمن و هەواڵگریی؛ لەوکاتەدا کراوە، جگە لەو پرۆسەی چاودێری و سانسۆرەی کە حزبی ناوبراو بەرامبەر بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە کردوویەتی، کە ئێستا بەشێکی زۆری ئەوانە فەرمانڕەوای عیراقن، هەروەها ناوی هەموو ئەو کەسانەشی تێدایە کە دامودەزگاکانی بەعس بەکاریهێناون بۆ سیخوڕی و سانسۆری سەر گەلی عیراق، بۆیە ئێستا بەشێکی زۆری عیراقییەکان خوازیارن ئەو دۆسێیانە ببینن، بۆئەوەی چارەنووسی کەسوکارە بێسەروشوێنەکانیان بزانن، جگە لە چارەنووسی کوێتییەکان، کە لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا لە ساڵی ١٩٩٠دا، شوێنبزر کران.

### کازمی و ئەرشیفەکە

بەوپێیەی مستەفا کازمی لە دامەزراوەی زاکیرەی عیراق کاریکردووە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەمریکا دامەزراوە بۆ دۆکیۆمێنتکردنی سەردەمی فەرمانڕەوای بەعس، زۆربەی هەرەزۆری ئەو دۆسێیانەی بینیوەو سوودی لێوەرگرتوون، بەتایبەتی لەوکاتەی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عیراق بوو، پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆک وەزیران، هەرچەندە وا ڕاگەیەنرا کە رادەستکردنەوەی ئەو دۆکیۆمێنتانە لەکاتی سەردانەکەی کازمی بۆ واشنتۆن پەیوەندیی بە هۆکاری تەکنیکییەوە هەبووە نەک سیاسی، لەبەرئەوەی لایەنی ئەمریکی لێکتێگەیشتنی پێشتری لەگەڵ لایەنی عیراقی هەبووە سەبارەت بەم دۆسێیانە، بەڵام لە عیراق، بە پێچەوانەی لێدوانەکانی ئەمریکا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە هەندێک لایەن کاریان بۆ دامودەزگا جاسوسی و داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی بەعس کردووە.
لە کۆتاییدا، ماڵپەڕ و ناوەندەکانی نزیک لە بەعس، لە گرنگیی ئەم دۆکیۆمێنتانە کەمدەکەنەوەو دەبێژن:
ئێمە حزبی فەرمانڕەوا بووین و بە ئاشکرا کارمانکردووە، نەک کاری نهێنی، ئەوە ئەرشیفی دەوڵەت و حکومەتە.

کوردستانی نوێ -ژ. ٨١٨٢ - ٢٠٢٠/٩/٢٠

# بەشی سێیەم

# داعـــــــش

# داعش لە بەردەرگای ماڵەکانمانەوە بۆ سەربانی ماڵەکان

ساڵی ٢٠١٤ ئەو کاتەی داعش موسڵیان داگیر کرد و دواتر سێ یەکی خاکی عیراقیشیان بەهەمان دەرد برد، هێشتا پەلاماری مەخموریان نەدابوو من هەر زوو هەستم بە مەترسییەکە کرد، وتارێکی خێرام نووسی و ئەو کات لە ماڵپەڕی ئاوێنە بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی داعش لە بەردەرگای ماڵەکانمان، وائێستاش جارێکی دی داعش جموجۆڵەکانیان بە ئاشکرا دەبینرێت، بۆیە ئەگەر جاری پێشوو هاتنە بەر دەرگای ماڵمان ئەمجارە ئەگەر هەنگاوی خێرا نەنرێت دوور نییە هەڵنەکوتنە سەر سەربانی ماڵەکانمان.

### مەترسییەکە لە چییەوە سەرچاوە ی گرتووە؟

١. هاتنەوەی ئەمیرە تازەکەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (ئەبو ئیبراهیم قرشی) و زۆرێک لە سەرکردە مەیدانییەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بۆ عیراق و نیشتەجێبوونیان لەم وڵاتە.

٢. هێرش و پەلامارەکانی چەند ڕۆژی رابردووی داعش بۆ سەر هێزە ئەمنییەکانی عیراق و بە ئامانجگرتنی ئەفسەر و پلەدارەکان، ئاماژەی مەترسیدارن و شەقام و خەڵکی عیراقیان نیگەران کردووە.

٣. کەڵک وەرگرتن بە سەرقاڵی دەوڵەت و هێزە ئەمنییەکان بە بەرنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پەلاماردانی دامودەزگاکانی حکومەت، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین و کەرکوک.

٤. سەرچاوە هەواڵگرییەکان باس لەوە دەکەن کە ئەبو ئیبراهیم قرشی و سەرکردە پلە یەکەکانی داعش لە عیراق خەریکی خۆڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی هەموو شانە نووستووەکان و ئەوانەی کە دابڕاون و شیرازەی ڕێکخستنیان تێکچووە و گرێدانەوەیان بەیەکەوە بۆ هێرش و پەلاماری نوێ.

### ستراتیجییەتی نوێی داعش

سەرچاوەکانی هەواڵی نزیک لەو ڕەوتە تیرۆریستییە باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتی ئیسلامی کە بە قورسایی خۆی گواستۆتەوە بۆ عیراق و بە تایبەتی ناوچە جێناکۆکەکانی

کوردستان، هەر لە ئەبو ئیبراهیم قرشی کە ئەمیری دەوڵەتەکەیە دوای کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی موبایەعەیان کردووە و عەبدوڵڵا قەرداش کە تورکمانە و خەڵکی تەلەعفەرە و محەمەد سەعید مەولا کە لە سەر لیستی تیرۆری ئەمریکا داواکراوە، ستراتیجیەتییەکی نوێیان داڕشتووە بۆ تێکدانی بارودۆخی عیراق بە هەرێمیشەوە، کە خۆی لە چوار خاڵدا دەبینێتەوە:

١. شەڕ و روبەڕوبونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ سوپا و هێزە ئەمنییەکان.
٢. کشانەوەی هێزەکان بۆ شوێنی شەڕەکان.
٣. دانانی بۆسە.
٤. شەڕ لە دوورەوە.

هەربۆیە لە چەند رۆژی رابردوودا ئەو پلانەیان جێبەجێکردووە و لە چەند شوێنێکی جیاوازدا زیانیان بە هێزەکانی عیراق و هەرێمی کوردستانیش گەیاندووە.

### چیای قەرەچووغ و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم

ئەو مەترسییەی کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە ئەوەیە کە هێزەکانی داعش لەو ناوچانە جێگیربوون و لاوازی سوپای عیراق و هێزە ئەمنییەکان و نەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە، هەڕەشەی جددی و گەورەن بۆ سەر ئایندەی هەرێم و هەموو خەڵکی کورد لەو ناوچانە بەر شاڵاوی جینۆسایدی وەکو ئەوەی شنگال و ئێزدییەکان بکەون.

ئەوەی زۆر مەترسیدارە چیای قەرەچووغە، کە ناوچەیەکی دوورەدەست و سەخت و عاسییە و پڕیەتی لە کون و ئەشکەوت و تونێلی جۆراوجۆر، کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت.

لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە گەیاندنی کۆمەک و خواردەمەنی لە رووی لۆجستییەوە کارێکی ئاسان نییە بۆ داعش، بەڵام لە رێگەی قاچاغ و پێدانی پارە و دارایی زۆرەوە، دەتوانێت پێداویستییەکانی دابین بکات.

### چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی داعش

بۆ کۆتاییهێنان بە پاشماوەکانی داعش، پێویستە پلانێکی سەربازی و سیاسی پتەو و هاوبەش لە نێوان سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عیراق و هێزی پێشمەرگە دابنرێت، بە پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە ئێستا چالاکییەکانیان هەڵپەساردووە،

جگە لە پلانێکی سیاسی کە چارەسەری هەموو کێشەکانی عیراق بکات لە لایەن کابینەی نوێوە ئەگەر پێکهێنرا بە سەرۆکایەتیی کازمی بۆ ناوچە سوننییەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور و گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ وڵات و دوورکەوتنەوە لە حوکمی تائیفی.
لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم کێشە و قەیرانانەی عیراق هێندەی سیاسیین، سەربازی نین و پێویستیان بە چارەسەری یەکجاری و حەکیمانە هەیە و هەموو ئەزموونەکان ئەوەیان بۆ سەلماندین کە بە سڕینەوە و پەراوێزخستن، هیچ پێکهاتە و نەتەوە و ئتنیکێک کۆتایی نایەت.

کوردستانی نوێ- ژ. ٨١١٠ - ٢٠٢٠/٥/٣

# داعشە فەرەنسییەکان

لە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) و پێکهێنانی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی بۆ بەگژاچوونەوەی داعش بە سەرکردایەتی ئەمریکا فەرەنسا یەکێک لەو وڵاتانە بوو بە خێرا پەیوەستی ئەو هاوپەیمانێتیە بوو هەر ئەوکات سەرۆکی پێشووی فەرەنسا فرانسۆ هۆلاند سەردانی عیراق و هەرێمی کوردستانی کرد.
دەکرێت بپرسین بۆ فەرەنسا لە وڵاتانی تر وا گورج و گۆڵ تر هاتە مەیدان و قۆڵی لێ هەڵماڵی بۆ لەناوبردنی داعش و هەمووڕەوتە توند ئاژۆکانی تر؟
وەڵامەکەی ڕوونە هەر ئەوکات ئەوەراگەیەنرا لە زۆرێک لە میدیاکان و سەرچاوە هەواڵگرییەکانەوە کە ٩٠٠ کەس لەو چەکدار بیانیانەی لەریزەکانی داعشدا هەڵگری رەگەزنامەی فەرەنسین بەڵام دواتر ئەو ژمارەی زیادی کرد بۆ ١٧٠٠ کەس بەگوێرەی ئامارەکانی حکومەتی فەرەنسا کە هەموویان ڕوویان کردۆتە عیراق و شام و پەیوەست بوون بە تاقم و گروپە جیهادیە تیرۆریستەکانەوە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ هەروەها باس لەوە دەکەن کە ژمارەیەکی کەمیان ڕۆیشتوون بۆ وڵاتانی ئەفغانستان و لیبیا و وڵاتانی مەغریبی عەرەبی،لەوانە ٢٦٠ کەسیان بە ئارەزووی خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ فەرەنسا، ٢٠٠ کەسیان دادگایی کراوان بەگوێرەی وتەی وەزارەتی دادی فەرەنسا، هەروەها نزیکە ٣٠٠ کەسیشیان کوژراون لە شەڕ و پێکدادانەکاندا.

### *ئەرکی داعشە فەرەنسیەکان*

ئەو ئەرک و چالاکیانەی دەسپێرا بە فەرەنسیەکانی ناوریزەکانی داعش جیاواز بوو لەوانی تر، ئەمان سوودیان لێوەر دەگیرا بۆ پروپاگەندە بە زمانی فەرەنسی و ڕاکێشانی خەڵکی نوێ بۆ ناوریزەکانیان، هەروەها سوود لە توانا و شارەزاییەکانیان وەردەگیرا لە بواری تەکنیک و تەکنۆلۆجیا بۆ بەڕێوەبردن و پێشخستنی رێکخستنی ڕێکخراوەکەیان، جگە لەوەی سوود لەوانەشیان وەردەگیرا کە شارەزاییان لە بواری پزیشکی و چارەسەرکردندا هەبوو.
لەلایەکی ترەوە هەندێک لە فەرەنسیەکانی ناو داعش ئەرک و بەرپرسیارێتی گرنگیان پێسپێرا لەوانە (ڕەشید قاسم) کە گوماندەکرێت ئەو سەرپەرشتی هێرشەکانی سەر فەرەنسای کردبێت و پێدەچێت ئەو بیری داڕێژەر و جێبەجێکەری تاوانی کوشتنی پۆلیسێک و هاوڕێ کەی بێت لە هەرێمی ئیفلین لە ١٣ یۆنیۆ ی ٢٠١٦ دا، هەروەها

ئەنجامدانی تاوانی سەربڕینی کاهینێک لە کەنیسەکەی دا لە سانت ئتیان لە ٢٦ یۆلیۆی ٢٠١٦ کە دواتر وا باسدەکرێت لە بۆردوومانێکی فڕۆکە ئەمریکیەکاندا لە موسڵ کوژرابێت. لە لایەکی ترەوە حکومەتی تورکیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ دا (جۆناتان جیفرەوای) فەرەنسی کە یەکێک لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی داعش بووڕادەستی فەرەنسا کردەوە،هەروەها هێزەکانی (هەسەدە)ش لە یۆنیۆی ٢٠١٨ (ئەدریان لیۆنیل کیالی) ناسراو بە ئەبو ئوسامەی فەرەنسیان دەسگیرکرد کەرۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە هێرشەکانی سەر فەرەنسا.
هەروەها لە نێو داعشە ژنەکانیشدا یەکێک لەناودارترینیان (ئەمیلی کونیگ) ٣٣ ساڵ بوو کە لە لایەن هەسەدەوە دەستگیرکرا کەرۆڵێکی زۆر هەبوو لە پڕوپاگەندە و هاندان و کۆکردنەوەی خەڵک لەرێگەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێتەوە و هاندانی هەندێک لە خزم و ناسیاوەکانی بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە.

***چارەنووسی داعشە فەرەنسییەکان***

یەکێک لەو کێشانەی رووبەڕووی حکومەتی فەرەنسا بووەتەوە، چارەنووسی ئەو فەرەنسیانەیە کە لەریزەکانی داعشدا بوون و ئێستا شەڕەکە تەواو بووەو چۆنێتی گەڕانەوەی ئەوان و ئەو منالانەی کە دایک و باوکیان نەماوە کە هەموو ئەوانە کێشەی گەورەن، ئەگەر پێشتر فەرەنسیەکان قایل بوون کە بە گوێرەی یاسای عیراق و سوریا هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئەو گۆڕانکاریەی کە لە هەڵوێستی ئەمریکادا روویدا بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا فەرەنسیەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە نەیەڵن ئەو فەرەنسیە سامناکانە پرش و بڵاو ببنەوە، بەتایبەتی نزیکەی ٢٥٠ کەسیان لەلای هەسەدە دیلن، کە لە هەر گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراودا بۆی هەیە ئازاد بن و تاوانی گەورە ئەنجام بدەن.
بۆیە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بڕیارێکی دەرکرد تایبەت بەو فەرەنسیانەی کە لەریزەکانی داعشدا بوونرووبەڕووی توندترین لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە، بە تاوانی بەشداریکردن لەریزەکانیرێکخراوێکی تیرۆریستی کە تاوانیان ئەنجامداوە لە عیراق و شام و تەنانەت فەرەنساش و ئێستاش هەڕەشەن.
لە هەمانکاتدا وەزیری ناوخۆی فەرەنساش بەرپەرچی هەموو ئەوانەی دایەوە کە دژی ئەم بڕیارە بوون و وتی: ئەگەر ئەو تیرۆریستانە بگەڕێنەوە بۆ فەرەنسا یەکسەر دەستبەسەرو زیندانی دەکرێن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٨٠ - ٢٠١٩/٢/٣

# هۆشداری لە گەڕانەوەی داعش

ڕاپۆرتێکی وەرزیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) هۆشداری لەوە دەدات کە سەرکردەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام، سەرگەرمی نەخشە و پلانن بۆئەوەی جارێکی تر خۆیان ڕێکبخەنەوە و بەتایبەتی ئەو تاقمانەیان کە ئێستا لە نێوان عیراق و سوریادان بۆ ئەوەی دەست بەکردەوە تیرۆریستییەکانیان بکەنەوە و پەلاماری زۆر ئامانجی گرنگ و هەستیار بدەن نەک هەر لە عیراق و سوریا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا.

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سەرکردە و فەرماندەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) لە هەوڵی ئەوەدان کە خۆیان بگونجێنن و لەگەڵ بارودۆخی نوێیاندا و یەکبگرنەوە و بمێننەوە لەو ناوچانەی کە لە بنەڕەتەوە ماون تێیدا و شانەی نووستووی نوێ پێکبهێنن لە سەر ئاستی ناوخۆ و پەلاماری دەرەوەش بدەن ، هەر کاتێک رووبەر و کاتی پێویستیان بۆ گونجا.

لەلایەکی ترەوە، ڕاپۆرتەکە هۆشداریی پێویست دەدات لەوەی کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی لە کاری جددی و بەردەوامدایە بۆ ئەوەی خۆی بگۆڕێت بۆ تۆڕێکی ڕێکخراوی نهێنی، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەدوای لەدەستدانی دوا پێگەیان لە شارۆچکەی باغۆز لە ڕۆژهەڵاتی سوریا لەسەر دەستی هێزەکانی هەسەدە لەمانگی ئازاری ٢٠١٩. هەروەها ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەشی کردووە کە ئەبوبەکر بەغدادی ئەمیری ڕێکخراوەکە، زۆربەی کاتەکانی لەدەرەوەی سنوورەکانی عیراق بەسەر دەبات.

هەمان ڕاپۆرت لەچەندین دەزگای هەواڵگری سەر بەوڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی دەستکەوتووە کە ئەو دەزگایانە پێشبینی دەکەن و لەو باوەڕدان کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی، جارێکی تر لە عیراق و سوریا سەرهەڵبدەنەوە و دەست بەکار و کردەوەی تیرۆریستیی قێزەون بکەن. ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی تا ئێستاش نزیکەی ١٠ تا ١٥ هەزار چەکداری هەبێت و زۆربەیان لە شانەی نهێنی و نووستوودا خۆیان مەڵاس دابێت.

هەروەها ڕاپۆرتەکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کردەوەکانی ڕێکخراوەکە زیاتر لە عیراق پێشکەوتوو تر و بەهێزترە وەک لە سوریا و تا ئێستاش بە شێکی زۆری ئەندام و لایەنگرانیان بە ئازادی لە بەشێکی زۆری عیراق و سوریادا دەجوڵێنەوە، بۆیە تا ئێستا لەزۆر شوێن پەلاماری هێزە ئەمنییەکانی عیراق دەدەن و کاری توندوتیژی ئەنجام دەدەن،

بەتایبەتی ئەوەی ئەمساڵ لە وەرزی دروێنەی کشتوکاڵدا ئەنجامیان دا بەسووتاندنی بەروبومی دانەوێڵەی جوتیاران لە بەشێکی زۆری عیراق و سوریا، ئامانجیان ئەوەیە کە ئاژاوە و پشێوی و دۆخێکی ناسەقامگیر بێننە ئاراوە، کە خەڵکی ئەو ناوچانە نەتوانن بگەڕێنەوە سەر خاک و ماڵ و حاڵی خۆیان و درێژە بەدۆخی شەڕ و بەرەڵایی و بێسەروبەری بدەن.

جگە لەم راپۆرتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، راپۆرتێکی ئەمریکیش هەیە کە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی جەنگ دەریکردووە، کە پەیمانگەیەکی ناحکومییە و بارەگاکەی لە واشنتۆنە و ٧٦ لاپەڕەیە، باس لەوە دەکات کە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی هێشتا نەڕووخاوە و خۆی ساز دەدات بۆئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ بەشێوەیەکی دڕندانەتر و هۆڤی تر لە جاران، سەرەڕای ئەوەی هەموو خاکەکەی کە دەوڵەتەکەی لەسەر راگەیاند، لەدەستدا.

ئەم راپۆرتەش ئاماژە بەوە دەدات کە ئێستا رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی زۆر بەهێزترە و خاوەنی نزیکەی ٣٠ هەزار چەکدارە لە عیراق و سوریا. بەگوێرەی خەمڵاندنی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا، لەرێکخراوی ئەلقاعیدەی ساڵی ٢٠١١ بەهێزترە، کە خاوەنی ٧٠٠ تا ١٠٠٠ چەکدار بوو و توانییان ببنە ناوکی هێزێکی گەورە کە دواتر فەلوجە و موسڵ و سێیەکی  خاکی عیراق و بەشێکی زۆری رۆژهەڵاتی سوریا داگیربکەن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین، حکومەتی عیراق و هاوپەیمانان چییانکردووە تاکو رێ بگرن لەوەی داعش بێتەوە و ببێتە میوانی ناوەختی عیراقییەکان، یان هەر خەریکی ململانێی نابەجێ و خۆدزینەوە دەبن لە جێبەجێکردنی دەستوور و خۆسەپاندنن بەسەر یەکتردا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٢٩ - ٢٠١٩/٨/٤

# ئەبوبەکر بەغدادی لە ئۆپەراسیۆنی (کایلا مولەر) دا کوژرا

دواجار ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کۆتایی بە ژیانی هات و چۆن لە پێنج ساڵی ڕابردووی تەمەنی خەلافەتە کەیدا کوشتن و بڕین و تاڵانکردن و بە سەبایا کردن و تێکدانی شوێنەوارە مێژووییەکان حەڵاڵ کردنی خوێنی هەموو ئەو کەسانەی کە لە گەڵیاندا نەبوون ، چ لە ئێزدیەکان و کریستیانەکان و شیعەکان و کوردەکان و زۆر تاوانی گەورەی تریان ئەنجام دا کە مرۆڤایەتی شەرمەزارە لە ئاستیاندا. بەڵێ ئەوە چارەنووسی هەموو خوێنڕێژو دکتاتۆر و گەندەڵێکە کە زوو یان درەنگ ئاکامی کارو کردەوەکانی وەردەگرێت بۆیە هەر دەبوو چاوەڕوانی ئەو چارەنووسە بین بۆ ئەو جانەوەرە سامناکە.

### کێ بەغدادی کوشت ؟

ڕۆژی ٢٧ی ئۆکتوبەر ٢٠١٩ سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا شەوی ڕابردوو لە ئۆپەراسیۆنێکی جۆری نهێنی و نەخشە بۆداڕێژاوی وردا لە ژێرناوی ((کایلا مۆلەر))دا کە دواتر بە درێژی باسی ئەو ناوە دەکەین توانیان کۆتایی بە ژیانی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بهێنن، بێگومان ناوی بەغدادی ناسراوە لە سەر ئاستی جیهان بۆ تاوان وخوێن ڕشتنەکانی، کە شوێنێک نەما لەم جیهانە دەستی تاوانی نەیگاتێ، لە خۆر هەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، لە باکورەوە بۆ باشوری زەوی.

ترەمپ زانیاری زیاتری لە سەر چۆنێتی کوشتنی بەغدادی خستە ڕوو وتی: هەڵهات بۆ تونێلێکی تاریک کە دەرنەدەچوو و سەگ دوای کەوتبوون ، بۆیە خۆی تەقاندەوە بەو چاکەتە بۆمبڕێژکراوەی کە لە بەریدا بوو خۆی و سێ منداڵ کەلە گەڵیدا بوون کوژراو تونێلەکەش ڕووخا بەسەریدا تەرم و لاشەکەشی شێوا و لەت و پەت بوو.

### کێ هاوکار بوو لەم ئۆپەراسیۆنەدا ؟

ترەمپ ڕایگەیاند کە کوردەکان مەبەست کوردانی خۆرئاوا هاوکار بوون و زانیاری پێویستیان پێداون و بۆیە زۆر سوپاس و ستایشی کردن ، لە هەمان کاتدا وتەبێژی

هەسەدەش ڕایگەیاند کە ئۆپەراسۆنێکی هاوبەش بووە لە نێوان ئەوان و هاوپەیماناندا ، لە لایەکی ترەوە ترەمپ سوپاسی ڕوسیای کرد کە بوار ی ئاسمانی سوریای بۆ کردونەتەوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە ، بەڵام ڕووسەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە کە ئاگادار ی ئەو ئۆپەراسیۆنە بووبن.

لە لایەکی تریشەوە وەزارەتی بەرگری عێراق ڕایگەیاند کە دەزگای هەواڵگری سەربازی عێراق ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە چاودێری و دەستنیشانکردنی شوێن و پەناگەی بەغدادی دوای ئەوەی بۆ ماوەی یەک ساڵ تیمێکی تایبەت بە وردی بەدواداچوون و چاودێری وردیان کردووە تا لە نزیک ئەدلب شوێنەکەی دیاری کراو و بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەمریکیەکان ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتووی ئەنجام درا.

### قازانجی ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ترەمپ

پێدەچێت ئەم کوشتنەی بەغدادی لەم کاتەدا سوودو کەڵکی باش بە سەرۆک ترەمپ بگەیەنێت لەو پرۆسەی لێپێچینەوەی کە  دیموکراتەکان دەستیانداوەتێ لە دژی ترەمپ.

بۆ ناوی ئۆپەراسیۆنەکە نرا (کایلا مولەر)

کایلا مولەر ئەو کچە ئەمریکیە یە لە دایکبوی ساڵی ١٩٨٨ ولایەتی ئەریزۆنا، چالاکوانی مافی مرۆڤ و ، وەکو خۆبەخش و چالاکوانی مەدەنی لە بواری یارمەتی مرۆڤایەتی دا کاری دەکرد ، لەلایەن داعشەوە ڕفێنراو وەکو بارمتە دەستبەسەرکرا  لە حەڵەب لە ساڵی ٢٠١٣لە نەخۆشخانەی پزیشکانی بێ سنوور و دواتر لە ٦ شوباتی ٢٠١٥ کوژرا.

ئەوەی لە سەر زاری دایک و باوکی کایلا مولەرەوە باسی کراوە کە بۆ میدیاکانی ئەمریکا قسەیان کردووە بە تایبەتی بۆ تۆڕی ABC   ئەوەیە کە کچەکەیان ئەشکەنجە دراوەو و دەستدرێژی سیکسی کراوەتە سەر لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادیەوە.

بۆیە ئێستا دوای چوارساڵ ئەمریکیەکان لە کوژران وتیرۆر کردنی ئەو هاوڵاتی یەیان کە گێڕانەوەی جۆراو جۆر هەیە لە سەر شێوازی کوشتنەکەی، بە هەقی خۆیانی دەزانن سزای ئەو تاونبارە بدەن و تۆڵەی کایلا مولەر و هەزاران خەڵکی تری بێ تاوان لە عێراق و سوریا لە سەری یەکەمی داعش بکەنەوەو ئەو ئۆپەراسیۆنە بەناوی کایلا مۆلەری مرۆڤ و ئازدیخوازو چالاکوانی مەدنی یەوە بنێن.

پۆلیتیک – ٢٠١٩/١١/٣

# ئەبوبەکر بەغدادی لە دوو وێنە و دوو کاتی جیاوازدا

دوای پێنج ساڵ لە جاری یەکەم لە مانگی رەمەزانی ٢٠١٤، جارێکی تر ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام و هەفتەیەک پێش مانگی رەمەزان، لە ساڵی ٢٠١٩ دا جارێکی دی لە شریتێکی ڤیدیۆیی ١٨ خولەکیدا لە رێگەی دەزگای راگەیاندنی دەوڵەتەکەیەوە (الفرقان) پەیامێکی بڵاوکردەوە.
ئەم دەرکەوتنەی بەغدادی لەم کات و ساتەدا خوێندنەوەی جیاواز و ئامانجی جۆراوجۆری لە پشتەوەیە، لە پێش هەموویانەوە:
١. هەموو ئەو هەواڵ و زانیارییانە رەتدەکاتەوە کە دەزگا هەواڵگرییەکانی هاوپەیمانان بە عیراقیشەوە، کە باسیان لە کوشتن و لەناوبردنی بەغدادی دەکرد لە ماوەی رابردوودا، لە کاتێکدا ئاماژەی بە رووداوەکانی ئەم دواییە کرد، هەر لە شەڕی باغۆزو تازەترینیان کردەوە تیرۆریستییەکەی سریلانکا.
٢. سەرەڕای ئەو گورزە قورسانەی بەر دەوڵەتەکەی کەوت لە پێنج ساڵی رابردوودا، بە لەدەستدانی هەموو ئەو رووبەرە زەوییە فراوانەی کە لە عیراق و شام لە بندەستیدا بوو، بەغدادی روو لە ئەندامانی دەوڵەتە تیرۆریستی و وێرانەکەی دەکات و بۆئەوەی ورەیان بەرز بکاتەوە، پێیان دەڵێت ماوم و هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوە لە خاچ پەرستەکان دەکات و خۆیان وا نمایش دەکەن کە هێزێکی کاریگەری نێودەوڵەتین.
٣. بەغدادی دەستی لە رەشاشە رووسییەی بەرنەداوەو لەلای راستی خۆیەوە دایناوەو پشتێنی بۆمبڕێژکراوی لە خۆی بەستووە، کە ئاماژەیە بۆئەوەی لە ژێر فشارو هیچ بارودۆخێکی تەنگانەدا خۆی رادەستی هیچ دەوڵەتو لایەنێک نەکات. لە کاتێکدا ئەمریکا بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ هەر کەسێک کارئاسانیو رێنوێنی بۆ دەستگیرکردنی بکات.
٤. هەروەها دەیەوێت ئەوە بە هەموو نەیارەکانی بڵێت کە بیرو باوەڕو ئایدیۆلۆجی دەوڵەتەکەیان ماوە لەسەر ئاستی جیهان، سەرەڕای لە دەستدانی خاکی ژێر دەستیان.
لەلایەکی ترەوە بەغدادی ریشی بە خەنە بۆیاخ کردووەو خۆی وا پیشان دەدات کە لە تەندروستییەکی باشدایەو دەستی دەجوڵان، کە مەبەستی ئەوە بوو بە لایەنگرانی بڵێت ساغ و سەلامەتە، سەرەڕای ئەوەی هیلاک و شەکەتە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر

خۆی دەشارێتەوەو سەرەڕای ئەوەی چەندین جار وا بڵاوکرایەوە کە بەر شاڵاوی بۆمبی فڕۆکەکان کەوتووە.

بەغدادی ئەگەرچی لەگەڵ بەشێک لە یاریدەدەرەکانی دانیشتبوو و دەموچاویان داپۆشرابوو، باسی لە رۆڵی ئیمپراتۆرییەتە میدیاییەکەی دەوڵەتەکەی کرد و هەوڵ و کۆششەکانیانی بەرزنرخاندو بە سوارچاکانی راگەیاندن ناوی بردن، جگە لەوەش باسی بەرگری چەتەکانی خۆی کرد لە شەڕەکانی بێجی و موسڵ و باغۆز و سرت لە لیبیاو وتی: پرۆگرامی دەوڵەتەکەمان نەگۆڕاوە و یەک بست خاک ناگیرێت تا بەسەر لاشەکانماندا نەڕۆن و هەڕەشەی تۆڵە ئەستاندنەوەی کرد و ئاماژەی بە ٩٢ کردەوەی تیرۆریستی دا لە هەشت وڵاتی جیا، وەکو تۆڵەئەستاندنەوە لە شکستەکانیان لە عیراق و شام.

لە هەمووی سامناکتر هەڕەشەی شەڕی بەردەوام و لەسەرخۆی کرد، خوێنبەربوونی تەواو (حرب استنزاف) لە عەرەبستانی سعودییە و لیبیا و ئەفغانستان و مالی و بورکینۆفاسۆ و هەروەها داوای لە لقەکانی دەوڵەتەکەی کرد لە ئەفریقیا و بە تایبەتی سەرکردەکەیان ئەبو وەلیدی سەحراوی، کە پەلاماری بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا و هاوپەیمانەکانی بدەن لە تۆڵەی براکانیان لە عیراق و شام.

لەلایەکی ترەوە، باسی رووداوەکانی جەزائیر و دەست لەکارکێشانەوەی بوتەفلیقە و کودەتای سوپای سودان و لەکارخستنی عومەر بەشیری کرد و سەرزەنشتی گەلانی ئەو وڵاتانەی کرد، کە دەست بۆ چەک نابەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، هەروەها باسی هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل و سەرکەوتنی بنیامین نەتنیاهۆشی کرد لەو هەڵبژاردنەدا.

لە کۆتاییدا ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، بەغدادی هیچ ئاماژەیەکی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران نەکرد، لە کاتێکدا لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە ناکۆکی گەورەیان هەیە و وەکو روون و ئاشکرایە ناکۆکی شیعە و سوننە لە ساڵانی رابردوودا لەسەر دەستی داعش کارەساتی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ گەلانی ناوچەکە و روڵی ئێرانیش لە شەڕی لە ناوبردنی داعش لە عیراق و سووریا کاریگەر و دیاربوو.

ماوەتەوە بڵێین، ئایا وتارەکەی بەغدادی وزە و توانا و فەرمانێکە بۆ گورگە تاکەکانی داعش لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جیهان تاکو لە رۆژانی داهاتوودا کە تاوانی قێزەون و خوێناوی تر بخوڵقێنن؟

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٥٥ - ٢٠١٩/٥/٥

# حكومەتی نووستوو یان شانەی نووستوو

ئـەوەی هەواڵەکانی موسڵ باسی دەکـەن لە مـاوەی چەندرۆژی رابـردوودا، ناوەندی شاری موسڵ بە تایبەتی هەندێک لە گەڕەکە پێشکەوتووەکانی بوونەتە گۆڕەپانی چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی، کە چەندین قوربانی لێکەوتۆتەوە، کە دوایینیان رۆژی هەینی رابردوو ئاسایشی نیشتمانی کردە ئامانج و سیازدە قوربانی لێکەوتەوە لە نێوان کوژراو و بریندراردا، پێش سێ رۆژ لەو کردەوە تیرۆریستیەش لە شارۆچکەی مەخمور باشووری موسڵ رەتڵێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی کەوتنە بەر هێرش و دەیان کەسیان بوونە قوربانی.

جگە لەوانەش لە کۆتایی مانگی شوباتی رابردوو لە ناوچەی ناوەندی کۆمەڵەی رۆشنبیری سەنتەری شاری موسڵ تەقینەوەیەک ئەنجامدرا و بیست کەس زیاتر بوونە قوربانی لە نێوان کوژراو و بریندراردا.

هەموو ئەو کردەوە تیرۆریستیانە بووەتە مایەی نیگەرانی توڕەیی زۆرێک لەبەرپرسانی سیاسی و ئیداری و ئەفسەرەکان و تەنانەت خەڵکی شارەکەش، تەنانەت خەڵکی شارەکە دەڵێن ئەمانە نەک شانەی نووستوو نین بەڵکو شانەی هەمیشەیین، چونکە ئەو ئامانجەی کە دیاریانکردووەو پەلاماریان داوە زۆر پێگەو جێگەی هەستیارو گرنگ بوون لە شارەکە، چ لە حەشدی شەعبی و چ لە ئاسایشی نیشتمانیش و دەڵێن ئەو حکومەتی عێراقە نووستوە و ئاگای لە جموجوڵی تاقم و گروهە تیرۆریستیەکان نیە.

لە لایەکی ترەوە ئەم چالاکیانەی ئەم دواییەی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامیراستیەک بە بیری هەمووان دێنێتەوە، هەر لە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە کوردستانیشەوە تا ئەنجوومەنی نوێنەران حکومەتی ناوەندی سەرۆکایەتی کۆمار، هێزو لایەنە سیاسیەکان مەرجەعیەتی سیستانی لە نەجەف و دواتر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و وڵاتانی ئیقلیمی کە چاویان لەسەر ناوخۆی عێراقەو هەریەکەیان ئامانج و مەبەستی خۆی هەیەو کاری لەسەردەکات، کە تیرۆستان تا ئێستاش توانای نەخشەکێشان و پلانی کوشندەو جموجوڵی خێراو کاریگەریان هەیە، لە هەرکوێ بخوازن دەست دەوشێنن و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن بە ئاسانی.

لە هەمان کاتدا ئەم کردەوە تیرۆریستیانە هەموو ئەو لێدوان و بانگەشانەی خستە خانەی گومان و نیشانەی پرسیارو جێی سەرسوڕمان، کە دەیانگوت سەرکەوتین بە سەر داعشدا و کۆتاییان پێهات و هەر لە ترەمپەوە تاوەکو عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشوو.

**هۆکارەکانی شکستی حکومەتی عێراق لە سەپاندنی ئارامی و ئاسایش لە مووسڵدا :**

١. بوونی ناکۆکی و ململانێ ی سیاسی نێوەدەوڵەتی و ئیقلیمی و وناوخۆیی، لە موسڵ یەکێک لە کاریگەرترین هۆکارەکانیەتی و بەتایبەتی روداوەکانی سوریا کاریگەری راستەوخۆی لە سەر موسڵ هەیە، لە کاتێکدا رۆژبەڕۆژ گەمارۆکان لە سەر داعش لە سوریا بەرتەسک دەکرێتەوە، دەکرێت ئەم هێرشانەی موسڵ بۆ کەمکردنەوەی فشاربێت لە سەر باغۆز.

٢. نەبوونی خواست و بڕیارێکی راستەقینە لەلایەن بڕیار بەدەستانی عێراقەوە بۆ چارەسەری کێشەو قەیرانەکانی عێراق، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٧ ەوە موسڵ ئازادکراوە، بەڵام تائێستا ئەو پارێزگا گرنگەی عێراق گۆڕەپانی گەرمی ململانێکانە.

٣. پڕنەکردنەوەی پۆستە وەزارییە هەستیارو گرنگەکانی وەکو وەزیرەکانی ناوخۆ وبەرگری و داد کە ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمهدی و وادەکات حکومەتێکی لاواز بێت و نەتوانێت ئەرک و کارەکانی بە تەواوی راپەڕێنێت و بۆی هەیە لە هەر ئان و ساتێکدا بارودۆخی ئارامی و ئاسایش هەرەس بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم.

٤. قۆرخکردنی هەندێک پۆست و پلەی ئاسایش لە لایەن هەندێک کەس و لایەنەوە کە لەرابردوودا مایەی شکست و دارمانەکان بوون ئێستا کاتی ئەوەیە لاببرێن و دادگایی بکرێن.

**ئامانجەکانی تیرۆریستان لەم کردەوانە :-**

١. گەیاندنی مەسجێکە کە هێزەکانی ئاسایش هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین، بۆ پاراستنی ئارامی بە هۆی فرە مەرجەعی و نەبوونی ناوەندێکی بەهێزی هەواڵگری وهەماهەنگی.

٢. کردنە ئامانجی شوێنە پێشکەوتووەکانی شارو سەنتەرەکەی مەبەست لێ ی تولەسەندنەوەیە لێیان و سزادانیانە.

٣. بڵاوکردنەوە گومان لە نێوان هاوڵاتیان و هێزەکانی ئاسایش کە لە ماوەی رابردوودا بە جۆرێک لە جۆرەکان متمانە دروست کرابوو لە نێوانیاندا.

لە کۆتاییداراستییەکی حاشا هەڵنەگری دی خۆی نمایش دەکات، ئەویش ئەوەیە تا ئێستا کارگەی دروستکردنی بۆمبڕێژکردنی ئۆتومۆبیل لە ناوشاری موسڵدا هەیە، چونکە ئەو هێرشانە بە ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو ئەنجامدرابوون.

هەروەهارزگاردنی سێ یەکی خاکی عێراق لە دەست تیرۆریستانی دەوڵەتی رەشپۆشی ئیسلامی داعش لە ساڵی ٢٠١٧ هەر لە خۆڕا نەبوو، بەڵکو بە فیداکاری قوربانیەکی زۆری

خەڵکی عێراق بو و بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لە کوردو عەرەب و تورکمان و ئاسوری و پێشمەرگەو حەشدی شەعبی و سوپاو جگە لە تێچووی دارایی و مالی سامانی عێراق و کۆمەکی هاوپەیمانان کە ناکرێت و نابێت لەبەرچاو نەگیرێت، ئەگەر ئەوان نەبوونایە زۆر ئاسان نەدەبو و ئەم شەڕە یەکلاکردنەوەی، بۆیە ئێستاش ناکرێت نابێت وا بە ئاسانی جلەو شل بکرێت بۆ سەرهەڵدانەوەی رەوت و تاقمی توند ئاژۆی لە شێوەی داعش و ئەلقاعیدە.

بە تایبەتی لە ئێستادا کە زۆرێک لە دیلەکانی داعش کەلای هەسەدەن ورۆژانەرادەستی عێراق دەکرێنەوە، تاقم تاقم پێویستەرووبەڕووی داداگا بکرێنەوەو توندترین سزایان بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتودا کەس زاتی ئەوەنەکات، پەیوەست بێت بەرەوتی وا مەترسیدارەوە کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسیەوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨١٥ – ١٥+٢٠١٩/٣/١٦

# چارەنووسی چەکدارە دیلەکانی داعش

ئەوەی بۆتە بابەتی رۆژەڤ و رووبەرێکی زۆری میدیاکانی جیهان و ناوچەکەشی داگیرکردووە، چارەنووسی چەکدارە دیلەکانی دەوڵەتی ئیسلامییە لەعیراقو شام، چونکە پێکهاتەی ئەو هێزە رەشپۆشە فرە رەگەزە کە لەهەموو کونو قوژبنێکی ئەم جیهانەوە هاتبوون بۆ عیراقو سوریا ئێستا لە دوای تێکشکانی ئەفسانەکەیان، بوونەتە بارێکی قورس بۆ وڵاتەکانیانو کەس خۆی ناکات بە خاوەنیانو مرۆڤایەتیی شەرمەزارە لە ئاست تاوانەکانی ئەو تاقمو باندە توند ئاژۆو خوێنڕێژە.

ئێستا ئیتر وڵاتە ئەوروپیەکان دەبێت هەڵوێستی خۆیان یەکلایی بکەنەوە لەمەڕ چارەنووسی ئەو سەدان چەکدارەی کە لەڕیزەکانی داعشدا بوون و توندوتیژییان ئەنجامداوە، هاووڵاتی ئەورووپین و رەگەزنامەی ئەو وڵاتانەیان پێیەو لەزیندانەکانی هەسەدە-دان لەباکوورو رۆژهەڵاتی سوریا یان هەندێکیشیان لەعیراق و هەرێمی کوردستانن، یان لەلایەن هەسەدەوە رادەستی حکومەتی عیراق کراونەتەوە.

لەکاتێکدا ئەمریکا فشار دەکات لەوڵاتە ئەوروپییەکان کە ئەو هاووڵاتییانەیان تێوەگلاون بەکاری توندوتیژی لەڕیزەکانی داعش، وەربگرنەوەو رێکاری یاساییان لەبەرامبەر بگرنەبەر، لەهەمانکاتدا وڵاتانی ئەوروپی وەکو ئەڵمانیاو فەرەنساو بەریتانیا لەهەوڵی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکدان کە ئەو چەکدارانە نەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، لەبەر چەند فاکتەرێک کە بە پلەی یەکەم سیاسییە.

هەموو ئەمانە لەکاتێکدا دێن کە هێزەکانی سوریای دیموکرات گەمارۆی تەواویان خستۆتە سەر چەکدارەکانی داعش لەناوچەی باغۆز، کە پێدەچێت لە هەرئانو ساتێکدا تەواوی بنکەو بارەگاکانیان ئازاد بکەن. هەرچەندە شەڕەکە زۆر سەختەو هیچ مەودایەک لەنێوانیاندا نەماوەو تێکەڵ بە یەک بوون، تەنانەت رۆڵی هێزی ئاسمانی و رۆکێت و تەکنۆلۆجیاش نەماوەو هەموو پاشماوەی چەکدارە تاوانبارەکان خۆیان بۆمبڕێژ کردووەو لەتونێلەکانیاندا خۆیان حەشارداوە، بەڵام گەمارۆدراون و هیچ کۆمەکو ئیمدادێکیان پێناگات، بۆیە لەکۆتاییدا هەر دەبێت خۆیان بدەن بەدەستەوە یان بجەنگن تا دەکوژرێن.

بۆیە لەئێستادا چارەنووسی ئەو چەکدارانە بەگەرمی کەوتۆتەوە بەر باس بەتایبەتی چارەنووسی ژنو منداڵەکانیان، چ ئەوانەی رەگەزنامەی ئەوروپی و بیانی و ئەوانەی رەگەزنامەی عیراقییان هەیە، لەنێو ئەو وڵاتانەدا فەرەنسا خۆی یەکلاییکردۆتەوە کە لەعیراق و بەگوێرەی یاسای عیراقی هەموو ئەو هاوڵاتییە فەرەنسییانەی لەڕیزەکانی

لەشکری ڕەشپۆشی داعشدا بوون، دادگایی بکرێن. بەڵام وڵاتانی تری وەکو بەریتانیاو ئەڵمانیا لەنیوەی ڕێگادا وەستاون و خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە کە ئایا وەریانبگرنەوەو ڕووبەڕووی یاسایان بکەنەوە، یان ڕەگەزنامەکانیان لێ بسەننەوەو بێبەرییان بکەن لەمافی هاووڵاتیبوون؟

لەساڵی ٢٠١٤ و لەڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەی ئیسلامی داعشەوە، ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتی ئەوروپی بەتایبەتی ژن، پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە کە ڕێژەکەی ١٦-١٧ ٪ لەو شەش هەزار کەسەی کە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپاوە کۆچیان کردووە، ژنن.

لەلایەکی تریشەوە، ڕوسیاش هەمان کێشەی هەیە کە ئەوانیش نزیکەی ٤٠٠٠ ژن پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی داعشەوە لەسەر زاری سەرۆک پوتین خۆیەوە، بێجگە لەوەی ٥٠٠٠ ژنی تر لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشووەوە پەیوەندییان کردووە بە داعشەوە، جگە لەوەی باس لەوەش دەکرێت ١١٠٠ منداڵیشیان لەگەڵدایە.

لەکۆتاییدا ئەوەی دەبینرێت هەموو حزب و تاقمە پۆپۆلیستەکانی ئەوروپا کە تازە هەڵکشاون، دژ بەوەن ئەو تیرۆریستانە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، هەر ئەوەش وای لەو وڵاتانە کردووە بیر لەوە بکەنەوە کە ڕەگەزنامە لەو هاووڵاتییانەیان بکشێننەوە. لەلایەکی تریشەوە فشارەکانی ئەمریکاش لەو وڵاتانە کە هاووڵاتییەکانیان وەربگرنەوە، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر وەریان نەگرنەوە، ئەوا هەسەدە ئازادیان دەکات، ئەوەش هەڕەشەیەکی جددییە کە ئەوانە بە ڕێگەیەک لەڕێگەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیانو ئاسایشو ئارامی ئەو وڵاتانە دەخەنە مەترسییەوەو دوور نییە چەندین کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، لەکاتێکدا هەمووان دەزانین کە داعش سیاسەتو تاکتیکەکانی گۆڕیوە بۆ گورگی تاک کە بە تەنیا لە هەر شوێنورێیەکدا بۆیان لووا، گورزی خۆیان بووەشێنن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨١٠ – ٢٠١٩/٣/١٠

# ئایا داعش سەر هەڵدەداتەوە؟

هەرچەندە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکە ئەمریکارایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا دەکێشێتەوە دوای ئەوەی سەرکەوتنیان بەسەر تیرۆریستانی داعشدا بەدەستهێنا و ئەو ئامانجەی کە بۆی هاتبوون بە دەستیان هێنا بەڵام لەسەر زەوی راستیەکان شتێکی ترمان پێدەڵێن هێشتا لەزۆر شوێن و ناوچەی سوریاو عێراق جموجووڵ و چالاکی یان هەیە.
بەڵێ راستە رەقـەی پایتەختی دەوڵـەتی ئیسلامی لە عێراق و شـام ئـازادکرا و ئەو ئیستراتیجیەتەی کە هـەردوو سەرۆکی ئەمریکا بـاراک ئۆباماو دواتـر دۆناڵد ترامپ سەرکردایەتیانکرد بۆ لەناوبردنی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی کاتی ونیمچە ناتەواو سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەڵام گەلێک فاکتەر هەبوون کە زەمینەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی بیرورەوتی توندڕەوی لە ناوچەکەدا هەموو ئەو فاکتەرانە بەئێستاشەوە ماون و زەمینە زیاتر لە بارە بۆ گەشەکردن و نەشونماکردنیان.
وڵاتێکی وەکو سوریا کە هەشت ساڵی رەبەقە شەڕو شۆڕشە نزیکەی دوازدە ملیۆن کەس لە دانیشتوانەکەی ئاوارەو دەربەدەری ولاتانی جیهان بوون کە بە شی زۆریان لە تورکیا و لوبنان و ئوردن و عێراق و بەشیکیشی لە وڵاتانی ئەوروپان بە تایبەتی ئەڵمانیا کەراوێژکارەکەی خاتوو ئەنگیلا مێرگل دەرگای بۆکردنەوە سەرەڕای رەخنەو گلەیی زۆرێک لە خەڵک و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتەکەی خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگەیە وتی خەڵکی لە سوریا و عێراق ورۆژهەڵاتی ناوینەوە دێن بۆ لای ئێمە دەرگایان لێنەکەینەوە لە کاتێکدا نارۆن بۆ مەککەو مەدینە.هەروەها زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بوونەتە قوربانی و کوژراون جگە لەوەی بەشێکی زۆر شارە گەورەکانی ئەو وڵاتە خاپورو وێران بوون و ژێرخانی ئابوری داڕوخاوە بە تایبەتی.
لەرووی سیاسیەوە بوونی هێزی دەرکی روسی و ئێرانی و تورکی لە سەر خاکی سوریا مایەی نیگەرانیە بۆ خەڵکەکەی لە کاتێکدا زۆربـەی عەرەبی سوریا سوونی مەزهەبن و بوونی هێزی ئێرانی شیعە مەزهەب بە شەرمەزارییەکی گـەورە دەزانـن و بوونی سوپای تورکیا لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا بە هەمان شێوە بۆ کوردەکانی سوریا مایەی نیگەرانی و بێزاری یە لە لایەکی ترەوە بوونی هێزەکانی حزبوڵاو ئێران لە نزیک سنوورەکانی ئیسرائیل مایەی نیگەرانی و ناڕەزایەتی ئیسرائیل و ئەمریکاشە چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی بوونی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین پاراستنی ئاسایش و بەرژەوندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلە.

هەموو ئەو هۆكارو فاكتەرانە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەیرەوتێكی توند ئاژۆی تر بە مۆدێل وریتمێكی نوێتر و توندڕەوتر لە داعش و ئەلقاعیدە سەرهەڵبدەن و كارو كردەوەی زۆر لەوانی پێش خۆیان ئەنجام بدەن.
لە هەمانكاتدا بڕیارەكەی ترەمپ بۆ كشانەوەی هێزەكانی لە سوریا هەرچەندە تا ئێستا كشانەوەیەكی زۆر كەم بە ژمارەو ئامێرەكان كراوەو بە هەوڵی بەشێكی زۆر لە وەزیروراوێژكارانی ئیدارەی ئەمریكاو تەنانەت كۆنگریسمانەكانیش پێناچێت وا بە خێراییروبدات بە تایبەتی لە دوای گەشتەكانی جۆن پۆڵتن و مایك بۆمبیۆ بۆ وڵاتانی ناوچەكە دڵنییان دا كە دۆست و هاوپەیمانەكانیان بە تەنیا جێناهێڵن , بەڵام لە حاڵەتێكیشدا ئەگەر ئەمریكا بە تەواوی هێزەكانی بكێشێتەوە ئەوە هێندەی دی دۆخەكە نالەبارتر دەبێت و هێزەكانی بەشار ئەسەد بە هەر شێوەیەك بێت وەكو خۆیان وتیان بە شەڕ بێت یان بە ئاشتی دەگەڕێینەوە بۆ هەموو ناوچەو شارەكان.
لەلایەكی ترەوە هێزەكانی سوریای دیموكرات (هەسەدە) كە تاكە هاوپەیمانی سەرەكی ئەمریكا بوون لە سوریا بەر شاڵاوێكی توندی سوپای توركیا دەكەون و هەڕەشەكانی وەزیری بەرگری توركیا خەلوسی ئاكار لە چەندرۆژیرابردوودا باشترین بەڵگەن.
تا ئێستا زۆر بە كورتی باسی داعشمان كرد لە سوریا بەڵام وەكو دیارە هەر بە ناوەكەیدا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشامە و یەكەمجارە لە دوای سەد ساڵ لە سایكس بیكۆ هێزەكانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش قوولەكانی چاودێری سنووری نێوان عێراق و سوریایان تێكداو لە بەریەكیان هەڵوەشاندەوە و ئەبوبەكر بەغدادی خەلیفەیان لە مزكەوتی نور لە موسڵ دەوڵەتەكەیانیراگەیاند.
بەڵی داعش لەماوەی رابردودا جموجوڵی خێراو بەرچاویان لەزۆر لە ناوچەكانی باشووری كەركوك و دیالەو حەمرین و بیابانەكانیرومادی خۆرئاوای عێراق موسڵ دەستپێكردووە تەنانەت باسی سەرهەڵدانیرەوتێكی نوێ دەكەن بەناوی (حراس الدين) كە لە داعشە ئیگۆر و بیانیەكان بە زۆری پێكهاتوون.
دۆخی سیاسی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٨/٩/٣٠ زۆر ئاڵۆزتر و پڕ قەیرانتر بووە حكومەتی نوی دوای چەند مانگێك هێشتا وەزارەتەكانی پڕنەكردۆتەوە دۆسێكانی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و كێشەكانی نێوان هەرێم كوردستان و حكومەتی ناوەندی و جێبەجێ نەكردنی دەستوورو بوونی میلیشیا جیاجیا وئاوەدان نەكردنەوەی ناوچە وێران و خاپوربووەكانی شەڕی داعش و بوارنەدان بە گەڕانەوەی ئاوارەكانی ناوچە سوونیەكان لە لایەن میلیشیاتەكانی حەشدی شەعبی و بەتایبەتی پشتێنەی بەغداد هەموو

ئەمان هۆکارو پاڵپشتن بۆ سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی داعش و لە داعش دڕندەتریش.
لە هەمووی گرنگتر و مەترسیدارتر شکستی حزب و لایەنەکانی ئیسلامی سیاسی بە شیعەو سوونەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتداو داننەنان بەوراستیەدا و پشت بە ستن بە گزی و فرتو فێڵ لە هەڵبژاردنەکان و هەموو ئاوات و ئومێدێکی خەڵکی عێراقیان زیندە بە چاڵ کرد تا کار گەیشتە ئەوەی شارێکی زیندووی وەکو بەغداد کەمتر لە سەدا سی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد.
خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکی چەند مانگی پێشووی بەسرەی دووەم گەورە شاری عێراق باشترین گەواهین بۆ بێزاری و نیگەرانی خەڵکی ئەم وڵاتە بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەگەرچاکسازی خێراو گوێ لە گلەیی و گازندەرەواکانی خەڵک نەگیرێت ئەوا زۆررەوتی توندئاژۆ مەترسیدار سەرهەڵبدەن و ئەو کات تەڕو وشک بەیەکەوە بسوتێنن.
لە کۆتاییداراستییەک هەیە دەبێت هەموو کاربەدەستانی ناوچەکەو زلهێزەکانیش پەی پێ ببەن و بیزانن ئەوەیە کە لە ناوبردنی تیرۆر و توندڕەوی هەر بە سوپاورۆکێت و فڕۆکەو تانک ناکرێت بەڵکوریفۆرم و چاکسازی پێویستە لە هەموو سکتەرە گرنگەکانی بەڕێوەبردن چ دادپەروەری و شەفافیەت و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیکەکان و دابینکردنی هەلی کارو خزمەتگوزاری ئاسایش و سەقامگیری پاراستنی شکۆو کەرامەتی ئینسان بە یەکسانی.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٦٧ – ١٨+٢٠١٩/١/١٩

# داعش کۆتایی دێت؟

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی هەموو تاقم و گروهە توندئاژوو تیرۆریستەکان بدەینەوە لە عیراقدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وروخانیرژێمی عیراق لە لایەن ئەمریکاو هەر لە قاعدەو و نەقشبەندی و دواتر دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق وشام (داعش) هەر هەموو ئەمانە لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا سەریان هەڵداو گەشەیانکرد ئەوانیش ناوچە سوونە نشینەکانی خورئاوای عیراق و موسڵ و تکریت و پشتێنەی بەغداد و بەشێک لە پارێزگای دیالە بوو،کە پێیان دەووتن ناوچە گەرمەکان.

**بۆ لەو ناوچانەدا سەریان هەڵدا؟**

ئەو ناوچانە کە زۆرینەی عەرەبی سوونە بوون لەوەتی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەیرابردووەوە ئەوان فەرمانڕەوای عیراق بوون بەشێکی گرنگ و کاراو بەڵکو بڕبڕەی پشتی رژێم و هێزەکانی ئاسایش و گاردی کۆماری و هێزەتایبەتەکانی تر بوون و ئێستا خۆیان بە پەراوێزخراو دەبینن و خوازیارن سەروەرییەکانی سەدەی رابردووی حوکمڕانییان بە دەست بهێننەوە و لەو پێناوەدا هەموو رێگایەک دەگرنەبەر بە تیرۆریشەوە.

ڕاستە ئێستا لە دوای رزگارکردنی هەموو شارو شارۆچکەکانی عیراق و شام لە دەستی داعش کە دواترینیان شاری ئەلبوکەمال بوو لە سوریا، ئیتر داعش خاک و خەڵکی بە ئاشکرا لە بندەست نەما بیری نەوت و هەموو سەرچاوە داراییەکانی تر کە داعشیان کردبوو بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین هێزە تیرۆریستیەکانی جیهان، کۆتاییان هات و ئیتر داعش وەکو جاران خرانەوە ناو کون و قوژبنە تاریکەکان و دەگەڕێنەوە بۆ کارو کردەوەی نهێنی و ژێر زەمینی. بێگومان داعش هەموو گرووهە توند ئاژووە کانی دی توانای خۆ گونجان و هەڵکردنیان لە گەڵ ئەو بارودۆخەدا تارادەی زۆر هەیە.

**داعش بۆ سەری هەڵدا؟**

ئەگەر وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کەرێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە ساڵی ٢٠٠٥ لە ناوچە گەرمەکان سەری هەڵدا لە ئەکامی بەشداری نەکردنی پێکهاتەی سوونە لە حوکمڕانی نوێی عیراق، ئەویش بە فتوای هەندێک لە مەرجەعە ئاینیەکانی سوونە چەندین گروهو تاقمی چەکدار بەناوی بەرەنگاری داگیرکەر و جیهاد سەریان هەڵدا، کە دیارترینیان ئەلقاعیدە

بوو، کە بینیمان ئەو کات ئەمریکیەکان لە عیراق بوون، هێزەکانی سەحوەیان دامەزراند لە خێڵە کان و پڕچەکیان کردن و کۆنترۆڵی ناوچەکانیان کردەوەو جۆرێک لە ئارامی و سەقامگیریان گێڕایەوە بۆ ئەو ناوچانە، بەڵام دواتر بینیمان نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عیراق لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١، کەوتە وێزەی ئەو خێڵە عەرەبە سوونانە و مووچەی لێبڕین و پەراوێزی خستن و وەڵامی خۆپیشاندان داواکارییەکانە نەدانەوە، لە ئاکامدارێکخراوێکی لە ئەلقاعیدە توند ئاژووتر تاریک پەرستتر و دڕندەتروورەقتر سەری هەڵدا کە ئەویش دەوڵەتی ئیسلامی داعش دابوو.

لە ئێستاشدا کە شەڕی داعش تەواو بووە بە فیزیکی و زیانی نزیکە ٥٠٠ ملیار دۆلاریان بە عیراق گەیاند، حکومەتی عیراق ئێستا هێزی حەشدی شەعبی دروستکردووە کە باکگراوندێکی ئاینزایی هەیە و بە پەرچەمی مەزهەبییەوە بە ناوچە سوونی نیشینەکانی عیراقدا تەراتێن دەکەن و خۆیان بە براوەی شەڕو سەرکەوتوو دەزانن، پەندیان لە هەموو ئەزموونە تاڵەکانی مێژووی سەد ساڵەی خوێناوی دەوڵەتی عیراق نوێ وەرنەگرتووە.

لە ئاوا بارو دۆخێکدا کە کوردیش بە هۆی ریفراندۆمەوە کە هاوبەشێکی گرنگ و کارای شەڕی تیرۆر و داعش بوو، بووە یەکەم قوربانی دوای تەواو بوونی شەڕەکەو بۆ یەکەم جار لە عیراقی نوێ دا، خوێنی کۆمەڵێک پێشمەرگە بە دەستی هێزەکانی سوپای عیراق و حەشدی شەعبی رژا و لێکترازانێکی مەترسیدار لە نێوان کوردو شیعەداروویدا کە پێشتر هاوپەیمان و هاوسەنگەر بوون.

بۆیە هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن کێشەو ئاریشەکانی عیراق لە دوای داعش کۆتاییان نایەت، ئەگەر بە هەمان هزرو کردەوەکانی ئێستای حکومەتی عیراق، هەڵسووکەوت بکرێت و بیر لە چارەسەری هەموو فاکتەرو هۆکارانە نەکەنەوە کە زەمینەیانساز کرد، بۆ سەرهەڵدانی ئەو گروپ و تاقمە توونە ئاژۆو خوێنرێژانە، هەروەهاریفۆرمی بنەڕەتی لە حوکمڕانی و دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتایی و پێویستەکان کۆمەڵانی خەڵک و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بە گژاچوونەوەی گەندەڵی کە ئێستا عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق دروشمی ئەوەی بەروز کردۆتەوە، دوای جەنگی تیرۆر کە هەنگاوێکی باشە، ئەگەر بە جدی وراستەقینەبێت، نەوەکو بۆ بانگەشەی پێشووەختەی هەڵبژاردن.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٤٣٢ – ٢٠١٧/١٢/٣

# داعشی دوای عیراق و عیراقی دوای داعش

ئەگەر چی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق وشام لە ساڵی ٢٠١٤ لە مزگەوتی نور لە شاری موسڵ لە لایەن ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتەکەوەراگەیەنرا، وا ئێستا لە دوای پووکانەوەی ئەو دەوڵەتە و لە دەستدانی زۆربەی رووبەرەکانی بندەسەڵاتیان لە عیراق و بەرتەسک بوونەوەی دەسەڵاتی رەشیان لە چەند شارۆچکەو گوندێکدا لە عیراق و لە شامیش لەرەقە لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکراتدا لە شەڕێکی قورسدان ورۆژ بەرۆژ زیاتر لە قاڵب دەدرێن.

بۆیە لە عیراقدا لەمەودوا هیچ بنەمایەکی ئەو دەوڵەتە وەحشیگەرییە نامێنێت چونکە نە خاک و نە خەڵکیان لە بندەستدا نامێنێت و بەڵکو دەبنەوە بەرێکخراوە تیرۆریستیەکەی جاران وخۆیان لە گەڵ بارودۆخی نوێدارا دەهێنن.

ئەوەی روون و ئاشکراو بەڵگە نەویستە ئەوەیە کە هێزەکانی عیراق بە پشتیوانی هاوپەیمانان بست بە بستی خاکی عیراق پاک دەکەنەوە لەو هێزە تیرۆریست و وەحشیگەرە کە سێ ساڵی رابردوو هەموومان شاهیدی تاوان و حەماقەتەکانیان بووین. بەڵام ئەوەی قورسەو کاری جدی و هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەکی ناوخۆ ودەرەکی گەرەکە ئەو بیرو مێشک و هزرو بۆچوونان کە هەڵگری بیری توند ئاژۆیی ئەو زەمینە لە بارو بە پیتەن کە توندڕەوی بەرهەم دێنن چۆن و بە چ ریگایەک بەریان لێدەگیرێت؟

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت ئەمڕۆ داعش هەر لە عیراق و سوریا خاوەنی پێگەو گۆڕەپانی ململانی نەبووە بەڵکو هەر لە باکوری ئەفریقیا لە میسرەو تاوەکو مۆریتانیا بوونی هەیە جگە لە بوونی باڵێکی بەهێز لەرۆژهەڵاتی ئاسیا بە تایبەتی لە فلیپین و هەروەها جگە لەوەی کە شانەی تریان لە ئەوروپا و ئەمریکا وروسیا هەیە.

***چارەنووسی چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش***

ئەوەی جێگەی ترسی زۆرێک لە وڵاتانە چارەنووسی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامیە لە دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکەیان چونکە ئەو چەکدارانە لەزۆر کونج و کەلەبەری دنیاوە کۆببوونەوە هاتبوونە عیراق و شام ئێستا مەترسی ئەوە هەیە و پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی پێشووی خۆیان و لەوێ دەست بکەنەوە بە کارو چالاکی تیرۆریستی هەروەکو پێشتر لە زۆر جێگەدا باسی کراوە کە سەدان لەوانە خاوەنی ناسنامەی ئەوروپی و بە تایبەتی فەرەنسی بوو ن.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین هەندێک لە شارەزایان و لێکۆڵەرانی بیری توندڕەوی

باسی ئەوە دەکەن کە هەندێک لەو چەکدارانە پووچەڵی ئەو بیرو بۆچوونانەیان بۆ دەرکەوتووە دەکرێتەرابهێنرێنەوە بۆ کاری ژیانی ئاسایی تایبەتی خۆیان.

### عیراقی دوای داعش

ئەوەی جێگەی نیگەرانی و بگرە سەرسوورمانیشە هەڵوێستی حکومەتی عیراقە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان لە دەستی داعش و هەموو عیراقیش چونکە هیچ پلان و بەرنامەیەکیراگەیەنراو یان ئامادەکراوی نییە بۆیان بەڵکو ئەوە ولاَتانی ئیقلیمی و دراوسێ ی عیراقن زیاتر چاویان لەو ناوچانەیەو لە هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی دوای نەمانی داعشن.
لە هەمانکاتدا ئەوەی شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە زۆرێک لە چاودێرانیش لەسەری هاوڕان ئەوەیە کە ململانێ ئێتنیکی و تائیفیەکانی ناوچەکە ئێستا لە ساڵی ٢٠١٤ ی کاتی سەرهەڵدانی داعش زیاتر لە برەو گەشەدان، بۆیە بە دووری نازانن کە ململانێ لە سەر دەستکەوتەکان لە نێوان ولاَتانی ئیقلیمی ببێتە فاکتەرێک بۆ دوورکەوتنەو لە شەڕی تیرۆر و داعش.
هەروەکو دیارە ئەو ولاَتانەی لە سەر گۆڕەپانی عیراق و شام رۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە هەوڵی ئەوەدان کە فراوانترین رووبەری خاکی ئازادکراو لە دەستی داعش بخەنە بندەستی خۆیان بۆ نمونە ئێران عیراق وەکو باخچەیەکی پشتەوەی ماڵەکەی خۆی دەبینێت و تورکیا چاوی لە ولایەتی موسڵەو بە تایبەتی هەرێمی کوردستان و ئەمریکاش لە هەوڵی کەمکردنەوە و دانانی سنوورە بۆ هەژموون و دەستێوەردانی ئێرانە لە عیراق و سوریا بۆیە وردە وردە ململانێکان زیاتر دەردەکەون ئەگەر جاران لە ژێر پەردەی شەڕی تیرۆر و داعشدا شاراوە بوون.
ماوەتەوە بڵێین کوردیش ئێستا کە بە ماڵێکی شێواو قەیرانگەلێکی جدی و نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سست بوونوپەککەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمەکەدا چاوی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەتی وەکو لایەکی براوە و بەشداربوویەکی جەنگی تیرۆر بەتەمای غەنیمەو دەستکەوتی ئەو جەنگەیە کە بەشداربوویەکی کاراو کاریگەربوو لە سێ ساڵی رابردوواو قوربانی گەورەو زەبەلاحی بۆ بەخشی. شیعەش وەکو پێکهاتەیەکی سەردەستە و براوەی شەڕەکە ئێستا خۆی بە سەرکەوتوو دەژمێرێ و خوازیاری عیراقێکی سنتراڵ و بە هێزە بە هەمان ریتمی پێشوو دەڕوات و بە تایبەتی کە ئێستا خاوەنی هێزی تائیفی حشدی شەعبی خۆیەتی.
سوونەش لە دۆخێکدایە کە ئیرەیی پێ نابرێت چاوەڕوانی مەرحەمەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانێتی کە بە هانایانەوە بێنەوە پێگەو جێگەی لە دەستچوویان بۆ بگێڕنەوە.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٣٣٣ – ٢٠١٧/٨/٦

# ناکۆکییەکانی عیراقی دوای داعش

لە ئێستادا کە شەڕیماڵوێرانکەری داعش بەرەو کۆتاییەکەی دەڕوات و لە دوای پاککردنەوەی زۆری ئەورووبەرە فراوانەی کە بە سێ یەکی خاکی عیراق مەزەندە دەکرا لە دەستی تیرۆریستانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە وێرانە خاکێکیان بە جێهێشتووە کە بنیاتنانەوەکەی زۆر لە وێرانکردنەکەی قورسترە تەنانەت حکومەتی عیراق و هەندێ ناوەندی دیش باس لە پێویستی سەرووی (٥٠) ملیار دۆلار دەکەن.
ئەگەر لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوەو لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە پێکهاتەی شیعەی عیراق کە بە درێژای مێژوویان بندەست بوون وباسی مەزڵوومیەتی خۆیان دەکرد هەمیشە  و گۆڕەبە کۆمەڵەکانیش گەواهی دەری ئەوەبن و دیکتاتۆریەتی حوکمی سوونەی عەرەبی عیراق کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە خواست و هەژموونی خۆی بە سەر کوردو شیعەدا سەپاندبێت  کە بە حوکمڕانی حزبی بەعس و سەدام حوسینی سەرۆکی تەواو ئەمە بەرجەستە بووبێت ,ئەوا حوکمی تائیفی شیعەش سەرەڕای نووسینی دەستووری نوێ بۆ عیراق وراپرسی و چەسپاندنی هەرێمی فیدراڵی بۆ کوردستان بەڵام بە پراکتیک نەیانتوانی تاسەر و تامەنزڵ ئەم کاروانە سەرۆکایەتی بکەن  و لە نیوەیریگادا جارێکی تر هزرو لۆجیک جێگەیان بۆ مەیل و سۆزی تائیفی چۆڵکرد.
ئێستا ئەگەرچی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە خۆیان حوکمڕانی یەکەمی وڵات بوون لە ١٤ ساڵیرابردوو پرۆژەیان هەیە بۆ دوای داعش و سەردانی لایەنەکانی تری عیراقیان کردووەو وڵاتانی دراوسێی عیراقیشیان لێ ئاگادار کردۆتەوە هەرچەندە پرۆژەیەکی درێژ و پڕ لە خاڵ و لق و پۆیە پێداگیری لە عیراقێکی یەکگرتوو سێنترال دەکاتەوە شتێکی تازەی تێدا نییە کە لە دەستوورەکەدا نەبێت کەچی وەکو یەکێک ڕێگری لێکردبن ئەو هەموو ساڵە جێبە جێ ی بکەن وا ئێستا بە پرۆژەی نوێوە دێنەوە خزمەتی عیراقیەکان لە هەموو ئەمانەش شەرمهێنەرتر یاسای حەشدی شەعبیان لە پەرلەمان بە بێ کۆدەنگی نیشتمانی تێپەڕاند کە ئەمەش ئاماژەیەکی تری ترسناکە بە تایبەتی بەلایەنی سوونەکانەوە لە هەمانکاتدا ئەوەی زیاتر عیراقی بەو ئاقارەدابرد ئەو بۆچوونەی هاوپەیمانی شیعە بوو ئەوەی رای جیاوازی لە خواست و ئامانجەکانی ئەوان هەبێت، ئەوا بەعسی و داعشی و قاعیدەو جووداخوازو تیرۆریستە ئەمە زمانی گفتوگۆ و پێکەوەژیانی هەڵۆ توندڕەوەکانی هاوپەیمانی شیعە بوو.
لەلایەکی ترەوە هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە ئێران بە دۆست و دراوسێ ی باش و بە هاناوەهاتوو دەزانێت و باسی کۆمەک و یارمەتیە نەبڕاوەکانی دەکات لە چەک و کەرەسەی سەربازی بۆ حەشدی شەعبی و سوپا بۆ بەرنگاربوونەوەی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی وڵاتانی عەرەبی

سوونەش  بە سەرچاوەی تیرۆرو مەرگ و کارەسات، ناودەبەن کە ئەمەش خاڵی لێکترازانی گەورەی نێوان شیعەو سوونەیە کەروونە هەریەکەو قووڵایی ستراتیجیان کوێ یە.

**سوونەکان خەریکی چین؟**

سوونەکان لە کاتی داگیرکردنی ناوچەکانیان  زۆریکیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون بە سەرکردەو بنکردەوە لە ئاستێکی باشی فەرمی و جەماوەری دا پێشوازی کران و رێزیان لێگیرا و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت هەندێکیان هەر لە هەێمی کوردستانن، بەڵام وەکورونە لە چەند مانگیرابردوودا سەرکردەکانیان کەوتوونەتە جموجووڵ کۆڕو  کۆنگرە بەستن هەر لە عەمان و جنێفەوە تاوەکو دواترینیان لە ئەنقەرە کە لە پێشووتر باسی هەرێمی سەربەخۆو شتی تریان دەکرد بەڵام لە ئەمجارە گەڕانەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەمی عیراق یەکگرتوو وەکو نەبایان دیبێت و نەباران وەکو کورد ئەوانی ئاوارە وپەراوێز و دەربەدەر کردبێت باسی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ سنوورەکانی ٢٠٠٣ و کەرکوک عیراقیە و گەلێک شتی تر کە زمانی بەیانەکەیان عەرەبیەو بەڵام بە نەفەس و دڵی تورکیاو ئەردۆگان نووسراوە.

**کورد جەنگاوەری بێ ئامانج**

کورد لە ١٤ ساڵی رابردوودا لە ئاست هەموو کێشەو ئاریشەکانی خۆی لە عیراقدا تارادەیەکی باش هاوڕاو تەبابوون بەڵام لە ئێستادا کە لەرووی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و شەڕی تیرۆر کارەکتەری بەهێزو جەنگاوەری بە هەڵمەت و قوربانی گەورەیان داوە و تارادەیەکیش دەخوێنرێنەوە بەڵام ئێستا خۆی لە ناو ماڵی خۆیدا پرژو بڵاو بێ ئەجنداو ستراتیجی هاوبەش چاوەڕوانی قەدەری خۆیەتی.

ماوەتەوە عیراق بە گشتی لە ئاوا بارودۆخێکدا کە شیعە، سوونە بەوە تاوانبار دەکات بە مەرجعێکی سیاسی یەکگرتوویان نیەو نازانیین لە گەڵ کێ قسە بکەین سوونەش شیعە بە داردەستی ئێران دادەنێن و دەڵێن ئەوەی لە ناوپێکهاتەی سوونەدا قسەبکات بە دڵی ئەوان نەبێت دۆسییەکی یاسایی بۆ دادەتاشن و زیندانی دەکەن و یانراوی وڵاتانی تری دەنێن و کوردیش بە بنبەست گەیشتووە دۆسێی قەیرانەکانی.

بۆیەلە ئاوا باردۆخێکدا کە مەشهدی سیاسی عیراق بەو شێوەیەی سەرەوەیە  دەرفەت بۆ چارەسەر و پێکەوەژیان لە عیراقدا زۆر کەمەو وەکو دەڵێن لەوانەیە هەڵوەشانەوەی عیراق ئاسانتر بێت لە بنیاتنانەوەی.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٢٢٤ – ٢٠١٧/٣/٢٦

# پاریسی خوێناوی

ئەگەرچی ئەمە جاری یەکەم نیە فەرەنسا بکەوێتە بەر شالاوی تیرۆرستی لەم جۆرە هەروەکو هەمووان ئاکادارین لە سەرەتای ئەمساڵەوە واتە ٢٠١٥ فەرەنسا بەر سێ کردەوەی تیرۆریستی تر کەوت لە دوای ڕووداوی شارلی ئیبیدۆوە، بەڵام ئەو کردەوانەی پێشوو زیانیان کەمتر بوو بە بەراورد لەم کردەوە تیرۆریستیە سامناکەی ئێستا کە پاریسی خوێناوی کرد و بە بەهێزترین و دڕندانەترین کردەوەی تیرۆریستی دێتە ئەژماردن لە چل ساڵی ڕابردوودا لە ئەوروپادا .
هەروەها لە تەقینەوەکانی مەدریدی ساڵی ٢٠٠٤ یش خوێناوی دڕندانەتر بوو .
ئەگەر تەقینەوەکانی ١١ سیبتەمبەر ٢٠٠١ ئەمریکاو هەموو جیهانی ڕاچەڵەکاند و جۆرج بۆشی کوڕ سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا وتی ئەمە شەڕی خاچپەرستیە و هەر لەو چرکەوە وەخۆیان کەوتن و لە ماوەیەکی کورتدا پەلاماری ئەفغانستان یان دا کە ئەوکات بنکەو بارەگاکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەوێ بوون و ئەو وڵاتەیان داگیرکرد بستێک خاکیان نەهێشتەوە ئەو ڕێکخراوە بە ئازادی جووڵەی تێدا بکات .
ئەوا ئەمڕۆش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام وا بۆ دووساڵ دەچێت بەشێکی زۆری خاکی عێراق و سوریایان داگیر کردووەو فەرمانڕەوایی تێدا دەکەن و چەندین بیری نەوت و سەرچاوەی دارایی گرنگیان لە ژێر چنگدایە بە بەرچاوی هەموو دنیاوە و هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەو جیهانیش دەکەن، وا شەوی ڕابردوو ١٤ /٢٠١٥/١١ لە کردەوەیەکی جۆری جیاواز لەوانەی پێشوو لە حەوت شوێنی جیاوازی پاریسی پایتەختی فەرەنسادا شالاوێکی دڕندانەو خوێناوی ئەنجام بدەن کە ١٢٩ کەس کوژراو ٣٥٢ کەسیش بریندرابوون .
ئێستا ئیتر لە دوای ئەو پەلامارە ئەوروپیەکان بە گشتی هەر لە ڕووسیاوە تا وەکو بەریتانیا هەموو بە خەبەر هاتنەوە و ڕاچەڵەکین وا داعش لە شەقامەکانی ڕقەوە مووسڵەوە کردەوە تیرۆریستیەکانی گواستەوە بۆ پاریس و ناوجەرگەی ئەوروپا .
ئێستا ئیتر دەبێت ئەوروپیەکان و ئەمریکیەکانیش ئەو ڕاستیە باش بزانن کە بەو جۆرە ی کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا پەیڕەویان کردووە بۆ بەگژاچوونەوەی تیرۆرو داعش هەموو شتێک نیەو بەس نیە بۆ لەناوبردنی ئەو ڕەوتە توندڕەوو دڕندانە .
بەڵکو دەخوازێت هاوپەیمانیەتیەکی زۆر بەهێزو توانا پێکبهێنرێت لە سەر ئاستی جیهان و بە هاوبەشی هەموو بوارەکانی سەربازی زەمینی و ئاسمانی بە هەماهەنگی هەواڵگری و دواتر چاکسازی لە ڕژێمەکانی بەڕێوەبردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دا بکرێت کە سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانە .

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت) ٢٠١٥/١١/١٤

# جەنگی پیرۆز

جەنگ بریتیە لە پرۆسیسی ناکۆکی و ململانێ ی لە نێوان دوولایەن یان زیاتر بە ئامانجی لە ناوبردن و تێکدانی لایەنی بەرامبەر جەنگ چەند جۆرێکی هەیە لەوانە جەنگی سەربازی کە بە شەڕی دەستەویەخەو بەرامبەر کە هەموو جۆرەکانی چەک چ ئاسمانی و چ زەمینی ....تد تیادابەکار دەهێنرێت یان جەنگی هزر و سیاسەتە کە ئەویش بە نانەوەی ئاژاوەو فێڵ و تەڵەکەبازی لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکی وولاتێکدا یان هۆزو تیرەیەکدا بە مەبەستی لاواز کردن و پەرت و بڵاوە پێکردنیان بۆ ئەوەی هەرکات ویستیان دەست بگرن بە سەریاندا , هەروەها جەنگ چەندین هۆکارو پاڵنەری هەیە لەوانە یان لە پێناوی سامان و داهاتدا یە یان لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات و حوکمڕانیدا ,یان جەنگ لە پێناوی ئاشتی وئارامی و وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراو ویان پارێزگاری لە خاک و وڵات و بەها پیرۆزەکانی هەرگەلێک ئەگەر بەر هەر شاڵاوێک بکەون ,یان جەنگ لە کاتێکدا ڕوودەدات کە هیچ بوارێک نەمێنێتەوە بۆ چارەسەری کێشەو ململانێکان لە ڕێگەی دایا لۆگ و دان وسانەوە یان ناکۆکی ئایدیۆلۆجی وئایینی و ئاینزاکان یان جەنگی ڕزگاری نیشتمانی و سەربەخۆیی گەلانی بندەست و ئازادیخوا بۆ وەرگرتنەوەی ماف وخاکی داگیرکراو یان ڕووخاندنی ڕژێمە دکتاتۆرو ملهوڕەکان .

جەنگ چەندین جۆرو شێوازی هەیە لە پۆلین کردندا سەرکیترینیان جەنگی پیس و جەنگی عادیلانەیە , مەبەست لە جەنگی پیس ئەوجەنگە دڕندانەیە کە تەڕو وشک بە یەکەوە دەسوتێنێت و کۆمەڵکوژی بەرامبەر خەڵکی سڤیل و بێ دیفاع ئەنجام دەدات وەکو لە جەنگی کۆریادا لە ساڵی ١٩٥٠ و شەڕی فەرەنسا دژی جەزائیر ١٩٥٤- ١٩٦١ و شەڕی خێڵەکانی هۆتو توتسی لە ڕوندا ١٩٩٣ و هەروەها بەکارهێنانی ژەهری کیمیاوی دژی کوردەکانی عێراق لە پرۆسەکانی ئەنفالدا ساڵی ١٩٨٨ ,بەڵام شەڕی عادیلانە هەرچەندە فەیلەسوف و بیرمەندەکان لە دیاریکردنی مانای ئەم زاراوەدا جیاوازن لەبەرئەوەی هەندێک لە سەرکردە سەربازی و سیاسیەکان زۆرجار بە کاری دەهێنن بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان هەرچەندە بە زۆرێک لە پێوەرەکان جەنگەکە عادیلانەش نەبێت , بەڵام گەورە بیرمەندێکی وەکو (کانت )سەرەکۆنەی جەنگ دەکات و وای نابینێت جەنگی عادیلانە هەبێت بەڵکو کتێبێکی دانا بە ناوی ( پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی ) کە دواتر بووە سەرچاوەی داڕشتنی بەندەکانی کۆمەڵەی گەلان لە گەڵ ئەوەشدا وتی ئاشتی هەمیشەیی مەحاڵە بەڵکو دەتوانین ئەو ئامانجە بە دەست بهێنین بە شێوەیەکی نزیک لێ ی .

بە هەرحاڵ شوێنەواری جەنگ لە هەرکوێ بێت کوشتن و بڕین و سەرگەردانی و ماڵوێرانیە زیان بە ژینگەو ژێرخانی وڵات دەگەیەنێت ,برسێتی و نەخۆشی و دواکەوتن لە کاروانی زانیاری و زانست و تەکنۆلۆجیا و هەروەها کاریگەری دەروونی خراپی لە سەر هەمووتاکەکانی کۆمەڵگە بە جێدەهێڵێت و بە فیڕۆدانی داهاتی گشتی وڵاتە لە ڕووی ئابووری و مرۆیی و سامانە سروشتیەکانیشەوە .

بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی جەنگ وئەڵتەرناتیف بۆی پەنا بردنە بۆ ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە توندو تیژی و بێ لایەنی و دبلۆماسیەت و دان وسان وڕێکەوتن و سازان و سزادانی نێودەوڵەتی و هەستکردن بە مەترسیەکانی تێوەگلانە لەشەڕ و تێچوونی ڕادەیەکی زۆرە لە سامان و داهاتی وڵات .

ئەوەی سەرەوە پێناسەیەکی کورتی جەنگ و پوختەیەکی هۆکارو ئامانج و جۆر و شێوازو شوێنەوار وئاکامەکانی جەنگە بە شێوەیەکە گشتی , لە سۆنگەی هەموو ئەوانەوە چۆن جەنگی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دژ بە گەلی کوردستان لە باشوورو رۆژئاوا ی کوردستان پۆلین بکەین؟؟

لە کاتێکدا کورد لە نێومالی خۆیدایە لەسەرخاکی خۆیەتی هەر لە جەلەولا و کەرکوک تا زوممارو شەنگال تا کۆبانێ ی قارەمان و سومبولی خۆڕاگری و نەبەزین , ئەوە کوڕو براو خوشک ومناڵەکانمانن چ پێشمەرگە و چ گەریلا و چ شەڕەڤان لە بەردەرکی ماڵەکانی خۆمان شەهید دەبن و گیانیان بە سەخاوەتەوە فیدای خاکی نیشتمان دەکەن .کەسیان پێیان نەخستۆتە نێو ماڵی کەسێکی ترەوە .

لە کۆتاییدا دەپرسم ئایا جەنگ لەمە عادیلانەترو پیرۆزتر هەیە ؟؟ وەڵامەکەی جێدێڵم بۆ خوێنەرانی خۆشەویست وڕای گشتی و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی .

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت، چرا تیڤی، خەندان)
٢٠١٤/١٠/١١

# داعش چۆن بووە زەنگینترین هێزی تیرۆریست ؟

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ناسراوە بە (داعش) بە پێچەوانەی هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی ترەوە بووەتە بە هێزترین و زەنگینترین هێزی تیرۆریستی لە ناوچەکەو جیهانیشدا ,چونکە ڕووبەرێکی فراوانی خاکی گرنگترین پێگەی لە بندەستدایە لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکی و جیۆ ئابوریەوە کە ڕووبەرەکە ی هێندەی خاکی شانشینی یەکگرتوو ی بەریتانیا و وڵاتانی کەنداو جگە لە عەرەبستانی سعودیەو عەمانە , هەروەها هەندێ لێکۆڵینەوە و چاودێران سەرمایەی دەوڵەتی ئیسلامی بە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار ی ئەمریکی دەخەمڵێنن ,

جگە لەوانەش ئەو ڕێکخراوە سڵ لە هیچ شتێک ناکاتەوە لە ڕەفتارو کرداری نابەجێ و نارەواو کە بە گوێرەی یاسا تاوانەو دەچێتە خانەی تاوانەوە وەکو کوشتن و بڕین و ڕفاندن و ڕێ بڕین و بە بارمتە گرتن و هەموو جۆرەکانی فڕوفێڵ و ساختەچێتی و ترساندنی خەڵکی سڤیل و بێتاوان لە موسڵمان و کەمینە ئتنیکی و ئاینیەکانی تریش لە پێناو بە دەستهێنانی پول و پارە هەر ئەوەیشە وای کردووە کە زۆر چاودێرو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە تووشی سەرسووڕمان بن لە تواناکانی ئەو ڕێکخراوە کە بە تەمەنێکی کورتی کەمترلە پێنج ساڵ ببێتە هێزێکی خاوەن هەژموون و توانای ماڵی و سەربازی و خاکێکی فراوان لە عێراق و سوریا .

گەشەی خێراو فراوانبوونی هەژموونی داعش دووفاکتەری سەرکین جگە لە چەند سەرچاوەیەکی تری لاوەکی کە لە خوارەوە باسیان دەکەم فاکتەری یەکەم ئابووریە کە بوونی نەوت و کانزای سروشتیە لەو شوێنانەی کە لە بندەستیاندایە و کۆنترۆڵکردنی و فرۆشتنی بە ڕێگەی قاچاغ وبە داهاتە زۆر زەوەندەکەی کردەوە تیرۆریستیەکانیانی پێ ئەنجام دەدەن کە بووەتە هۆی هیزوو سامێکی گەورە بۆ ڕێکخراوە دڕندەو تیرۆریستەکەیان ,

فاکتەری دووەم سیاسیە کە ئەمیش دوو لایەنی لێدەبێتەوە یەکەمیان نەبوونی دەوڵەتێکی بە هێزی خاوەن دامەزراوەو داموزگای فەرمیە کە بتوانێت بەگژ داعشدا بچێتەوەو لە ڕەگو ڕیشە هەڵی بکەنێت و دووەمیان نەبوونی ئیستراتیجیەتێکی تۆکمەوهاوبەش و نەخشە بۆ دارێژراوە لە لایەن هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی یەوە بۆ بنەبڕکردن و خنکاندنی داعش کە

وەکو پەتایەکی کوشندە بە ناوچەکەدا بڵاو بووەتەوە هەڕەشەشە بۆ هەموو جیهان .
لەلایەکی ترەوە زۆربەی لێکوڵەرەوان و چاودێران لەو بڕوایەدان کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) یەکێکە لە زەنگینترین و بە تواناترین ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لە جیهاندا و چونکە سەرچاوەی جۆراوجۆرو فراوانی داهاتی هەیە کە ئەو لێکۆڵەرو سەرچاوانە گرنگترینیان لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکەن کە تا ئێستا پێداگیری لەسەر ڕاستی و دروستیان نەکراوەتەوە چ لە عێراق بێت و چ لە سوریا:-
١.کۆمەک و یارمەتیە داراییەکانی دەوڵەمەندەکانی کەنداو کە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە یونیوی ٢٠١٤ باس لەوەدەکەن کە زۆرکەسایەتی لە وڵاتانی کەنداو عێراق وسوریا یارمەتی چالاکیە تیرۆریستیەکان دەدەن لەوانە (٢٨) کەس لە عەرەبستانی سعودیەو (١٢) لە عێراق و (٥) لە کوێت ژمارەیەکی تریش لە ئیماراتی عەرەبیو بەحرین و قەتەر .
٢.پارەی خێرو زەکات کەلە ساڵانی ڕابردوودا زۆر مینبەرو کەناڵی ئیسلامی بانگەوازی ئەوەیان کردووە کە خێرو زەکاتەکانیان بگەیێنە ڕێکخراوە جیهادیەکان لە عێراق و سوریا.
٣.کۆمەکی وڵاتانی کەنداو لە سەرەتادا بە تایبەتی سعودیەو کوێت و قەتەر و بەحرێن یارمەتی ئۆپۆزەسیۆنی سوریایان دا دژ بە ڕژێمەکەی ئەسەد بەڵام لە دوییدا یارمەتیەکان کەوتە دەستی گروپە تیرۆریستیەکان کە ئێستا ئەوە نەماوە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ برینی هەموو کۆمەکێک بۆ بەرەی نوسرەو داعش .
٤.کۆمەکی نێو دەوڵەتی هەروەکو لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە لە زیاتر لە ٣١ دەوڵەتی جیا جیاوە لە کەنداو و تورکیا و ئوستralیاو ولوبنان وباکستان و جەزائیرو سودان وسویدو هۆلەنداو تایلاند وبەنغلادش و شوێنی تریش بە ناوی خوازراوو بە فەرمی چالاکی خۆیان دەکەن .
٥.داهاتی ڕزگارکردنی ڕفێنراوە بیانیەکان کە ئەوەش داهاتێکی زۆر و زەوەندە لە ڕێگەی ڕفاندنی ڕۆژنامە نووسان ودیبلۆماتکارانی ڕۆژئاواییەوە دەستی دەکەوێت کەساڵانە خۆی لە زیاتر لە ٢٥ ملیۆن دۆلار دەدات .
٦. تاڵان و دزینی شتومەک و کەرەسەی ئەو شوێنانەی دەستی بە سەردا دەگرن وەکو نەخۆشخانەو چێشتخانە و فەرمانگەکانی ئاوو دامەزراوەکانی کارەبا و.
٧.داهاتی بەتاڵان بردنی نەوت و شوێنەوارو مادە هۆشبەرەکان و چەک و تەقەمەنی وبازرگانی کردن بە مرۆڤ و کە سارچاوە ئاگادارەکان ئەمەش ڕۆژانە لە ٢ _ ٤ ملیۆن دۆلار دەخەملێنن .

٨.کۆمەک و بەخشیشی لایەنگرانی ڕێکخراوەکەیان کە هەرچیان هەبێت دەیبەخشنە ڕێکخراوەکەیان وەکو ئەرکێکی ئاینی .
٩.ترساندن وتۆقاندن و بەهانە پێگرتن بە هاووڵاتیان و بە تایبەتی جوتیاران و لێسەندنی باج وسەرانەو وەرگرتنی جزیە لە کەمینە ئاینی و مەزهەبیەکان .
١٠.تالآن و دزین لەوانە تالآنکردنی بانکی موسڵو بردنی دەیان ملیۆن دۆلار .
١١.دەستگرتن بە سەر بەرهەمی دانەوێڵەو کشتوکاڵیەکان و وەکو هەندێ سەرچاوە دەڵێن نزیکەی سێ یەکی بەرهەمی دانەوێڵەی عێراق لە بندەستی داعشدایە .
١٢. دەستگرتن بە سەر کانەکانی ئاڵتون لە موسڵ .

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت، چرا تی ڤی – ٢٠١٥/٩/٢٧

# داعش لە بەردەمیماڵەکانمان

ئەوەی کەلەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویدا بە کۆنترۆڵکردنی شارێکی گەورەی وەکو مووسڵ کە ناوەندی سێ یەم پارێزگای عێراقە دوای پارێزگاکانی بەغداد و بەسرە و ژمارەی دانیشتوانەکەی چوار ملیون کەسە شتێک بوو دوور لە هەموو بۆچوون و خەملاندنە سیاسی و سەربازیەکان بەو پێیەی دوو فرقەی هێزی سەربازی لە هەردوو بەری شارەکەدا بوون  جگە لە فرقەیەکی پۆلیسی ئیتیحادی و جگە لە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا و زیاتر لە ٦٠ دەبابەو دەیان مودەڕەعەو هەروەها فڕۆکەخانەی موسڵ کە کەدەڵێن دوو فڕۆکەشی تێدایە بە ساغی دەستی هێزەکانی داعش کەوتوون ,ئەمانەو هەروەها باس لەوە دەکرێت کە بڕی زیاتر لە ٤٥٠ ملێۆن دۆلار لە بانکەکانی ئەو شارەدان کەئەمەش سەرمایەیەکی گەورەو  بەکەڵکە بۆ درێژەدان بە ماکینەی جەنگی و بەڕێوەبردنی شارەکە ,هەروەها کەباسی شاری موسڵ بکەین ناکرێت باسی پاشخان و پێکهاتەو باکگراوندی ئەو شارە نەکرێت لە ڕابردوودا کەبە  بڕبڕەی پشتی سوپای پێشووی عێراق ناودەبراو بە جۆرێک کەزۆربەی زۆری ئەفسەرو سەربازەکانی خەڵکی ئەم شارە بوون و لە پێکهاتەی عەرەبی سوونە بوون وسەدام حسینی سەرۆکی ڕژێمی پێشوو  بە شاری ڕمەکان ناوی دەبرد , بەڵێ ئەمە چ ئابڕوچوونێکە کە هێزەکانی سووپاو پۆلیسی ئیتیحادی عێراق لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە بەردەم یەک  دوو هەزار چەکدارێکی داعشدا خۆیان پێ ڕانەگیرێت و هەڵبێن ئایا لە سەرەوە فەرمانیان پێ کراوە ؟ یان لە ترس و هەستکردن بەلاوازی ؟ یان چۆن ئەو داواییەی مالیکی لێک بدەینەوە ئەمڕۆ داوای چەکدارکردنی گشتی خێڵەکان و خەڵکی دەکرد ئایا ئەمان لە سوپا ملێۆنیەکەی مالکی بە هێزتر دەبن ؟

ئەمانە هەمووی لەلایەک لەلایەکی ترەوە  هەروەکو ئەمڕۆ لە چاودێرێکی سیاسیەوە بیستم موسڵ وەکو شانەیەکی نووستووی پێکهاتەی عەرەبی سوونە وابووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەرکات و ساتێک بیانوویستایە دەستیان بە سەریدا دەگرت بەڵام ئەوەیان نەکرد تا ئەم کاتە کە پێ دەچێت ئێستا گونجاوترین بێت بۆیان , دوای ئەوەی لە دووساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەو نارەزایەتیەکانی عەرەبی سوونە لە هەموو مەیدانەکانی شارەکانی موسڵ و ڕومادی و سامەڕاو فەلووجەو حەویجە شکستی هێنا و مالیکی هیچ کام لە داخوازییەکانیانی بە جێ نەهێنا و بەزۆری چەک بڵاوەی پێکردن , ئێستاش لە دوای هەڵبژاردنە گشتیەکانی ٣٠ نیسانی ٢٠١٤ کە جارێکی تر لیستەکەی مالیکی دەوڵەتی یاسا

وەکو یەکەمی هەڵبژاردنەکان وەدەرکەوتووە و کاندید کراوەتەوە لەلایەن لیستەکەیەوە بۆ ولایەتی سێیەم ئیتر عەرەبی سوننە هیچ ئومێدێک لە ئاسۆوە نابینن بۆ بەشدارییپێکردنی ڕاستەقینەیان لە دەستەڵات و بەدەستهێنانی خواست و ئارەزوو مافە زەوتکراوەکانیان بە قەولی خۆیان، بۆیە لەم کاتەدا کە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ماوە یاساییەکەی تەواو دەبێت و ئەنجامە کۆتاییەکانیش ڕادەگەینرێن پێ ناچێت کۆبوونەوەی خوولی سێ یەمی ئەنجومەن و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو و ڕاسپاردنی کاندیدی لیستی براوەی یەکەم بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ کارێکی هێندە ئاسان بێت لەوەیە بگاتە بنبەست و تونێلێکی تاریک و درێژ کە دەرچوون لێ ی زۆر زەحمەت بێت و مانەوەی عێراق وەکو وولاتێکی یەکگرتوو ئاستەم بێت.
لە کۆتاییدا ئەوەی زیاتر مەبەستمەو دەمەوێت هەڵوەستەی لە ئاستدا بکەم ڕۆڵی کورد لەم قەیرانەدا چیە ؟ و ئەی کورد چی بکات ئایا وەکو تەماشاکەر بمێنێتەوە؟ لە کاتێکدا داعش و بەعسیەکان و سوپای تەریقەتی نەقشبەندی و هەموو گروپ و تاقمە چەکدارەکان لەموسڵو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان بە هەموو تواناکانیانەوە هاتونەتە مەیدان , یان کاتی ئەوە هاتووەو هەلێکی مێژوویش بۆسەرکردایەتی سیاسی  کوردبە هەموو لایەنەکانیەوە هەڵکەوتووە  هەنگاوێکی ئازایانە بنێن و هێزەکانی پێشمەرگە ڕەوانەی هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان بکەن و بە سەروماڵ بیانپارێزێن لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لەبەردەم ڕووخان و مایە پوچ بووندایە بە دەست قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان و گەندەڵی و شەڕی تائیفی.

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت) - ٢٠١٤/٦/١١

# داعش لە عێراق و شامەوە بۆ پاریس

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام تووشی چەند شکست و پاشەکشەیەکی سەربازی هات لە پارێزگای سەلاحەدین و ڕزگارکردنی بێجی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی عێراق و ڕزگارکردنی شەنگال لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەو شەرڤانان و گریلاکانەوە و هەروەها لە سوریاش لە چەند شوێنێک پاشەکشەیان پێکراوە لە ئاوا بارودۆخێکدا ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە دەیەوێت چەند ئامانجێک بپێکێت و لە هەمان کاتدا چەند نامەیەکیش ئاڕاستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژ بە داعش  بکات کە هەوڵدەدەم لە چەند خاڵێکدا کورتیان بکەمەوە :-

١.دەوڵەتی ئیسلامی بە هەموو یارو نەیارەکانی دەڵێت کە ئەو هەر ئامانجێک لە هەرکوێ بێت دەتوانێت پێی بگات و بە وردی بەرنامەکانی کردەوە تیرۆریستیەکانیجێبەجێ بکات .

٢. ئەم کردەوانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە وڵاتانی جیهان خۆیان بۆ دوو ڕووداوی گرنگ ئامادە دەکەن  یەکێکیان کۆبوونەوەی ڤیەنا یە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوریا و ئەوی تریان کۆبوونەوەی وڵاتانی بیستە لە ئەنتالیا لە تورکیا کە بڕیار بوو سەرۆک کۆماری فەرەنسا ش بەشداری تێدا بکات بەڵام بە هۆی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەوە نەیتوانی بەشداربێت کە ئەوان ویستیان کاریگەریان لە سەر ڕاسپاردەو گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوانە هەبێت .

٣. دەوڵەتی ئیسلامی لەم کردەوەتیرۆریستیەدا هەشت کەسی بەکارهێناوە بە پشتێنی بۆمب ڕێژکراوو ڕەشاشی ئۆتوماتیکی بەم ژمارە کەمەوە توانی چەند  پێگەیەکی گرنگ و هەستیار لە پاریسی پایتەختی فەرنسادا بکاتە ئامانج و دۆخێکی پڕلە ترس و سام و شەڵەژان بلاوبکاتەوە جۆریک لە ئیفلیج بوونی ژیان  لە چەند ناوچەیەکی ئەو شارەدا بخولقێنێت و ئامانجەکان بە وردی بپێکێت کە ئەوەش نیشانەی چاودێری و ئاگاداری بەردەوامی ئەو شوێنانەی پێوە دیارە لە لایەن دەوڵەتی تیرۆرستی داعشەوە .

٤.هەروەها داعش دەیەوێت بە هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی بڵێت کە ئەوان  ناتوانن بە و هەموو کۆبوونەوەو  نەخشەکێشان و لەشکرکێشیە هێزەکانی داعش بترسێنن و ڕۆڵیان کەم بکەنەوەو کۆڵیان پێ بدەن .

٥. هەروەها بانگەوازێکە بۆ جەنگاوەرانی ڕێکخراوەکەیان لە وڵاتانی ئەوروپا کە هەرکەسێک شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی بکات دەبێت بمرێت و نەمێنێت هەروەها ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکراشە بۆ ئەوەی کە سوورن لە سەر دروشم وئامانجەکانیان بۆ بە دیهێنانی

کاردەکەن .
٦. هەروەها هەوڵێکی دەوڵەتی ئیسلامیە بۆهاندانی  هەموو موسڵمانە توندڕەوەکانی دانیشتووی وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی ئەندامی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتین دژی داعش کە کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن .
٧.هەوڵدان بۆ قووڵکردنەوەی شەڕی ئتنیکی و ئاینی و بە تایبەتی شەڕی دژبە مەسیحیەت و خاچپەرستی کە لە هەموو بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانیاندا دووپاتی دەکەنەوە و بەڵێنی داگیرکردنی ڕۆماو بە دیاریکراوی ڤاتیکان یش دەدەن وەکو هێمای ئاینی مەسیحی و ئاماژە بەوەدەدەن کەدەبێت بگەنە  ئەورووپا.
لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تیرۆر هیچ  سنوورو بەربەستێکی لە بەردا نیە هەموو شوێنێکی جیهان دەگرێتەوە و ئامانجی تیرۆریستان کوشتنی زۆرترین ژمارەی خەڵکی سڤیل و بێتاوان و بڵاوکردنەوەی کەش و دۆخێکی ترس و سام و شەڵەژانە و تۆڵەکردنەوەیە لە هەر جێگەیەک بیانەوێت ورەی لایەنگرو هەوادارەکانیان بڵندبکەنەوە پێیان بڵێن ئێمە ش کەرەسەو توانای ڕووبەڕوونەوەمان هەیە.
لە کۆتاییشدا ئەو تۆمارە دەنگیەی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە فەرمی دان بە ئەنجامدانی ئەو کردەوەدا دەنێت و بە غەزوەی موبارەکە ناوی دەبات دەڵێت هەموو ئامانجەکانی بە سەرکەوتوویی پێکاوە.
ئیتر هیچ بوارێک بۆ خەمساردی و بێخەمی و خاوە خاوو خۆ خەریک کردن ناهێڵێتەوە لە لایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتیەکی زۆر بە هێزتر و پڕتواناتر بۆ پەکخستن و ڕیشەکێش کردنی داعش و هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی تر .

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت، دەنگی سەربەخۆ)
٢٠١٥/١١/١٨

# داعش و ژن

لەدوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ساڵی ٢٠١٤ دا لەلایەن خەلیفەکەیانەوە ئەبووبەکر بەغدادی دیاردەی ژنە جیهادییەکان وەدەرکەوت که لە ناو ڕێکخستنەکانی دەوڵەتی ئیسلامید ا وایان پێدەبێژن , کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئامادەگیان هەیەو تەنانەت هەندێ لە سەرچاوە ڕۆژنامەوانیە عەرەبیەکان بە زیاتر لە ١٠٪ کۆی گشتی چەکدارە بیانیەکانی نێو ڕێکخراوەکەیان دەخەملێنن ,

لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە زۆربەی ئەو ژن و کچە موجاهیدانە کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ _٢١ ساڵە لە زۆر وڵات و شوێنی جیاوازەوە پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوەوە جگە لە عێراق و سووریا لە وڵاتانی باکووری ئەفریقیا بە تایبەتی توونس دواتر میسرو عەرەبستانی سعوودیە و وڵاتانی تری وەکو ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا وەکو بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا کە ئەمانە نەوەو وەچەی ئەو کۆچبەرانەن کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانەیان وەرگرتووەو هەروەها ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش سەرچاوەیەکی تری ئەو موجاهیدە ژنانەن .

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش هەر نووسەرو لێکۆڵەرێک کەباس لەم دیاردە بکات ئەرێ بۆچی ژنان و کچان پەیوەست دەبن بەم ڕێکخراوەو تیرۆریستیەوە کە لە بارودۆخێکی ئێجگار سەختدا ژیان بە سەردەبەن ؟ ؟

کە ئەمەش کۆمەڵێک فاکتەروهۆکار و پاڵنەری هەیە وەکو سەرچاوە عەرەبیەکان باسی دەکەن هەوڵدەدەم لە خوارەوە هەندێکیان بخەمە ڕوو:

١. هۆکاری کەسی : ئەمەیان زیاتر پەیوەندی بە ژنانی عێراق و سووریاوە هەیە چونکە ئەمانە بە هۆی بارودۆخی شەڕی داعش لەو وڵاتەکانیاندا لە ژێر بارێکی گەلەک قورسدان کە یان کوڕیان یان هاوسەرەکانیان یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکانیان کوژراون یان تووشی ڕفاندن و ئازارو ئەشکەنجەدان بوون یان ماڵ و موڵکیان وێرانکراوە لەو شەڕانەدا , بۆیە باشترین ڕێگا بۆ ئەمان پەیوەست بوونە بە ریزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە.

٢. هۆکاری ئاینزایی : هەروەکو هەمووان ئاگادارین بارودۆخی عێراق و شام جۆرێک لە شەڕی ناوخۆیی بەرقەرارە کە لە ململانێ ی سیاسیەوە گۆڕاوە بۆ شەڕی ئاینزایی و تائیفی لە نێوان شیعەو سوونەدا کە ئەمەش وایکردووە زۆرێک لە ژنان بچنە ناو ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەو بەشداری کردەوە تیرۆریستیەکانی بکەن و زۆر ئەرکی تریش بە جێبهێنن بەو پێیەی جیهاد تاکە ڕێگەیە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی سونی دژبە ڕافیزە شیعەکان .

٣.هۆکاری ئایدیۆلۆجی : هەروەکو ڕوون و ئاشکرایە لە پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە

عێراق وشام دانانی خەلیفە بۆی ,ئەوە ئاوات و ئامانجی زۆربەی زۆری ئیسلامیە توندڕەوەکان و لەوانە ژنانیش بوو بۆیە بە ئەرکێکی ئایینی پیرۆزی خۆیانی دەزانن پەیوەست بوون بەو دەوڵەتەو ژیان لە ژێر سێبەرو قەڵەمڕەوەکەیدا .

٤.هۆکاری کۆمەڵایەتی : هەندێکی تر لەو ژنانەی کە بوونەتە داعش ئەو ژنانەن کە لە بنەچەی ڕۆژئاواییین و بوونەتە ئیسلام و لە ناو کۆمەڵگای خۆیاندا تووشی بارێکی نامۆبوون هاتوون و خۆیان لە خێزانگەلێکی بێ ئایین یان مەسیحی کاسۆلیکی و یان یەهودین کەسوکارەکەیان ڕازی نابن ئەوان ببنە مووسڵمان بۆیە ئەمانیش ڕوو دەکەنە عێراق و شام بۆ ناو ڕیزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و هەست بە نامۆبوون ناکەن لەوێندەرێ ئەمە بە گوێرەی سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان .

٥.هۆکاری مرۆیی : هەندێکی دی لەو ژنە موجاهیدانەی کە پەیوەست بوون بە دەوڵەتی ئیسلامیەوە ئەوانەن کە لە سەر پەروەردەو داب و نەریتی ڕۆژئاوایی ڕاهاتوون و هکو یەکسانی و دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە تاوان و خەمساردی دەزانن گەلی سوریا و عێراق بەتەنیا جێبهێڵن لە بەردەم هەموو ئەو پەلامارو جەورو ستەمەی کە لێیان دەکرێت لە لایەن ڕژێمی ئەسەد و لایەنەکانی تری ئەو جەنگەوە لە کاتێکدا حکومەتە کانی ئەوروپا وەکو پێویست نەهاتونەتە پێشەوە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە , ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە وەکو ئەرکێکی ئایینی بەشداریکردنە لە جیهاد و یارمەتیدانی خەڵکی ئاوارەو کەمئەندام و پیرو پەککەوتەو هەتیوو بێسەرپەرشتانی ئەو جەنگەیە لە عێراق و شامدا .

کارو فەرمانەکانی ژن لە ناو داعشدا هەر تەنها چەک هەڵگرتن نیە بەڵکو زۆر کارو فەرمانی تر ئەنجام دەدەن لەوانە کاری ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵ و خێزان و یارمەتیدانی مرۆیی و پەرستیاری و خزمەتکردنی برینداران و گەیاندنی یارمەتی و کۆمەک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو بەشداریکردن لە پۆلیسی ژنان و بەشداریکردن لە کاروباری ڕاگەیاندن و بەشداریکردن لە ڕاهێنان لە سەر چەکی سووک بۆ حاڵەتی بەرگری لە خۆکردن .

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ژن وکچ بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش چەند مەبەست و ئامانجێکی لە پشتەوەیە لەوانە داعش وای پیشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدات کە پێشکەوتنی بیرو ئەندێشەی ڕێکخراوەکەیان کە ژنیش بەشداری کایەکانی کۆمەڵگا دەکات ورۆڵی خۆی دەگێڕێت .

لەلایەکی ترەوە هاتنی ئەو ژمارە زۆرە لە ژنە داعش بۆ ئەو شوێنانە گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای لەو شوێنانەدا دروست دەبێت و هاوسەرگیری لە نێوان ژنان و چەکدارە پیاوەکاند ا ئەنجام دەدرێت کە ئەوەش دیمۆگرافیایەکی تازە دێنێتە ئاراوە کە دواتر گۆڕینی ئاسان نابێ.

هەریەک لە ماڵپەڕی (خەندان، وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت، چرا تی ڤی) – ٢٠١٥/١٢/٢١

# شەنگال مەرگەساتێکی تری کورد

لەم رۆژانـەدا سـەرنجی هەموو جیهان لەسەر هۆلۆکۆستێکی تری مێژووییە دەرهەق بە کەمینە ئێتنیکی ومەزهەبیەکانی عێراق و کوردستان بە تایبەتی یەزیدیو شەبەک و کریستیان و تورکمانەکان بە شێوەیەک کە پیاوان و منالّەکانیان دەکوژن و ژنەکانیشیان وەکو کەنیزەک و دەستکەوتی جەنگی ڕەوانەی بازاڕەکانی موسڵ دەکرێن بۆ فرۆشتنیان یەکی بە کەمتر لە سەدوپەنجا دۆلاری ئەمریکی ,ئەمە شتێکە کە لە هەزاران سالّی پێش ئێستەشەوە ڕووینەداوە لە عێراقی فرەنەتەوە و ئێتنیک دا کە بە پێکەوە ژیانی شارستانیانەی پێکهاتەکانیەوە ناسراوە لە دێرزەمانەوە .

حەزم نەدەکرد جارێکی دی قەلّەم هەلّبگرم و تراجیدیاو مەرگەساتێکی تر بۆ سەر تراجیدیاو مەرگەساتە خوێناوی و خەمناکەکانی نەتەوەکەم زیادبکەم لە دوای ئەنفال و هەلّەبجەو کۆڕەوی ملیۆنی و سەدان و هەزاران چیرۆکی پڕلە نەهامەتی و ناسۆر ی و دەربەدەری و جگەرسووتان و لێکدابڕان و شیوەن و مەینەتیەکان , بە بیرمدا نەدەهات مەرگەساتێکی تریش دوای ڕووخانی ڕژێمی پەت و سێدارەو ئەنفالی سەدام جارێکی تر ناوچەیەکی تری ولاتەکەم بەر شالاوێکی ئاوا بەربەریانە ی چەتەکانی جەهل و نەزانین و هەلّگرانی ئالای ڕەش بکەوێت ,بەلاّم مەخابن ئەوەشمان دی نەوەی نوێ ی دوای ڕاپەڕینیش تراجیدیاو مەرگەساتێکی تریان بە چاوی خۆیان بینی ئەگەر جاران لە دووتوێ ی کتێبەکانی مێژوودا باسی جینۆسایدو کیمیاباران وئەنفال و تەعریب و تەهجیریان بینیبێت ئەوا ئەمڕۆ بە چاوی خۆیان جینۆسایدێکی تری براکانیان دەبینن لە شەنگال ,کە نەک هەر کورد لە هەر چوار پارچەکە چاویان لە چیای شەنگالە و ئەوەی لە دەستیان هاتبێت کردوویانە بۆ یارمەتی و بە هاناوەهاتنی براکانیان لەشەنگالی کۆستی تازەو دواتاوانی داعشیەکان لە گەلّ ئێمەشدا ئەمجارە هەموو خەلّکی دونیا بوونەتە پشت و پەنا و پێتان دەلّێن جارێکی تر بە تەنیا جێتان ناهێلّین گورگە دڕندەو برسیەکانی داعش بتانخۆن ,ئەوانەی تا چەند رۆژو مانگێکی پێشووئامادەنەبوون چەکمان بدەنێ بەرگری لە خۆمان پێ بکەین ئێستە خۆیان چەکمان بۆ دێنن , ئازیزانم لە شەنگال هاوولاّتیە بێ دیفاع و بێ وەیە کریستیانەکانم لە دەشتی نەینەوا ئەگەر لە ڕابردوودا لە کاتی دووجەمسەری جیهاندا کەڕوکاس و نابینا بوون لە ئاست تاوانی قڕکردنماندا ئەوا ئەمڕۆ ئاهوونالّەی ئێوە نەک لە هەمووماڵێکدا بەلّکو لە هەموو ناوەندە گرنگەکانی بڕیاری نێودەولّەتی دەبیسترێ و بە هەند وەر دەگیرێت بە مالیکی سەرۆک وەزیرانی بەزیووی عێراق دەلّێن ئەو چەکانە سەروەری عێراق ناشکێنن

ئەوە گەمژەیی و سیاسەتە  چەوت و چەوێڵەکانی جەنابتە لە پەراوێز خستنی هەموو پێکهاتەکانی تری عێراق و بەتایبەتی سوونە کە ناچاربوون بۆ ڕزگاربوون لە ڕەفتارەکانی تۆ یارمەتی شەیتانیش قبوڵ بکەن ,کە بووە هۆی گەشەکردنی تیرۆرو دابەشبوونی عێراق بەم شێوەی ئەمڕۆ , هەر لە سایەی تۆوە بوو مالیکی هەموو تاوانبارانی داعش لە هەموو دنیاوە بێن ولە عێراق کۆببنەوە تاوانەکانیان دەرهەق بە کوردو هەموو کەمینە نەتەوەیی ئتنیکیەکان ئەنجام بدەن ,ئێستەش بەم حالەشەوە واز لە عێراق و عێراقیەکان ناهێنی و لە دوا ووتاری هەفتانەتدا دەتەوێت ببیت بە سێبەر بە سەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراوەو پێ ی دەڵێیت مەرج لەکەس قبووڵ مەکە بۆ پێکهێنانی حکومەت و لە دوای ئەو ووتانەش تا ئێستە لەکەسم نەبیستووە وەڵامێکی بە جێی مالکی بدەنەوە .

هەریەک لە ماڵپەڕی (ئاوێنە، کوردستان نێت، دەنگی سەربەخۆ، چرا تی ڤی) - ٢٠١٤/٨/٢٢

# وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ئە ڕێکخراوە تیرۆریستیەیە کە باشترین سەرچاوەی داهات و دارایی لە بەر دەستدایە کە لە زۆرێک لە دەوڵەتە بچکۆلەکان دەوڵەمەندترە لە وتارەکانی پێشوترمدا بە درێژی لە سەر هۆکارو سەرچاوە داراییە جیاوازەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە وەستام ئەوەی ئەمجارە دەمەوێت باسی بکەم چۆنێتی وشککردنی سەرچاوە داراییە کانی داعشە .

ئەزموونی مێژوویی بە گژاچوونەوەی تیرۆرو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لە جیهاندا چەندراستیەکی گرنگ و حاشاهەڵنەگریان فێرکردووین ئەوانیش خۆیان لەوەدا دەبیننەوە :

١. وشککردنی هەموو سەرچاوە دارایی و کۆمەکەماڵیەکانی ئەو ڕێکخراوانەیە کە وەکو شادەماری ژیانیان وایە و کردەوە تیرۆریستیەکانی پێ ئەنجام دەدەن , ئەویش بەوە دەکرێت کە هەموو سەرچاوەی پشتیوانی و یارمەتی ئەو ڕێکخراوانە ببڕێنرێن و هەناسەیان لێببڕێت ئەویش بەوهەنگاوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد هەرچەندە درەنگ وەختیش بوو بە دانانی داعش و بەرەی نوسرە لە ژێر بەندی حەوتەمی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان کەماف دەدات بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە سزا بسەپێنێت بەسەر هەموو ئەو کەس و لایەنانەدا کە کۆمەک ویارمەتی پێشکەش بە و ڕێکخراوە تیرۆریستیانە دەکەن و لە هەمان کاتدا بوار دەدات بە وڵاتان وڕێکخراوە نێودەوڵەتیە مالیەکان کە چاودێری و بە دواداچوون بۆجووڵەی سەرمایە کان بکەن کە بۆ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە دەڕۆن و هەروەها ناسینی ئەوانەی دەینێرن و ئەوانەی پاڵپشتیان دەکەن و دواتر سزادانیان وناچارکردنیان بە بڕینی ئەو کۆمەکانە تاوەکو بە هێواشی دەمرن و دەپوکێنەوە .

٢.هەنگاوی دووەم زۆر گرنگ و جێ ی بایەخە ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوپەیمانیتیەکی زۆر بە هێز تر لەمەی ئێستا بۆ بە گژاچوونەوەی تیرۆر دابمەزرێنێت نەک هەر هاوپەیمانێتیەکی سەربازی بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی سیاسی ستراتیجیشی لە گەڵدا بێت کە بگەنە زۆر لێک تێگەیشتن و هەماهەنگی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی گرنک لە سەر چۆنێتی بە گژاچوونەوەی ئەو ڕێکخراوە کە هەموو سنووری نێوان نەتەوەکان و وڵاتانی جیهان و ناوچەکەشی تێپەڕاندووەو هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری دەکات و ئەکتیف کردنی هەر کردارێک بۆ بەگژاچوونەوەیان .

هەروەها دروستکردنی جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان دراوسێکانی عێراق و سوریا کە

داعش هەڕەشەیەکی هاوبەشە بۆ هەمووان و فاکتەری سەرەکی ئاژاوەوە بشێویەکانی ناوچەکەیە بۆیە زۆر گرنگە کە هەموو ڕێڕەو خاڵە سنووریەکانیان لێدابخرێت و بوارنەدرێت کە نەوت بفرۆشن و ماشێتی جەنگیانی درێژە پێبدەن .

چەند هۆکاریکی تری گرنگ هەن حەزدەکەم لە کۆتاییدا ئاماژەیان پێبدەم ئەوانیش ڕیفۆرم لە هەموو دەمودەزگاکانی دەوڵەت لە وڵاتانی ناوچەکە بە هەرێمی کوردستانیشەوە چ لە بوارەکانی تەندروستی و بە تایبەتی پەروەردە و خزمەتگوزاریە گرنگەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان ولە ناوبردنی گەندەڵی کە ئەویش مەترسیەکانی لە تیرۆر کەمتر نیە سەرەڕای ئەکتیفکردنی پرۆسەی دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە کە ئەمیش یەکێکە لە فاکتەر بنەڕەتیەکانی بە گژاچوونەوەی تیرۆر و ئارامی و سەقامگیری دەستەبەردەکات .

هەریەک لە ماڵپەڕی (ئاوێنە، کوردستان نێت، دەنگی سەربەخۆ، چرا تی ڤی) - ٢٠١٥/١٠/٢

# داعش لە بێشکەوە تا گۆڕ

ڕۆژی ٢٣/ئازار ٢٠١٩ وتەبێژی هەسەدە هێزەکانی سوریای دیموکرات کە لە زۆرینەی کورد پێکهاتوون و ئەمریکا پشتیوانی یان دەکات مژدەی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ڕاگەیاند لەدوا پێگەیان لە ڕۆژهەڵاتی فورات و بە دیاریکراوی لە شارۆچکەی باغۆز لە ڕۆژهەڵاتی دیرزۆر هەموو بنکەو بارەگاکانیان ڕزگار کراو تارومار کران.
بۆیە پێم باش بوو لەم کاتەدا کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش سەرەنگوم بوو پانوراماییەکی خێرای چۆنیەتی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی و فەرمانڕەوایی چوارساڵی پڕلە کارەسات و ماڵوێرانی و تاوانی گەورە گەورەو هەتک کردنی حورمەتی مرۆڤ و کوشتن و لەناوبردنی هەرکەسێک کە لەگەڵیاندا نەبێت و تا جینۆسایدی ئێزیدییەکانی شەنگال و بە سەبایاو کەنیزەک کردنی کچ و ژنانەکانی یان.

#### ڕاگەیانی دەوڵەتی خەلافەت

لە ٢٩/حوزەیرانی ٢٠١٤ تاقم و گروهە چەکدارەکانیان دەوڵەتی ئیسلامی یان لە عێراق و شام ڕاگەیاند لە هەموو ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستەڵاتیاندا بوو،لە تۆمارێکی دەنگی کە بڵاویان کردەوە لە یەکەم ڕۆژی مانگی رەمەزانی ئەو ساڵەدا ناوەکەیان گۆڕی بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی) بەم گۆڕانکاریەش بۆ یەکەم جار دوای نزیکەی سەد ساڵ ڕێککەوتنامەی سایکس _ بیکۆ یان هەڵوەشانەوە قووله کانی سنووری نێوان عێراق و سوریایان تێکداو ئەبوبەکر بەغدادیان وەکو خەلیفەی ئیسلام ڕاگەیاند داوایان لە خەڵکی کرد پەیمان و سۆز و موبایەعەی بکەن.
ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دەستیانگرت بە سەر شاری موسڵ دووەم گەورە پارێزگای عێراق دوای ئەوەی سوپاو هێزەچەکدارەکانی عێراق شەڕییان نەکردو هەمووچەک و تەقەمەنی و کەرەسە سەربازییەکانیان دا بە دەست چەند سەد چەکدارێکی داعشەوە کە بەو چەکو تەقەمەنی و کەرەسانە سێ یەکی خاکی عێراقیان داگیرکرد دواتر.
هەرچەندە پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٣ شاری ڕەقەو دێر زور و بەشێک لە شاری حەلەب ی سوریایان داگیرکردبوو بەم شێوەیە هەردوو شاری موسڵ و ڕەقە بوون بە پایتەختی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی.

لە ٥ تەمووزی ٢٠١٤ بۆ یەکەمجار ئەبوبەکر بەغدادی دەرکەوت لە تۆمارێکی فیدیۆیی داوای لە موسڵمانان کرد سۆزی پێ بدەن و موبایەعەی بکەن.
بۆیە ئیتر لەو کاتەوە دەستیانکرد بە جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام بە دیدو بۆچوونی خۆیان بۆ ئایین و بۆ ئیسلام کە هەزارو چوارسەد ساڵی ڕابردووی سەرهەڵدانی ئەو ئایینە ئەمە شێوازێکی نوێ ی توندوتیژی و لە ناوبردن بوو چ بە جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدام بە سەرخەڵکێکی زۆردا بە تاوانی خیانەت و بەکرێگیراوی بۆ بێگانەو زینا و بەگشتی هەموو ئەوکەسانەی کە وەکو ئەوان بیریان نەدەکردەوە مەحکوم بوون بە ئیعدام.
جگە لە بە کەنیزەکردنی ئافرەتانی یەزیدی و کڕینو فرۆشتن کردن پێ یانەوە لە بازاڕەکانی ڕقەو موسڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش تۆمەتباریان دەکەن بە پاکتاوکردنی ڕەگەزیو ئتنیکی و جینۆساید و ئەشکەنجەدانی زیندانیان، لەمانەش مەترسیدارتر و دڕندانەتر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چەندین پرۆسەی کوشتن و سەربڕین و سووتاندنی تۆمارکردو بە فیدیۆیی و لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەخشیان دەکرد هەروەها چەندین کردەوەی خۆکوژی و تەقاندنەوەی بۆمب و بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبیل و داهێنانی چەندین شێوازی نوێ یان داهێنا و بەفەرمی بەرپرسیارێتی خۆیان لێ ی ڕادەگەیاند لە عێراق و سوریا کە خەڵکێکی زۆری سڤیل یان دەکردە ئامانج و دەبوونە قوربانی.

### هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ لە ناوبردنی داعش

لە دوای سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە توند ئاژۆ و تاوانبارە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ لە ناوبردنی داعش پێکهات لە حەفتا دەوڵەت بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و هەر ئەمریکا خۆی بەتەنها ٥٠٠٠ سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە کردو لە مانگی ئەیلەلی ٢٠١٤ یەکەم پەلاماری ئاسمانی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریا دەستپێکرد دوای ئەوەی پێشتر لە عێراق پەلاماری دابوون.

### سەرەتای تێکشکان و پاشەکشەی داعش

لە ٢٦کانوونی دووەمی ٢٠١٥ هێزە کوردییەکانی سوریا بە پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش شاری کۆبانی یان لە داعش ڕزگارو پاک کردەوە.
لە ٣١ ئازاری ٢٠١٥ سوپاو هێزە چەکدارەکانی عێراق پارێزگای سەلاحەدین کە ناوەندەکەی شاری تکریتە لە داعش پاککردەوە دواتریش شارەکانی ڕومادی و فەلووجە و شەنگال

ڕزگارکران لە تیرۆریستانی دەوڵەتی خەلافەت.
لە ئابی ٢٠١٦ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) شاری مەنبەج یان ڕزگارکرد لە داعش و گروهەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریای سەر بەتورکیا دەستیان گرت بە سەر شاری جەرابلس و باب ی سەربە پارێزگای حەلەبی سوریا لە مانگی شوباتی ٢٠١٧.
لە ١٠ تەمووزی ٢٠١٧ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکانی عێراق ڕزگارکردنی تەواوی شاری موسڵی ڕاگەیاند دوای نۆ مانگ هێرش و شەڕو ئۆپەراسیۆنی بەردەوام بە پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش.
لە ١٧ / تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ هەسەدە شاری ڕەقەی پایتەختی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیشی لە بندەستیان دەرهێنا.
لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق عەبادی سەرکەوتنی تەواوی بەسەر هێزەکانی داعش لە عێراقدا ڕاگەیاند.

### *لە گۆڕنانی داعش دوا وێستگە*

لە ٢٣ ئازاری ٢٠١٩ هەسەدەو ئەمریکاش لەلای خۆیەوە سەرکەوتنی تەواویان بەسەر سوپای جەهل و ڕەشپۆشی داعشدا ڕاگەیاند لە دوا پێگەیان لە باغۆزی ڕۆژهەڵاتی سوریا.
لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەوەی دوا بنکەو بارەگاو پێگەی ئەو هێزە وەحشیگەرە کۆنترۆڵ کرا لە عێراق و سوریا بەڵام ئێستاشی پێوەبێت لە بیابانەکانی عێراق و بادییەی شام خۆیان حەشارداوەو شانەی نووستوویان لە زۆر شوێن هەیە مەترسی جدییان هەیەبۆ ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە، چونکە هەموو ئەو فاکتەرانەی کە زەمینەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە توندئاژۆیە هێشتا ماون، بۆیە ئەرکی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکەشە کە ئەو ئەرکە قوورسە بگرنە ئەستۆ ئەویش چارەسەرکردنی کێشەو ئاریشە ئاڵۆزەکانی وڵاتانی ناوچەکە چ لە دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی هاوسەنگی و شەفافیەت و خزمەتگوزاری و دابینکردنی هەلی کارو ئازادای و نانو خۆشگوزەرانی.

# ڕاوێژو ئامۆژگارییەکانی عەبدولباری عەتوان بۆ داعش

وابزانم پێویست ناکات بەدرێژی عەبدولباری عەتوان بەخوێنەرانی کورد بناسێنم، چونکە زۆربەی زۆری نووسەرو چاودێران و هەتاوەکو خوێنەرانی کوردیش هەڵوێست و ڕق و کینەو دوژمنایەتیەکانی ئەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسە عەرەبە فەلەستینیە بەرامبەر بە کورد دەزانن. لە دوو دەیەی ڕابردوودا چی لەدەست هاتبێت بۆ دژایەتی کوردو کێشە ڕەواکەی بێ سڵەمینەوە و دوودڵی کردوویەتی و، ووتویەتی کە لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیای عوزما دادەنیشێت، پشتیوانی خۆی لە پێشتر زۆر بەئاشکرا بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو شەخسی ئەمیرەکەی ئوسامە بن لادن دەربڕیووەو، کاتی خۆی لە شاخەکانی تۆرابۆرا لە ئەفغانستان چووە لای و چاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵدا سازدا. تائێستاش بە شێخ ئوسامە بن لادن ناوی دەبات.

لەکاتی ئێستاشدا لەناو جەرگەی ئەوروپاوە ڕاوێژ و ئامۆژگاری و خۆشەویستی خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام ( داعش ) دەنێرێت و هۆشدارییان دەداتێ کە لە تازەترین ووتاری کە لە ویبسایتی قورەیش دا بڵاوی کردۆتەوە، پێیان دەڵێت : ووریابن ترسناکترین شت بۆ پووکانەوەی دەوڵەتەکەتان ئەو هەوڵە هەواڵگریانەیە کە دەزگاکانی هەواڵگری و دژە تیرۆری عێراق دەیانەوێت دزە بکەنە ناو ڕیزەکانتانەوەو لەو ڕێگەیەوە گورزی کوشندەتان لێبدەن و، زاڵ بن بە سەرتاندا و درز بخەنە ناو ڕیزەکانتانەوە. هەروەها ترسی خۆی ناشارێتەوە، کە ئەم جۆرە دزەکردن و خۆ خزاندنە ناو ڕیزەکانی دەوڵەتەکەتانەوە زیانی گەورەتان پێدەگەیەنێت، لە هەمان کاتدا لە وەسفی ڕێکخراوەکەیاندا دەڵێت : ڕێکخراوێکی ئاوەها کە بە تەمەنێکی زۆر کورت هێزەکانی چەندجار لە قەبارەی خۆی زیادیان کردووەو ئەو ناوچانەش کە دەستیان بە سەردا گرتووە چەندین جار فراوانتر بووە لە کاتێکی پێوانەییدا بۆیە هەموو ئەمانە وادەکات کە ببنە ئامانجی زۆر دەزگای هەواڵگری جیهانی و ناوچەیی لە کاتێکدا دەوڵەتی ئیسلامی لە چەند بەرەیەکی جیاوە لە شەڕدایە کە ئەمەش تواناکانی کەمدەکاتەوە بۆ چڕکردنەوەی توانای خۆپارستنی خۆی بە گشتی.

هەروەها لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت : نازانین قەبارەی ئەو زیانانەی بەر دەوڵەتی ئیسلامی کەوتووە چەندە لەلایەن دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی عێراقەوە، بەڵام ئەبو

حەفسەی ئەلموهاجری کە گەورە بەرپرسێکی داعشە و دەستی بە خوێنی هەزاران کەس لە عێراق و شام سوورە بە بەڕێز ناویی دەبات و دەڵێت : ووتویەتی کە ئیتر هیچ کەسێکی عێراقی لە ڕیزەکانماندا وەرناگرین جگە لە خەڵکی بیانی بۆ جیهاد، نەوەکو خەڵکی نێراویان تێدابێت بۆ خۆ خزاندنە ناو ریزەکانمان لەلایەن دەزگا هەواڵگریەکانی عێراقەوە. بۆیە لەوانەیە گورزی گەورەیان وەبەر کەوتبێت.
لەهەمان کاتدا عەبولباری عەتوان کورتەیەکی مێژوویی لەسەر کاری هەواڵگری و ناردنی خەڵکی بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوەکانی قاعیدە و ڕێکخراوە فەلەستینیەکان باس دەکات و هۆشداریان دەداتێ لە مەترسی ئەو جۆرە کارانە، بەڵێ ئەمە نووسەرو ڕۆژنامە نووس عەبدولباری عەتوانە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جارێکی تر ڕق و بێزاری خۆی دەربڕی لە ئاست بە هاناوە چوونی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی کۆبانێ. هەروەکو ئەوەی بەڵێنی بیلفۆری دا و جێبەجێ ی کرد کورد بووبێت !!! ؟
لەهەمان کاتدا پیاوێکی تری ئایینی ئیسلامی تونسی عەرەب بەناوی شێخ حوسین عوبێدی ئیرەیی بە کور د دەبات کە چۆن توانیان یارمەتی بگەیەننە کۆبانێ دەڵێت ئێمەی عەرەب بە ٢٣ ووڵاتەوە نەمان توانی ئەوەندە یارمەتی بگەیەنینە غەزە. هەروەها رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیاش لە میانی سەردانەکە ئەم دواییەی بۆ فەرەنسا بێزاری و خۆی بەرامبەر کۆمەک وهاوکارییەکانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ کۆبانێ نەناردنی بۆ شوێنەکانی تری سوریا دەربڕی.
بۆیە لێرەوە داوا لە ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپاو ئەمریکا دەکەم هەروەها هەموو ڕێکخراوو هێزە دیموکراتخوازەکان دەکەم لە ڕێگەی داواکاری گشتیەوە سکاڵای یاسایی لەسەر ناوبراو تۆمار بکەن هەوڵی ئەوە بدەن لێپێچینەوەی لە گەڵدا بکرێت.

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت، دەنگی سەربەخۆ) - ٢٠١٤/١١/١٣

# هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژ بە داعش بۆ؟

لە چوارچێوەی ئەو هەولانەی کە لە ئارادایە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتیەکی بە هێز و فراوانتر لە ئەمەی ئێستا هەیە کۆنگرەی برۆکسل بەسترا لە ٣ دیسەمبەری ئەمساڵ بۆ بە گژاچوونەوەی تیرۆرو ڕەفتارەکانی داعش بە بەشداری ٦٠ دەوڵەت و لە سەر ئاستێکی بڵند.

لە چەند مانگی ڕابردوودا داعش لە عێراق و سوریا و ڕۆژئاواو باشووری کوردستان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بەربووەتە گیانی خەڵکی سڤیل و بێدیفاع هەر لە کەمە نەتەوەکاوەکان و ئێتنیکە جیاوازەکانی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەک و شیعەو هەموو بۆچوون ئاینزا جیاوازەکانی خۆیان کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی جێگەی شەرمەزاریە کەلەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەدا هێزێک سەر هەڵبدات وەکو قەوارەیەکی نامۆ بەم جیهانە پەلاماری هەموو شتە جوانەکان بدات لە هونەرو فەلسەفەو شوێنەوارو ئایین و ژن و ئازادی و جیاوازییەکان کە جوانیان بە ژیان بەخشیووە.....تد.

سەرەڕای هەمووئەوانە خەلیفەی دەوڵەتەکەیان ئەبوبەکر بەغدادی لە دوایین تۆماری دەنگی کە بڵاوی کردەوە لە چەندرۆژی پێشوودا تا داگیر کردنی ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا لە ئەوروپاو عەرەبستانی سعودی و یەمەن و میسرو مەغریبی عەرەبی ڕاناوەستن و موژدەی بە لایەنگرانی دەدا کە یاسای خەلافەتی دەوڵەتەکەیان بەسەر هەموو ئەو وولاتانەدا بسەپێنن، بۆ یە ئێتر مەترسی لەمە گەورەترو هەڕەشە لەمە ئاشکراتر بەدی ناکرێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش و پێکەوە ژیان لە جیهاندا، بۆیە ئێتر هیچ بوارێک نەماوەتەوە بۆ ناوەندەکانی بڕیارو زلهێزەکانی دونیا بۆ بەگژاچوونەوەی ئەم پەتا کوشندەیە جگە لە هاوپەیمانیتیەکی بەهێزو مەزن وچالاک بۆ گژاچوونەوەی ئەم ڕێکخراوە ڕەشپەرست و تیرۆرستە کە ئەمڕۆ زیاتر لە ٩٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زەوی لە عێراق وشام لە بندەستدایە هەروەها زیاتر لە ٣٠ هەزار چەکداری هەیە جگە لە توانای دارایی زۆرو زەبەن کە بەهۆی بوونی چەندین کێڵگەی نەوت و غاز لە عێراق و سوریا لە ژێر دەسەلاتیدا کە بە هۆیانەوە توانای درێژەدانی ماشێنی جەنگی بۆ فەراهەم کردوون.

هەرچەندە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکەوە بە خۆ کەوتون ولەلەئاست و قەوارەیەکی بچوکەوە بۆ گەورەتر سەرتا کۆنگرەی جەدە لە عەرەبستانی سعودیە بەسترا بە بەشداری وولاتانی کەنداو ئەمریکا وتورکیا هەرچەندە تورکیا واژۆی لەسەر بەیانی کۆتایی کۆنگرەکە نەکرد و دواتر کۆنگرەی پاریس بەسترا بە قەوارەیەکی

فراوانتر بە بەشداری چل دەوڵەت و وائەمێستاش کۆنگرەی برۆکسل بە بەشداری ٦٠ دەوڵەت دەبەسترێت بە ئامانجی بەگژا چوونەوەی تیرۆری داعش و ووشک کردنی هەموو سەرچاوەکانی کۆمەک و دارییان لە هەموو جیهان گەمارۆدانی ئەو پەتا وشێرپەنجە سامناکە کە ئیستا نزیکەی ٥ ملیۆن کەس ئاوارەی دەستی ئەوانە لە عێراق وشام نەبوونی کارەباو گرانبوونی هەموو جۆرەکانی سووتەنەنی و قەیرانەکانی نیشتەجێبوون بێبەشکردنی منداڵان لە خوێندن و سەدان و دەیان گیرو گرفتی تریان بۆ خەڵکی ئەم وولاتانە دروستکردووە و لە هەولی ئـەوەدان ئەم دیارییە بۆ وولاتانی دیکەش بەرن.بۆیە نەک هەر پەیمانی ناتۆو بەڵکو ناوەندێکی گرنگی وەکو زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە دوو رۆژی ٣ و٤ دیسمبەردا داعش و بە بەشداری ئێران وسعودیە و وولاتانی تر بۆیە لەبەر مەترسی ئەم دیاردە سامناکە کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایش و پێکەوە ژیانی گەلان و ئتنیکە جیاوازەکان دەکات ئەرکی کۆمەڵگای نێودوڵەتیە هاوپەیمانیەتیەکی گەلیک گەورە تر لەمەی ئێستا پێک بهێنێت و بە بەشدارییپێکردنی هێزی سەربازی زەمینی و هەوایی بۆ زاڵبوون بەسەریاندا و گەڕانەوەیان بۆ ناو کونەکانیان،ئەرکی سەرشانی هەمووتاکێکیشە لە هەر کوێ بێت ببێتە چاودێرو رێ لە گەشەکردن و جووڵەی ئاوا ڕەوتێک بگرێت.

هەریەک لە ماڵپەڕی (وتاری کورد، ئاوێنە، کوردستان نێت، دەنگی سەربەخۆ، چرا تی ڤی) – ٢٠١٤/١٢/٤

# ئەدلب دوا پێگەی تیرۆریستان

ناوی ئەدلب لە ئایین و زمانی کەنعانی کۆنەوە هاتووە بە مانای گەردەلوول و هەورە بروسکە وێران بوون، ئەو وێنەشی کەوەکو لۆگوی ئەو شارەو وێنەیەکی ناودار ە کە پێی ناسراوە وێنەی باڵتە وپاچ و کەرەسەکانی تێکدانی تێدایە.
ئەو جەنگەشی کە لە ئێستا و هەر چرکەساتێکدا چاوەڕوان دەکرێت ڕوودات لە نێوان هێزەکانی ڕژێمی سوریا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و هەموو تاقم و گروهە توندئاژۆ و تیرۆریستەکان، پێدەچێت کۆتایی بەو جەنگەماڵوێرانکەرە بهێنێت کە حەوت ساڵ بەر لە ئێستا وەکو شۆڕش و بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی و دیموکراسی و دادپەروەری شارستانیانە لە شێوەی خۆپیشاندانی ئاشتیانە سەری هەڵداو دواتر بوو بە جەنگێکی ناوخۆیی، کە تاقم گروپی توندڕەوی تائیفی سواری شەپۆلەکانی بوون و شەلاڵی خوێنیان کرد و بە دەردێکیان برد هەرچی حەکیم و تەبیبی سەر ڕووی زەوییە بۆی تیمار نەکرێت.
ئێستا ئەگەرچی هێزەکانی سوپای عەرەبی سوری هەموو خاکی سوریایان کۆنترۆڵکردووە جگە لە پارێزگای ئەدلب و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی هەسەدە واتە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش پشتگیرییان لێدەکەن، کە ئەم ناوچەیش لە ڕابردوودا جۆرێک لە هەماهەنگی یان لە گەڵ شام هەبووە و نەچوونەتە شەڕی ڕاستەوخۆوە چاوەڕوان دەکرێت بە دیالۆگ و دانوستان بگەنە جۆرێک لە ڕێککەوتن , بەڵام ئەوەی مەترسیدارە بۆ سوریا و بۆ ناوچەکەش ناوچەی ئەدلبە کە هەموو ئەو تاقم و گروهە توندئاژوانەی کە لە ناوچەکانی تری سوریاوە شکستیانخوارد بە وتوێژ پاشەکشەیان کرد بۆ ئەدلب لەوێوە هەڕەشەن بۆ هەموو خاکی سوریا و بگرە عێراق و جیهانیش.

***کاردانەوە مەترسیدارەکانی هێرش بۆ سەر ئەدلب لە لایەن سوریاوە***

١.یەکێک لەو مەترسیە گەورانەی کە لەوەیە ڕووبدات بەریەککەوتنی سوریاو تورکیایە لە ئەدلب لەبەرئەوەی تورکیا هێزی لەوێندەر هەیە و خاڵی چاودێری زۆری بە درێژایی سنوورەکان داناوەوو پشتیوانی زۆرێک لەو هێزانە دەکات کە لەو ناوچەن، لە هەمانکاتیشدا ڕوسیا ناخوازێت ئاڵۆزی و گرژی لە گەڵ تورکیادا لە ئێستادا بخوڵقێنێت کە ئەمەش

هەڵوێستی دیمەشق لاواز دەکات.
٢. ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی گەورە کە ببێتە هۆی ئاوارەو دەربەدەربوونی دەیان هەزار کەس لەو شارەو ناوچەکانی تری سەربە ئەدلب.
٣. سزادانی بە کۆمەڵ دەبێتە هۆی بەهێزبوون و سەرهەڵدانی توندوتیژی وتوندئاژۆیی زیاتر لە ئەدلب  چەند گروپێکی چەکداری تێدایە کەسەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەن وەکی دەستەی تەحریری شام وحوراسی دین و کە ڕێککەوتنی سوتشیان ڕەتکردەوە کە بە هەموو ئەمانە ناکەنە ١٪ دانیشتوان کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس لە باکوری خۆرئاوای سوریان واتە ٩٩٪ خەڵکی ئەو ناوچە دژ بە تیرۆریستانن کە ئەمەش ستراتیجیەتیەکی هەڵەیەو دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی تاقم و ڕەوتە توندئاژۆ و تاوانبارەکان.
٤. ناکۆکی و ململانێی نێوان ڕوسیا و تورکیا فاکتەرێکی بەهێزە بۆ درێژبوونەوەو و بوردەوامبوونی دۆخی شێواوی سوریا.
٥. چەکدارە بیانیەکان و چارەنووسیان بەندە بە شەڕی ئەدلبەوە کە زۆربەیان لە ڕیزەکانی دەستەی تەحریری شامن کە پێدەچێت تا دەکوژرێن شەڕبکەن  و بە تایبەتی ئیگۆرەکان کە لە چینەوە هاتوون و ئێستا بوونەتە خاوەن توانای شارەزاییەکی زۆر لە شەڕو وێرانکارییدا.
لە کۆتاییدا ئەگەر شەڕی ئەدلب کۆتایی بە جەنگی وێرانکەری سوریا نەهێنێت، ئەوا پێدەچێت سەرەتای سەرهەڵدانی شەپۆلێکی دی کارەساتی مرۆیی و سەربازی لێبکەوێتەوە کە بۆ ساڵانێک درێژەی هەبێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٠٤ - ٥+٢٠١٩/٧/٦

# شەڕی مەنبەج

هێزەکانی سوریای دیموکرات کە لە لایەن ئەمریکاوهاوپەیمانەکانیەوە پشتیوانیان لێدەکرێت لە دوانزە ڕۆژی ڕابردوودا لە دوای شەڕێکی سەخت و فیداکارانە توانیان ئابلۆوقەی شاری مەنبەج بدەن کە لە بندەستی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدایە لەسەر سنووری تورکیاو سوریایە سەرەڕای بوونی نیگەرانیەکی زۆر لەسەر ژیانی دەیان هەزار خەڵکی سڤیل لەو شارەدا لەلایەن ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانەوە چونکە لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا زیاتر لە بیست هەزار کەس ئاوەرە بوو ن و و پێشبینی کۆچ و ڕەوی زیاتری لێدەکرێت .

بەڵێ هێزەکانی سوریای دیموکرات کە لە زۆرینەیەکی کوردی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل و چەند لایەنیکی دیموکراتی عەرەبی پێکدێن سەرکەوتووبوون لە سەپاندنی ئابلۆوقەیەکی مکوم لە چوارلاوە بە سەر چەکدارەکانی داعشدا کە ڕێگاکانی (منبەج _ غەندورە) و (منبەج _ عین عیسا) و (منبەج _ ڕقە) و (منبەج _ جرابلس) و (منبەج _ ئەلباب _ حەلەب) دابخەن و زیاتر لە سەد گوند لە دەوروبەری منبەج ئازاد بکەن.

بەڵێ لە شەڕی دوانزە ڕۆژی ڕابردوودا زیانێکی گیانی زۆری لێکەوتووەتەوە کە زیاتر لە ١٩٦کەس کوژراون کە ١٧٣ کەسیان چەکداری دەوڵەتی ئیسلامین و ٢٣ کەسیش لە هێزەکانی سوریای دیموکراتن کە لە ناویاندا سەرکردەی قارەمان و جەنگاوەرو شەڕەڤانی شاری کۆبانێ ی خۆڕاگر فەیسەڵ سەعدون ناسراو بە ئەبو لەیلا ی سەرکردەی کەتیبەکانی خۆری باکووری تێدا بوو کە برێت ماکگۆرک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پرسەو ماتەمینی خۆی ڕاگەیاند بەو بۆنەیەوە ووتی ئێمە نوێژ لەسەر گیانی ئەبو لەیلا دەکەین کە خۆی کردە قوربانی ڕزگاری نیشتمانەکەی. هەرچەندە ئەمریکیەکان دڵنیایی یان داوە بە تورکیا ی دۆست و هاوپەیمانی لە مێژینەیان لە پەیمانی ناتۆ کە مەنبەج شارێکی عەرەبیە هەرچەندە بەشێکی زۆری هێزەکانی سوریای دیموکرات کوردن و سەرکردایەتی هێزەکە دەکەن بۆ یە هەمیشە جێگەی نیگەرانی و سەرئێشەن بۆ تورکیا , تورکیا ئەو هێزانە بە بەشێک لە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەزانن وکە پۆلینی کردووە لە لیستی تیرۆر .

بۆچی تورکیا نیگەرانە لەم پرۆسەیە و لە نزیکبوونەوەی کوردی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ؟

ئەگەر بەڵێنەکانی ئەمریکا لەسەر بەڕێوەبردنی مەنبەج لە دوای ئازادکردنی لە لایەن هێزە عەرەبیەکانەوە جێبەجێ نەکرێت وەکو بەڵێنیان پێدراوە هەروەکو مەولود چاویش ئۆغلۆی

وەزیری دەرەوەی تورکیای وتی, ئەوا کورد ئەوکاتە دەسەڵات و حوکمڕانیەکەیان درێژ دەبێتەوە هەر لە کۆبانی لە ڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو عەفرین لە خۆرئاوا لە سەر سنووری تورکیا ئەو کاتە هەرێمێکی کوردی یەکگرتووی لە باکووری سوریا بەرپا دەبێت کەئاواتی لە مێژینەی کوردە .
لە کۆتاییدا دەبێت بپرسین مەبەست لەم پرۆسە سەربازیە چیە ؟
ئەی فەرەنسیەکان لەڕۆژئاوای کوردستان چی دەکەن ؟
هەرچەندە ڕۆژی هەینی ڕابردوو ١٠ ی حوزەیران برێت ماکجۆرک ووتی هێزەکانی سووریای دیموکرات تەواوی ڕێگەی هاتوچۆی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیان بڕیووە ( مەنبەج - باب ) تەواو گەمارۆ دراوان و هیچ دەرەچەو مەنفەسێکیان نەماوە بەڵام ڕامی عەبدوڕەحمانی بەڕێوەبەری ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ وتی تەنها ٥٠ کم ماوە بۆ ئەوەی داعش بە تەواوی لە جیهانی دەرەوە داببڕێت چونکە داعش لە عێراق و سووریاش هیچ ڕێڕەوێکی سنووری بە دەستەوە نیە جگە لە جەرابلووس لە ڕێگەی ڕێفی ئەعزازو ڕیفی حەلەبی شیمالەوە .
ماوەتەوە ڕۆڵی فەرەنسیەکان هەروەکو ئاگادارین لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باس لە دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی فەرەنسی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت و وەزیری بەرگری فەرەنسا ئاماژەوە بۆ ئەوەکرد کە سەربازە فەرەنسیەکان بەشداری شەڕی ئازادکردنی مەنبەج دەکەن لە گەڵ هێزەکانی ئەمریکا و سوریای دیموکرات لە ڕێگەی ڕاوێژو یارمەتی لۆجستی و ئاسمانی یەوە .
شایانی وتنە فەرەنسا یەکێکە لە وڵاتە ڕۆژئاواییانەی کە لەو بڕوایەدایە کە کورد بەهێزترین هێزن بۆ بەگژاچوونەوەی داعش ودەبێت ئەوەش بڵێین کە هەفتەیەک پێش پرۆسەی ئازادکردنی مەنبەج کوردەکانی سوریا نووسینگەیەکی نوێنەرایەتی یان لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کردەوە .
ماوەتەوە وەڵامی ڕۆڵی فەرەنسا بدەینەوە لەم پرۆسەیەدا ئەویش ئەوەیە کە زۆرێک لە چاودێران و شرۆڤەکارانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە بوونی فەرەنسا لە سەر خاکی سووریا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریە لە سەر ئەو فەرەنسیانەی کە لەناو ڕیزەکانی داعشدان کە لە ڕابردوودا بە زیاتر لە ٩٠٠ کەس دەخەمڵێنران بۆ ئەوەی چاودێری جموجووڵ و ڕێگرتن لە گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا بکات .
هەروەکو باسدەکرێت ناوچەی جێبی مەنبەج بنکەیەکی لۆجستیکی گرنگە بۆ هاتوچۆو ی جەنگاوەرانی بیانی لە ئەورووپاوە بۆ سووریاو بە پێچەوانەوەش بۆیە کۆکردنەوەی

زانیاری بۆ فەرەنسیەکان بە دیاریکراوی لەم ناوچە گرنگی خۆی هەیە بە تایبەتی دوای تەقینەوەکانی پاریس کە دەیان کەسی سڤیلی تێدا بوونە قوربانی کە خوێناویترین هێرشی تیرۆریستی بوو لە مێژووی ئەوروپادا و ئاشکرا بوو ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە لەم ناوچەیەوە چووبوونە تورکیاو لەوێشەوە بۆ ئەوروپا .

ماڵپەڕی وتاری کورد – ٢٠١٦/٦/١٤

# بەشی چوارەم

## عـــەرەبـــی

# یەمەن، ئەو زەلکاوەی کە سعودیە و ئیمارات تێیدا چەقیون

ئەگەرچی لەناو جیهانی عەرەبیدا ئەو وتە باوە هەیە کە یەمەن خاکێکی سەخت و لە گیران نەهاتووە و لە رابردووشدا هیچ داگیرکەرێک نەیتوانیوە تا سەر دەستەمۆیان بکات و بندەستیان بکات، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێننەوە، ئەوانیش:

١. سروشتی خەڵکەکەی، کە هەر بە جەنگاوەریی لە دایک دەبن. وەکو خۆیان دەڵێن و وتەی باوە.

٢. هەڵکەوتەی خاک و جوگرافیای وڵاتەکە بە شاخ و چیا بەردین و بەرزەکانی و دۆڵ و شیوە قووڵەکانی.

٣. توانای خۆڕاگری و ئارامی بۆ برسێتی و لێزانیی لە هونەری جەنگ و بچووکیی جەستە و لەشولاریان، کە دەتوانن لە کونجێکی بچووکدا خۆیان حەشاربدەن و خۆیان بە دڕک و داڵ دابپۆشن، مەتارەیەکی بچووکی ئاو لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن، لە تەک چەند دەنکە خورمایەک، تا کات و ساتی گونجاو دەست لە دوژمنەکانیان بووەشێنن.

لە مێژووی یەمەنییەکانیشدا زۆر نموونەی ئارامی و خۆڕاگریی تاقەت پڕوکێن هەیە، لە چاودێری جموجۆڵ و هێڵی هاتوچۆ و پێکهاتەی هێزی نەیارەکانیان و راکێشانیان بۆ شەڕی وەهمی، دواتر بردنەوەی شەڕەکە.

بۆیە لە مێژووی نوێی یەمەندا، یەمەنییەکان توانییان زۆر داگیرکەر و پەلاماردەری خاکەکەیان ببەزێنن و وەدەریان بنێن، سەرەڕای هەژاری و نەبوونی، بەو توانا و عەزیمە سەرسووڕهێنەرەیان بە حوکمی جوگرافییەکەیان کە پێشتریش ئاماژەم پێداوە. شتێکی تری باوی یەمەن هەیە کە زۆرینەی یەمەنییەکان بەکاریدەهێنن، ئەویش رووەکی (قات) ە کە جۆرێک مادەی هۆشبەری تێدایە خۆیان دەیرووێنن و زۆر ئاساییە بەلایانەوە وەکو بنێشت لە دەمیاندایە دەیجوون.

بەڵێ لەمێژووی نوێی یەمەندا ئەمە یەکەمجار نییە کە عەرەبستانی سعودیە پەلاماری یەمەن بدات. هەر لەدوای دۆزینەوەی نەوت لە عەرەبستانی سعودیە، بە هاوکاری بەریتانیا و ئەمریکاش، مەلیک سعود کوڕی عەبدولعەزیزی پادشای دامەزرێنەری شانشینی عەرەبستانی سعودیە، حەز و خواستی لە فراوانکردنی شانشینەکەی هەبوو، ئەویش بە کەڵک وەرگرتن لە هەژاری و لاوازی و بێتوانایی و لاوازیی حوکمی ئیمام

ئەحمەد حەمیدەدین، بەڵام دواتر ئیمام توانی بە کەڵک وەرگرتن لەو رق و بێزارییەی کە خەڵکی یەمەن بەرامبەر بە خەڵکی بیابانی نەجد و حیجاز هەیانبوو، بەرپەرچی هێرش و دەستدرێژییەکانیان بداتەوە، کە بە سەرکردایەتی شازادە فەیسەڵ کوڕی عەبدولعەزیز بوو، دواتر شا عەبدولعەزیز فەرمان بە پاشەکشەی هێزەکەی بکات و هەوڵی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بدات لەگەڵ یەمەن.

هەرچەندە شێخ زایدی بنیاتنەری دەوڵەتی ئیمارات لە بنەچەدا لەخێڵەکانی یەمەنە و کاتێکیش بەنداوی مەئرەبی سەرلەنوێ لەسەر بودجەی خۆی دروستکردەوە، لە یەمەن لە لافیتەکانی پێشوازیدا یەمەنییەکان نووسیبوویان، بەخێرهاتنی رۆڵەی یەمەنی لێهاتوو شێخ زاید دەکەین.

لە ئێستاشدا لەم هەڵمەتەی کە دەکرێتە سەر یەمەن لەلایەن هاوپەیمانی عەرەبی کە عەرەبستانی سعودی سەرکردایەتیی دەکات و ئیماراتیش بەشدارە، بەڵام لە بەشی باشووری یەمەن کە عەدەن پایتەختەکەیەتی و پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە کە دەریای عەرەب بە ئۆقیانووسی هیندییەوە دەبەستێتەوە.

لە دوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، راپەڕینی خەڵکی یەمەن دژ بە دەسەڵاتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و لە کارلابردنی و دواتر کوژرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لەلایەن حوسییە هاوپەیمانە تازەکانییەوە، ئەو وڵاتە بووە خاکێکی بە پیت بەهۆی دروستبوونی بۆشایی سیاسی و نەبوونی دەوڵەت و سوپای بەهێز و دابەشبوونی ئێتنیکی و تائیفی کە بەشێک لە یەمەن سەر بە مەزهەبی زەیدی بن، کە نزیکە لە مەزهەبی شیعەوە و بەشێکی تریشی شافیعی و سوننە بن، کە عەرەبستانی سعودیە پەلاماری بدا بە سوپایەکی زۆر لە وڵاتانی کەنداو و سودان، دواتر هەندێکیان کشانەوە.

ئێستا لە دوای پێنج ساڵ لەو شەڕە، هاوپەیمانی عەرەبی نەیانتوانی بە شەڕ کێشەی یەمەن یەکلایی بکەنەوە، بە تایبەتی کە ئێران کۆمەکی حوسییەکان دەکات بە هەموو جۆرێک و سعودیە و هاوپەیمانەکانیشی هاوکاری و پشتیوانی حکومەتەکەی عەبد رەبە مەنسور هادی دەکەن، ئاکامەکەی وێرانبوونی یەمەن و کوژرانی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی داماوی ئەو وڵاتەی لێکەوتەوە و ئەم وڵاتانەش هەریەکە و بەرژەوەندی و ئامانجی تایبەتی خۆی لەو شەڕە هەیە و سەرەڕای دۆڕان و شکستیان، عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات لەو زەلکاوەدا چەقیون و چاوەڕوانی فریاد رەسێکن.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٩٣٥ – ٢٠١٩/٨/١٨

# ئێران و ئیمارات، کرانەوە بەڕووی یەکدیدا

ساڵانێکی دوور و درێژە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە، ئێران چاوی لەوەیە هەموو کەنارەکانی کەنداوی لەبن دەستدا بێت، بەڵام لەمێژووی نوێشدا ئێران و دەوڵەتی میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان کێشە و ناکۆکییان هەبووە لەسەر سنوور، بەتایبەتی لەسەر دوورگەکانی تونبی بچووک و تونبی گەورە و ئەبو موسا، کە لەساڵی ١٩٧١ەوە ئێران کۆنترۆڵی کردوون چەند رۆژێک پێش راگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیمارات.

ئیمارات و سعودیە هاوپەیمانی یەکن بەتایبەتی تر، جگە لەوەی هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداوی عەرەبین، بۆیە لە زۆر وێستگە و کاتی پێویستدا راوێژ و گفتوگۆی دووبەدوو و زیاتریان کردووە. بەڵام ئەوەی دەخوازم لەم باسە کورتەدا تیشکی بخەمە سەر، پەیوەندییەکانی ئێران و ئیماراتە لە گەرمەی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێراندایە، کە بۆچی لەم کاتەدا سەرەڕای ناکۆکی و ململانێکانی نێوانیان، ئێران و ئیمارات بەتایبەتی لەسەر ئەو سێ دوورگەی کە ستراتیجیترین پێگەن لە دەروازەی گەرووی هورمزدا و ئێران کۆنترۆڵی کردوون، کەچی ئیمارات مەیلی بە دانوستانە لەگەڵ ئێران؟

هەرچەندە ئەم هەنگاوەی ئیمارات لەهەنگاوێکی تەکتیکی دەچێت تا ستراتیجی، بەپلەی یەکەم مەسجێکە بۆ سەرۆک ترەمپ لەپاش ساردبوونەوەی پەیوەندیی نێوان ئیمارات و ئەمریکا بەهۆی نزیکبوونەوەی ئەمریکا لە قەتەر. لەلایەکی ترەوە، ئابووری ئیمارات و بەتایبەتی دوبەی لەوەیە بەرگەی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ ئێران نەگرێت، لەوانەش بەهێزتر ئەو ئەگەرەیە کە ئیماراتییەکان لەو بڕوایەدان ئیدارەی ئەمریکا لە هەوڵی دانوستانە لەگەڵ ئێران و پەنا بۆ جەنگ نابات و هەوڵی پاراستنی هاتوچۆی دەریایی لە تەنگەی هورمز دەدات، بۆیە پێدەچێت ئەمە هەنگاوێک بێت پێش رووداوەکە بکەوێت لەلایەن ئیماراتەوە.

ئەم هەنگاوەی ئیمارات لەوەیە خاڵێکی گۆڕانکاری گەورە بێت لە سیاسەتی دەوڵەتی ئیماراتدا، کە لەمەودوا دەستوەرنەداتە کاروباری وڵاتانی ترەوە، چونکە بەشێکی هێزەکانیشی لە یەمەن پاشەکشە پێکرد. لەهەمان کاتدا ئەم هەنگاوەی ئیمارات گورزێکی گورچکبڕە بۆ سیاسەتی ئەمریکا و ترەمپ بۆ ئەو هەوڵانەی داویانە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل دژ بە ئێران، لەهەمان کاتدا رێکەوتنێکی فەلەستینی و ئیسرائیلی پڕ لە کەموکوڕیشی لەگەڵدا بێت. لەلایەکی ترەوە کۆسپ دەبێت بۆ ئەو هاوپەیمانییە

عەرەبییەی کە ئەمریکا بەنیازە دروستی بکات بۆ پاراستنی کەنداو، هاوپەیمانی دوو قۆڵی ئیمارات و سعودیەش دەخاتە ژێر پرسیاری جدییەوە و بەحرەین و عەرەبستانیش بەتەنیا جێدەهێڵێت لەو شەڕە قسە و میدیاییەی کە ئێستا لە نێوان ئەو دوو وڵاتە و ئێراندا دەگوزەرێت.

ئەم هەنگاوەی سیاسەتی ئیمارات بۆ دەست درێژکردن بۆ وتوێژ هەنگاوێکی تاڕادەیەک لۆجیکییە، چونکە پێشتر ئیمارات هیچ کات لەگەڵ ئەوە نەبووە شەڕ لەناوچەکە هەڵبگیرسێت لەنێوان ئێران و ئەمریکادا، بەڵکو خوازیاری گۆڕانکاریی بووە لە سیاسەتەکانی ئێراندا دەرهەق بە پرسە گرنگەکانی ناوچەکە و دژ بەپرسی گۆڕینی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

هەروەها ئەو رووداوانـەی کە لە گەرووی هورمز هاتنە ئاراوە لە ماوەی رابـردوودا، بە تایبەتی پەلاماری کەشتییە نەوتبەرەکانی ئیمارات، وەکو هەڕەشەیەک دەرکەوت بۆ ئیمارات و پێدەچێت ئیمارات نەخوازێت ببێتە بەشێک لەو ململانێیە.

لـەڕووی ناوخۆییەوە، پێدەچێت میرنشینی دوبـەی ئەم دەستوەردانانەی میرنشینی ئەبوزەبی پێ گونجاو نەبێت، کە لەساڵانی رابـردوودا بە تایبەتی لە شەڕی یەمەنیش تێوەگلاوە و کە ئەم کارانە بە سوود و بەرژەوەندیی ئابووری بۆ ئیمارات ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەڕوانگەی ئاسایشەوە سەیریان کردووە کە قازانجی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی وڵات نابێت، بەڵکو ئاسایش و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات دەخاتە مەترسییەوە.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، سیاسەتی ئەمریکاش تائێستا روون و رەوان نییە کە چی دەکات بەرامبەر بە ئێران، جارێک باسی رێگەچارەی سیاسی و دیپلۆماسی دەکا و جارێک باسی بژاردەی سەربازی. لە ئاوا بارودۆخێکدا ئەگەر ئیمارات و بەرژەوەندییەکانی بە ئامانج بگیرێت، لەوەیە زیانی گەورەی بەربکەوێت، بۆیە باشترین بژاردە بۆ دەوڵەتی ئیمارات و بەتایبەتی میرنشینی ئەبوزەبی ئەوەیە کە کرانەوە و هەوڵی چارەسەری دیپلۆماسی قەیرانەکە بدات لەگەڵ ئێران و لایەنەکانی دیشدا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٤٧ - ٢٠١٩/٩/١

# بە ئامانجگرتنی دامەزراوەکانی ئارامکۆ، ناوچەکە لە جەنگ نزیک دەکاتەوە؟

عەرەبستانی سعودیە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت لە گێتیدا، لە هەمان کاتیشدا یەکێگە لە زەبەلاحترین فرۆشیارانی نەوت لە جیهاندا، ئەو کۆمپانیایەش کە سەرپەرشتی ئەم پرۆسە گەورە و گرنگە دەکات، کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیەیە. ئێستا ئەم کۆمپانیا مەزنە لەژێر سێرەی چەکە جۆراوجۆرەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانیدایە لە یەمەن و عیراق و خودی ئێرانیش، دوای ئەو پەلامارەی کە لە ٢٠١٩/٩/١٤ کە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئەنجامدرا لە ناوچەی بەقیق-ی ڕۆژهەڵاتی سعودیە، نیوەی بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو وڵاتەی وەستاند، کە دەکاتە ٦ ملیۆن بەرمیل نەوت لە کۆی ١٢ ملیۆن.

### کاریگەرییەکانی ئەم پەلامارە

پەلاماردانی بیرە نەوتەکان و پاڵاوگەکانی عەرەبستانی سعودیە کە کۆمپانیای ئارامکۆ سەرپەرشتی دەکات و ناسراوە بە کۆمپانیای ڕۆنی عەرەبی ئەمریکی، بەرهەمهێنانی تا ئاستی نیوە دابەزی، کە دواتر حوسییەکانی یەمەن بەرپرسیارێتی خۆیان ڕاگەیاند لە ئەنجامدانی، لە کاتێکدا ئێستا هەواڵی تر بڵاوکراوەتەوە کە گوایە لە عیراقەوە هێرشەکە کرابێت، هەرچەندە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران ئەوەی بە توندی ڕەتکردەوە. لەلایەکی ترەوە، سعودییەکان و ئەمریکییەکان ئۆباڵەکەی دەخەنە سەر ئێران و تەنانەت باس لەوە دەکەن کە فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان بە ئاسمانی دەوڵەتی کوێتدا ڕۆیشتبن. تەنانەت هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە هێزە چەکدارەکانی کوێت خرابنە حاڵەتی ئینزار و ئامادەباشی و هۆشداری تا پلەی (ج)، هەرچەندە دەوڵەتی کوێت دواتر ئەم هەواڵە ڕەت کردەوە.

لە هەمانکاتدا ئەم دەستدرێژییە بۆ سەر ئارامکۆ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردە سەر نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و تا ئاستی ٪٢٠ بەرزبۆوە، جگە لەوەی زیانی ئەم کردەوەیە نەک هەر بۆ عەرەبستانی سعودیە زۆر بوو، بەڵکو بۆ هەموو بازاڕەکان و ئابووری جیهان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو.

### گرنگی کۆمپانیای ئارامکۆ

کۆمپانیای ئارامکۆ نەوت و هەموو بەرهەمەکانی تری لە عەرەبستانی سعودیە بەرهەم

دەهێنێت، هەر لە بیابانە لماوییەکانی رەبع ئەلخالی-یەوە تاوەکو ئاوەکانی کەنداو، هەروەها پاڵاوگەی بەقیق کە کەوتە بەر ئەم پەلامارە، ئەرکی پاڵاوتنی نەوتی خاو و پاککردنەوەی لە هەموو خڵتە و پیسییەکانی گرتۆتەئەستۆ، ئامادەی دەکات بۆ فرۆشتن بە بەرمیل.

شایانی وتنە، کۆمپانیای ئارامکۆ توانای رۆژانـەی بەرهەمهێنانی ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوتە، بۆیە عەرەبستانی سعودیە توانای یەدەکی زۆری هەیە لە هەرکوێیەک لە جیهاندا کێشە بۆ فرۆشتنی نەوت دروست ببێت و بەرهەم کەم ببێتەوە، ئەمان خێرا بۆشاییەکەی پڕدەکەنەوە، بۆئەوەی قەیران نەخوڵقێت، بەڵام ئێستا کە عەرەبستانی سعودیە خۆی کێشەی بۆ دروستبووە و ئارامکۆ بە ئامانج گیراوە، ئەمریکا خۆی ناچار بووە پەنا بۆ یەدەگی ئیستراتیجی خۆی ببات.

### بەرەو لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی

وەزارەتی دەرەوەی سعودیە بەیاننامەیەکی زۆر توندی دەرکرد و وێڕای سەرکۆنە و نیگەرانی زۆر لەم کردەوە تێکدەرانەیە، بە هەڕەشەی توندی زانی بۆ سەر ئاسایش و ئارامی و سەقامگیریی جیهان. هەروەها ئاماژەیان بۆئەوە کردووە کە ئەم هەنگاوە هەڕەشەشە بۆ سەر سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا. بەیاننامەکە خوازیاری ئەوە بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان تیمێکی لێکۆڵینەوەی شارەزای نێودەوڵەتی بنێرن بۆ سعودیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرچاوە و شوێن و چۆنێتی ئەنجامدانی کردەوە تێکدەرانەکە، تاوەکو دواجار لەبەر رۆشنایی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانەدا بڕیاری پێویست و شیاو بدەن، لە هەمان کاتدا ئەوەشیان راگەیاند کە توانای بەرپەرچدانەوە و بەرەڤانی تەواویان هەیە لە هەموو دامەزراوەکانی وڵات.

هەر تایبەت بەم هەوڵە، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا کە تیمێکی نێودەوڵەتی رەوانەی عەربستانی سعودیە بکات، بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە.

ماوەتەوە بڵێین، ئێستا ئیتر هیچ بوارێک بۆ مانۆڕ و خۆلادان لە جەنگ نەماوە و لەوە ناچێت ئێران بە هێزی نەرم بچێتە ژێرباری داخوازییەکانی ئەمریکا، ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بەتایبەتی تر ئەگەر لەلایەن تیمی نێودەوڵەتییەوە بکرێت وەکو بڕیاردراوە، پێدەچێت وەڵامێکی توند و کەمەرشکێن بێت، بەتایبەتی کە ئەوروپییەکانیش زۆر نیگەرانن لەم پەلاماردانەی ئارامکۆ.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٦٥ - ٢٠١٩/٩/٢٢

# بۆشایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا

ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەمریکا هێزەکانی لەم ناوچە هەستیار و گرنگەی پێی دەبێژن ڕۆژهەڵاتی ناوین، پاشەکشە پێ بکات. ساڵی ٢٠١١ کە سەرۆکی پێشوو باراک ئۆباما هاتە سەرکار، وەکو بەڵێنی بە دەنگدەرەکانی دابوو هێزەکانی ئەمریکای لە عیراق بەخێرایی برق کێشایەوە، سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی عیراق ئارام و سەقامگیر نەبوو، ئەمریکا خۆشی هەزاران سەربازی بوون بە قوربانی و تریلیۆنەها دۆلاریشی خەرج کردبوو لە پرۆسەی ئازادی عیراقدا. بەڵام لە عیراق هەر زوو ئێران ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە و ئێستا خۆی بڕیار بەدەست و فیگەرێکی کارا و بەرجەستەی سەر گۆڕەپانی سیاسی عیراقە. ئەمە ڕاستییەکە وەکو ڕۆژ بەبەر چاوانەوەیە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، بەتایبەتی عەرەبەکان هاواریان دەگاتە کەشکەڵانی فەلەک لە داخا.

### کشانەوە لە سوریا

ئەوەی مەبەستمە لەم باسە کورتەدا شەن و کەوی بکەم، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ڕۆژئاوای کوردستان، واتە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ساڵانێکیشە لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکراتدا کە کوردەکانی سوریا بڕبڕەی پشت و زۆرینەی پێکدەهێنن، هاوپەیمانن و بە یەکەوە شەڕی تیرۆر و دەوڵەتی ئیسلامییان لە عیراق و شام کرد، دواتر پایتەختەکەی کە ڕەقە بوو ئازاد کرا لە سەردەستی ئەم هێزە هاوپەیمانانە.

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی و مشتومڕی گەرمە ، ئەوەیە کە سەرۆکی ئەمریکا لەناکاودا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دا، هەرچەندە تائێستا بە تەواوی نەکشاونەتەوە و جێگۆڕکێیان پێکراوە، بەڵام ترەمپ دەڵێت دەیانکشێنمەوە و ئەوە بڕیاری کۆتاییە.

تا ئێرە تەواو، من باسی خیانەتی ئەمریکا لە هاوپەیمانە کوردەکەی ناکەم، چونکە هەر لە ئەمریکا خۆی قسەی زۆری لەسەر کراوە و ترەمپیش بەر شاڵاوێکی چڕوپڕی میدیاکان و سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی وڵاتەکەی خۆی کەوت.

ئێستا گۆڕەپانی سوریا چۆڵکرا لەلایەن ئەمریکاوە و ئەو تاکە پێگە و هاوپەیمانەی کە هەیبوو، کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، جێی هێشتن و ئێستا لەلایەن تورکیاوە بەر شاڵاوێکی دڕندانە کەوتوون.

کێ ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە؟
ئەگەرچی روسیا هەر لە سەرەتای قەیرانی سوریاوە هاتۆتە ئەو وڵاتە و بەو پێیەی کە بەندەری تەرتوسی سوری لە بندەستدایە، زۆر بەئاسانی کۆنترۆڵی بارودۆخی سوریای کرد و نەیهێشت دوا پێگەی روسیا لەسەر ئاوی گەرمی لە دەست دەربچێت، بۆیە ورچی روسی ئێستا خاوەن بڕیاری سەرەتا و کۆتاییە لەو وڵاتە و هەر دوای بڕیارەکەی ترەمپ، خێرا کوردەکانی سوریای لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد کۆکردەوە و گەیشتنە جۆرێک لە رێکەوتن، کە سوپای عەرەبی سوری بگەڕێتەوە بۆ سەر سنووورە نێودەوڵەتییەکان و بەر بەپەلامار و هێرشەکانی تورکیا بگرن.
دواتریش هەوڵی چارەسەری سیاسی مەسەلەی کورد لە سوریا بدەن، بەتایبەت کوردەکانی سوریا کە خوازیاری پێکەوەژیان و مانەوەن لە سوریادا و داوای جیابوونەوە ناکەن لەو وڵاتە، ئیتر لە رێگەی نووسینەوەی دەستووری نوێی سوریا و بڕیاری ٢٥٥٤ ی ئەنجومەنی ئاسایش کە دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ هەر چارەیەکی داهاتوو، رووسەکانیش لەم رێکەوتنەدا گرەنتییان کردووە.
بۆیە پێدەچێت ئەمریکا لە زۆر شوێنی تریش هەمان هەنگاو بنێت و بکشێتەوە، چۆن لە سوریا لە ژێر فشاری تورکیادا کشایەوە، لەوەیە رووسەکانیش هەمان فشار بکەن لە ئەمریکا بۆ کشانەوە لە کوێ مەبەستیان بوو.
هێزی دووەم ئێرانە، پێشتر ئاماژەم پێدا کە بۆشایی عیراقی پڕکردەوە لە ساڵی ٢٠١١ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئێستا هەمان وڵات لە سوریاش ئامادەگی هەیە و رۆڵی کاریگەر و بزوێنی لەشەڕ و ململانێکانی ئەو وڵاتەدا هەبوو، لە هەشت ساڵی رابردوودا لە هەموو بوارەکانی سەربازی، ئابووری و ئاسایشدا و قوربانی گەورەشی لەو پێناوەدا داوە. بۆیە ئێرانییەکان کە ئێستا هیلالی شیعییان تەواو کردووە و لە تارانەوە بۆ بەغدا و دیمەشق و بەیروت بە ئاسانی دەجووڵێن، زۆر ئاسانە بۆیان جڵەوی زۆرێک لە رووداوەکانی بگرنە دەست خۆیان و لەکاتێکدا لە گەڵ روسیادا پەیوەندی باشیان هەیە.
ماوەتەوە بڵێم، ئێرانییەکان دەتوانن کاری گەورە بکەن، بەتایبەتی لە دۆسێی کورددا، چ لە عیراق و سوریا، بەو پێیەی دۆستایەتی و هاوپەیمانی باشیان لەگەڵ بەغدا و دیمەشق هەیە و دەتوانن رێ لە زۆر پیلان و پلان بگرن و بەتێچوویەکی زۆر کەم ئارامی و سەقامگیری بکەنە دیاری بۆ گەلانی ناوچەکە و پێگەی خۆشیان بەهێزتر بکەن.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٩٨٩ – ٢٠١٩/١٠/٢٠

# لوبنان، نیشتمانپەروەری جێ بە تائیفییەت لێژ دەکات

کە قوتابی بووم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، ئەوکات بۆ یەکەمجار بابەتی جوگرافیام بیست و بینی و خوێندمان، هەر ئەوکات وڵاتی شامم بیست، مامۆستای وانەکە و کتێبی جوگرافیاش باسی ئەوەیان دەکرد کە وڵاتی شام لە چوار وڵاتی ئێستا پێکهاتووە (سوریا، لوبنان، ئوردن و فەلەستین).
لوبنان ئەو وڵاتەعەرەبییەیە کە کەوتۆتە خۆرهەڵاتی ناوینەوە و هەروەها کەوتۆتە خۆرئاوای کیشوەری ئاسیاوە. لە باکوور و خۆرهەڵاتییەوە سوریایە و لە باشوورییەوە فەلەستینە، کە ئێستا بە شێکی ئیسرائیلە، لە خۆرئاواشییەوە دەریای سپی ناوەڕاست.

### *سیستمی حوکمڕانی*

سیستمی حوکمڕانی کۆماری دیموکراسی و پەرلەمانییە، کە لەسەر بنەمای تائیفە و ئێتنیک بەڕێوەدەبرێت، کە بەشی زۆری گەلەکەی پێکهاتووە لە عەرەبی موسڵمان و کریستیان و موسڵمانەکانیش دابەشبوون بۆ دوو ئایینزای ( شیعە و سوننە). بە پێچەوانەی وڵاتانی تری عەرەبی، کریستیانەکان لە لوبنان رۆڵی کاریگەریان هەیە و سەرۆک کۆمار هەمیشە لەوانە و سەرۆک وەزیران لە موسڵمانی سوننە و سەرۆکی پەرلەمان لە موسڵمانی شیعەیە.
لە مێژە لوبنانییەکان وەکو سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن هەر لە سەردەمی فینیقییەکانەوە بە زۆری کۆچیان کردووە و بە دەوری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، هەربۆیە ئێستا ژمارەی لوبنانییەکانی هەندەران دوو هێندەی لوبنانییەکانی ناو لوبنانە.
لوبنان بە حوکمی پێگە جوگرافییەکەی کە لە باکوورەوە ئەوروپا و لە خۆرئاواوە ئەفریقیا و لە باشوورەوە عەرەب و لە خۆرهەڵاتەوە ئاسیا، وایکردووە کە هەمەجۆر و فرە ئێتنیک و کەلتوور بێت. هەروەها لەبەر هەمان هۆکاریش زۆرجار لە مێژوودا دووچاری شەڕ و ململانێ بۆتەوە.
ئەگەر ئەوە پێشەکییەکی کورت بێت بۆ ئەم وتارە کورتە، ئەوا مەبەستی سەرەکی من لەم باسەدا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە شارستانی و هێمنانەکانی چەند رۆژی پێشووی خەڵکی لوبنانە بە هەموو تائیفە و ئێتنیکە جیاوازەکانییەوە، کە ساڵانێکی زۆری بە شەڕی

خوێناوی ناوخۆ و ململانێی توند و تیژ لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا تێپەڕاند، ئێستا گیرۆدەی حوکمی گەندەڵی تائیفە و ئێتنیکە جیاوازەکانە، کە هاوپەیمانییان کردووە بە ناوی تائیفە و ئایین و نەتەوەوە، جەماوەری ئەو وڵاتە دەچەوسێننەوە.
بۆ یەکەمجارە لە مێژووی درێژی ئەم وڵاتە بچکۆلەدا (لوبنان)، هەموو لوبنانییەکان بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانییەوە هاوڕا و تەبا بن و بڕیار بدەن و بێژن ئیتر گەل بڕیار لە چارەنووسی خۆی و چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی دەدات و هەموویان بڕژێنە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان و کوچە و کۆلانەکان و بڵێن، ئەوە ئێمە لێرەین و دوا وتە و دوا بڕیار بۆ ئێمەی گەلە.
وادیـارە ئەزموونی حوکمڕانی تائیفیش شکستیهێنا، چۆن لە عیراقیش سەرەتاکەی دەرکەوتووە و تاقم و گروپە تائیفییەکانی بە لەرزە هێناوە و رۆژ لە دوای رۆژ بەڵێن و پێشنیاری ریفۆرم دەدەن و خوازیارن رقی پیرۆزی گەل دابمرکێننەوە.
بەڵێ حوکمڕانی تائیفی ئێتنیکی دەرکەوت کە جگە لە پەرت و بڵاوکردن و لاوازکردنی گەلان هیچی تر نییە و ناتوانێت دادی کۆمەلایەتی و خۆشگوزەرانی بۆ گەلان دابین بکات.
هەر لەبەر ئەوەشە لوبنانییەکان ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئـەوان پێک نەهاتوون لە کۆمەڵێک لە ئایین و تائیفە و خێڵی جیاواز، بەڵکو یەک پارچەن و یەک ئازاریان هەیە و یەک ئامانجیشیان هەیە، کە زۆر رەوا و پیرۆزە، ئەویش دژی برسێتی و گەندەڵی و مۆنۆپۆڵی بازاڕ و بە فیرۆدانی سامان و داهاتی وڵاتە.
لوبنانییەکان زۆر شارستانیانە گوزارشت لە داواکانیان دەکەن، ئەوان دەڵێن خواست و ئارەزووەکانمان لێ زەوت کراوە، ئاوارە و دەربەدەری دەستی حوکمی تائیفی و لە هەندەران و غوربەت کار بۆ خەڵکی بێگانە دەکەین و وڵاتی خۆمان لێکراوەتە زیندان و ئێمە بێگانەین لە ناویدا.
لە کۆتاییدا، گەلی لوبنان بە هێمنی دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و بە رێزگرتن لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پاراستنی ماڵی گشتی، دەتوانن بەر لە پێکادان و بەریەککەوتن بگرن و بەدەردی شۆڕشەکانی سوریا و میسر و لیبیا و یەمەن و شوێنەکانی تریش نەبرێن. ئەو راستییەش وەک خۆر دەدرەوشێتەوە، کە لە لوبنان نیشتمان پەروەری جێ بە تائیفییەت لێژ دەکات.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٩٥ - ٢٠١٩/١٠/٢٧

# تویتەکەی سەرۆکە تازە هەڵبژێردراوەکەی تونس

لەمساڵی ٢٠١٩ دا وا ئێستا لە مانگی کۆتایی و رۆژەکانی دواییداین، چەندین خۆپیشاندان و شۆڕشی جەماوەری و گەورە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقیای گرتەوە تاوەکو ئێرانیش. ئەوەی لەم خۆپیشاندانانەدا جیاوازبوو لەوانی پێشتر، دروشمی بنەبڕکردنی گەندەڵی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزاریی خێرا و پێویست بوو، جگە لە شەفافییەتیش کە ئەویش رووبەرێکی فراوانی داگیرکردبوو لە داخوازییەکاندا.

لە گەرمەی ئەم باسوخواسانەدا سەرۆک کۆماری تونس، ئەو وڵاتەی کە دەستپێشخەر و دەروازەی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی بوو، هەر زوو دیکتاتۆری ئەو وڵاتە زەینلعابدین بن عەلی هەڵهات و گەل و سوپای ئەو وڵاتە دەسەڵاتیان گرتە دەست. دەکرێت هەر تونسیش بە تاکە وڵات دابنێین لەو وڵاتانەی کە بەهاری عەرەبی گرتییەوە و بە سەرکەوتوویی لەو شۆڕش و بەرخۆدانانە دەرچوو، لە شەڕی ناوخۆیی و تائیفی تێوەنەگلا و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستاودەستکردنی دەسەڵات و ژیانی سیاسی و دیموکراسی تیایدا پیادەکرا.

لەم رۆژانەشدا مامۆستا قەیس سەعید سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی تونس لە تویتێکی جوان و شایستە و پڕ ماناو گشتگیردا، نەک بۆ تونس، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکەش گونجاوە و دەرمانە بۆ ئەو دەردەی کە زۆرێک لە وڵاتان موبتەلای بوون.

تویتەکەی قەیس سەعید (ئیمتیازات و خانەنشینی خۆش و یاسای پارێزبەندیی پەرلەمانتاران هەڵبووەشێننەوە، ئیتر کەسێک نادۆزنەوە جگە لەوانەی راستگۆ و دڵسۆزن بۆ خزمەتی گەل و وڵات).

زۆر دروستە ئەم پەندەی ئەو بەڕێزە وا بە وردی و بە کورتی بەیانی کردووە، هەر لەبەر ئەو ئیمتیازات و مووچە و پاسەوان و خانەنشینی بە گەنجی و پارێزبەندی و پاسپۆرتی دیپلۆماسییە لە عیراقیش هەموو ئەندامانی تاقم و حزب و لایەنەکان شەڕی لەسەر دەکەن، کار گەیشتۆتە ئەوەی کاربەدەستان وەکو دیاری و دەسەنە ئەو پۆستانە دابەش دەکەن بەسەر کەسە نزیکەکانی خۆیاندا و ئەندامانی حزبەکانیشیان با دانا و زانا و لێهاتووش بن، ئەو چانسەیان بەرناکەوێت. بۆیە بۆ دۆخی عیراقیش کە وا دوو مانگی تەواوە خەڵکی بەغدای پایتەخت و شارەکانی باشووری عیراق خۆپیشاندانی گەورە و کۆڵنەدەرانە ئەنجام

دەدەن، سەرەڕای قوربانی زۆر و دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران، خوازیاری بنەبڕکردنی گەندەڵی و خزمەتگوزاری و سزادانی گەندەڵکاران و دوورخستنەوەی ئەو تاقم و حزبانەن کە لە شازدە ساڵی رابردوودا گەندەڵی و بە فیڕۆدانی گەورەی ماڵی گشتییان ئەنجامداوە.
لە هەمووشی قورستر و خەمناکتر بۆ گەلی عیراق ئەو ئیمتیازات و مووچەی خانەنشینییە خەیاڵییانەیە کە نوێنەرانی گەل بە یاسا بۆ خۆیان تەرخان کردووە، کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا لە وێنەی نییە.
لە کاتێکدا دەکرا و دەبوو بە دانانی زۆر کاراکتەری بە توانا و لێهاتووتر لەو خەڵکانە کاروباری وڵات بە جوانترین و باشترین شێواز بەڕێوەببرایە، چونکە هەموومان شاهیدی سەدان و هەزاران خەڵکی بەتواناین لە چالاکوانان و ئەندامانی رێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان کە لەسەر حسابی خۆیان  زۆر کاری گەورە ئەنجام دەدەن، بۆیە دەکرێت حکومەتەکان لە رێگەی خەڵکی و لەو بابەتەوە خزمەتی وڵات بکەن و بەڕێوەی بەرن، نەک دانانی لەشکرێک لە خەڵکی مشەخۆر و بێ پرەنسیپ کە ماڵی گشتی بەماڵی خۆیان دەزانن و پۆست و پلە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن.
لە کۆتاییدا ئیتر ئەم شەپۆلە تووڕە و حەقخوازە پێناچێت وا بە ئاسانی دابمرکێتەوە، ئەگەر ئاگرەکەی هەموو ئەوانە نەسووتێنێت کە لە کۆمەڵگەیەکدا بەشێکی زۆر بێکار و برسی بێت، بەشێکی تریش کە کارمەندی حزب و دەوڵەتن و داهاتەکەیان دیاریکراوە،  بوون بە ملیاردێر و خاوەن گەلێک سامان و سەرمایەن کە بەکارمەند و بەڕێوەبەرانی دەوڵەت ناکرێت، ئیتر کاتی ئەوەیە بەتوندی یاسای ((ئەمەت لە کوێ بووە؟))  جێبەجێ بکرێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٣١ - ٢٠١٩/١٢/٨

# ناوچەی ئارام، ئارام نییە

ماوەی چەند مانگی رابردوو هەموومان لە بیرمانە کە هێزەکانی سوپای تورکیا پەلاماری خۆرئاوای کوردستانیان دا و هەردوو شارۆچکەی گرێ سپی و سەرێ کانی-یان داگیرکرد بە پشتیوانی تاقم و گروپەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا، کە بە سوپای سوریای ئازاد ناسراون، لەو کاتەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو تاقم و گروپانە بەردەوامن لە تالان و کوشتن و رفاندن و سووکایەتی بە دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانە.

لە کاتێکدا تورکیا دەیەوێت بە بیانووی دامەزراندنی ناوچەی ئارام و سەقامگیر بۆ ئاوارە سورییەکان کە ژمارەیان نزیکەی ٥ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسە کە لە تورکیان، بیانگەڕێننەوە بۆ ئەو ناوچانەی سوریا کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەنقەرەدایە، بۆیە هەموو فشارێک لە دانیشتووانە رەسەنەکانی ئەو ناوچانە دەکرێت بۆئەوەی ماڵ وحاڵ و مەزرا و کار و کاسبی خۆیان جێبهێڵن و دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە بگۆڕێت.

دەنگ و باسەکانی ناوچەی ئارام لە باکووری خۆرهەڵاتی سوریا چیرۆک و رووداو و کارەساتی جەرگبڕ و سامناک باس دەکەن، کە مرۆڤایەتیی شەرمەزارە بەرامبەریان.

لەو چیرۆکانەی کە لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەو نامە دەنگیانەن کە لەڕێگەی واتس ئاپەوە بۆ کەسوکاری قوربانییەکانی دەنێرن لەدوای تیرۆرکردنیان، هەر بە مۆبایلەکەی قوربانییەکە پەیوەندی دەکەن بە کەسوکار و خانەوادەکانیانەوە و پێیان دەبێژن لاشەی کوڕ و کەسە کوژراوەکانتان لای ئێمەن، وەرن با پێتان بفرۆشینەوە.

### *تەرم بۆ فرۆشتن*

کەسوکاری قوربانییەکان دەڵێن، تیرۆریستان دوو بژاردەیان خستۆتە بەردەممان و دەڵێن یان تەرمەکانمان لێبکڕنەوە بە ٧ هەزار دۆلار، یان دەیانسووتێنین.

سەردار ئەو کوڕە لاوەی کە خەڵکی سەرێ کانی بوو، دوای داگیرکردنی شارەکەیان سەری خۆی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ شارەکەی بۆ سەردانی ماڵەکەی، بەڵام هەر زوو ئەو تاقم و باندە تیرۆریستییانە دەستگیریان کرد و کوشتیان و وێنەی تەرمە خوێناوییەکەی بە مۆبایلەکەی خۆی لە ڕێگەی واتس ئاپەوە بۆ خانەوادەکەی نێردرایەوە و پێیان وتن کە «ئەگەر لێمان نەکڕن ئەوا تەرمەکەی دەسووتێنین». جارێکی تر لە رێگەی ژمارە مۆبایلێکی تورکییەوە پەیوەندییان پێوەدەکرێت لەلایەن ئەبو مسعەب دێری لە تاقمی ئەحرار ئەلشەرقییەوە، دایک و باوکی سەردار کە قسەیان بۆ پەیامنێری ماڵپەڕی رەسیفی

عەرەبی کردووە، بەوەی هەردووکیان لە دوای مانگێک لە کوژرانی کوڕەکەیان (سەردار)، لە بارودۆخێکی ئێجگار نالەباردان و دەڵێن «پەیتاپەیتا نامەمان بۆ دێت و وێنەی لاشەی کوڕەکەمان بە کوژراوی بۆ دەنێرن، هەرچەندە سەریشی لە لاشەی جیاکراوەتەوە، بەڵام هەر دەیناسینەوە».

باوک و دایکی سەردار کە باسی کوڕە ٣٥ ساڵەکەیان دەکەن و خاوەنی دوو مناڵە، دەڵێن «هەر چەندە ئێمە ٧٠٠٠ دۆلارمان نییە تاکو تەرمی کوڕەکەمان بکڕینەوە، سەرەڕای ئەوەی ماڵ و حاڵمان داگیرکراوە لەلایەن سوپای تورکیا و هێزە بەکرێگیراوەکانییەوە، دەترسین لەوەی بڕۆین بۆ تەرمەکەی، چونکە ڕەنگە ئەندامانی تری خانەوادەکەشمان لە دەست بدەین».

هەمان ماڵپەڕ دەیان کەیسی تری وەکو ئەم کەیسەی بنەماڵەی سەردار-یان دۆکیۆمێنت کردووە، کە لاشە و تەرمی قوربانییەکان کە کوردن و خەڵکی شارەکانی سەرێ کانی و گرێ سپی و گوندەکانی ئەو ناوچەیەن، جگە لە دۆکیۆمێنتکردنی دەیان حاڵەتی دەستدرێژی و شێواندنی تەرمەکان و پەیوەندیکردن بە خانەوادەکانیانەوە بۆ فرۆشتن پێیان.

لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوی «هیومن رایتس وۆچ» لە راپۆرتێکدا کە لە ٢٧ی تشرینی دووەمدا بڵاویکردۆتەوە، باس لە پێشێلکاریی گەورە و سامناکی مافی مرۆڤ لەو ناوچە بەناو ئارامە دەکات، کە تورکیا و تاقمە وابەستەکانی دایانمەزراندووە و خۆی لە کوشتن و لە سێدارەدان لە دەرەوەی یاسادا دەبینێتەوە، هەر بۆیە لێپرسراوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینی ڕێکخراوەکە «سارە لیا ویتسن» ئاوا وەسفی ئەو ناوچەیە دەکات، (ناوچەیەکی نائارام و ناسەقامگیرە) لەبەرئەوەی بەردەوام ئەو تاقم و گروهە وابەستانەی تورکیا خەریکی کوشتن و بڕین و لە سێدارەدان و تاڵانکردنی خەڵکی ئەو ناوچەیەن، لەسەر بنەمای ئێتنیکی و تائیفی و ناهێڵن خەڵکە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

لە کۆتاییدا سەرەڕای هۆشداریی هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ تورکیا لە بەردەوام بوون لەو پێشێلکارییە زەقانەی تاقم و گروپە وابەستەکانی دەرهەق بە خەڵکی ئەو ناوچانە، هێشتا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ سزادان و لێپرسینەوە لەو تاقم و باندە تاوانکارانە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٤٤ - ٢٠١٩/١٢/٢٣

# سەودای سەدە

دواجار دوای سێ ساڵ لە سەرۆکایەتیی ترەمپ، ئەو پڕۆژەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی درێژخایەن و ئاڵۆزی عەرەب - ئیسرائیل رۆژی سێ شەمەی رابردوو ٢٠٢٠/١/٢٨ ئاشکرایکرد.

### پلانی پڕۆژەکە

پلانی کورت و پوختی پڕۆژەی سەودای سەدە ئەوەیە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینییە بە مەرجگەلێکی زۆر قورس و قەتیسکەر و لکاندنی هەموو کۆمەڵگە نیشتەجێبوونە جولەکەنشینەکانی دۆڵی ئوردن و کەرتی خۆرئاوا بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە و لە گۆڕنانی ئومێد و مافی گەڕانەوەی هەموو ئاوارە فەلەستینییەکانە بۆ سەر خاکی خۆیان.

### مەرجەکان بۆ دەوڵەتی فەلەستین

١. دەبێت فەلەستینییەکان بە رەسمیی دان بە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن، کە دەوڵەتێکی یەهودییە.
٢. رەتکردنەوەی راشکاوانەی تیرۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە.
٣. ئەگەر فەلەستینییەکان قایلبوون بە دانوستان لەگەڵ ئیسرائیلدا بەرامبەر ئەو دەوڵەتەی کە بنیامین ناتەنیاهۆ لە رووی پرەنسیپەوە پێی رازیبووە، ئەوا ئەو دەوڵەتە دەبێت بێ چەک بێت، واتە داماڵراو بێت لە چەک.
٤. ئیسرائیل بەرپرسیارە لە پاراستنی باری ئاسایش و چاودێریی ئاسمانی ئەو ناوچانە لە خۆرئاوای دۆڵی ئوردن، هەروەها کەرتی غەزەش کە لە بندەسەڵاتی حەماسدایە، دەبێت لە چەک داماڵراو بێت.

### ئایندەی کۆمەڵگە جولەکەنشینەکان

ئەمریکا ئامادەیە بە رەسمیی ئەوە بناسێت کە هەموو ئەو کۆمەڵگە نیشتەجێبوونانەی خاکی عەرەب بووە و ئێستا ئیسرائیلی تێدایە، ببنە بەشێک لە دەوڵەتی عیبری کە ٣٠ ٪ خاکی کەرتی خۆرئاوا دەبێتە بەشێک لە ئیسرائیل.
لە هەمانکاتدا واشنتۆن ئامادەیە بە رەسمی دەسەڵاتی ئیسرائیل بەسەر دۆڵی ئوردنیشدا

بناسێت، کە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگە لەسەر سنووری شانشینی هاشمی ئوردن.
لە بەرامبەر ئەمەشدا، فەلەستینییەکان خوازیارن دەوڵەتێک دابمەزرێنن کە هەموو ئەو خاکانە بگرێتەوە، کە ساڵی ١٩٦٧ داگیرکراون بە قودسیشەوە.
لەلایەکی ترەوە، سەرۆک ترەمپ دەڵێت، ئەو نەخشە و پرۆژە پێشنیارکراوەی ئێمە بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی فەلەستینی و ئیسرائیلی، خاکی دەوڵەتە فەلەستینییەکە دوو هێندە زیاد دەکات لە پرۆسیسێکدا کە گۆڕینەوەی خاکە لە نێوان دەوڵەتی عیبری و فەلەستینییەکاندا.
لە بەرامبەریشدا جارێکی تر ئیسرائیل بەڵێن دەدات کە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەموو پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون سڕ بکات و لەو ماوەیەدا فەلەستینییەکان دەتوانن چاوبخشێننەوە بەو بڕیارەی کە ئەم پلانەیان ڕەتکردۆتەوە.

**قودس**

ئەگەرچی لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپدا قودس بە ڕەسمیی بە پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل ناسرا و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس گوێزرایەوە، کە پێشتر هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا قایل نەبووە ئەو هەنگاوە هەستیارە بنێت لەبەر ئاڵۆزی و سەختی ئەو بابەتە بەلای عەرەب بەگشتی و فەلەستینییەکانیش بە تایبەتی، بەڵام ترەمپ بە پێچەوانەی بەڵێن و هەنگاوەکەی پێشتریەوە لەم پلانەدا باسی ئەوە دەکات کە قودسی ڕۆژهەڵات پایتەختی دەوڵەتی فەلەستینییەکان بێت و بەشە خۆرئاواییەکەی پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل بێت، ئەوەشی پەیوەندی بە شوێنە پیرۆزەکانەوە هەیە ترەمپ دەخوازێت بارودۆخی ئێستای قودس وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە حەرەمی قودسی و جەبەل یەهود لەبندەستی جولەکەکان بێت و مزگەوتی ئەقساش لە ژێر سەرپەرشتیاریی ئوردندا بێت.
دەوڵەتێکی لەیەک دابڕاو و پچڕ پچڕ
هەروەکو دەزانین، کێشەی گەورەی دەوڵەتی فەلەستین ئەوەیە کە هەموو ناوچەکانی بەشبەش کراوە و بە دەم یەکەوە نین و کۆمەڵگە نیشتەجێبوونە جولەکەنیشینەکان لە نێوان ناوچە عەرەب نیشینەکاندان، پلانەکەی ترەمپ و سەودای سەدە ئەوەیە کە لە ڕێگەی تونێل و شەمەندۆفێری زۆر خێرا و تۆڕی گەیاندن و پێکەوەبەستن بە تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ گواستنەوەی شتومەک و هاوولاتیان لە نێوان کەرتی غەزە و کەناری خۆرئاوادا بە یەکەوە ببەسترێنەوە.

### کێشە و ئایندەی پەنابەرانی فەلەستینی

چارەسەری سەودای سەدە بۆ ئاوارە فەلەستینییەکان ئەوەیە کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو دەوڵەتە فەلەستینییەی دادەمەزرێت، یان لەو وڵاتانەی کە ئێستا دەژین بمێننەوە و ببن بە هاووڵاتی ئەو وڵاتە.

هەر لەو چوارچێوەدا، ترەمپ هەموو یارمەتی و کۆمەکە داراییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆنروا وەستاند، ئەو ئاژانسەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتە بە ئاوارەکانی فەلەستین، بەڵکو بەڵێنیداوە کە هەموو تواناکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئاوارە و پەناهەندە فەلەستینییەکان نیشتەجێ بکەن لەو وڵاتانەی کە ئێستا تێیدا دەژین.

### وڵاتانی عەرەبی و سەودای سەدە

هەرچەندە باڵیۆزی هەندێک لە وڵاتانی کەنداو وەکو سوڵتان نشینی عومان و ئیمارات و بەحرین ئامادەی پرێس کۆنفرانسی راگەیاندنی پرۆژەکەی ترەمپ بوون و زۆر بە گەرمی سوپاسی هەوڵ و کۆششەکانی کردن و لە هەمان کاتیشدا ئوردن بە وریاییەوە لە پرۆژەکەی روانی، تەحەفوزی لەسەر چەند خاڵێکی هەبوو، میسریش خوازیاری ئەوەبوو کە خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت و عەرەبستانی سعودیەش وتی کە هەنگاوەنی سەرۆک ترەمپ بەرز دەنرخێنین و هەروەها فەلەستینییەکان و ئیسرائیل هاندەدەین بۆ دانوستانی ڕاستەخۆ لە ژێر چاودێریی ئەمریکادا، هەروەک ئەمریکا لە وڵاتانی عەرەبی دەخوازێت کە فشار لە فەلەستینییەکان بکەن تاکو پرۆژەکە پەسەند بکەن و سوود لەو بڕ پارە زۆرەی وەربگرن کە بڕیارە ٥٠ ملیار دۆلار خەرج بکرێت لە ماوەی ١٠ ساڵدا بۆ فەلەستین وەبەربهێنرێت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم کە هەرچەندە ئێستا فەلەستینییەکان بێ پشت و پەنا ماونەتەوە لە جیهانی عەرەبیدا، بەڵام پێناچێت فەلەستینییەکان بچنە ژێرباری ئەم سەودایەوە، بۆیە دەڵێن ئەمە گاڵتەجاری سەدەیە، نەک سەودای سەدە.

کوردستانی نوێ – ژ. ٨٠٧٤ – ٢٠٢٠/٢/٢

# ئیدلب ململانێکانی سوریا و تورکیا یەکلایی دەکاتەوە؟

ئەوەی زۆر جێگەی سەرسوڕمان و نیگەرانییە بۆ گەلی سوریا و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکە و چاودێرانی بارودۆخی سوریا، هەڵوێستی حکومەتی تورکیایە لە مەڕ کێشەکانی سوریا بۆ قەڵس و نیگەرانە لە وەدەرنانی چەکدارە سورییەکانی سەر بە تورکیا لە شاری ئیدلب و ناوچەکانی دەوروبەری، لە کاتێکدا ئیدلب پارێزگایەکی سوریایە و خەڵکەکەی ناسنامەی ئەوییان هەڵگرتووە.
ئایا تورکیا قایل دەبێت سوریا یان وڵاتێکی دی دەستوەربداتە کاروباری ناوخۆی؟ ساڵی ١٩٩٨ هەر بە پاساوی بوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەسەر خاکی سوریا هەڕەشەی داگیرکردنی دیمەشقی دەکرد، ئێستا خێرە خۆی بە رۆژی رووناک و ئاشکرا سوپاکەی لە خاکی سوریادا بڵاوەپێکردووە؟

***پاساوی دەستوەردانی تورکیا لە سوریا***

رۆژی شەمەی رابردوو، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا بە سەرۆکی ئەمریکای وت، زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی سوری لە ئیدلبەوە ملی رێگایان گرتۆتەبەر بۆ سنوورەکانی تورکیا، لە کاتێکدا ٤ ملیۆن ئاوارەی تری سوری لە تورکیان، بۆیە بە داخەوە ئێمە ناتوانین لەو ژمارەیە زیاتر پەنا بدەین. جگە لەمەش نیگەرانی تورکیا زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ دا ١٣ سەرباز و وا لە کۆتاییەکەشیدا لە ٢٧ی شوبات، جارێکی تر ٣٣ سەربازی تورکیا لە شەڕەکانی ناوچەی ئیدلب کوژران، کە لە خاڵەکانی چاودێری جێگیر کرابوون بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئاڵۆزی، بەڵام روسەکان دەبێژن ئێمە نەمانزانیوە سەربازی تورکیا لەوێندەرن، ئەوێ شوێنی تیرۆریستەکانە ئەمان چی دەکەن لەوێ؟
هەرچەندە تورکیا کاردانەوەی توندی هەبوو بەرامبەر پەلامارەکانی سوریا، ئێستاش هەڕەشەی توند دەکات لە هەر پەلامارێکی تر بۆ سەر هێزەکانی و ئەوا لە هەموو لایەکەوە پەلاماری سوریا دەدات، لە هەمان کاتیشدا ئەردۆغان نیگەرانی و گلەیی خۆی نەشاردەوە بەرامبەر بێدەنگیی روسیا لە مەڕ پەلامارەکانی هێزەکانی سوریا و وتی، ئەمە بەبێ رەزامەندیی مۆسکۆ نەکراوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو پێشهاتە گرنگەیە کە بۆ یەکەمجارە لە دوای چارەسەرکردنی کێشەی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە روسییەکەوە لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن تورکیاوە، کە ئەو دوو وڵاتە لە جۆرێک لە هاوپەیمانیدا بوون، بە تایبەتی دوای کڕینی سیستمی بەرگری موشەکی S٤٠٠ ی روسی و سەرەڕای نیگەرانی و ناڕەزایەتی توندی ئەمریکا بەو پێیەی ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆیە، ئاوا بەو شێوەیە تورکیا تانە و تۆمەت و رەخنەی توند لە روسیا بگرێت.

***شکستی خولی سێیەمی دانوستانەکانی مۆسکۆ و ئەنقەرە:***

خولی سێیەمی ئەو دانوستانانە رووخا و هەرەسیهێنا لە نێوان شاندی سەربازی و ئەمنی هەردوو وڵاتدا بەهۆی پێداگریی مۆسکۆ لەسەر کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو تاقمە چەکدارانەی لە لیستی تیرۆردا پۆلینکراون و گێڕانەوەی هەموو پارێزگای ئیدلب بۆ ژێر سەروەریی دەوڵەتی سوریا بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی سوچی، هەروەها رەتکردنەوەی ئەو داخوازییەی تورکیا کە دەیەوێت هێزەکانی سوپای سوریا بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی پێشوویان.

ئاماژەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە سوپای سوریا بە نیازە هەموو گوند و شارۆچکەکانی پارێزگای ئیدلب وەکو ناوچەکانی تری سوریا لە تاقم و گروهە تیرۆریستییەکان پاک بکاتەوە، بێگومان ئەمەش بەبێ پشتیوانی هێزی ئاسمانیی روسیا ناکرێت، کە ئەمەش تورکیا دەخاتە بەر دوو بژاردەی سەختەوە:

١- قایل بوون بەو دیفاکتۆیەی هاتۆتە ئاراوە، ئەویش بۆ خۆلادان لە شەڕ و پێکادان لەگەڵ سوپای سوریا و روسیادا.

٢- خۆسازدان بۆ شەڕ و پێکادان لەگەڵ سوریا و روسیا و گرتنەوەی هەموو ئەو ناوچانەی کە سوریا لە چەند رۆژی رابردوودا کۆنترۆڵی کردوون بە ڕێگای M5 نێودەوڵەتیشەوە کە دیمەشق و حەلەب پێکەوە دەبەستێتەوە. هەر لەو چوارچێوەشدایە کە ئەردۆغان مۆڵەتی تا کۆتایی ئەم مانگەی بە سوپای سوریا داوە لەو ناوچانە بکشێتەوە، ئەگینا بە پێچەوانەوە بە هێز دەریاندەکات.

لە کۆتاییدا، پێناچێت روسەکان بوار بدەن هیچ گۆڕانکارییەک لەسەر خاک رووبدات بە زیانی سوریا، ئەگەرەکانی هەڵچوون و بەریەککەوتن لە ئاشتی و ئارامی زیاترە، بە تایبەتی لە کاتێکدا درزی گەورە کەوتۆتە نێوان تورکیا و روسیاوە، چ بەوەی ئەردۆغان سەردانی ئۆکرانیای کردووە و پشتیوانی خۆی بۆیان دووپاتکردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەدایە

کە نیمچە دوورگەی کریمیا بگەڕێتەوە بۆ ئۆکرانیا و لە لیبیاش دژ بە هێزەکانی خەلیفە حەفتەر کە هاوپەیمانی روسیان، پشتیوانی حکومەتی سەڕاج دەکات.
رۆژانی داهاتوو یەکلاکەرەوە دەبێت لە رووداوەکانی سوریا و بەتایبەتی ئیدلب، هەر هەنگاوێکی نابەرپرسانە بۆی هەیە بارودۆخەکە بە شێوەیەک بتەقێنێتەوە کە ببێتە قەیرانێکی ئیقلیمی و بگرە نێودەوڵەتیش، کە چارەسەرکردنی قورس بێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٩٨ - ٢٠٢٠/٣/١

# سیناریۆکانی تورکیا لە لیبیا

لە دوای کۆنترۆڵکردنی ناوچەی تەرهونە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی ویفاقی نیشتمانی لیبیاوە کە تورکیا پشتیوانییان لێدەکات و لەلایەن فائیز سەراجەوە سەرکردایەتیی دەکرێت، کە سەر بە ئیخوانەکانن،ئێستا ئەو هێزانە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی شاری سیرت-ی ستراتیجیدان، چونکە مانەوەی هێزەکانی ژەنراڵ خەلیفە حەفتەر لەوێندەر، نەک هەر مەترسین بۆ سەر تەرابلوسی پایتەختی ئەو وڵاتە، بەڵکو بێبەشکردنی حکومەتەکەی ویفاقیشە لە داهات و بەڕێوەبردنی گەورەترین سێکتەری ئابووری وڵات، کە نەوتە.

ئێستا حکومەتەکەی سەڕاج باس لەوە دەکات کە بەرەی حەفتەر دوای ئەو پاشەکشە و تێکشکانە سەربازییانەی بەسەریاندا هاتووە، تووشی دووبەرەکی و لێکترازان بووە لە ناوخۆ و لە دەرەوەش ئاڵۆزی کەوتۆتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سپۆنسەر و پشتیوانەکانی، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو هەوڵەکانی ئاگربڕ ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن حکومەتی ویفاقەوە.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، حکومەتی ویفاق لە هەوڵدایە ترس و نیگەرانی ئەو وڵاتانەی پشتیوانی حەفتەریان دەکرد، بڕەوێنێتەوە، لەوانەش گفتوگۆی نێوان روسیا و تورکیا، کە هەرچەند بڕیاربوو لە ماوەی رابردوودا بکرێت، بەڵام لە دواساتەکاندا هەرچەند وەزیرەکانی روسیا لەناو فرۆکەشدا بوون بەرەو تورکیا، بەڵام دواخرا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانیان درێژەی هەیە بۆ ئەو مەبەستە و دواتر هێزەکانی حکومەتی سەڕاج بە ئاسانی بچنە ناو سیرتەوە، دوای ئەوەش لە هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەی سیاسی بن بۆ کێشەی لیبیا لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لەگەڵ بەردەوامیدان بە کۆنگرەی مەدرید.

ئەمە تەواو رای ئەردۆغان و تورکیایە کە حکومەتی ویفاق پیادەی دەکات، چونکە هەر ئاگربەسێک رێخۆشکەر دەبێت بۆ خۆڕێکخستنەوەی هێزەکانی خەلیفە حەفتەر لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە پشتیوان و هاریکارە دەرکییەکانی حەفتەر ناچاردەبن دەستبەرداری بن، بۆیە دەخوازن درێژە بە شەڕ بدەن تاوەکو حەفتەر لە هاوکێشەی سیاسی لیبیا بە تەواوی وەلادەنێن، ئەمەش ئەو بۆچوونەی ئەردۆغانە کە لە تورکیا لەگەڵ رکابەر و نەیارە سیاسییەکانی تەنانەت بەوانەشەوە کە لە حزبەکەی خۆی بوون، جێبەجێی دەکرد.

***میسر و لیبیا***

هەرچەند عەبدولفەتاح سیسی سەرۆک کۆماری میسر رایگەیاند، کە سیرت هێڵی سوورە و نابێت هێزەکانی حکومەتی ویفاق بچێتە ناوی و هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ستراتیجی میسر،

سەرۆکی میسر لە پێشوازیی سەرۆک خێڵەکانی لیبیادا رایگەیاند، کە سوپای میسر لەسەر داخوازیی خەڵکی ئەو وڵاتە دەچێتە ناو خاکی لیبیاوە و بەرگری لێدەکات.
هەمووما ن ئاگاداری خراپی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەین، کە ئەوەش هۆکار و دۆخی تایبەتی خۆی هەیە و ناکرێت لێرەدا باسیان بکەم، بۆیە حکومەتی ویفاق و تورکیا دەڵێن ئەوەی هێزی لەسەر خاک هەبێت یەکلایی دەکاتەوە. هامەهەنگی نێوان تورکیا و روسیا و پەیوەندییەکانی ئەردۆغان لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا تایبەت بە لیبیا و دەستوەرنەدانی ئەمریکا و ئەوروپییەکان، پێگەی تورکیا بەهێزتر دەکات و زیاتر روسیا هاندەدات خاوەنداری ئەو بابەتە بکات، هەرچەندە میسر و فەرەنسا و ئیماراتیش دژ بەم هەنگاوەن، ئەمەش وادەکات رێکەوتنی تورکیا و روسیا ئاسان نەبێت.
لە ئاوا بارودۆخێکدا، حکومەتی ویفاق و تورکیاش دوودڵ و راڕان لەسەر ئەوەی بە زەبری هێز شاری سێرت کۆنترۆڵ بکەن، چونکە تورکیا ناخوازێت لەگەڵ هێزەکانی فاگنەر کە روسیا پشتیوانییان دەکات، بکەوێتە شەڕ و بەریەککەوتنەوە، چونکە ئەو هێزانە لە رۆژانی رابردوودا لەو شارانەدا خۆیان قایم و جێگیر کردووە، کە ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و پشتیوانانی حەفتەر ئاڵۆزتر دەکات. لەلایەکی ترەوە، مانەوەی دۆخی ئێستا بە زیانی حکومەتی ویفاق تەواو دەبێت و بە قازانجی حەفتەر و هاوپەیمانەکانی دەشکێتەوە.
لە کۆتاییدا، بیرۆکەی کۆنترۆڵکردنی شاری گرنگی سێرت لەلایەن حکومەتەکەی سەڕاج-ەوە کارێکی ئاڵۆز و سەختە بە کردار، بۆیە پێویستی بە دانوستانی زۆر و دوور و درێژە، بۆیە پێدەچێت دۆخی ئێستا درێژە بکێشێت و زیاتر بۆ ئایندەیەکی دوورتر لەگەڵ وتوێژ و کۆکردنەوەی هێزدا، لە ئاوا بارودۆخێکیشدا هەندێک دەنگ دەبیسترێن کە باسی دابەشکردنی لیبیا دەکەن، هەرچەندە تائێستا هەردوو بەرەی دژ بەیەک و لایەنی شەڕ بە ئاشکرا شتی وایان نەوتووە، بەڵام ئەو دەنگانە زیاتر لە دەرەوەی لیبیاوە دێن و هەندێک لایەنی ئیقلیمی ئەو خواستەیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا هەر سەرکێشییەکی تورکیا و حکومەتی ویفاق لە سێرت بەبێ رەزامەندی روسیا، ململانێکانی تورکیا و روسیا دەگوازێتەوە بۆ شوێنەکانی تریش لە دەرەوەی جوگرافیای لیبیا و دواکەوتنیشی شکستە گەورەکەی حەفتەر لە تەرابلوس کەم دەکاتەوە و هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی بەهێز دەکات.
بە هەرحاڵ ئەم نمایش و خۆنواندنانەی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لە لیبیا، بۆ بەدەستهێنانی رۆڵ و پێگە و دەستکەوتی سیاسییە لە دانوستانەکانی داهاتوودا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١٤٠ - ٢٠٢٠/٧/١٩

# دیسانەوە عەبدولباری عەتوان

وابزانم پێویست ناکات بەدرێژی عەبدولباری عەتوان بەخوێنەرانی کورد بناسێنم، چونکە زۆربەی زۆری نووسەرو چاودێرانو هەتاوەکو خوێنەرانی کوردیش هەڵوێستو رقو کینەو دوژمنایەتیەکانی ئەو نووسەرو رۆژنامە نووسە عەرەبە فەلەستینیە بەرامبەر بەکورد دەزانن، لەدوو دەیەی رابردوودا چی لەدەست هاتبێت بۆ دژایەتی کوردو کێشە رەواکەی بێ سڵەمینەوەو دوودڵی کردوویەتیو وتویەتی کە لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیای عوزما دادەنیشێت، پشتیوانی خۆی لەپێشتر زۆر بەئاشکرا بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدەو شەخسی ئەمیرەکەی ئوسامە بن لادن دەربڕیووەو کاتی خۆی لەشاخەکانی تۆرا بۆرا لەئەفغانستان چووەتە لایو چاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵدا سازداوە، ئێستاش بەشێخ ئوسامە بن لادن ناوی دەبات.

لەکاتی ئێستاشدا لەناو جەرگەی ئەوروپاوە راوێژو ئامۆژگاریو خۆشەویستی خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراقو شام (داعش) دەنێرێتو هۆشدارییان دەداتێ کە لەتازەترین وتاری کە لەویبسایتی قورەیش -دا بڵاوی کردۆتەوە پێیان دەڵێت: وریابن ترسناکترین شت بۆ پووکانەوەی دەوڵەتەکەتان ئەو هەوڵە هەواڵگریانەیە کە دەزگاکانی هەواڵگریو دژە تیرۆری عیراق  دەیانەوێت دزە بکەنە ناو ریزەکانتانەوەو لەورێگەیەوە گورزی کوشندەتان لێبدەنو زاڵ بن بەسەرتانداو درز بخەنە ناو ریزەکانتانەوە، هەروەها ترسی خۆی ناشارێتەوە کە ئەم جۆرە دزەکردنو خۆ خزاندنە ناو ریزەکانی دەوڵەتەکەتانەوە زیانی گەورەتان پێدەگەیەنێت، لەهەمان کاتدا لەوەسفی رێکخراوەکەیاندا دەڵێت: رێکخراوێکی ئاوەها کە بەتەمەنێکی زۆر کورت هێزەکانی چەندجار لەقەبارەی خۆی زیادیان کردووەو ئەو ناوچانەش کە دەستیان بەسەردا گرتووە چەندین جار فراوانتر بووە لەکاتێکی پێوانەییدا، بۆیە هەموو ئەمانە وادەکات کە ببنە ئامانجی زۆر دەزگای هەواڵگری جیهانیو ناوچەیی لەکاتێکدا دەوڵەتی ئیسلامی لەچەند بەرەیەکی جیاوە لەشەڕدایە کە ئەمەش تواناکانی کەمدەکاتەوە بۆ چڕکردنەوەی توانای خۆپاراستنی خۆی بەگشتی.

هەروەها لەشوێنێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت: نازانین قەبارەی ئەو زیانانەی بەر دەوڵەتی ئیسلامی کەوتووە چەندە لەلایەن دەزگا ئەمنیو هەواڵگرییەکانی عیراقەوە، بەڵام ئەبو حەفسەی ئەلموهاجری کە گەورە بەرپرسێکی  داعشەو دەستی بەخوێنی هەزاران کەس لەعیراقو شام سوورە بە بەڕێز ناو دەباتو دەڵێت وتویەتی کە ئیتر هیچ کەسێکی عیراقی لەڕیزەکانماندا وەرناگرین، جگە لەخەڵکی بیانی بۆ جیهاد نەوەکو خەڵکی نێراویان تێدابێت

بۆ خۆ خزاندنە ناو ریزەکانمان لەلایەن دەزگا هەواڵگریەکانی عیراقەوە. بۆیە لەوانەیە گورزی گەورەیان وەبەر کەوتبێت.
لەهەمان کاتدا عەبدولباری عەتوان کورتەیەکی مێژوویی لەسەر کاری هەواڵگریو ناردنی خەڵکی بۆ ناوریزەکانی رێکخراوەکانی قاعیدەو رێکخراوە فەلەستینیەکان باس دەکاتو هۆشداریان دەداتێ لەمەترسی ئەو جۆرە کارانە، بەڵێ ئەمە نووسەرو رۆژنامەنووس عەبدولباری عەتوانە کە لەچەند رۆژی رابردوودا جارێکی تر رقو بێزاری خۆی دەربڕی لەئاست بەهاناوە چوونی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی کۆبانێ. هەروەکو ئەوەی بەڵێنی بیلفۆری داو جێبەجێی کرد کورد بووبێت!!
لەهەمان کاتدا پیاوێکی تری ئایینی ئیسلامی تونسی عەرەب بەناوی شێخ حوسێن عوبێدی ئیرەیی بەکورد دەبات کە چۆن توانیان یارمەتی بگەیەننە کۆبانێو دەڵێت: ئێمەی عەرەب بە٢٣ وڵاتەوە نەمان توانی ئەوەندە یارمەتی بگەیەنینە غەزە. هەروەها رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیاش لەمیانی سەردانەکە ئەم دواییەی بۆ فەرەنسا بێزاریو خۆی بەرامبەر کۆمەکو هاوکارییەکانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ کۆبانێو نەناردنی بۆ شوێنەکانی تری سوریا دەربڕی.
بۆیە لێرەوە داوا لەڕەوەندی کوردی لەئەوروپاو ئەمریکا دەکەم، هەروەها هەموو رێکخراوو هێزە دیموکراتخوازەکان دەکەم، کە لەڕێگەی داواکاری گشتیەوە سکاڵای یاسایی لەسەر ناوبراو تۆمار بکەنو هەوڵی ئەوە بدەن لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٦٥٢٤ – ٢٠١٤/١١/٩

# سعودیە و ئەمریکا خاڵی هاوبەش

لە بیرمانە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ دەی گووت عەرەبستانی سعودیە دادوەرانە هەڵسووکەوت لە گەڵ ئەمریکادا ناکات لە بەرئەوەی ئەمریکا خەرجی و توانایەکی دارایی زۆر بەکاردەبات لە پاراستنی ئاسایشی عەرەبستانی سعودیە بۆیە خوازیار بوو ئەرکەکانی بەجێبهێنێت لەبەرامبەر ئەو بارە قورسەی کە ئەمریکا چووەتە ژێری بۆ پاراستنی سەروماڵی عەرەبستان بەرامبەر هەڕەشەی نەیارەکانی.
بە تایبەتی کە لە سەردەمی ئۆبامادا کۆنگریس یاسای جاستا یان دەرکرد بۆ داوای قەرەبوو سزا لە تەقینەوەکانی ١١ سپتەمبەری ٢٠٠١ لە ئەمریکا چونکە ١٤ کەس لە ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریستیەکە کە ١٩ کەس بوون سعودی بوون بەڵام ئۆباما یاساکەی واژۆ نەکرد.
بەڵام ئەوەی بینرا ترەمپی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن ترەمپی ئێستای سەرۆک و نیشتەجێ ی کۆشکی سپی نییە چونکە وا یەکەم سەردانی بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی بۆ عەرەبستانی سعودیەیە بە پێچەوانەی ئەو لێدوانانەی کە پێشووتر دابووی چاوەڕوانی بەریەککەوتن وململانێ ی لێدەکرا؟ کەچی بینیمان گەورەترین کۆبوونەوەو کەرنەڤاڵی بۆرێکخرا نەک هەر لەگەڵ پاشای عەرەبستان بەڵکو لەگەڵ سەرکردەکانی کەنداو و زۆر وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی تری گرنگ.
بەڵام دەکرێت بپرسین سەرۆک ترەمپ لە بەرامبەر چیدا ئەم هەڵگەڕانەوە گەورەی لە هەڵوێستەکانی دا کردووە بەرامبەر بە عەرەبستانی سعودیە؟
ئەوەی کە دەرئەنجام بە دەست دەکەوێت لە دوای گەڕان و شرۆڤە بە سەرچاوە کانی هەواڵ و لێکۆڵینەوەکانی سیاسەتدا ئەوەیە کە ئەمریکا خوازیارە کۆمەڵێک داخوازی و دەستکەوتی چەورو گرنگ بە دەستبهێنێت لە سعودیە کە بوارەکانی گەشەپێدان وەبەرهێنانە بە پشتیوانی عەرەبستان کە ژێرخانی ئەو وڵاتە نوێ بکاتەوەو ملیۆنان هەلی کار دابین بکات بۆ هاوڵاتیانی ئەمریکی کە بێکارن ئێستا ئەمەش لەرێگای تەرخانکردنی زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی لەلایەن حکومەتی سعودیەوە بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخانی ناوخۆی ئەمریکا سەرەڕای گرێبەستی ١٠٠ ملیار دۆلاری کڕینی چەک و هەروەها باس لە گرێبەستێکی تر دەکرێت بە بەهای زیاتر لە ٢٠٠ ملیار دۆلار لە ماوەی دەساڵی داهاتوودا کە ئەمەش گوژمەیەکی باشی پارەیە بۆ گەنجینەی ئەمریکا،جگە لەوەی ترەمپ دەتوانێت لە ئیماراتی عەرەبی وڵاتەکانی تری کەنداو داهاتی زیاتری دەست بکەوێت.

لایەنێکی تری گرنگ کە ترەمپ کاری لە سەر دەکات لەم سەردان و بادانەوەدا ئەوەیە کاراکردنەوەو گێڕانەوەی ڕۆڵی ئەمریکایەلەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا کە ئیدارەی پێشوو لە دووساڵی رابردوودا زۆر پاشەکشەی کردبوو و بواری بۆروسیا وڵاتانی تر چۆڵ کرد بوورۆڵ بگێڕن، ترەمپ بەڵێنی دابوو شکۆ بگێڕێتەوە بۆ ئەمریکا ئەمەش بە پارەو توانای دارایی دەکرێت چاودێرانی دۆخی ناوچەکە لەو بڕوایەدان ئەمریکا بە نیازی ئەوەیە تێچووی هەر دەستوەردانێک لەرووداوەکانی ناوچەکەو شەڕی تیرۆر بخاتە ئەستۆی سعودیە.

ئەمانەو جگە لە بووژانەوەی پیشەسازی چەک و بەرگری کەمکردنەوەی ڕۆڵی دامەزراوە ئایینی و مەزهەبیەکان لە سعودیەو بە گەڕخستنەوەی پرۆسەی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل و ئاسایی کردنەوە ی پەیوەندی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل.

هەروەکو ئاشکرایە سیاسەت و دانوسان ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییە دەبێت وەڵامی ئەوەش بدۆزینەوە دەبێت عەرەبستانی سعودیە لەبەرامبەر ئەم هەموو(دان) ەدا چ بسەنێت؟

بەکورتی ئەوەمان دەست دەکەوێت بۆ ئەو وەڵامی ئەو پرسیارە کە پڕچەککردن و هاریکاری سەربازییە لە گەڵ ئەمریکا کە سەرچاوەی گرنگی چەک و تەقەمەنیی بۆ سعودیە وراهێنان و ئامادەکارییەکانی سوپاکەی پشت بە ئەمریکا دەبەستێت،فاکتەرێکی تر پاراستن و پشتیوانی سعودیە لە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەلایەن ئەمریکاوە کە خاوەنی مافی ڤیتۆیە لە هەر لێپێچینەوەو سزایەکی نێودەوڵەتی.

خاڵێکی تری گرنگ کە عەرەبستان زۆر پێویستی پێیەتی پشتیوانی سیاسەت و بۆچوونەکانیەتی لە قەیرانەکانی یەمەن و سوریا جگە لە زامنکردنی پشتیوانی بۆ جێنیشینی جێنشینی شا (محمدی کوڕی شا سەلمان) کە جێگەی باوکی بگرێتەوە لە داهاتوودا.

لەوانە گرنگتر و ستراتیجی تر بۆ عەرەبستانی سعودی بەرگرتن لە فراوانبوونی هەژموونی ئێران بۆ وڵاتانی ناوچەکە کە ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەمریکاو عەرەبستانە کە بووە هۆی زیاتر نزیک بوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە یەکتر و لە کاتێکدا لە ماوەیرابردوودا عەرەبستان لە هەوڵی ئەوەدا بووە خۆی وەکو پێشڕەوی وڵاتانی ئیسلامی پیشان بدات و کاری جدی بۆ کردووە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٢٧٨ – ٢٠١٧/٥/٢٨

# تەپڵی شەڕ

لە مانگی تەموزی ئەمساڵ ٢٠١٧ بابەتێکم نووسی و بڵاوکرایەوە لەژێر ناونیشانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە سەر دەریایەک لە ئاگر کە باسم لە پێشبڕکێ و خۆ پڕچەککردنی ولاتانی ناوچەکە کردبوو،ئەوکات پرسی بووم کە ئەم هەموو چەکانە بۆ چییە؟
ڕاستە ئەم چەکانە بۆ جوانی و نمایشکردن نین بەڵکو بۆ قووڵکردنەوەی ململانێ ئێتنیکی و ئاینزاییەکانی ناوچەکەیە و بۆ چەسپاندنی هەژموونی زلهێزەکانە بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا و بۆ پاراستنی سنووره کۆنەکانە و سەرکوتکردنی هەموو بزوتنەوە ئازدیخوازو دەنگە ناڕازییەکانی ناوچەکەیەوراستر دەتوانم بڵێم دەنگی تەپڵ و کەڕەنای جەنگ لەڕۆژهەڵاتی ناویندا دەگاتە کەشکەلانی فەلەک مەگەر کەڕ بن ئەوانەی نەیبیستن لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو کەڕەکان.
ئەگەر زیاتر وردبینەوە لەرووداوەکانی ناوچەکە لە پێشهات و پێدراوەکان سەرەتای ململانێیەکی خوێناوی قورس لە ئاسۆوە دیارە لە هەمووی دیارتر و قەبەتر و سەرنجڕاکێشتر دەستلەکارکێشانەوەکەی سەعدەدین حەریری سەرۆک وەزیرانی لوبنان لە ریازی پایتەختی عەرەبستانی سعودیەوە کە پێشتر باوکیشی سەرۆک وەزیرانی لوبنان بوو لە ساڵی ٢٠٠٥ تیرۆر کرا بەرۆژی رووناک بوو بە قوربانی ململانێکانی ناوچەکە وادیارە ئەمیش دەترسێت ببێت بە قوربانی هەمان ئاریشە کە لە وتاری دەست لەکار کێشانەوەکەیدا بەروونی ئاماژەی پێداوە.
ئەگەر کەمێک بۆ پێشتریش بگەڕێینەوە بۆ ئابڵۆوقەی ئابووری و گەمارۆی دەوڵەتی قەتەر لە لایەن هەندێک لە ولاتانی کەنداو و میسرەوە بە بیانوو پاساوی هاوکاری تیرۆر لە ناوچەکەدا هەموو ئەوانە ڕێ خۆشکردنن بۆ کردنەوەی بەرەی جەنگ و گۆڕەپانی ململانێ ی زیاتر لە ناوچەکەدا.
بەڵی هەر لە دوای ئەم دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی لوبنان بزوتنەوەی ئەنسارولای یەمەن واتە حوسیەکان بەرۆکێتێکی بالیستی پێشکەوتوو فڕۆکەخانەی مەلیک خالید لە باکووری ریازی پایتەختی عەرەبستانی سعودیە دەکەنە ئامانج کە ئەمە پێشووە چوونێکی مەترسیداری شەڕی یەمەنە و بێگومان گرژی و ململانێکانی ناوچەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی قورسترو توندتر دەبات.

### مەبەست چیە لە دەستلەکارکێشانەوەی حەریری؟

هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە دەستلەکارکێشانەوەی سەعد حەریری هەنگاوی

یەکەمە بۆ گواستنەوەی شەڕو ململانێ لە سوریاوە بۆ لولبنان و لە هەمانکاتدا ناچارکردنی حزبوڵایە بۆ کێشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەگەر هەمووشی نەبێت لە سوریاوە بۆ لوبنان کە ئەمەش کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕە دژی ئێران لە لایەن عەرەبستانی سعودیەوە و دوای ئەوەی سعودیەکان شکستیان هێنا لەرووخانی رژێمی بەشار ئەسەد و لە هەمانکاتداراکێشانی ئیسرائیلە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ ئەو شەڕە لە لوبنان چونکە ئیسرائیلیش ئێران و حزبوڵا بە مەترسی گەورە بۆ سەر ئاسایشی خۆی دەزانێت چونکە ئێستا ئەو حزبە خاوەنی گەنجینەیەکی زۆر ی مووشەکی ئێرانیە  و بە تایبەتی لە شەڕی ساڵی ٢٠٠٦ نێوان ئیسرائیل و حزبوڵادا سەرەتاکانی دەرکەوت.
ئێستاش لە دوای تەواو بووی هیلالی شیعی لە تارانە و ە بۆ عیراق و سوریا و لوبنان ئێرانیەکان بە ئاسانی توانای جموجوڵی سەربازی و کۆمەک گەیاندنیان هەیە بۆ هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی حەسەن نەسروڵا،ئیسرائیلی و ئەمریکیەکانیش هەستیان بەو مەترسیە کردووەو ناتوانن لەوە زیاتر لە ئاست پێشڕەوییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بێدەنگ بن وەهەروەها هۆشداری وڵاتانی کەنداو وڵاتانی تریش بۆ هاوڵاتیەکانیان لە چەندرۆژیرابردوودا کە لوبنان جێبهێڵن هەموو ئاماژەو سەرەتان بۆ شەڕێکی چاوەڕوان کراو.
جگە لەوانەش  عەرەبستانی سعودیە دەخوازێت سیستمێکی نوێ ی ئیقلیمی دروست بکات  لە ناوچەکەدا و بەرەیەکی تر لە گەڵ ئێراندا بکاتەوە ئەویش وەکو ئیسرائیلیەکان دەڵێن  دەخوازن ئەم شەڕە ئیسرائیل لە جیاتی ئەوان بیکات بە پشتیوانی وڵاتانی کەنداو و تیشکی سەوزی ئەمریکی.
عەرەبستانی سعودیەدەڵێت دەبێت دەستی ئێران لەم ناوچە ببڕین بەڵام لەماوەی رابردودا وا دووساڵ زیاترلە یەمەن هاوپەیمانی عەرەبی شەڕی حوسیەکان دەکات کەچی ئێستا بە هێزتربوون وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا لە چەند رۆژی رابردوودا رۆکێتی ١٠٠٠ کم یان نا بە ریازەوە، لەلایەکی ترەوە پێنج مانگە گەمارۆی قەتاریان داوە لەرووی ئابوورییە کەچی هیچ ئامانجێکیان نەپێکاوە هێشتا و هەڵوێستی قەتەر قایمتر بووە سۆزی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیشیراکێشاوە.
سەرەڕای ئەمانەش جێنیشینی پادشای سعودیە بەرەیەکی تری کردۆتەوە دژ بە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی بەپاساوی تێوەگلان بە گەندەڵی بەڵام سەرچاوەکانی هەواڵ پێچەوانەکەی دەڵێن کە ئەمانەرکابەرەکانی ئەون لە نێو بنەماڵەی پاشایەتی کە جاری یەکەمە دەستەڵات لەو بنەماڵە لە کوڕەزاکانی مەلیک سعودەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانیان.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٤٢٠ - ٢٠١٧/١٢/١٩

# یەمەن دوای عەلی عەبدوڵڵا ساڵح

یەمەن ئەو وڵاتەعەرەبییەیە کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای نیمچە دورگەی عەربیەوەوە و هەروەها خۆرئاوای ئاسیاوە ورووبەرەکەی ٥٢٧,٩٦٨ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و مێژووە دێرینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین کەبە شانشینەکانی سەبەئو معین وقتبان وحەزرەمەوت و جمێر بە دوای یەکدا دەستی پێکردووە و خاوەنی پێشخستن و داهێنانی یەکێک لە کۆنترین ئەلفوبێ و ئەبجەدییەکانن لە بواری زانستدا کەناسراوە بە خەتی (ئەلمەسنەد).

هەربەهۆی ئەمەشەوە بوو یەمەن بووە خاوەنی زۆرترین دەقی نووسراو کتێب و سەرچاوەی گرنگ لە هەموو هەرێمەکانی تری نیمچە دورگەی عەرەب، ئەگەر لە مێژووی ئەو وڵاتەش بڕوانی هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە خاوەنی چەندین دەوڵەت بوون هەر لە دەوڵەتی زیادییەوەو دەوڵەتی یەعفەری وئیمامەی زەیدی و دەوڵەتی تاهیری و کە بەهێزترینیان دەوڵەتی رەسوولی بوو.

دواتریش باکووری یەمەن سەربەخۆیی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی بەدەستهێنا و یەمەنی باشوریش وە کۆڵۆنیایەکی بەریتانیا مایەوە تاوەکو لە ساڵی ١٩٦٧ کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەنراگەیەنرا و دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ هەردوو بەشەکەی یەمەن یەکیانگرتەوە.

عەلی عەبدوڵا ساڵح ئەو سەرۆکەی یەمەن کە بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەی کرد، لە تەمەنی ٣٦ ساڵیەوە کە لە سەربازێکی پلەنزمەوە چووەریزەکانی سوپای یەمەنەوە بێ ئەوەی قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تا ساڵی ١٩٩٠ سەرۆکی یەمەنی باکوور بوو، لەوە بە دواشەوە دوای یەکگرتنی هەردوو بەشی یەمەن، بووە سەرۆکی هەموو یەمەنی یەکگرتوو، ٣٣ ساڵ بە هاوپەیمانی و فرتوفێڵ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەی کرد.

عەلی عەبدوڵا ساڵح هەر لە خۆوە ئەو سیاسەتی هەڵگەڕانەوەو بێ پەیمانی و پابەند نەبوون بە پرنسیبەکانی رێککەوتن و هاوپەیمانیەوە بەسەردا نەبڕابوو، بەڵکو میدیای عەرەبی بەوە ناویان دەهێنا، کە سەما لەسەر سەری ماران دەکات. ئەمریکیەکان بە کەسێکی زۆر نامۆ نەگونجاو ناوزەدیان دەکرد و دواجاریش گۆڤاری (زە ئەتلانتیک) تازەترین ناو و ناوبانگی نوێ سینەماییان پێوەنا ئەویش (فرانک ئەندرود)ی یرۆژهەڵاتی ناوینە کەئەویش پاڵەوانی زنجیرە درامای سیاسی ئەمریکی (هاوس ئۆڤ کاردز) وەکو ئاماژەیەک بۆ پاڵەوانی ئەو فلیمە لەمەڕ ئەورێکار ورەفتارە نالەبەرو نابەجێ و نا مۆڕاڵانەی کە بەکاری هێناوە لەگەڵ دۆست و دوژمن و یارونەیارەکانی دا.

ئەگەر ئاوڕێک لە ژیاننامەی ساڵح بدەینەوە زۆرێک لەو شتانەی کەلەسەرەو وترا بە پراکتیک جێبەجێ ی کردووە، سەرەتا لەگەڵ بەشی باشووری یەمەن کە پێشتر دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو بە ناوی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن و یەکیان گرتەوەو دواتر لێیان هەڵگەڕایەوەو یەمەنی باشووری داگیرکردوو سەرکردەکانی وەدەرنا، لە گەڵ ئەم حوسییانەی ئێستا، کاتی خۆی برای ئەم سەرکردەی ئێستای حوسییەکانی کوشت و شەڕی لە گەڵدا کردن، دواتر هاوپەیمانی لە گەڵ کردن وا سێ ساڵە وەکو کودەتایەک سەنعای پایتەختی یەمەنیان داگیرکردووەو وا لە دوورۆژێرابردوودا جارێکی تر لەگەڵ ئەمانیشدا هاوپەیمانێتیەکەیان تێکچوو و دواتر سەریان خواردوو، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ بینیمان لە میدیاکانی جیهانەوە کوژراو لاشەکەی شێوێندراو بوو بە قوربانی هەموو ئەو بێباری وبێپەیمانی و فرت و فێڵە. لەلایەکی تریشەوە لە ساڵانی پێشووتردا، هاوپەیمانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیەداکرد و دواتر دوای هەوڵی تیرۆرکردنی لە ٢٠١١ لە نەخۆشخانەکانی ئەوێ چارەسەری بۆ کرا، بەڵام دواتر لەوانیش هەڵگەڕایەوە بوو بە دوژمنیان.

***ئێستا یەمەن لەدوای ساڵح لە دووڕێیانیکی مەترسیداردایە***

دوای ئەوەی ساڵح پەیوەندییەکانی لەگەڵ میلیشیاحوسییەکان  کە ئێستا ناوی خۆیان ناوە ئەنسارولڵا بچڕاند، وتی: ئەوانە کودەتاچی و لە یاسادەرچوون.ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە بەرەو ئاکارێکی تر چوون و لەدوای تەنها دوورۆژ، عەلی عەبدوڵا ساڵح خۆی بووە قوربانی بە دەستی حوسیەکان لەناوبراو و خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەرویداو هەموو خێڵە چەکدارەکانی لایەنگری ساڵح و حزبی کۆنگرەی نیشتمانی یەمەن رایانگەیاند بە هاوکاری لایەنەکانی ترو هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرۆکایەتی عەرەبستانی سعودیە هەموو هەوڵ و تەقەلاکانیان دەخەنە گەڕ بۆ گەمارۆدانی حوسییەکان ورزگارکردنی سەنعای پایتەخت.

هەروەها لە دوای کوژرانی ساڵح، هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردن وڕاوەدوونانی لایەنگرانی لەلایەن حوسیەکانەوە دەستی پێکردووە، لە هەمان کاتیشدا ئەمە زەمینە خۆشدەکات بۆ سەرهەڵدانەوەو گەشەکردنی زیاتری رێکخراوە توند ئاژۆ و تیرۆریستەکانی وەکو قاعیدەو داعش، دوای ئەوەی لە عیراق و سوریا شکستیان خوارد، دەکرێت قورسایی کردەوەکانیان لە یەمەن فراوانتر بکەن.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٤٤٤ – ٢٠١٧/١٢/١٧

# بەهاری عەرەبی لە یادی حەوتساڵەیدا

لەدوای حەوت ساڵ لە شۆڕشی تونس ئەو شۆڕشەی کە چەخماخەکەی لەوێوە بووە بروسکەی شۆڕشێکی گەورە، کە بەشێکی گەورەو گرنگی نیشتمانی عەرەبی گرتەوە، بە میسری قیبلەی عروبەو گەورەترین وڵاتی عەرەبی و قوتابخانەی بیری نەتەوەیی و جێگەی هیواو ئومێد،ئەگەر نەجدو حجاز کە مەکەو مەدینەی لێیە قیبلەی رۆحی نەتەوە بێت، ئەوا میسر قیبلەی سیاسی و هزری نەتەوەیی عەرەبە وریبەرایەتی هەموو شەڕەکانی نەتەوەی عەرەبی کردووە لەگەڵ ئیسرائیل.

بەهاری عەرەبی ئەگەرچی ئومێدو هیوایەکی گەورەو زەبەلاحی لە سەر هەڵچنرا بەڵام دواتر بوو بە پاییزو خەزانی ئەو ئومێدو خەونانەی کە نەتەوەی عەرەب هەرلە کەنداوەوە تا وەکو ئۆقیانووسی ئەتلەسی گۆرانیان پێدا دەوت.

ڕاستە بەهاری عەرەبی ئاکامی هیچ پیلان و هاندان و دەستێکی دەرەکی و تاپوری پێنجەم و ئاژاوەگێڕی نەبوو، بە قەدەر ئەوەی کە بێئومێدی ملیۆنان کەس بوو لە لاوان و ژنانی ستەمکێش و خەڵکی بەش مەینەت و نەدار،لەرژێمە شمولی و تۆتالیتارەکانی عەرەبی کە لە پەنجا ساڵی رابردوودا، شکستیان هێنا بوو لە دابینکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە دادپەروەری و سەروەرکردنی یاساو یەکسانی ژن و پیاو ژیانێکی شەرافەتمەندانە کە شایستەی مرۆڤ بێت چ لەرووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانەوە.

جگە لەوانەش لەرووی نەتەوایەتیەوە ئەورژێمە فەرمیە عەرەبیانە شکستیان هێنابوو لە هەماهەنگی و هاو هەڵوێستی هاوپشتی لە پرسە چارەنووسازەکانی نەتەوەی عەرەبدا، هەموو ئەمانە وایانکرد واتە شکست لەرووی گەشەپێدان و حوکمڕانی دروست و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست و شکست لە سیاسەتی دەرەوە، کەهەموو گەل هاوار بکە ن و پێیان بڵێن "ارحل" واتە بڕۆن.

لەیادی حەوت ساڵەی بەهاری عەرەبی دا جارێکی تر تونس کە لەوێوە خۆپیشاندانەکان دەستی پێکرد دوای ئەوەی لاوێکی ئەو وڵاتە بەناوی موحەمەد بوعەزیزی خۆی سوتاند لەبەرئەوەی سوکایەتی پێکراو عەرەبانەکەی کە سەوزەی لەسەر دەفرۆشت، دەستی بەسەرداگیرا لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، نارەزایەتی و خۆپیشاندانی فراوانی خەڵک بەرامبەر سیاسەتە ئابوریەکانی حکومەتی دوای شۆڕش دەستی پێکرد، کە ئەمەش دەلالات و ئاماژەی گەورەی هەیە.

لەلایەکی ترەوە هەر لە یادی حەوت ساڵەی رووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا، ئەمجارە

نارەزایەتی و خۆپیشاندانی گەورەی خەڵک لەو وڵاتانەی تر دەستی پێکرد وەکو مەغریب، سودان، بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخەکان و هێزەکانی ئاسایش بەرەنگاریان بوونەوە، کە لە شەپۆلی یەکەمی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی بە ساغ و سەلامەتی دەربازبوون، هەرچەندە وڵاتانی بەهاری عەرەبی شەپۆلی یەکەم نەیانتوانی بگەنە کەناری ئارامی و سەقامگیری خۆشگوزرەرانی جگە لە تونس کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توانی هاوسەنگی و ئارامی و سەقامگیری خۆی بپارێزێت و لە سەرپێ ی خۆی بووەستێت.
ئەگەرچی لە شەپۆلی یەکەمی بەهاری عەرەبیدا خواست و ئارەزوویەکی لەرادەبەدەر هەبوو لە لایەن لاوانی ئازادیخوازی عەرەبەوە، بۆرزگارکردنی وڵاتەکانیان لە بارودۆخی قەیراناویی و گەیاندنی بە کەناری ئارامی و خۆشنوودی، ئەویش لەرێگەی دامەزراندنی سیستمی حوکمڕانی دیموکراسی کە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان بپارێزێت،بەڵام ئەمەش هەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ ەوە لەبار برا، لەڕێگەی چەکدارکردنی شۆڕشەکانەوەو دەستێوەردانی سەربازی و بەشداربوونی تاقم و گروهە تیرۆریست و تەکفیرییەکان، توانیان شۆڕش و نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئازادیخواز لە ئامانج و ناوەڕۆکە راستەقینەکەی خۆی بترازێنن و دۆخەکە بە بنبەست و چەقبەستن بگەیەنن، ئەویش لەرێگەی گێڕانەوەی زۆرێک لە سەرە دیارو ناشیرینەکانی رژێمەکانی پێشوو بۆ حوکمڕانی، هەروەها بەلارێ بردنی هەڵبژاردنەکانی لە ئامانج و خواستەراستەقینەو دیموکراسیەکانی.
بەڵێ لە ئاوا بارودۆخێکدا کە جیهانی عەرەبیی تێیدا گوزەر دەکات، سەرەڕای ئارەزو و خواست بۆ ئازادیی و دیموکراسی لەلایەن بەشێکی بەرینی خەڵکەوە، کەچی هێشتا بارودۆخی ئابوری زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی روو لە داڕووخان تەپینەو کە پێدەچێت بۆ چەندین ساڵی تر درێژە بکێشێت و بەردەوام بێت بەهۆی شکستی سیاسەتی ئابووری و نەبوونی بەرنامەیەکی راست وروونی نیشتمانی کە هەموو هێزو لایەنە نیشتمانی دیموکراتخوازەکان لەخۆی کۆبکاتەوە، بۆ دەرچوون لەو قەیران و تەنگژە گورچکبڕانە، کە ببێتە ئەڵتەرنەتیف بۆ دۆخی ئێستا کە پشتبەستنە بە قەرزو قوڵەی دەرەکی و کە ئەمەش لە سەروەری  وڵات کەم دەکاتەوەو و قەرزەکان زیاتر دەکاتەوە، کە هەموو ئەمانەش باری سەرشانی هاوڵاتیان قورستر دەکات و دەخوازێت لە حکومەتەکان کە هەنگاوی توند بگرنە بەر بە زیانی هاوڵاتیان، وەکو لابردنی پشتگیری لەسەر زۆر شتی گرنگ و پێویست بۆ ژیانی هاوڵاتیان. کە ئەمانەش هەموو ئومێدێک لەباردەبەن لە ئایندەی نزیکدا بۆهەڵسانەوەو باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک.
لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی،کە بەراستی جیهانی عەرەبی لە قەیراندایە لە مێژەو و

بەهاری عەرەبیش کە ئێستا پێی دەڵێن پایزی عەرەبی، نە پیلان بوو نە گێچەڵ لە تاریکی شەودا نەخشەی بۆ کێشرابێت، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆریفۆرم و چاکسازی باری لاری عەرەب.

لەوانەش خراپتر پەنابردن بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکەبە پینەو پەڕۆ کێشەکان زیاتر پڕ لە ئازارو ئێش دەکات و دوریان دەخاتەوە لە دۆزینەوەی ڕێگەی دروست و گونجاو.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٥٠١ – ٢٠١٨/٢/٢٥

# ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر دەریاییەک لە ئاگر

ڕۆژی ٣٠مایسی ئەمساڵ ٢٠١٧ ماڵپەڕی کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی ئیسرائیل راپۆرتێکی دوورو درێژی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی پێشبڕکێ ی خۆپڕچەککردن لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی وڵاتانی میانڕەو ئەم زاراوە جاران بەکاردەهات بۆ جیاکردنەوەی وڵاتانی بەرەی بەرەنگاربوونەوە لە شەڕی عەرەب ئیسرائیلدا کە ئەورژێمانە هیچ کامیان نەماون لە ئێستادا.

ڕوونە بۆ چاودێرانی دۆخی ئەم ناوچە کە ئیسرائیل لە دوای بەڵێنی بیلفۆر بە ساڵانێکی زۆر لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزرێنراو لەوساوە بەهرەمەندە لە پارێزگاری و پاسەوانی ئەمریکا و بەریتانیا خۆیشی خاوەنی هێزو توانای ئەتۆمیە و سەرەڕای ئەو هەموو توانا هێزە فەراهەمکراوە هەر دوودڵەو خاوەنی گەورەترین دەزگای هەواڵگرییە و بەوردی چاودێری هەموو جمووجووڵ و توانا سەربازی و ئابووری یەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات.

بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوەراپۆرتی ناوبراو زۆر بە وردی و هەموو گرێبەستەکانی چەکی وڵاتانی ناوچەکەی دەستنیشانکردووە بەجۆرەکانیەوە (فڕۆکە، تانک، رۆکێت و کەشتی ژێردەریایی) سەرەڕای ئەوەی کە خۆی خاوەنی چەندین کڵاوەی ئەتۆمی و باشترینو پێشکەوتووترین سیستەمەکانی رادارو بەرگرییە بەڵام هەر ترسی ئەوەی هەیە نەوەکو باڵادەستی سەربازی خۆی لە دەستبدات لەناوچەکەدا.

ئیسرائیل زۆر نیگەرانە لەم پێشبڕکێ ی چەکە کە تا ساڵی ٢٠١٦ بایی ٢١٥-٢١٦ ملیار دۆلار چەک کڕراوە لە لایەن وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوینەوە هەر بۆیە لیبرمان وەزیری بەرگری ئیسرائیل وتی: دوای گرێبەستە قەبەکەی عەرەبستانی سعودیەو ئەمریکا وتی ژیان خۆش نییە لە ئاوا پێشبڕکێیەکی چەکدا کە باری ئابووری وڵاتەکەی رێ بە ئاوا پێشبڕکێیەک نادات. عەرەبستانی سعودیە ئێستا تازەترین جۆری فڕۆکەی جەنگی ورۆکێت و تانکی پێشکەوتووی ئەمریکی بەدەستدەهێنێت و هەروەها ئێرانیش لە گەڵ روسیادا لە وتوێژدایە بۆ کڕینی تازەترین جۆری چەک سیستمی تازەی بەرگری لە دوای لابردنی سزا ئابووریەکان، لەلایەکی ترەوە میسرو جەزائیریش سەرقاڵی کڕینی چەک و سیستمی تازەی بەرگری و هێرشیشن هەروەهارژێمی ئەسەدیش دەتوانێت چەک لە هاوپەیمانە دێرین و نوێکانی لەڕووسیا بکڕێت.

***ڕیزبەندی گرێبەستەکانی چەک کڕین***

عەرەبستانی سعودیە لە ساڵی ٢٠١٥ بایی ٣,٥ ملیار دۆلار چەکی کڕیووە، عیراق بە پلەی

دووەم دێت لەم ساڵەدا بایی ٢ ملیار دۆلار چەکی کڕیوە کە زۆری کەوتە دەست تیرۆریستانی داعش، دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیش بایی ١،٣ ملیار دۆلار چەکی کڕیووە، کوەیتیش بایی نیو ملیار دۆلاری کڕیووە و ئوردنیش بایی ٢٠٠ ملیۆن دۆلارچەکی کڕیووە.
هەموو ئەم بڕە پارە قەبانە تەنها لە ئەمریکا کراون بێجگە لەوەی لە وڵاتانی تری ئەورووپاش چەکیان کڕیووە و هەروەها ئیسرائیلیش هەرلەم ساڵەدا بایی ٨٧١ ملیۆن دۆلار چەکی کڕیووە.
گرنگە ئاماژە بەوەش بدەین هەرلەم ساڵەدا وڵاتێکی تریش هاتووەتە بازاڕی چەک فرۆشتنەوە ئەویش کەنەدایە کە بایی ٢،٥ ملیار دۆلار چەکی بەم وڵاتانە فرۆشتووە لە کۆی ٤ ملیار دۆلار هەموو فرۆشتنەکەی لە چەک. هەروەها روسیاش بایی ٤،٥ ملیار دۆلار چەکی بە عێراق فرۆشتووە لە ساڵی ٢٠١٢ دا.
ئەورووپاش سەرچاوەیەکی تری چەکە بۆ میسرو جەزائیر وڵاتە عەرەبییەکان کە بەلەم ورۆکێت و ژێردەریایی ئەڵمانی لە باشترین جۆر یان بۆ دابین دەکات. لەلایەکی ترەوە میسر سەرەڕای خراپی باری ئابوورییەکەی راپۆرتەکان باس لە گرێبەستی ١٠ ملیار دۆلاری کڕینی فڕۆکەی جەنگی روسی دەکەن، هەروەها چەندین راپۆرتی تر باس لە گرێبەستی ١٠ ملیار دۆلاری نێوان ئێران وروسیا دەکەن بۆ کڕینی فرۆکەورۆکێت و تانک. هەروەهارژێمی ئەسەدیش بڕێکی باش چەکو پێویستی جەنگی لەروسیا کڕیووە.
هەموو ئەمانە وەکو لەراپۆرتەکەدا هاتووە هیچیان وەکو ئەو چەکە سووکانە کە دەگەنە دەستی حزبوڵلا ی لوبنان ئیسرائیل نیگەران ناکات. چونکە عەرەب لە ٦٩ ساڵی رابردوودا نەیان توانی هیچ هەڕەشەیەکی راستەوخۆ دروست بکەن بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو دەڵێن عەرەب رێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە هەرگیزرێک نەکەون و هەرواش بووە شەڕو ناکۆکیەکانی چەندساڵی رابردووی جیهانی عەرەب گەواهی ئەوراستیەن چ لە شەڕی یەمەن میسرو داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە و ململانێ سیاسی وپیلانگێڕی وپەنجەشکاندنەکانیان.
بەڵێ ماوەتەوە بڵێین و بپرسین کڕینی ئەم هەموو فڕۆکەو تانک ورۆکێت و ژێردەریاییە لەرۆژهەڵات ورۆژئاواوە بۆ ئەم ناوچە بۆ چییە جگە لە لە وێرانکاری و سەرکوت کردنی گەلان و بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی؟
ئەی کورد چی کڕیوەو چی کردووە لە کاتێکدا بەرەوریفراندۆم و سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت؟!!!

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٣٢١ – ٢٠١٧/٧/٢٣

# جەمال خاشقچی جیهانی هەژاند

جەمال خاشقچی یەکەم رۆژنامەنووس و یەکەم کەسی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبستانی سعودیە نییە کە بێ سەرو شوێن دەبێت بەڵکو پێشتر زۆرکەسی تر تەنانەت لە شازادەکان واتە لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی ئال سعودیش بوون بە هەمان دەردی خاشقچی چوون و شوێن بزر بوون.

### مێژوویەکی خوێناویی

لەوانە ناسر سەعید کە لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە لە شاری بەیروت ی پایتەختی لوبنان شوێن بزرکرا لەوساوە تائێستا کەس نازانێت چی لێهاتووە هەروەها شازادە سوڵتان بن تورکی لە شاری جنێف لە ساڵی ٢٠٠٣رفێنرا. هەروەها شازادە تورکی بن بەندەر کە لە فەرەنسا داوای مافی پەنابەری سیاسی کردبوو ساڵی ٢٠١٥ ئەویش لە بەرچاوان نەماو شوێن بزرکرا. هەروەها چیرۆکی جەنراڵ عەلی قەحتانی یەکێک لە ئەفسەرەکانی پاسەوانی نیشتمانی عەرەبستانی سعودیە کە لە زیندانەکانی ئەو وڵاتەدا بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی بەخشی ئەمانە و زۆری تریش لە پشتی زیندانەکانەوەن لە چالاکوانانی مەدەنی و مافی مرۆڤ کە تۆمەتی تیرۆر دراوەتە پاڵیان کە چاوەڕوانن حوکمی هەڵواسین و لە سێدارەدان بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت.

### خاشقچی چی لێهات

لە سەعات یەکی نیوەڕۆی ١٠/٢ /٢٠١٨رۆژی سێشەمەوە هەموو پەیوەندیەکانی ناوبراو بە جیهانی دەرەوەی خۆی بڕاوە و کەس هەواڵی نازانێت دوای ئەوەی دەزگیرانە تورکیەکەی خەدیجە هەواڵەکەی بڵاوکردەوە لەوکاتەوە چارەنووسی نادیارە هیچ هەواڵێکی راست ودروست بەردەست نەبوو لەسەر رووداوەکە، تاوەکورۆژی شەمە ئاژانسی رۆیتەرز لە دوو سەرچاوەی تورکیەوە هەڵسەنگاندنی سەرەتایی لەسەر رووداوەکە دەست کەوت باس لەوە دەکات کە جەمال خاشقچی لەناو کونسڵخانەی عەرەبستانی سعودیەدا لە ئەستەنبوڵ کوژراوە و لاشەکەی بۆ دەرەوە براوە.
کاتێکی زۆری پێ نەچوو لەم هەواڵەی رۆیتەرز تاوەکورۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئەورۆژنامەیەی کە خاشقچی بۆی دەنووسی، هەواڵی تری دەربارەی پرۆسەی تیرۆرکردنی ناوبراوی بڵاوکردەوە، کە لە دوو سەرچاوەی نزیک لە تیمی لێکۆڵینەوە لە کارەساتەکە،

کە باس لەوە دەکەن ئەو تیمەی کە تاوانی تیرۆرەکەی ئەنجامداوە پێکهاتوون لە پازدە کەس کە لە سعودیەوە هاتوون.
هەواڵێکی سەرسووڕهێنەرتر لەسەرڕووداوەکە پێگەی میدل ئیست ئی بڵاوی کردەوە کە گوایە خاشقچی ئەشکەنجە دراوە و پێش ئەوەی لەشی ئەنجن ئەنجن بکەن بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە و دڕندانە و هەمووی تۆمارکراوە لە کاسێتێکدا و گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی تورکیا.
هەواڵ و چیرۆکی ئەم تاوانە قێزەونە لەرۆژنامەی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست دا بڵاوکراوەتەوە.

### *عەرەبستانی سعودیە نکووڵی دەکا*

کونسولخانەی سعودیە لە ئەستەنبوڵ بە توندی ئەوەرەت دەکاتەوە کە خاشقچی لای ئەوان تیرۆر کرابێت یان لای ئەوان بێت و دەرگای کونسلخانەکەی بۆ پەیامنێرانی ئاژانسی رۆیتەرز کردەوە کە سەردانی بارەگاکەیان بکەن بۆراست و دروستی وتەکانیان هەروەها محمد عتیبی کونسوڵی سعودیە وتی: ئێمە زۆر نیگەرانین بەو هەواڵە و بە دوای ناوبراودا دەگەڕێین ئەو هیچ تۆمەت و لێپێچینەوەیەکی لەسەر نیە لای ئێمە.

### *کاردانەوەی نێو دەوڵەتی*

بزربوون و نەمانی نووسەرورۆژنامەنووسی ناوداری سعودیە جەمال خاشقچی کارادانەوەو نیگەرانی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا لە ناوەندە نێو دەوڵەتی و میدیای و مافی مرۆڤ...هتد بەشێوەیەک وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی زۆری خۆی راگەیاند و وتیان لە نزیکەوە چاودێریرووداوەکە دەکەن.
لەلایەکی ترەوە رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ورێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور و نیگەرانی توندی خۆیان راگەیاند و ئەمەیان بە پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادی رادەربڕین و بەرتەسکردنەوەی دیموکراسی و تێکدانی کەش و هەوای ئازادی لە قەڵەم دا. هەموو ئەوانە جگە لە چەندین سیناتۆر ورۆژنامەنووس و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی کە بەتوندی ئیدانەی ئەو تاوانەیان کرد.

### *بێدەنگردن و دەم داخستنی نەیاران*

ئەم هەنگاوەی عەرەبستانی سعودیە دەچێتە قاڵبی دەم داخستن و کپکردنی هەموو ئەو

دەنگانەی کە لەدەرەوەی سربەکەی (بن سلمانەوەن) کە شازادەی جێنشینە و کە بە تەمایە لە زووترین کاتدا لە سەر کورسیەکەی باوکی دابنیشێت بە تایبەتی دوای ئەو هەڵمەت و شاڵاوی گرتن وزیندانی کردنە فراوانەی کە دەستی داوەداتێ دژ بە پیاوانی ئاینی و بزنسمان و تەنانەت ئەوانەی بەرگری لە مافی ژنانیش دەکەن.
لە کۆتاییدا من ئەم چەند دێڕەم لەسەر خاشقچی نووسی وەکو بەرگریەک لەرای ئازاد لە کاتێکدا وەکو هەندێ سەرچاوە باسی دەکەن کە خاشقچی باکگراوندێکی ئیخوانی هەیە و دۆستی ئەردۆگانە و بە بنەچەش تورکە و زۆر شتی نارەوای دژ بە کوردانی رۆژاوا نووسیووە بێگومان بەرامبەر باشووریش لە کاتی ریفراندۆمەکەدا تویتی زۆری کردووە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەندێک کەس و قەڵەم بە دەست دەڵێن، نابێت میدیای کوردی باشی خاشقچی بکات کە ئەوەش دەچێتە قاڵبی دەم داخستن و سەپاندنی رایەک کەئەو تاقم و کەسانە ئازادن باسی نەکەن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٦٩٤ – ٢٠١٨/١٠/٢١

# ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و ململانێکانی سعودیەو قەتەر

ئەنجوومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداوی عەرەبی پێش ٣٨ ساڵ لە ٢٥ ی ئایاری ١٩٨١لە ئەبوزەبی یەکێک میرنیشینەکانی ئیمارەتی عەرەبی یەکگرتوو دامەزرێنرا کە یاساو سیستمێک ورژێمێکی بنەڕەتی بۆ دانرا کە مەبەست لێ ی پتەوکردن و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان و هاریکاری نێوان هاوڵاتیانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبیە، کە ئەمە مادەی چواری رێککەوتننامەکەیانە.

ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداوی عەرەبی پێک هاتووە لە شەش وڵاتی کەنداو ئەوانیش (شانشینی عەرەبستانی سعودیەو میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی یەکگرتوو و دەوڵەتی بەحرینی جاران ئیستا ئەویش بووەتە شانشینی بەحرین و سوڵتان نشینی عەمان و دەوڵەتی قەتەر و دەوڵەتی کوەیت.

لە ئێستادا عەرەبستانی سعودیە خاوەنی پێگەو جێگەو بڕیاری سیاسی چارەنووسسازە لە نێو وڵاتانی کەنداودا بە حوکمی ژمارەی دانیشتووان وررووبەرەکەی پێشینە مێژووییەکەی بوونی مەزاری پەیامبەری ئیسلام هەموو سومبووڵە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام وکە قیبلەی هەموو موسڵمانانی جیهانەو جگە لە پێگە ئابووریەکەی کە خاوەنی گەورەترین یەدەکی نەوتە و یەکەم وڵاتە لە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت دا.

ئەگەرچی خودی ناوی کەنداوی عەرەبی جێگەی ناکۆکی و بۆچوونی جیایە لە نێوان ئێرانیەکان و عەرەبەکاندا بەوەی ئێرانیەکان بە کەنداوی فارسی دەیناسن و عەرەبەکان بە کەنداوی عەرەبی ئێرانیەکان ناوەکەی دەگەڕێننەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی ئیسلام و یەکێک لە یارانی پەیامبەر محمد (د.خ) سەلمانی فارسی بەڵام عەرەبەکان ئێستا دەڵێن هەردوو کەناری دەریاو کەنداو عەرەبی لێ نیشتەجێ یە تەنانەت لە بەری ئێرانیش هەربۆیە کاتی خۆی کەرۆژنامەنووسی ناوداری عەرەب کۆچکردوو محەمەد حەسەنین هەیکەل کە چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ شای ئێراندا حمەرەزا پەهلەوی ئەنجامدا وتی کەنداوی عەرەبی شا لێ ی پرسی وتی توو ویژدانت کاتی خۆی کە لە قوتابخانەدا خوێندت باسی کەنداو ناوی کەنداوی فارسی نەبوو؟ بەهەرحاڵ ئەو بابەتی ئەم وتارە نیە هەر حەزمکرد ئاماژەی پێبدەم.

ئەوەی تایبەت بە وڵاتانی کەنداوە لەم ساڵانەی دواییدا تێزێک سەری هەڵدا لە نێوا ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا کە خوازیاری ئەوەبوون شێوازی ئەنجومەنەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت لە فۆرمی هاریکاری یەوە بۆ چەسپاندنی یەکێتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی لە سەربنەمای یارمەتی و تەواوکاری دژ بە ململانێ و دووبەرەکی کە ئەمەش پێشنیازی مەلیکی کۆچکردووی

عەرەبستانی سعودیە  عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیز بوو.
هەرچەندە لە سەرەتای دروست بوونی ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداو ی عەرەبی ئەوسا عێراقیش بە نیاز بو ببێتە ئەندام تێیدا بەڵام دواتر پەسەند نەکرا چونکە عێراق لەرووی پێکهاتەوە لە وڵاتانی کەنداو جیاواز بوو ئەگەر ئەوان هەموو حوکمڕانی بنەماڵە بوون بەڵام عێراق بە ئێستاشەوە لە سەر فۆرمێک سەقامگیر نەبووە و جیاوازی زۆری هەیە لە گەڵ  ئەو وڵاتانە.
لە ساڵی ٢٠١٦ ململانێ و ناکۆکیەکی دژوار بەرەورووی ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بووتەوە بە تایبەتی لە نێوان  بەرەی عەرەبستانی سعودیەو و میرنشینە یەکگرتووە کانی عەرەبی کەخاوەنی چڕترین ڕێژەی دانیشتووانی ئەنجومەنەکەن بە هاوکاری  شانشینی بەحرێن و  پشتیوانی میسر لە دەرەوەی سیستمی ئەنجومەن و بەرەی قەتەر لە لایەکی ترەوە.
لە دوا کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی ئەنجومەنەکەدا و لە بەیانی کۆتایی کۆبونەوەکەیاندا باسی هەندێک هەماهەنگی وڕێکەوتننامەی دووبەدوو لە نێوان وڵاتانی ئەنجومەن کراوە وەکو ئەوەی لە نێوان هەریەک لە عەرەبستانی سعودیەو دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکاندا ئەنجامدراوە لە بواری سەربازی و ئابوری و گەشەکردن وکە ناویان ناوە ئیستراتیجیەتی عەزم وئیرادە لە نێوان دوو وڵاتدا , هەروەها هەمان بەیاننامە باسی ڕێککەوتنی دووقۆڵی لە نێوان دەوڵەتی کوەیت و عەرەبستانی سعودیە دەکات و بە هەنگاوێکی دروستی دادەنێت لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی هاریکاری  کەنداو ی عەرەبی کە خزمەت هاوڵاتیانیان دەکات.
بەرەی عەرەبستانی سعودیەو ئیمارات لە ساڵی ٢٠١٧ بڕیارییان دا  گەمارۆ و ئابڵووقەی ئابوری قورس بە سەر دەوڵەتی  قەتەر بسە پێنن کە چەند هەنگاورێکارێکی گرتە خۆ لەوانە قەدەغەی هاتوچۆی  فڕۆکەوانی بۆ قەتەرو جگە لە چەندرێکارێکی ئابووری و بازرگانی و هەروەها ١٣ داخوازییان خستە بەردەمی دەوڵەتی قەتەر بۆ جێبەجێ کردنیان لەوانە ئاستی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا و داخستنی کەناڵی ئەلجەزیرەو هەموو ئەو کەناڵانەی کەراستەخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە پێیانەوە و یارمەتیان دەدات هەروەها بڕینی پەیوەندی  دەوڵەتی قەتەر لە گەڵ جەماعەتی ئیخوان موسلمین و حزبوڵا ی لوبنان و هەروەها وازهێنانی قەتەر لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی  وڵاتانی تر و قەرەبوو کردنەوەی ئەو وڵاتانە لەو زیاننانەی کەبەهۆی سیاسەتەکانی قەتەرەورووبەڕوویان بووتەوە.
هەرچی قەتەریشە نەچووەتە ژێرباری ئەو داخوازییانە تا ئێستا بە ژیرانە هەوڵی داوە باز بدات بەسەر ئەو ئابڵووقە ئابوری و سیاسیەو ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ دایەلۆگ

بە بێ مەرجی لە پێشتر دیاریکراو بۆ چارەسەری قەیرانەکان لە هەمانکاتدا ململانێکانیان مەودایەکی بەرینی میدیایی بەخۆیەوە بینیوە کە دەوڵەتی قەتەر لەرێگەی کەناڵی جەزیرەو ئەو ماشێنەراگەیەندنەوە کەهەیەتی لە سەر دۆسییەی مافی مرۆڤ و کەیسی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس عەدنان خاشقچی لە ناو کونسڵییەی عەرەبستان لە ئەستەنبوڵ کاری لە سەردەکات.

لەلایەکی ترەوە وڵاتانی تری ئەندامی ئەنجومەن جگە لە عەرەبستان و ئیمارات بە بێلایەن وەستاون و دەوڵەتی کوەیت هەوڵدەدات نێوەند گیری بکات لە نێوانیاندا و پێشنیازو چارەسەریان بخاتە بەردەم بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە سوڵتاننشینی عومانیش پشتیوانی هەوڵەکانی کوەیت دەکات بێئەوەی خۆی هیچ هەنگاوێک بهاوێت.

هەرچەندە کۆبوونەوەکانی لوتکەی ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ چەند خوولێکە جۆرێک ساردی پێوەدیارە بەوەی کە زۆرێک لە سەرکردەی یەکەمی وڵاتەکان ئامادەی کۆبوونەوەکان نابن لە لووتکەی ٣٩ کە دوا کۆبوونەوەی ئەندامان بوو لەدیسەمبەر ٢٠١٨ لە ریازی عەرەبستان تەنها شا سەلمان و میر سەباح ئەحمەد جابر سەباح میری کوەیت و شا حەمەد بن عیسای بەحرێن و محەمەد بن زائید جێگری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی قەتەر ئامادەی بوون.

لە ئاوا بارودۆخێکدا چەند بانگەوازو بۆچوونێک لە عەرەبستانەوە دەبیسترا کە خوازیاری ئەوە بوون قەتەر لە ئەنجومەن دەربکرێت و لە هەمان کاتیشدا لە قەتەرەوە بیرو بۆچوون سەری هەڵدا داواکاری کشانەوەیان دەکرد لە ئەنجومەنی هاریکاری و دواتر قەتەر لەرێکخراوی ئۆپێک کشایەوە.

هەرچەندە بەیانی کۆتایی دوا کۆبوونەوەی لوتکە پێداگیری لەسەر یەکڕیزی نێوان وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری دەکات لە بەرزۆر هۆکاری هاوبەش کەلە نێوانیاندا چ مێژوورەچەڵک و ئایین وچارەنووسی هاوبەش و یەک ئامانج و ئەو بارودۆخەی کە ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت و ئەنجومەن پشتیوانی پێشنیازو هەوڵەکانی میری کوەیتی کرد بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە نێو ماڵی کەنداودا.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا روودەدەن کە ئەم ململانێ و بەربەرێکانە پەلی کێشاوە بۆ سەر گۆڕەپانی عەرەبی دوا کۆبوونەوەی لوتکەی ئابوری عەرەبی کەلە بەیروت لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوو بەسترا هەموو مەلیک ومیرە عەرەبیەکان بایکۆتیان کرد جگە لە میری قەتەرو سەرۆکی موریتانیاو سەرۆکی لوبنان کە خۆیان میوانداری کۆبوونەوەکەیان کردبوو.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٨٥ — ٨+٢٠١٩/٢/٩

# بەهاری عەرەبی دووەم

بەهاری عەرەبی یەکەم زۆر کۆن نەبووەو لە بیرەوەری زۆربەماندا تا ئێستا زیندووە، بە تایبەتی ئەوانەی مەیلو ئارەزووی چاودێریی رووداوە سیاسییەکانی ئەم ناوچە ئاڵۆزو هەستیارو پڕ لە کێشەو ململانێمان هەیە.
محەمەد بوعەزیزی ئەو گەنجە توونسییەی کە دەرچووی زانکۆ بوو، بە عەرەبانەیەک دەستگێڕی دەکردو خۆی دەژیاندو کاتێک بواری کارکردنیان نەدا خۆی سووتانو دواتر گیانی لە دەستداو بووە پزیسکی شۆڕشێکی گەورە کە نەک هەر رژێمی زەین ئەلعابدین بن عەلی سەرۆکی تونسی راماڵی، بەڵکو بوو بە شەپۆلێکی گەورەی شۆڕشو راپەڕینی جەماوەری کە وڵاتە عەرەبییەکانی میسرو لیبیاو یەمەنو سوریای گرتەوە، کە لە میسر حوسنی موبارەک ناچار بە دەست لە کارکێشانەوە کراو شۆڕش سەرکەوتو دواتر ئیخوان موسلمین دەسەڵاتیان گرتە دەستو شۆڕش لە ئامانجە پیرۆزەکانی داماڵراو شەڕو ململانێی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.
لە لیبیا عەقید موعەممەر قەزافی دوای چەندین مانگ بەرەنگاربوونەوەی خەڵک کوژراو لەوساوە تائێستا شەڕو ململانێی خوێناوی لەو وڵاتە دەوڵەمەندە هەیە کە بەشێکی زۆری وێرانو کاول بووەو تا ئێستاش لە ئاسۆەوە ئومێدێک نییە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئاڵۆزە.
سوریاش لە دوای هەشت ساڵ شەڕو ململانێی خوێناوی لە نێوان تاقم گروهە تیرۆریستییەکانو رژێمی ئەسەد لە دەستدانی بەشی زۆری خاکی سوریا لەلایەن رژێمی ئەسەدو کۆنترۆڵکردنی لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە کە هەموو هێزی توندڕەوو تیرۆریستن، دواتر رژێمی ئەسەد بەرەنگارییان بۆوەو توانی هەموو خاکی ئەو وڵاتەیان لێ بسێنێتەوەو لە گۆشەیەکی تەسکدا لە پارێزگای ئەدلب کۆیان بکاتەوە، جگە لە ناوچە کوردییەکان کە تا ئێستا هەسەدە بە پشتیوانی ئەمریکا پارێزگاری لێدەکات.
لە یەمەنیش بارودۆخ لە سوریا باشتر نییەو سەرئەنجام شۆڕشەکە بووە بە شەڕێکی ناوخۆیی بە وەکالەت لە نێوان حوسییەکان بە پشتیوانی ئێرانو حکومەتی شەرعی بە سەرۆکایەتیی سەرۆک عەبد رەبە مەنسور هادی کە هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرکردایەتیی عەرەبستانی سعودی پشتیوانییان دەکات.
بەهاری عەرەبی یەکەم ئەگەر بۆ ئازادیو یەکسانی و نان و کۆتاییهێنان بە رژێمە تاک حزبی و دیکتاتۆرە بنەماڵەییە پشتاوپشتەکان بوویێت، ئەوا بە هەوڵی حزب و تاقمە ئایینییەکان و

رژێمە دیکتاتۆرەکانی عەرەب و دەستێوەردانی وڵاتانی رۆژئاوایی و تەنانەت ناوچەکەش کە هیچیان لەگەڵ سیستمە دیموکراسی و کرانەوە نەبوون، لە بەرئەوە کەوتنە پیلانگێڕان بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشانەو ئامانجەکانیشیان بەدی هات.
بەڵێ زۆر راستە توندوتیژیی توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، ئەو سەنگەربەندییەی کە لە نێوان بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکانی میسرو لیبیاو تونس و یەمەن و سوریا لەلایەک و رژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە، ئەوەی بەرهەمهێنا کە بینیمان بووە مایەی وێرانبوونی بەشی زۆری ژێرخانی ئەو وڵاتانەو کوشتن و برینداربوونی سەدان هەزار کەس و هیچ گۆڕانکارییەکی جددی نەهاتە ئاراوە، کە بارودۆخی مافی مرۆڤ و خزمەتگوزاری باشتر بکات و ئەو گرەوەی کە گەلانی ئەو وڵاتانە کردیان بۆ ئازادی و ژیانێکی باشتر، دۆڕاو هێزە کۆنەپارێزەکان سەرکەوتوو بوون لە بێئومێد کردنی خەڵک بە گشتی.

### بەهاری عەرەبی دووەم

ئەوەی لەم دواییەدا لە هەندێک وڵاتی عەرەبی تر سەریهەڵداوە وەک لە جەزائیرو سودان، لە میدیای عەرەبیدا بە بەهاری عەرەبی دووەم ناسراوە. راستە ئەوەی لە جەزائیر دەگوزەرێت جیاوازە لە تونسو میسرو سوریاو یەمەن، تائێستا خۆپیشاندانی ئاشتییانەیەو کەس زیانی پێنەگەیشتووەو جەزائیر ژانی دیموکراسی و ئازادی گرتووەو هاوار دەکەن بە ئاشتی بەئاشتی و سوپا تائێستا بێلایەنە. هەرچەندە لە سەرەتای دروستبوونی ئەو دەوڵەتەوە لەکاتی سەربەخۆبوونییەوە پشتیوانی حکومەت بووە، بەڵام ئێستا لەبەردەم ئەزموونێکی سەختدایە، ئایا سوپای جەزائیر، سیسییەکی وەکو میسر بەرهەم ناهێنێت؟
ماوەتەوە سودان، ئەگەرچی سودان پێش کودەتاکانی جەعفەر نمیری و عومەر بەشیر خاوەنی حزب و تاقمی ئایدیۆلۆجی و فرەچەشن و رەنگ بوون، بەڵام لەلایەن ئەم سەربازە ئیسلامییە سیاسییانەوە هەموو شتێک قۆرخکراو ئێستاش ئەم بزووتنەوە نوێیە دژ بە توندوتیژییەو بە حەرامی دەزانێت و سوپاش زاتی ئەوە ناکات دەست بۆ توندوتیژی ببات. هەرچەندە قوربانیش بووە، لەبەرئەوەی دەستبردن بۆ چەک و کاردانەوەی سەربازی و ئەمنی ئاکامەکەی روونە، وەکو سوریاو یەمەن و لیبیایە.
دووا وتەم ئەوەیە، ئەگەر توندوتیژی بەهاری عەرەبی یەکەمی نابووت کردو کردی بە پاییزو خەزان، ئەوا بەهاری عەرەبی دووەم دەبێت دەست بۆ چەک و توندوتیژی نەبات، ئەوا گۆڕانکاری روودەدات و بەڕێوەیە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٣٧ - ٢٠١٩/٤/١٤

# جەزائیر لە قۆناغی کۆنەوە بۆ قۆناغی تازە

دواجـار عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی سەرۆکی جەزائیر بڕیاری دا پاشەکشە بکات لە خۆکاندیدکردن بۆ خوولی پێنجەمی سەرۆکایەتی وڵات لە دوای ناڕەزایەتی و نیگەرانی و خۆپیشاندانەکانی وڵات بۆ ماوەی سێ هەفتەی لەسەریەک لە زۆربەی شارە گەورەکانی جەزائیر کە ئەمەش بە هەنگاوێکی دروست لە قەڵەمدرا لەلایەن خەڵک و هێزە سیاسیەکانی وڵاتەوە جگە لەوەی بەسەرکەوتنی گەل هاتە ئەژماردن لەلایەن چالاکوانانی مەدەنی و هێزە ئۆپۆزەسیۆنەکانەوە.

جەزائیر ئەو وڵاتەی کە لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٢ تا ئێستا ئەو سەرکردە و سەرۆکانەی حوکمی ئەو وڵاتەیان کردووە، لە ئەندامان و سەرکردەکانی حزبی بـەرەی نیشتمانی رزگـاری جەزائیر بـوون، کە سەرکردایەتی ورابەرایەتی شۆڕشی رزگاری نیشتمانیان کردبوو دژ بە داگیرکەری فەرەنسا، یەکەم سەرۆک کۆمار ئەحمەد بن بیلا بوو کە کەسێکی مەدەنی بوو، سەربازی نەبوو دوای ئەویش هواری بومدیان کە وەزیری بەرگری بوو توانی لە شێوەی کودەتایەکدا کۆتایی بە دەستەڵاتی ئەحمەد بن بیلا بهێنێت و خۆی لە شوێنی دابنیشێت.

لەراستیدا ئـەوەی ئەزموونی جەزائیر لە سـودان و یەمەن جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە جەزائیر سەرکردە سەربازییەکان دەستەڵاتیان نەگرتۆتە دەست ژمارەیەکی کەم نەبێت، بە پێچەوانەوە لە یەمەن و سـودان سەرکردەو فەرماندە سەربازییەکان دەستەڵاتیان دەگرتە دەست و کودەتایان دژی یەکتر دەکرد، بەڵام جەزائیریش هەرچەندە سەرکردە سەربازییەکان راستەوخۆ نەدەهاتنە سەرشانۆی سیاسەت و حوکمڕانی بەڵام لە پشتی پەردەوە دەستوەردان و کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەبوو.

لە بەرئەوە چۆنیەتی هەڵسووکەوتی سوپای جەزائیر لە گەڵ سەرۆک بوتەفلیقە جیاواز بوو لە هەڵسووکەوت و هەنگاوەکانی سوپای سودان دژ بە عومەر حەسەن ئەحمەد بەشیر، لە جەزائیر سەرۆکی ئەرکانی سوپا فەریق ئەحمەد قاید ساڵح داوای لە سەرۆک عەبدولعەزیز بو تەفلیقەکرد دەست لە کار بکێشێتەوە، لە بەرئەوەی توانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی وڵاتی نەماوەو دەبێت لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتدا چارەسەرێک بۆ ئەو دۆخە بدۆزینەوەکە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ یە بۆ وڵات،بەڵام لە سودان بە پێچەوانەوە سوپای ئەو وڵاتە چوونە سەر سەرۆک بەشیر و لەکار دووریان خستەوەو وتیان لە شوێنێکی پارێزراو دامان ناوە.

### پاشەکشەی بوتەفلیقە

هەرچەند عەبدولعەزیز بوتەفلیقە بڕیاری ئەوەی دا کە خۆی کاندید نەکاتەوە بۆ خوولێکی تازەو ولایەتێکی نوێی حوکمڕانی و بەڵێنی ئەوەی بەگەل دا،کە ئیتر ئەو بەهۆی تەمەن و باری ناجێگیری تەندروستی ناتوانێت بەردەوام بێت، بەڵام هەوڵدەدات کۆمارێکی نوێ دروست بکات بۆ جەزائیر کە ئایندەیەکی جوان و بەرنامەیەکی کارا بۆگەشەکردن و پێشووەچوونی بەردەوامی وڵات دابنێت کە ئەویش خۆی لە نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ و دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی پیشەیی و بێلایەن بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە وڵاتدا بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونە جوانەکانی جیهان،هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی نیشتمانی گەورە بە بەشداری هەموو لایەن و پێکهاتەکانی وڵات بڕیاری لەسەر دەدرێت.

لە هەمانکاتدا و لە ژێر فشاری زۆری ناڕەزایەتی خەڵکدا بوتەفلیقە بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی نورەدین بەدەوی بە سەرۆکی حکومەتی نوێ، دوای ئەوەی ئەحمەد ئویەحیا سەرۆک وەزیرانی پێشوو دەستی لەکارکێشایەوەو بەڵێنی دا کە گۆڕانکاری گرنگ ئەنجام بدات و هەروەها ئەم کابینە وەزارییە نوێیە سەرپەرشتی کاروباری گشتی وڵات بکات و ئاسایش و ئارامی هاوڵاتیان بپارێزێت کۆمەک و هاریکاری و ئاسانکاری بۆ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بکات.

### سەرکەوتنی خواست و داواکارییەکانی گەلی جەزائیر

ئەم بڕیارانەی سەرۆک بوتەفلیقە و حکومەتەکەی چ پاشگەزبوونەوە لە خۆکاندیدکردن بۆ ولایەتی پێنجەم و ئەو هەنگاوانەی کە بڕیارە بهاوێژرێن بۆ گۆڕانکاری و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، کە چاکسازی و باشترکردنی گوزەرانی خەڵکە لە هەموورووییەکەوە، ئەمە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ خواستی گەلی جەزائیر،سەرکەوتنی مەزنتر ئەوەیە کە ئەلتەرناتیفی گونجاو بۆ سیستەمی کۆن دیاری بکرێت و گەل بە ئاشتیانەو بەبێ توندوتیژی و هەنگاو بەهەنگاو، چاودێری گۆڕانکاری و بڕیارەکان بکات، چۆن لە سەرەتاوە بە هێمنی و مەدەنییانە دەستی پێکرد هەربەهەمان ریتم و هەناسە تا گەیشتنی بە مەنزڵ بەردەوام بێت. هەموو ئەو دەستکەوتە گرنگانە دوای چەندین هەفتە لە خەباتی مەدەنی و هێمنانەو شارستانییانە هاتە بەرهەم.

بەڵێ هەر لە درێژەی خەباتی شارستانی و هێمنانەی گەلی جەزائیر بەو هەنگاوە سەرەتایی و گۆڕانکارییانە قایل نەبوون و لە دواجاردا لە ژێر فشاری سوپا و گەلدا، سەرۆک عەبدولعەزیز بوتەفلیقە ناچار بە دەستلەکار کێشانەوە کرا لە ٢ی نیسانی ٢٠١٩ کە تەمەنی ٨٢ ساڵە و نزیکەی ٢٠ ساڵ فەرمانڕەوایی جەزائیری کرد ک،ە حەوت ساڵی دوایی

دەستەڵاتەکەی نەخۆش و ناتەواو بوو لەبەرئەوەی تووشی جەڵتەی دەماغ بوو بوو.

### جێ بەجێکردنی مادەی ١٠٢ ی دەستوور

لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی بوتەفلیقە، پۆستی سەرۆک کۆماری جەزائیر بەتاڵ بوو، بۆیە لە لایەن پەرلەمانی جەزائیرەوە مادەی ١٠٢ ی دەستوور خرایە بواری جێ بەجێکردنەوە مادەی ١٠٢ دەڵێت: لە دوای بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆک کۆمار، سەرۆکی ئەنجوومەنی گەل بۆ ماوەیەکی راگوزەر کە ٩٠رۆژە دەبێتە سەرۆکی دەوڵەت و لەو ماوەیەدا هەڵبژاردن رێکدەخرێت و سەرۆک هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەو سەرۆکە واتە سەرۆکی ئەنجوومەنی گەل کە ٩٠رۆژ سەرۆکە بۆی نییە خۆی بۆ سەرۆکی جەزائیر کاندید بکات.

### عەبدولقادر بن ساڵح بووە سەرۆکی کاتی

لە دوای حەوت رۆژ لە دەست لەکارکێشانەوەی بوتەفلیقە واتە لە ٩ی نیسانی ٢٠١٩ ئەنجوومەنی گەلی جەزائیر عەبدولقادر بن ساڵحی بە سەرۆکی کاتی جەزائیر هەڵبژارد بۆ ماوەی ٩٠رۆژ بەدەنگی ٤٥٣ ئەندام لە کۆی ٤٥٥ ئەندامی ئامادەبوو.
ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەشێکی زۆری خەڵک و شەقامی نارازی ئەو وڵاتە دژی هەڵبژاردنی بن ساڵح بوون، چونکە ئەوان بن ساڵحیان بە یەکێک لە سەرە دیارەکانی رژێمی بوتەفلیقە دەزانی، هەربۆیە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی گەلیان کرد.
لەلایەکی تریشەوە جەماوەری بەرینی خەڵکی نارازی شەقامەکانی جەزائیر، دیاریکردنی بن ساڵحیان بە پێچەوانەی ئامانج و ئاواتەکانی شۆڕشە جەماوەرییەکەیان دەزانی کە لە ٢٢ شووباتی ئەمساڵەوە بەردەوامە و داوای رۆیشتن و سزادانی هەموو سەرکردە و سەرە زلەکانی رژێمی بوتەفلیقە دەکەن، کە سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەیان بۆخۆیان بە تاڵان بردووەو گەلی جەزائیریشیان لێ بێبەش کردووە.
بن ساڵح بەڵێنی ئەوەی دا کە دەستوور جێبەجێ بکات و وتی: ئەرکێکی قورسم لە سەرشانە و ئێمە بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێین و دەبێت زەمینەسازی بۆ بکەین و ئامانج و داخوازییەکانی گەل بەدی بهێنین لە کورتترین ماوەدا.
ئێستا جەزائیر لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی بوتەفلیقە لە سەرۆکایەتی وڵات لە قۆناغێکی راگوزەردایە، وادیارە ئیتر کۆتایی نەوەی یەکەمی جەنگاوەرە دێرینەکانی شۆڕشی جەزائیر دێت کە بە موجاهیدەکان دژ بە ئیستیعماری فەرەنسا جەنگابوون لە ساڵانی ١٩٥٤ تا ١٩٦٢ کە بە پاسەوانانی کۆن ناسرابوون.

### سیاسەتی دەرەوەی جەزائیر

ئێستا لە دوای ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لەو وڵاتە هاتۆتە ئاراوە پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە ئایا ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری دەبێت لە سەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی جەزائیر لە کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لە ئێستا و داهاتووی نزیکیشدا ئەوەی شارەزایانی کاروباری جەزائیر پێشبینی دەکەن ئەوەیە، کە پێناچێت گۆڕانکاری گەورەو جەوهەری لە سیاسەتی ئەو وڵاتەدا بە خێرایی بێتە ئاراوە لە ئێستادا بەڵکو بە هێواش و پلە بە پلەڕوودەدات .

جەزائیر لە ساڵی ١٩٦٢ تاوەکو ساڵی ١٩٨٨ کەراپەڕینێکی جەماوەری تێیداروویدا لەسەر سیستمی سۆسیالیستی بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە دوای ئەوراپەڕینەی ٥ ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ سیستەمەکەیان گۆڕا بۆ سەرمایەداری لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا، بەڵام سیاسەتی دەرەوەیان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، بۆیە جەزائیر لەو کاتەوەتا ئێستا یەکێک لە کڕیارەکانی بەرهەمی پیشەسازی سەربازی رووسیە و خاوەن پەیوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ مۆسکۆ دژی دەستوەردانە لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقیا بەڵام کورد نا دواتر دێمە سەرئەو باسە.

پشتیوانی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی کردووە جگە لە کورد بەتایبەتی بەرەی پۆلیساریۆ کە دژ بە مەغریب لە جەنگدایە و خوازیاری سەربەخۆیی بیابانی رۆژئاوان لە مەغریب.

### کورد و جەزائیر

بیرەوەری کورد لەگەڵ جەزائیر زۆر تاڵە، باوەڕناکەم هیچ کوردێک هەبێت نەوەی کۆن و نوێ رێککەوتننامەی جەزائیری شوومی نەبیستبێت یان لە بیر نەبێت کە لە ٦ ی ئازاری ١٩٧٥ شای گۆڕبەگۆڕی ئێران حەمەڕەزا پەهلەوی و سەدام حسین کە ئەوکات جێگری سەرۆکی عیراق بوو بە ناوبژی سەرۆکی ئەو کاتی جەزائیر هەواری بومدێن ئەورێککەوتننامە نەگریسەیان لە جەزائیر مۆر کرد، کە عیراق نیوەی شەتولعەرەب بدات بە ئێران و ئێران هەموو جۆرە کۆمەک و هاریکارییەک لە شۆڕشی کوردستان ببڕێت کە ئەوکات شۆڕشی ئەیلول دوای نۆ ساڵ خەبات و قوربانی پێشمەرگە بەیانی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دەرچووبوو کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێبەجێ بکرێت،لە ماوەی چوار ساڵدا کورد بەشدار بوو لە حکومەتی عیراقداو دواتر لە جەزائیر بە پیلانێکی نێودەوڵەتی کۆتایی بە شۆڕشێکی مەزن هات و حکومەتی عیراقیش لە هەموو بەڵێن و ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پاشگەزبووەوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٤٧ - ٢٠١٩/٤/٢٥

# یەمەن قوربانی ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان

ئەگەر چی یەمەن جێگەو پێگەی کۆنترین شارستانی عەرەبی یە لە دێر زەمانەوە و عەرەبەکان لەوێندەرەوە بۆ شوێنەکانی تری وەکو نیمچە دوورگەی عەرەب و شام وعیراقیش چوون بەڵام ئێستا وڵاتێکی هەژاری پەراوێزخراوی داماوی دەستی شەڕی ناوخۆیی و ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە کە لەم باسەدا بە گوێرەی توانا، هەوڵدەدەین لە چەندرووییەکەوە خوێندنەوەی بۆبکەین.

***ئەو ململانێ یانەی کە لە یەمەندا هەن :-***

١. ململانێی ناوخۆیی:
ئەگەرچی یەمەنی باکوور و یەمەنی باشوور ساڵی ١٩٩٠ یەکیانگرتەوە لە دوای تەواو بوونی شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە ئەوسا یەمەنی دیموکراتی باشوور کە عەدەن پایتەختی بوو سەربە یەکێتی سۆڤیەت بوون و حزبی سۆسیالیستی یەمەن فەرمانڕەوایی دەکرد، لە باکووری یەمەنیش عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرۆک بوو ئەو زیاتر لە بەرەی رژێمە عەرەبییەکانی سەر بەرۆژئاوا بوون کە پایتەختەکەی سەنعا بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت کێشەو ململانێ کەوتە نێواان باکوور و باشوورییەکانەوە شەڕ هەڵگیرساو عەلی عەبدوڵا ساڵح کە سەرۆکی یەمەنی یەکگرتوو بوو، پەلاماری باشووری داو عەدەنی داگیرکردو خۆی واتەنی جودا خوازەکانی راونا.
لەو ساوە تا ساڵی ٢٠١١ و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی هەر بەو شێوە یەمەن بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە دوای بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی شۆڕش لەو وڵاتە، عەلی عەبدوڵا ساڵح لە ژێر فشاری گەلی یەمەندا، دەستی لە کار کێشایەوە و عەبدرەبە مەنسور هادی جێگری بووە سەرۆک کۆمار وریککەوتن کرا، لە نێوان باکوورو باشووردا،دەستووری نوێ بۆ یەمەن بنووسرێتەوە و جۆرێک لە سیستمی فیدراڵی بۆ یەمەن پەیڕەو بکرێت، بەڵام دواتر سەرهەڵدانی حوسیەکان کە کەمینەیەکی زەیدی عەلەوین کە لە مەزهەبی شیعە و ئێرانەوە نزیکن توانیان لەگەڵ تاقمەکەی عەلی عەبدوڵا ساڵح کودەتا بکەن و سەنعای پایتەخت داگیربکەن و ودواتر شارەکانی تریش.
٢. ململانێ ئێرانی و عەرەبستانی سعودی :
لە دوای کودەتاکە لە نێوان باکوور و باشوورییەکاندا، ململانێ و شەڕێکی قورس سەری

هەڵدا و دواتر بووە شەڕی نێوان حکومەتی شەرعی کە سەرۆک عەبدرەبە مەنسوور هادی سەرۆکایەتی دەکرد و عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و هەندێکی تر لە وڵاتانی کەنداو ئەمریکاش بەناوی هاوپەیمانی عەرەبیەوە کۆمەکیان دەکردن، کودەتاچییەکانیش کە پێکهاتبوون لە حووسیەکان و تاقمی حزبی کۆنگرەی عەلی عەبدوڵا ساڵح، ئێران پشتیوانی دەکردن دواتر حووسیەکان و عەلی عەبدوڵا ساڵح هاوپەیمانێتییەکەیان تێک چوو و عەلی عەبدوڵا ساڵحیان کوشت.

٣. ململانێ ی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و عەرەبستانی سعودیە لە یەمەن :

هەرچەندە ئەم دووانە بەرووالەت و ئاشکرا وەکوراگەیەنراوە هاوپەیمانن لە هاوپەیمانی عەرەبی، بەڵام لەراستیدا ململانێیەکی شاراوەی توند لە سەر بەرژەوەندی هەیە لە نێوانیاندا کە هۆکاری راستەقینەی درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆیی یەمەنە کەوا بۆ چوار ساڵ زیاتری درێژەی هەیە و هیچ هیوایەکیش لە ئاسۆەوە دیار نییە بۆ چارەسەرکردنی.

***ئامانجەکانی هاوپەیمانی عەرەبی:***

ئاشکراترین فاکتەر کە ئەو وڵاتانە کردوویانەتە پاساو و بیانوو بۆ ئەوەی بچنە یەمەنەوە، جگە لە شەڕی ناوخۆی یەمەن ئەم سێ فاکتەرەن :-

١. گێڕانەوەی حوکمی شەرعی بۆ یەمەن، واتە حکومەتەکەی سەرۆک مەنسوور هادی کە ئێستا لە مەنفایە لە عەرەبستانی سعودیە.

٢. بەرگرتن لە هەژموون و فراوان خوازی دەستوەردانی ئێران لە کاروباری یەمەن.

٣. پاراستنی سنوورەکانی عەرەبستانی سعودیە کە لەوێوەرۆژانەرۆکێت بارانی هەندێ شاری عەرەبستان دەکرێت.

***هۆکاری ململانێی سعودیە و ئیمارات لە یەمەن چییە؟***

زیاتر فاکتەری ئابوورین کە پاڵ بەو دوو وڵاتەوە دەنێن دەستوەردانی شەڕی ناوخۆی یەمەن بکەن و بیکەنە شەڕی خۆیان کە ئەو وڵاتە باجێکی قورسی داوە هەوڵدەدەم لە دواتر بارودۆخی مرۆیی ئەو وڵاتەش بخەمەڕوو بە کورتی.

ئیمارات هەوڵی ئەوەی داوە کە بەندەرەکانی یەمەن داگیربکات و دەستوەردانی سەربازی تێدا بکات وەکو ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بەندەری عەدەن و دواتر بەندەری موکەلا و دوای ئەویش بەندەری ئەلمخا، دوا هەوڵیشیان بەندەری حەدیدەیە کە تا ئێستا یەکلایی نەبووتەوە، ئەمانەش بۆ ئەوەیە کەرکابەری بەندەری دوبەی نەکەن، کە ئێستا بەندەرێکی گەورەی جیهانییە و داهاتێکی گەورەی هەیە، لە کاتێکدا ئەگەر بەندەرەکانی

یەمەن ئارام و سەقامگیربن، ئەوا دەبنەرکابەری بەهێز بۆ دوبەی کە ئەمەش بەزیانی گەورە بۆ ئیمارات دەگەڕێتەوە.
عەرەبستانی سعودیەش ئامانجێکی ستراتیجی و دوورمــەودا و درێژخایەنی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەرێڕەوێکی وشکانی بۆسەر دەریای عەرەبی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بۆڕی نەوت فرۆشتنی پیادا بڕوات  لە پارێزگاکانی حەزرەمەوت و مەهرەوە لە یەمەن.
بۆ زیاتررونکردنەوەی ئەو ململانێیەی کە لە نێوان ئیمارات و سعودیەدا هەیە لە یەمەن، ئیماراتییەکان هەر لە سەرەتاوە دەستیانگرت بە سەر  پارێزگای حەزرەمەوت لەرێگەی ئەو هێزانەوە کە سەربەخۆیانن کە ناسراوان بە نوخبەی حەزرەمەوت، کە ئەمەش رێگربوو لە بەدیهاتنی ئامانجەکانی عەرەبستانی سعودیە،بۆیە سعودییەکان ناچار بوون پەل بهاوێژن بۆ پارێزگای ئەلمەهرەی دوورە دەست کە یەکێک لە دوورترین ناوچەکانی یەمەنە لە ناوەندەوە و هاوسنووری سوڵتاننشینی عەمانە، بەمشێوەیە سعودییەکان توانیان رێ لە فراوانبوونی ناوچەی هەژموونی ئیمارات بگرن.
بۆیە ئێستا هەموو ئەو لێدوان و پاساوانەی کە بۆ درێژەدان بە شەڕی یەمەن دەیهێننەوە ئەو دوو وڵاتە کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە خۆی لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەبینێتەوە.
سعودیە و ئیمارات چەندە بۆیان بکرێت درێژە بەو شەڕەماڵوێرانکەرە دەدەن،  چونکە وەستانی شەڕ واتە بەدینەهاتنی ئامانجەکانی.

### ئامانجی هێرشی وڵاتانی کەنداو یان هاوپەیمانی عەرەبی

وڵاتانی کەنداو دەڵێن حووسیەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی عەرەبی،  لەلایەکی ترەوە حکومەت و ئیدارەی ئەمریکا ئاگاداری کردونەتەوە هەواڵ و هەواڵگری وردی پێداون،  کە حووسیەکان ٣٠٠رۆکێتی زەمین بەزەمینی روسیان گواستۆتەوە بۆ نزیک سنووری عەرەبستانی سعودیە کە مەودایەکەیان ٣٠٠ کم،  لە کاتێکدا سعودیە تا ئێستا نزیکەی ١٢٠ ملیار دۆلاری لە شەڕی یەمەن خەرج کردووە.

### قەیرانی مرۆیی لە یەمەن

ژمارەی دانیشتووانی یەمەن ٢٨ ملیۆن کەسە لەوانە سێ ملیۆن یەمەنی ئاوارەو دەربەدەرن و نزیکەی یەک ملیۆن تووش بوون بە پەتای سامناکی کولێرا، کەحاڵەتی وا تا ئێستا لە هیچ وڵاتێکدا تۆمار نەکراوە، هەشتاو پێنج هەزار مناڵی یەمەنی تەمەنیان  لە ژێر پێنج

ساڵەوە، بەهۆی بەدخۆراکیەوە لە برسانا مردوون،جگە لەوەی ٨,٤ ملیۆن کەس تووشی بەد خۆراکی بوون، هەروەها  چواردە ملیۆن کەس لە سەر لێواری برسێتیدان، هەرچەندە ئاماری ورد لە بەردەستدا نییە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی یەمەنەوە، لەبەرئەوە ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان رایدەگەیەنن کە ژمارەیەکی زۆریش بە هۆی شەڕو بەدخۆراکییەوە مردووون و کوژراون.

لە کۆتاییدا ئەگەرچی ئەمریکیەکان بڕیاری ئەوەیان داوە کە پشتیوانی هاوپەیمانی عەرەبی ناکەن،  ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانی عەرەبی بۆ سەر شارەکانی یەمەن، خەڵکی سڤیلی زۆر کوژراون. ئەمەش نەک لای ئەمریکیەکان، بەڵکو لە هەموو جیهاندا بووەتە مایەی نیگەرانی و بێزاری زۆر.

ئایا ئەمریکیەکان  پەیوەندییە مێژووییەکانی خۆیان لەگەڵ عەرەبستان کە زیاتر لە حەفتا ساڵە بەردەوامە،  دەیکەن بە قوربانی شەڕی یەمەن،  لە کاتێکدا سعودیە گەورەترین کڕیاری چەکی  ئەمریکیە کە تا ئێستا بایی ٩٠ ملیار دۆلار چەکی ئەمریکی کڕیووە لە ساڵی ١٩٥٠ ەوە هەروەها ئەو هاوپەیمانێتیە لە سەردەستی شا عەبدولعەزیزی ئالسعود و سەرۆک تیۆدۆررۆزفلت لە ساڵی ١٩٤٥ لە سەر کەشتیەکی جەنگی ئەمریکی لە ئاوە هەرێمیەکانی میسردا واژۆ کراوەو بنەماکانیان داناوەو تا ئێستا بەردەوامە، لە زۆربەی ململانێ و قەیرانەکانی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ و ١١ سپتەمبەری ٢٠٠١ نێوان ئەمریکا و  سعودیە،نەلەرییەوەو خۆی گرت و لە سەر پێی خۆی وەستاو پێناچێت لەم قەیرانەی یەمەنیشدا بە ئاسانی بلەرێتەوە.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین، پێگەی جوگرافی یەمەن زۆر گرنگە و بێ وێنەیە لە جیهاندا،رۆژهەڵات ورۆژئاوا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و خەڵکی هەژاری یەمەنیش، باجی ئەو پێگە گرنگەی وڵاتەکەیان دەدەن

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٥٢ - ٢٠١٩/٥/١

# سوریا لەبەردەم یاسای قەیسەر- دا

دواجار کۆنگریسی ئەمریکا بەهەردوو ژوورەیەوە لە رۆژی ١٧ حوزەیرانی ٢٠٢٠ دەنگی لەسەر یاسای قەیسەر دا، واتە ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرانیش بە دەنگی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان، کە ئەمەش وادەکات لە داهاتوودا بە ئاسانی هیچ دەستکاریی و گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیەت.

**یاسای قەیسەر لە چییەوە هاتووە ؟**

قەیسەر یان سیزەر، ناوی نهێنیی ئە و فۆتۆگرافەرە سەربازییەیە کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ دا لە سوپای سوریا جیابۆوە و هەڵهات و توانیی خۆی دەرباز بکات و لەگەڵ خۆیشیدا ٥٥ هەزار وێنەی ١١ هەزار زیندانی سڤیلی خەڵکی سوریا لە زیندانەکانی ئەو وڵاتەدا بەرێت و بیگەیەنێتە ئەمریکا کە ئەو زیندانییانە لەژێر ئازار و ئەشکەنجە و برسێتیدا گیانیان لە دەست دابوو.

پڕۆژەکە زۆر قۆناغی سەخت و دژواری بڕی تا بوو بەیاسا. ساڵێک دوای هەڵاتنی قەیسەر و گەیشتنی وێنەکان بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکوانان و دواتر گەیشتنی بە ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمریکا, پاشان قەیسەر شایەتیی خۆی دا لە بەردەم کۆنگریسی ئەمریکادا, بەڵام لە سەردەمی ئۆبامادا بە خاوی کارەکانی دەڕۆیشت و نەبوو بە یاسا، هەرچەندە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دووجاریش دەنگی لە سەردابوو لە ساڵەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧، بەڵام نەگەیشتە ئەنجومەنی پیران تاوەکو لە ساڵی ٢٠١٩ خرایە پڕۆژەی بوودجەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠, ئەنجومەنی پیران لە ١٧ دیسەمبەری ٢٠١٩ دەنگی لەسەری داو لە ٢٠ هەمان مانگدا سەرۆک ترەمپ واژۆی لەسەر کرد، کە ئەمە بوو بە هەڵوێست و رای رەسمیی ئەمریکا بە بەڵگە و سەنەدێک و دیکۆمێنتێکی یاسایی و رەسمی بەرامبەر رژێمی ئەسەد.

**یاساکە کێ دەگرێتەوە و دەقەکەی چی دەڵێت؟**

دەقی یاساکە هەموو ئەو لایەن و کەسایەتی و قەوارە و کۆمپانیانەی دیاریکردووە کە سزاکان دەیان گرێتەوە و دەبنە ئامانجی ئەم یاسایە، ئەوانیش بریتین لە (بانکی ناوەندیی سوریا) و یان هەرکەسێکی بیانی کە پشتیوانی دارایی بۆ رژێم دابین بکات. تەنانەت بەناو ناوی ئێران و روسیای تێدا هاتووە و هەر کەسێکی بیانی سەر بەو دوو دەوڵەتەش بێت،

سزاکان دەیانگرێتەوە کە ئیتر کۆمەک یان تەکنۆلۆجیای زانیارییان دابین کردبێت بۆ رژێم جا بۆ مەبەستی سەربازیی یان بنیاتنانەوە بێت. جگە لەوانەش سزاکان هەرلە سەرۆکی ئەو وڵاتەو هاوسەرەکەی, تا سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و فەرماندەکانی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەواڵگریی و پۆلیس و بەرپرسی زیندانەکان و گاردی کۆماری دەگرێتەوە جگە لەوانەش، سامانی دارایی و موڵک و هەر شتێکی تر کە هەیانبێت لە ئەمریکا دەستیان بەسەردا دەگیرێت و هەروەها قەدەغەکردنی پێدانی ڤیزای ئەمریکا بۆ هەرکەسێک کە ئەو یاسایە بیگرێتەوە و زۆر شتی تریش کە لێرەدا بوار نییە هەمووی باس بکەین.

### ئامانجی دەرچوواندنی یاساکە

هەروەکو خۆیان دەبێژن، ئامانج لە دەرچوواندنی ئەم یاسایە گۆڕینی رژێمی ئەسەد نییە، بەڵکو مەبەست لێی گۆڕینی رەفتاری رژێمە چ لە رووی ناوخۆییەوە بێت یان لەلایەنی جیۆسیاسی , کە ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مۆسکۆ بکەوێتە دانوستاندن لەگەڵ واشنتۆن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوی لە دیمەشق بە مەرجەکانی ئەمریکا لەوانەش چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئێران لە سوریاو لەبەرامبەردا قایلبوونی ئەمریکا بە مانەوەی هێزەکانی روسیا لە سوریا.

### فاکتەرەکانی پشت ئەم یاسایە

هەرچەندە دەوڵەتی سوریا لەژێر سزاو لیستی تیرۆری ئەمریکادا بوو ، هەرلە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە و دواتر یاسای سزادانی سوریا, ئێستاش یاسای قەیسەر و رێکارەکانی هەنگاوگەلێکی توند و سەخت و قورسی ترن دەرهەق بە سوریا لەبەر ئەم فاکتەرانە :

١.ئەم یاسایە کۆنگرێس بە هەردوو ژوورەکەیەوە و بە هەردوو حزبەکەوە دەنگیان لەسەر داوە و بە دەرچوونی هەر حزبێک لە دەسەڵات گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت.

٢. ئەمە یاسایە و کۆنگریس دەریچوواندووە، وادەکات خێراتر سزاکان جێبەجی بکرێت وەکو ئەوە نییە وەزارەتی گەنجینە یان لایەنێکی تر دەریچوواندبێت.

٣. یاساکە هەر سورییەکان ناگرێتەوە بەتەنیا، بەڵکو هەرلایەنێکی تریش کە سورییی نەبێت ئەگەر سەرپێچیی بەندەکانی بکات دەیگرێتەوە.

٤. سزاکان لایەنی سەربازیی و مرۆیی و مافەکان ناگرێتەوە تەنها، بەڵکو لایەنی ئەندازەیی

و ژێرخانیش دەگرێتەوە، واتە هەر بەشدارییەکی کۆمپانیاکانی عەرەبی و روسی و ئێرانی و چینییەکانیش دەگرێتەوە کە بەشداربن لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی سوریا.

٥. لایەنی سیاسی و دەروونی : هەرچەندە سزاکان باسی بچڕانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان ناکات لەگەڵ رژێم, بەڵام رژێمی لە خانەی جیاکراوە و نەفرەت لێکراوەکان داناوە, کە ئەمەش وا لە وڵاتان دەکات کە بە گومان و دڕدۆنگییەوە لە پەیوەندیی و هەڵسوکەوت لەگەڵ رژێمدا بڕوانن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٢٠٢٠/٠٦/٢٧

# دۆخی سعودیە لەبارە بۆئەوەی هەنگاوەکەی ئیمارات بنێت؟

ئەوەی ئێستا باسی رۆژەڤە و میدیاکانی ئیسرائیلیش باسی گەرمی لێوەدەکەن، بابەتی رێکەوتنی فەرمی و ئاشتی نێوان سعودیە و ئیسرائیلە، لە دوای رێکەوتنەکەی نێوان ئیمارات و ئیسرائیل.

ئیمارات کە دۆست و هاوپەیمانی نزیک و پلە یەکی سعودیەیە لە نێو وڵاتانی کەنداو و جیهانی عەرەبیشدا، زۆرێک لەو باوەڕەدان ئەم رێکەوتنە سەرەتا و رێخۆشکەرە بۆ رێکەوتنی ریاز و تەلئەبیب، لە هەمان کاتدا رۆڵ و کاریگەریی ناڕاستەوخۆی دەبێت بۆ فراوانتربوونی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانیان، لە کاتێکیشدا کە سعودیە زۆر پێویستی بە وەبەرهێنانی دەرەکییە بۆ ئەو بەرنامە ستراتیجییەی کە شازادەی جێنیشین محەمەد بن سەلمان دایناوە بۆ گۆڕانکاریی ئابووریی ریشەیی لە ئایندەدا ٢٠٣٠.

### بەربەستەکانی ئەم پرۆسەیە

ئەوەی جێی ڕامان و سەرنجە، تا ئێستا سعودیە کە خاوەنی بەهێزترین ئابووریی جیهانی عەرەبییە، بێدەنگی هەڵبژاردووە لە مەڕ رێکەوتنی مێژوویی ئەبو زەبی و تەلئەبیب، ئەوەش بۆ ئەو دۆخە هەستیار و ئایینییە دەگەڕێتەوە کە سعودیە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی هەیەتی، ئەویش بوونی مەزاری پەیامبەری ئیسلام ( محەمەد د.خ)، قیبلەی هەموو موسڵمانان، پادشای وڵاتیش لە سەردەمی مەلیک فەهد-ەوە نازناوی (خادم الحرمین الشریفین)ی هەڵگرتووە، هەموو ئەوانە بەربەست و کۆسپی گەورەن بۆ هەر نزیکبوونەوەیەکی ئاشکرا لە نێوان ریاز و تەلئەبیبدا، هەرئەوەش وایکردووە کە هەندێک لە کاربەدەستانی عەرەبستانی سعودیە ئاماژەیان پێداوە، بەم نزیکانە بەستنی پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ ئیسرائیلدا لەئارادا نییە، جگە لەوانەش فەلەستینیەکان هەر رێکەوتنێکی وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی تر سعودیە، لەگەڵ ئیسرائیل بە خیانەتی گەورە لە کێشەکەیان دەزانن.

لەلایەکی ترەوە، ساڵانێکە پەیوەندیی نهێنی و ژێربەژێر لە نێوان ئیسرائیل و زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە، بە تایبەتی سعودیە کە هەماهەنگییان هەبووە لە بواری هەواڵگری و دواتر لە بوارەکانی راهێنانی سەربازی و توێژینەوە و پێشخستن و

دەستپێشخەری و وەبەرهێناندا پەرەیان پێداوە.
بە گوێرەی راپۆرتی پێگەی Responsible Statecraft ی ئەمریکی، پێدەچێت ئێستا سعودیە هانی وڵاتانی تری کەنداو بدات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل، بە تایبەتی بەحرێن.

### ئێران و نزیکبوونەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو

ململانێی نێوان وڵاتانی کەنداو و ئێران لەلایەک، ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێران لەلایەکی ترەوە، هۆکاری راستەوخۆن بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری عەرەبەکانی کەنداو و ئیسرائیل، بە تایبەتی بەرامبەر دەستوەردانەکانی ئێران لە ناوچەکە و بەرنامەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە.
پرۆژەی نیوم
فاکتەرێکی بەهێز کە لە سعودیە دەخوازرێت بە تایبەتی شازادەی جێنیشین محەمەد بن سەلمان تاکو بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل هەنگاو بنێت، ئەو پرۆژە و پلانە گەورە و قەبەیەیە بەناوی نیوم یان بینینی سعودیە دوای ٢٠٣٠، کە تێچووەکەی ٥٠٠ ملیار دۆلارە لە رۆژئاوای سعودیە و لە کەنارەکانی دەریای سوور، کە نزیکە لە بەندەرەکانی عەقەبەی ئوردن و ئیلاتی ئیسرائیل.
شارەزایانی بوارەکە لەو بڕوایەدان کە ئیسرائیل رۆڵی کارای دەبێت لە بوارەکانی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا و ئاسایشی سیبریانی، سەرەڕای ئەوانەش پرۆژەیەکی وا قەبە و گرنگ پێویستی بە هەماهەنگی و ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، بە تایبەتی کە ناوچەیەکی گەشتیاریش دەبێت.

### فشارەکانی ترەمپ و کۆشنەری زاوای

ئێستا دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە خولی دووەمی خۆکاندیدکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ٢٠٢٠/١١/٣ پێویستی زۆری بە لۆبیی جولەکەی ئەمریکا و ئیسرائیلە بۆ هەڵمەتی بانگەشەکەی، بەتایبەتی لە کاتی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی سعودی جەمال خاشقچی لە کونسڵخانەی سعودیە ساڵی ٢٠١٨ لە ئەستەنبوڵ، کە محەمەد بن سەلمان تۆمەتبار دەکرێت، ترەمپ یارمەتی زۆری شازادە محەمەدی دا بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە، بۆیە هەموو تواناکانیان دەخەنەگەڕ تاکو سعودییەش هەمان هەنگاوی ئیمارات بهاوێ.

کوردستانی نوێ -ژ. ٨١٦٢ - ٢٠٢٠/٨/٢٣

# بەشی پێنجەم

# نێـودەوڵـەتی

# دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ بۆ ئایندەی تورکیا گرنگە

ئەگەرچی ٣١ی ئازاری رابردوو هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان لە سەر تا خواری تورکیا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکان کرا، بەڵام ئەوەی کێشە و ململانێی قورسی لێکەوتەوە، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی یەکەم گەورە شاری ستراتیجی تورکیا (ئیستانبوڵ) بوو، کە ئەنجامەکەی بە دڵی پارتی فەرمانڕەوا و سەرۆک کۆمار (ئەردۆغان) نەبوو، چونکە کاندیدە رکابەرەکەیان کە لە پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بوو، بە جیاوازییەکی کەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا.
هەرچەندە ئەکرەم ئیمام ئۆغلو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە بەبراوەی هەڵبژاردنەکان راگەیەنرا و دەستبەکاریش بوو، دواتر بەهۆی سکاڵا و تانە و نیگەرانییەکانی (ئەکەپە) واتە پارتی فەرمانڕەواوە، ئەنجامەکە هەڵوەشێنرایەوە و لە ئیستانبوڵ بڕیار درا بەوەی ٢٠١٩/٦/٢٣ واتە ئەمڕۆ هەڵبژاردنەکان دووبارە بکرێنەوە.
هەردوو کاندیدی بەهێزی هەڵبژاردنەکانی پێشووی ٣١ی ئازار لەلایەن حزبەکانیانەوە جارێکی تر کاندید کراونەتەوە و واتە بینالی یەڵدرم وەزیر و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی تورکیا لە (ئاکەپە) و (مەهەپە) ئەکرەم ئیمام ئۆغلو سەرۆکی یەکێک لە شارەوانییە لاوەکییەکانی ئیستانبوڵ لە (جەهەپە) و (ئی پارتی).
هەرچەندە ئیمام ئۆغلو تا کاتی کاندیدبوونی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئازار کەسایەتییەکی هێندە دیار و ناسراو نەبوو وەکو رکابەرەی (بینالی یەڵدرم) کە دووەم کەسایەتی ناو ئەکەپە بوو و گەلێک پۆست و بەرپرسیارێتی گەورەی هەبووە لە دەوڵەتی تورکیادا، بەڵام ئێستا ئیمام ئۆغلو دوای سەرکەوتنی هەرچەندە بە جیاوازییەکی کەمیش بوو لە هەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئازاری پێشوو و دواتر هەڵوەشانەوەی ئاکامەکان و لابردنی لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئیستانبوڵ کە گرنگییەکی گەورەی هەیە و سەرۆک کۆماری تورکیا لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا وتبووی، هەرکەس حوکمی ئیستانبوڵ بکات ئەوا حوکمی هەموو تورکیا دەکات، ئێستا بۆتە ژمارەیەکی گرنگ لە هاوکێشە و ململانێی سیاسی تورکیادا لەلایەک وەکو ستەملێکراوێک و دوورخراوەیەک لە پۆستەکەی و قایلبوون بەو بڕیارەی ئاستی جەماوەرێتی بەشێوەیەک بەرزبۆتەوە کە تەنانەت سنووری پارتەکەی خۆشی بەزاندووە و سەرتاسەری تورکیا دەگەڕێت و داوای دەنگ و هاوکاری و پاڵپشتی لە خەڵکی تورکیا دەکات. ئیمام ئۆغلو ئاستی جەماوەریی بەڕادەیەک سەرکەوتووە کە هەر لە ئێستاوە بەڕکابەری ئەردۆگان لێی دەڕوانن بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ی سەرۆکایەتیی

تورکیا، هەر لەبەرئەوەشە هەردوولایەنی دەستەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش زۆر بەگرنگییەوە لەم هەڵبژاردنە دەڕوانن و زۆر بە چارەنووسسازی دادەنێن.
پارتی دادو گەشە واتە (ئەکەپە) گۆڕانکاریی گرنگ و ستراتیجی لە سیاسەتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا کردووە، بەجیاوازی هەڵبژاردنەکانی ئازاری رابردوو، ئەویش ناوزەدکردنی پرۆسەکە بە چارەنووسسازی لە نووسین و وتار و ریکلامەکان لابردووە و ناوی کاندیدی ئۆپۆزسیۆن ئیمام ئۆغلو بەهیچ شێوەیەک لە میدیاکانیاندا ناهێنن، تاوەکو زیاتر ناو و ناوبانگی بۆ دەرنەکەن و زیاتر گەورەی نەکەنەوە، هەروەها سەرۆک ئەردۆغان لەسەرەتای ئەم هەڵمەتەی بانگەشەیەوە خۆی دەرنەخست و چالاکیی زۆری نەنواند، لەکاتێکدا جاری پێشوو هەموو رۆژێک دەگەڕا و وتاری هەبوو، گۆڕەپانەکانی بۆ خودی یەڵدرم چۆڵکرد و ئەمیش گەشتی زۆری کرد بۆ زۆر شوێنی وڵات بە تایبەتی بۆ دیاربەکر کە لەوێندەر هەندێ قسەی بەزمانی کوردی کرد، هەرچەندە هەڵبژاردنەکان لە ئیستەنبوڵیشە، کە ئەمەش مانا و مەدلولی خۆی هەیە، چونکە ئیستانبوڵ تورکیای بچووکە و لە هەموو ئتنیکە جیاوازەکانی تورکیای تێدایە، بەتایبەتی کورد، هەرچەندە لەڕۆژانی کۆتایی هەڵمەتەکەدا جارێکی تر ئەردۆغان دەرکەوتەوە و لێدوانیشی دا و هەڕەشەی لە ئیمام ئۆغلو کرد. لەوانەش گرنگتر ئەمجارە زمانی بانگەشە و وتارەکانی ئاکەپە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتبوو کە وازیان لەو وشە و رستە ئاگراوی و زبر و بریندارکەرانە هێنابوو، کە هەموو رکابەرەکانیانی کردبوو بە شەیتان. هەر ئەوەش بوو وایکرد کە کاندیدی ئاکەپە قایل بێت بەوەی بچێتە پانێلێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کاندیدی جەهەپە ئیمام ئۆغلو، دوای رەزامەندی پارتەکەی دوای حەڤدە ساڵ لە نەمانی ئەو نەریتە.
لەکۆتاییدا هەرچەندە قورسە لە هەڵبژاردنێکی وا گرنگ و چارەنووسسازدا پێشبینی ئەنجامەکان بکرێت، بەڵام زۆرێک لە ناوەندەکانی چاودێری و راپرسی هەڵبژاردن، پێشبینی سەرکەوتنی ئیمام ئۆغلو دەکەن، ئەگەر بە جیاوازییەکی کەمیش بێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٩٣ - ٢٠١٩/٦/٢٣

# تورکیا لە نێوان ئەمریکاو ڕوسیادا

تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی لە سەرەتای دامەزراندنی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەنتیکەوە واتە ( ناتۆ ) ئەندامێکی کارایەوە تا یەکلایی بوونەوەی شەڕی ساردو هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی ( وارشۆ ) سەربە یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش پێگەو ڕۆڵی کاریگەری هەبوو. ئەگەرچی سیستمی بەرگری و سەرچاوەی هەموو چەک و تەکنۆلۆجیای سەربازی تورکیا لە هاوپەیمانی ناتۆوەو بووە، ئێستا بە پێچەوانەی هەموو پرنسیب و بنەماکانی ئەو هاوپەیمانێتیە تورکیا سیستمی بەرگری S٤٠٠ ڕوسی کڕی و سەرباری نیگەرانی و گلەیی و گازندەکانی ئەمریکا لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند بەشێکی سیستەمەکە ی وەرگرت و وا چاوەڕوان دەکرێت تا مانگی نیسانی ٢٠٢٠ تەواوی سیستمەکەی ڕادەست بکرێت.

### *پاساوەکانی ئەردۆگان بۆ کڕینی ئەم سیستمە*

پاساوی تورکیا بۆ کڕینی ئەم سیستمە ئەوە یە کە حکومەتی تورکیا لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باراک ئۆبامای دیموکراسی داوای کرد بوو کە ئەمریکا سیستمی بەرگری باترویێتی ئەمریکی پێ بفرۆشن بەڵام کۆنگریسی ئەمریکا دواجار قایل نەبوو ئەو سیستمە بە وڵاتەکەی بفرۆشرێت و هیچ ئەڵتەرناتیفێکیشی بۆ دیاری نەکردین.لە لایەکی ترەوە سەرۆکی تورکیا ئەردۆگان ڕێگەیاند کە کڕینی سیستمی S٤٠٠ لە لایەن تورکیا دەبێتە هۆکاری بەهێزی هاوپەیمانی ناتۆ و بۆیە دەبێتە ناتۆ خۆشحاڵ بێت بەم هەنگاوە، هەروەها ئەوەشی وت کە حەزدەکەن سیستمی باتریۆتی ئەمریکیش بکڕن هاوشانی S٤٠٠ ی ڕوسی

### *کاردانەوەی ئەمریکا*

هەر لە سەرتای سەرهەڵدانی ئەم باس و خواستەی کڕینی سیستمی بەرگری ڕوسی لە لایەن تورکیاوە، ئەمریکا هەڕەشەی ئەوەی لە تورکیا کرد ئەگەر ئەو سەودایە جێبەجێ بکات ئەوا بۆندی کڕینی فڕۆکە F٣٥ ئەمریکی کە لە گەڵ تورکیادا واژۆ کراوە هەڵدەوەشێننەوە لە کاتێکدا واباس دەکرێت کە تورکیا فڕۆکەیەکیشی وەرگرتبێت و فڕۆکەوانە تورکەکان لە ئەمریکا مەشق و ڕاهێنانی لەسەر دەکەن، لەبەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمریکاشدا ئەردۆگان دەڵێت ئەمانە لە ڕەفتاری هاوپەیمان و دۆست ناچێت کە ئەمریکا لەگەڵ ئێمەی دەکات، چونکە ئێمە لە گەڵ نۆ وڵاتی تر هاوبەشین لە بەرهەم هێنانی فڕۆکەی F٣٥ تا ئێستاش یەک ملیارو چوارسەد ملیۆن دۆلارمان داوە لەو پێناوەدا.
لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین کە ناکۆکی ئایدیۆلۆجی تورکیا و ناتۆ لە سەرەتای حوکمڕانی

ئەکەپەو ە سەری هەڵدا ئەوکات کە  تورکیا بوارییان نەدا خاکی تورکیا لەساڵی ٢٠٠٣ بۆ پرۆسەی ئازادی عێراق بەکاربێت ناکۆکی بۆچوونەکانیان لە سەر زۆرێک لە کێشەو قەیرانەکانی ناوچەکە بەتایبەتی لە سوریا پێدەچێت تورکیا بە یەکجاری سەنگەری خۆی بگوێزێتەوەلە رۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەلات.

کوردستانی نویٚ – ژ. ٧٩١٦ – ١٩+٢٠١٩/٧/٢٠

# بڕیاری ئەمریکا لەمەڕ ئێران

ئەوەی دواجار بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر هەموو پرسە چارەنووسسازەکان لە ئەمریکادا بەگوێرەی دەستووری ئەو وڵاتە، ئەوە سەرۆک کۆمارە کە بەپێی سیستمی ئەمریکا، سەرۆک خاوەنی بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەوە هەبێت، جگە لەوەش سەرۆک خۆی فەرماندەی گشتیی هێزی چەکدارە، بۆیە ترەمپ هیچ سڵ ناکاتەوە لەوەی راوێژ و پێشنیاری تیمی راوێژکاران و یاریدەدەرەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوە بەلاوە بنێت. هەروەکو ئەوەی روویدا لە کاتی کشانەوەی لە رێکەوتننامەی (٥+١) لەگەڵ ئێران لە ساڵی ٢٠١٨، یان ئەوەی لەم دواییانەدا روویدا کاتێک لە چرکەساتەکانی دوایی، لە بڕیاری پەلاماردانی ئێران پاشگەز بۆوە، کاتێک فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکەی ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە خرایە خوارەوە، چونکە لە هەردوو بارەکەدا بڕیاری خۆی بوو، پێچەوانەی بڕیاری تیمی راوێژکاران و یاریدەدەرانی سیاسەتی دەرەوە یەکلایی کردەوە.

هەموو ئەو بڕیارانەش لە بۆچوونێکی سەرۆک ترەمپەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەمریکا دەتوانێت بە سزاو ئابلۆقەی ئابووری و فشاری توندوتۆڵ، کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بکات رێکەوتنێکی نوێ لە جێی رێکەوتننامەی (٥+١) لەگەڵدا واژۆ بکات، کە زیاتر جێی رەزامەندیی ئەمریکاو تەنانەت ئیسرائیلیش بێت، بەڵام بۆ بەدبەختی سەرۆک ترەمپ، تا ئێستا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو جۆرێک پێشنیار و داخوازییەکانی ئیدارەی ئەمریکا بۆ دانوستان و دیالۆگ بۆ رێکەوتنێکی نوێ رەتدەکاتەوە، سەرباری زیان و لێکەوتە قورس و ئازاربەخشەکانی سزا و فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، چونکە وەکو ترەمپ دەڵێت، تا ئێستا سزای وا بەسەر هیچ دەوڵەت و لایەنێکدا نەسەپێنراوە و بێ نەزیرە.

بۆ ترەمپ حەزی لە وتوێژە؟ بۆ ئێرانیش قایل نابێت؟ سەرۆک ترەمپ ناخوازێت ئەمریکا بگلێنێتە ناو شەڕێکی ترەوە، هەروەکو بەڵێنی بە دەنگدەرەکانیشی داوە کە ئەمریکا بەرەو شەڕی نوێ بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین نەبات، واتە بنکەی جەماوەریی سەرۆک و تەنانەت خۆشی پێیان خۆش نییە بچنە شەڕێکی تازەوە لە ناوچەکە و لەگەڵ ئێراندا. ئێرانیش دەزانێت ئەمریکا وا بە ئاسانی پەلاماری نادات، لەبەرئەوە تاکو بۆی بکرێت ئارام دەگرێت و مل بە داخوازییەکانی ئیدارەی ترەمپ نادات، سەرەڕای قورسی بارەکەی و لێکەوتە کاریگەرەکانی سزا توندەکانی ئەمریکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت ئێرانییەکان ئەوەندەش بێ خەم بن کە ئەو بۆچوونەی ترەمپ دەیانپارێزێت و شەڕ روونادات و پەلامار نادرێن، بەڵکو روودانی هەر هەڵەیەکی تەنانەت بچووکیش بێت بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، بۆی هەیە ئاگرێکی وای لێ بکەوێتەوە کە تەڕ و وشک بە یەکەوە بسووتێنێت.
ئەوەی تا ئێستا روون و ئاشکرا نییە لە سیاسەتی ئەمریکادا لە مەڕ ئێران، نەبوونی دیدێکی دیاریکراوە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێراندا، هەر ئەوەشە وایکردووە کە جۆرێک لە شڵەژان و لێڵی بە وتە و کردەکانی ئەو وڵاتەوە دیار بێت لە پاش کشانەوەی ترەمپ لە رێکەوتننامەی (٥+١) لە ٨ی مایۆی ٢٠١٨، ئەویش ئەو داخوازییانەیە هێشتا پێناچێت ئیدارەی ترەمپ یەکلایی بووبێتەوە لەسەر جێگیرکردنیان، چونکە تا ئێستا هەر رۆژەی لێدوانێک و توێتێکی ترەمپ و ستافەکەی دەبیستین کە ئایا دەخوازن:
رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگۆڕن یان سزای بدەن؟
یان رێکەوتنامەی (٥+١) بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژنەوە یان هەمواری بکەنەوە؟
یان دەخوازن ئێران لە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دابڕن و جیابکەنەوە؟
یان دەخوازن سوود لەم هەڕەشانەی ئێران وەربگرن، بۆئەوەی هاوپەیمانێتییەکی نوێ لە نێوان ئیسرائیل و رژێمە میانڕەوە عەرەبیە سوننییەکانی ناوچەکە پێکبهێنن؟
تا ئێستا ئامانجی واشنتۆن جێگیر نییە چ دەخوازێت لە ئێران، رۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت هەرچەندە ئەگەر جارجار جۆرێک لە خاوی و شل بوونەوە بە هەڵوێستەکانیاندا دیارە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر پێداگریی لەسەر ١٢ خاڵەکەی بۆمبیۆ دەکەنەوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩١٧ - ٢٠١٩/٧/٢١

# سییەکانی زەوی،
# جەنگەڵەکانی ئەمازۆن دەسووتێن

ناوچەی بەرینی ئەمازۆنی ئیستیوائی گەورەترین جەنگەڵی باراناوییە لە جیهاندا، کە رووبەرەکەی نۆ وڵاتی ئەمریکای لاتین دەگرێتەوە، ئەوانیش (بەرازیل، پیرۆ، گیانا، بۆلیفیا، ئیکوادۆر، سورینام، ڤەنزویللا، کۆلۆمبیا، گوینای فەرەنسی) کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر دارو درەختی جۆراو جۆرو رووبارو ئاژەڵی وشکانی تێدایە، کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان لە وێنەیان نییە.

مێژووی جەنگەڵەکانی ئەمازۆن دەگەڕێتەوە بۆ ٥٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، کە نیشتمان و جێنشینگەی نزیکە ٤٠٠ گەل لە دانیشتوانە رەسەنەکەی کیشوەری ئەمریکای لاتین بووە، کە لەساڵی ١٥٠٠ی زاییندا ژمارەی دانیشتووانەکەی و هەموو خێڵەکانی لەو دارستانەدا نیشتەجێبوون، ٦ ملیۆن بۆ ٩ ملیۆن کەس بوون، بەڵام ئێستا ژمارەی دانیشتووانەکەی خۆی لە ٢٥٠ هەزار کەس دەدات، کە بە ١٧٠ زمانی جیاواز دەئاخافن. باس لەوەش دەکرێت کە نزیکەی ٥٠ خێڵی تێدا نیشتەجێن، کە هیچ پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە نییە.

سێ یەکی رووبەری جەنگەڵستانی ئەمازۆن دەکەوێتە وڵاتی بەرازیلەوە، کە نیوەی رووبەری جەنگەڵستانی باراناوی جیهان پێکدەهێنێتو رووبەرەکەی ٦ ملیۆنو ٩٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، واتە ئەم رووبەرە ٤٨ جار لە رووبەری وڵاتێکی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترە، هەروەها ٪٤٠ی رووبەری کیشوەری ئەمریکای باشوور پێکدەهێنێتو گەورەترین سەرچاوەی دابینکردنی ئۆکسجینە بۆ گۆی زەوی، کە ٪٢٠ پێکدەهێنێت، هەر لەبەر ئەوەشەی پێی دەڵێن سی زەوی. لە هەمان کاتیشدا ساڵانە جیهان رزگار دەکات لە یەک تریلیۆن تۆن گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، بۆیە بەگرنگترین ناوچە دێتە ئەژمارکردن بۆ روبەڕوبونەوەی دیاردەی (پەنگخواردنەوەی گەرمی).

ساڵانە وەرزی وشکایی ئەم دارستانانە لە مانگەکانی تەموزو ئابدا دەست پێدەکات، بۆیە ئاگرکەوتنەوەو گڕتێبەربوونی بەشێوەیەکی باو دەبینرێت، بەتایبەتی لە مانگی ئەیلولدا هەروەکو ئاژانسی ناسای ئەمریکی رایگەیاندووە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ ٢٠١٩ روویداوە زۆر فراوانترو بەربڵاوترە لە ساڵانی تر بە شێوەیەکی دروستکراو لەلایەن خەڵکی نابەرپرسو جوتیارانی ئەو ناوچانەوە، بەهۆی هەندێک کاری نایاسایی، بۆ ئەوەی دارەکان بسووتێننو دواتر سوود لەشوێنەکەی ببینن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵو رەشە وڵاخو ئاژەڵداری، چونکە ناوچەی ئەمازۆن شوێنێکی زۆر گونجاوو لەبارە بۆ بەخێوکردنی

ئاژەڵو نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن سەر لە جۆرەکانی ئاژەڵی تێدایە لە مەڕو مانگاو بزنو هەموو جۆرەکانی دی، بۆیە سەرچاوەیەکی گرنگی هەموو جیهانە کە ٪٢٥ی بەرهەمی جیهان پێکدەهێنێت، هەر لەبەر ئەوەشەو هەروەکو دەڵێن لێکۆڵینەوەکان ٪٨٠ هۆکارەکانی ئەو ئاگرنانەوەو سووتاندنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جوتیارەکان دارستانەکان دەسووتێننو دواتر شوێنەکەی بەکاردەهێنن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ.

### ئایا دەستەڵاتدارانی بەرازیل تێوەگلاون بە سووتاندنی جەنگەڵەکانی ئەمازۆن؟

ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە ژینگە، پەنجەی تۆمەت بۆ سەرۆکی بەرازیل (جائیر بۆلسونارۆ) رادەکێشن کە گڵۆپی سەوزی داگیرساندبێت بۆ جوتیارەکان، بۆئەوەی دارستانەکان بسووتێنن، بۆ ئەو مەبەستەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد. لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی بەرازیل تۆمەت ئاراستەی ئەو ڕێکخراوانە دەکاتو دەڵێت، ئەو ڕێکخراوانە بە دەستی ئەنقەست ئەو کارەیان کردووە، واتە ئاگریان بەرداوەتە دارستانەکان بۆئەوەی منی پێ تاوانبار بکەن.

### جەنگەڵەکانی ئەمازۆن و گۆڕانی کەش و هەوا

جەنگەڵەکانی ئەمازۆن و کەشوهەوای زەوی پەیوەندییەکی توندیان بەیەکەوە هەیە کە لەیەک جیاناکرێنەوە، چونکە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای ساڵانە بەهۆی گۆڕانکاری لە ڕادەی باران بارین، لەلایەکی تریشەوە دارستانەکان رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە کەمکردنەوەی دیاردەی گۆڕانکاری کەشو هەوا بەهۆی ئەوەی بڕێکی زۆر لە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژنو ئەمەش رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرگرتن لە گۆڕانکاری کەشو هەوا، بۆیە لە حاڵەتی لە ناوچوونی ئەم جەنگەڵستانە گەورانەدا، ئەم هۆکارە مەزنە نامێنێت بۆ بەرگری لە زەوی.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٩٥٣ - ٢٠١٩/٩/٨

# با ترەمپ وەڵامی تانە و تەشەرەکان بداتەوە

ئەگەرچی ئەمە یەکەم جار نییە کە کورد بەم دەردەی ئێستا ببرێت و لە نیوەی ڕێگادا بە تەنیا جێبهێڵرێت و قوربانی و شەڕی سەخت و گەورەی پێ بکرێت، دواتر بکرێتە قۆچی قوربانی حەز و بەرژەوەندیی زلهێزەکان.

هەرچەندە ئەمریکییەکان لەزاری کیسنجەر کە وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بووە لە حەفتاکانی سەدەی پێشوو، وتویەتی کە ئێمە دۆست و برادەری هەمیشەییمان نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی هەمیشەییمان هەیە، بۆیە ئیتر نابێت هەموو ئۆباڵەکە بخرێتە ملی ئەمریکا، دەبێت بەرامبەرەکانیشیان تێبگەن.

من ناخوازم ئێستا لاپەڕەکانی مێژووی چەند ساڵی ڕابردووی شەڕی تیرۆر و ڕۆڵی هەسەدە و شەڕڤانانی کورد لە باکوور و خۆرهەڵاتی سوریا وەبیر ترەمپ و دواتر هەموو ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام بهێنمەوە، چونکە ئەوە دوێنێ بوو و لەبیرەوەری تاک بەتاکی خەڵکی ناوچەکە و هەموو چاودێرانی دۆخەکە و هەموو خاوەن پەیوەندییەکان بەو مەسەلەیە، هێشتا زیندووە.

ئەوەی مەبەستمە لەم وتارە کورتەدا باسی بکەم، لەم بارودۆخە هەستیارەی کە ناوچەکە و کورد بەتایبەتی تێیدا تێپەڕ دەبێت، کە بە بەرچاوی دنیاوە چەقۆ خراوەتە سەرملیان لە باکووری سوریا و هەموو تیرۆریستەکانی سوپای ئازادی سوریا و هەموو پاشماوەی تاقم و گروپە دڕندەکانی داعش و ئەلقاعیدە بەبەرگێکی نوێوە ئارایشت کراون و بەهاوکاری تورکیا پەلاماری گرێ سپی و کانی عیسا و هەموو گوند و شارۆچکەکانی تری ڕۆژئاوای کوردستان دەدەن بە هەموو پێکهاتەکانییەوە.

تەنیا گوناهی ئەمانە ئەوە بوو کە لەجیاتی مرۆڤایەتی بەگشتی شەڕی تیرۆر و داعشیان کرد. ئەمە قسەی من نییە ئازیزان، قسەی زۆرێک لە سەرکردە ئەمریکی و ئەوروپییەکانیشە.

با بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەستەکە و ناونیشانی وتارەکەشم. حوسنی موبارەکی دیکتاتۆری پێشووی میسر کاتی خۆی و لەکۆتایی دەسەڵاتەکەی لە ساڵی ٢٠١١ وتبووی، ئەوەی خۆی بە ئەمریکا داپۆشێت رووتە، ئەمە وەسفێکی جوانە بۆ بێباری و بێوەفایی ئەمریکا بەرامبەر بە دۆست و هاوپەیمانەکانیان، هەر بۆیە ئێستا خودی ئەمریکییەکانیش هەستیان بەم هەڵەیە کردووە و لە زۆر ئاستدا هەر لە بەرپرسانی حکومەت و حزبەکان و میدیاکان و کەسایەتییەکان و هونەرمەندەکانیش دژ بەم هەنگاوەی ترەمپ وەستاونەتەوە و ڕەخنەی توندی لێدەگرن و بەگژیا دەچنەوە.

لە دوا لێدوانیدا، فەیسەڵ میقدادی جێگری وەزیری دەرەوەی سوریا لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانآندا وتی، ئێمە دانوستان لەگەڵ کوردەکاندا ناکەین، ئەوان بەکرێگیراوی

ئەمریكان و جوداخوازن و ئەوان پاساویان دا بە توركیا تاوەكو خاكی سوریا داگیر بكات.
با ترەمپ و ئیدارەكەی وەلامی فەیسەڵ میقداد بدەنەوە.
هەر ئەمڕۆ سەید حەسەن نەسروڵڵاش سەرۆكی حزبوڵڵای لوبنان وتی، ئەمریكییەكان جێگەی متمانە نین و لە ناكاودا پشتی كوردەكانی سوریایان بەردا، بە جۆرێك لە گاڵتە و لاقرتییەوە.
هەرچەندە پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٨ هەمان هەڵوێست روویدا، لە كاتێكدا توركیا كانتۆنی عەفرینی داگیركرد بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی خۆی، ئەمریكا و روسیا گڵۆپی سەوزیان بۆ داگیرساند، لە ئێستاشدا بۆ جاری دووەم هەمان هەڵوێست روویدا و بەتایبەتی لە كۆبوونەوەكەی رۆژی ٢٠١٩/١٠/٩ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بە روونی دەركەوت كە ئەو دوو هێزە قایل نابن تەنانەت بەیاننامەیەكی سەركۆنەش دژ بە دەوڵەتی توركیا دەربكرێت لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە.
لە ئاوا بار و دۆخێكدا كە وڵاتە زلهێزەكان بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیانەوە بن، ناكرێت و نابێت چاوەڕوانی ئارامی و سەقامگیری و ئاشتی بین لەم ناوچە گرنگەی جیهاندا، لە هەمان كاتیشدا ئەمە شكستی ستراتیجییەتی ئەمریكا بوو لە ناوچەكەدا و هێشتا روون نییە كێ شوێنی دەگرێتەوە.

كوردستانی نوێ – ژ. ٧٩٨٣ – ٢٠١٩/١٠/١٣

# جینۆسایدی ئەرمەن پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکای ئاڵۆزتر کرد

ناکرێ و ناتوانرێت تا ئەبەد بەری خۆری راستییەکان بگیرێت، بەڵکو بەتێپەڕبوونی کات و رۆژگار زۆر راستی روون و ئاشکرا دەبنەوە و پەردەیان لەسەر هەڵدەماڵرێت، دەردەکەوێت کێ تاوانبارە و کێ قوربانی، تەنانەت هەندێک لەو کار و تاوانانە کاریگەری و زیانەکانی بۆ نەوەکانی داهاتووش دەمێنێتەوە.

بۆیە تورکیا ناتوانێت تا کۆتایی دنیا نکۆڵی لە جینۆساید و قڕکردنی یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی بکات و پەنجەرە و دەرگاکانی مێژوو کلۆم بدات، کە لەساڵی ١٩١٥ و ساڵانی دواتریش ئەنجامیداوە، چونکە ئەوە راستییەکی بەڵگە نەویستە و دەیان دۆسێ و دۆکیۆمێنتی بەهێز هەن دەیسەلمێنن.

دوا هەنگاوی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، بەکۆی ٤٠٥ دەنگی بەڵێ بەرامبەر ١١ دەنگی ناڕازی دانیان نا بە جینۆساید و قەتڵ و عام و قڕکردنی گەلی ئەرمەن لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا. لە سادەترین واتادا، ئەم مەسجە مانا و مەدلولی راشکاوانە بۆ دەوڵەتی تورکیا و سەرۆک کۆمارەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەڵەکانی ئێستا، دەفتەری تاوان و قەرزە کۆنەکانی رابردوو هەڵدەداتەوە.

بەڵی کوشتاری ئەرمەن پەڵەیەکی رەشە بەناوچاوانی تورکەوە لە هەموو کاتێکدا، چونکە ئامارەکان و سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە پتر لە یەک ملیۆن و نیو هاووڵاتی ئەرمەنی سڤیل و بێتاوان قڕکراون و ژنی سکپڕ ورگیان دڕاوە و دەستدرێژی کراوەتە سەریان، پیاوانی پیر و پەککەوتەو مناڵ و پیرەژن لەسەر رێگە و بانەکاندا لە خاچ دراون.

ئەگەرچی لە رابردوودا بەهۆی سیستمی دوو جەمسەریی جیهان و جەنگی ساردەوە، ئەمریکا و ئەوروپییەکان و ناتۆ گرنگییەکی زۆریان بە تورکیا دەدا و وەکو هێڵی پێشەوە بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێتی جاران لێی دەڕوانرا، بەڵام ئێستا ئەو دیدە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە و دەرهەق بە تورکیا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ، بەهۆی کۆمەک و هاریکارییەکانی ئەردۆغان بۆ گروپە توندڕەوەکان، زۆر لە قەبارە و گرنگییەکەی دابەزیوە و تەنانەت باسی ئەوە دەکەن کە کاتی ئەوە هاتووە تورکیا لەو هاوپەیمانێتییە وەدەرنرێت.

مامەڵەی توندی تورکیا بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ئیتنییەکان هەر لە کۆنەوە تا ئێستا

و بەتایبەتی ئەوەی لەم دواییەدا بەرامبەر بە کوردەکانی سوریا کردیان، هانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکای دا بە هەردوو پارتی گەورەی دیموکرات و کۆمارییەکانەوە کە هەوڵی سزادانی تورکیا بدەن، ئەگەر لە رووی مۆراڵیشەوە بێت.

**کاردانەوەکانی تورکیا بەرامبەر بەم بڕیارە**

لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ واتە هەر رۆژێک دوای بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا باڵیۆزی ئەمریکای لە ئەنقەرە بانگهێشت کرد، تاوەکو نیگەرانی و ناڕەزایەتیی حکومەتی تورکیا بە ئەمریکا بگەیەنێت بەرامبەر بەو بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کە بە فەرمی جینۆسایدی ئەرمەنەکانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ناساندبوو.

ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی فەرمی لە زاری بەرپرسانی پایەبڵندی وڵاتەکەیەوە ئەوەی راگەیاندبوو کە ئەم بڕیارە هیچ بنەمایەکی یاسایی و مێژوویی نییە، کە لە ساڵی ١٩١٥ روویداوە، بەڵکو ئەمە کاردانەوەیە بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی لە باکووری سوریا و دەخوازن سزامان بدەن. هەروەها گلەیی ئەوەیان لە ئەمریکا کردووە کە ئەم بڕیارە لەگەڵ گیانی هاوپەیمانێتی نێوان ئەمریکا و تورکیا ناگونجێت، بەتایبەتی کە هەردووکمان ئەندامی پەیمانی ناتۆین، لەهامان کاتدا دژ بەو رێکەوتننامەیەیە کە لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لەنێوان هەردوو وڵاتدا لە ئەنقەرە واژۆکرا، سەبارەت بە دۆخی باکووری سوریا.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە سەرەڕای بڕیاری بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەن لەلایەن تورکیای عوسمانییەوە، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بڕیارێکی تریشیان دەرکردووە، ئەویش سزادانی ئەو کاربەدەست و بەرپرسە باڵایانەی حکومەتی تورکیا و ئەو بانکانەی کە پشتیوانی حکومەتی تورکیایان کردووە لە ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتیدا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٠١ - ٢٠١٩/١١/٣

# قۆناغێکی نوێی
# ململانێی تورکیا و روسیا لە سوریا

هیچ بەڵگەیەکی نوێ لە بەردەستدا نییە تاکو ئاماژە بەوە بدات کە هێزەکانی سوپای عەرەبی سوری کە لەلایەن روسیا و ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت، پێشڕەوییەکانیان بووەستێنن بۆ ئیدلبی باکوور، کە دوا پێگەی تاقم و گروپە چەکدارەکانە و بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریان و تورکیا پشتیوانییان لێدەکات.

***ئایا تورکیا و سوریا بەریەك دەکەون؟***

ئێستا کە ئەو دوو لایەنە لە خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی هێز و ناردنی ئامێر و کەرەستەی جەنگی پێشکەوتوودان و دۆخەکە لە ئاڵۆزبوون و هەڵکشانێکی خێرادایە بەتایبەتی لە سەرەتای ئەم مانگی شوباتەوە تا ئێستا ١٣ سەربازی تورکیا لە ناوچەی ئیدلب کوژراون، هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان کە وتی پێشڕەوییەکانی سوپای سوریا دەوەستێنین بە هەر رێگایەک پێویست بکات، ئیدی چ بە هێزی ئاسمانی بێت یان زەمینی.
هەر لەو چوارچێوەشدایە کە لە ٢ی ئەم مانگەوە تا ئێستا حکومەتی تورکیا زیاتر لە ١٨٠٠ بارهەڵگری گەورەی رەوانەی ناوچەی ئیدلب کردووە، کە چەکی جۆراوجۆری قورسی وەکو تانک و زرێپۆش و سەربازو نەفەرهەڵگری دژە گوللە و راداری لەخۆگرتووە، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ٦٥٠٠ سەربازی لە ناوچەکانی ئیدلب و حەلەب بڵاوە پێکردووە.
هەر لە ئاکامی ئەم بەرەوپێشچوونانەدا وەکو پێشتریش باسمکرد، لەم مانگەدا ١٣ سەربازی تورکیا کوژراون و هەروەها هێزەکانی رژێمی سوریا ئابڵۆقەی خاڵە چاودێرییەکانی تورکیایان بە پشتیوانی هێزی ئاسمانیی روسیا لە ناوچەی ئیدلب داوە. لەکاتێکدا ئەو خاڵە چاودێرییانە پێشتر بە رێکەوتنی نێوان روسیا و تورکیا دامەزراون، بەمەبەستی دروستکردنی ناوچەی کەمکردنەوەی ئاڵۆزی کە ئێستا وەکو بارمتەیەک لەلایەن سوریاوە بەکاردەهێنرێن.
لە بەرامبەر ئەو هەنگاوانەی حکومەتی سوریادا، تورکیاش دەستەوستان نەبووە و هێزەکانیان پەلاماری چەند پێگە و بنکەیەکی سوریایان داوە و فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەری سوپای سوریایان خستۆتە خوارەوە و چەند سەربازێکی سوریاشیان کوشتووە و بریندارکردووە.

**پێکدادانی روسی و تورکی**

وادیارە ئاڵۆزییەکانی سوریا و تورکیا و بەو حاڵەوە ناوەستێت و لایەن و وڵاتی تریش رادەکێشێتە ناو هاوکێشە ئاڵۆز و ناهاوسەنگەکەوە، هەروەک روون و ئاشکرایە روسیا هاوپەیمان و هاریکاری پلە یەکی بەشار ئەسەدە لە سوریا و هەر ئەو پشتیوانییەش بوو کە رژێمەکەی لەو گەردەلوول و رەشەبا سەختەی سالانی پێشوو پاراست، بۆیە پێناچێت ئێستاش پشتی بەربدات و رژێمیش کە هەموو ناوچەکانی سوریای خستەوە بن دەسەڵاتی خۆی جگە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە، پێناچێت دەستبەرداری پێشڕەوییەکانی ببێت بۆ ناوچەی ئیدلب لە باکووری خۆرئاوای سوریا، بە تایبەتی هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای سوریا بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی روسیایە و ئەوەی بارودۆخەکەشی زیاتر ئاڵۆز کرد، هەڕەشەکانی ئەردۆغان بوو لە ١٢ ی شوباتدا.
لە بەرامبەر ئەم هەڕەشانەی سەرۆکی تورکیادا، سوپای سوریا و روسیای هاوپەیمانی لە بەیانێکی هاوبەشدا وەڵامی هەڕەشەکانی ئەردۆغانیان دایەوە و پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی کە بەردەوام دەبن لە ئۆپەراسیۆنەکەیان دژ بە هەموو تاقم و گروهە تیرۆریستەکان.
هەروەها روسیا حکومەتی تورکیا تاوانبار دەکات بەوەی پابەند نابێت بەو رێکەوتننامانەوە کە لەگەڵ مۆسکۆ واژۆی کردوون لەسەر دۆخی سوریا و وەزارەتی بەرگری روسیا وتی، هێزەکانی تورکیا بارودۆخی مەیدانی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکەن و بەرەو خراپتری دەبەن.
شەڕەکە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە
لە لایەکی ترەوە، سورییەکان دەڵێن شەڕەکە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەویش ئەوەیە تورکیا شکستی خوارد لە رێگەی شەڕی بریکارەکانییەوە و ئێستا خۆی هاتۆتە گۆڕەپانی جەنگەوە.
لە راستیشدا ئەم هەنگاوەی تورکیا لە رووی یاسا و عورفی نێودەوڵەتییەوە دەستوەردانێکی ئاشکراو روون و راستەوخۆیە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی تر، کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە و پێشێلکردنی سەروەرییەکەیەتی، جگە لەوەش ئەم دەستوەردانەی ئەردۆغان لەکاروباری سوریا و دواتر لیبیاش، هەنگاوێکە بۆ راکێشانی هەست و سۆزی نەژادپەرستەکانی تورک، لە کاتێکدا لە رووی ئابووری گەشەکردنەوە ئابووری ئەو وڵاتە پاشەکشەی زۆری کردووە، کە لە رابردوودا تاکە شانازییان ئەوە بوو.

**پابەندنەبوون بە رێکەوتننامەکانی پێشووەوە**

لە کۆتاییدا ئەگەر نهێنی ئەم هەڵچوونە لە هەڵوێستەکەدا بۆ ئەو بگەڕێتەوە کە سوریا و روسیا پابەندنەبوون بە رێکەوتننامەکانی پێشووەوە، ئەوا سوریا و روسیا دەڵێن کە ئەو رێکەوتنە کاتی بووە، دیمەشق و مۆسکۆ دەخوازن هەردوو رێگەی ستراتیژی و

گرنگی M4و M5 بخەنە بن دەستەڵاتی خۆیانەوە و تورکیاش تاوانبار دەکەن بەوەی کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی هەڵنەوەشاندۆتەوە، بە تایبەتیش کە ئێستا ئەردۆغان لە هەڵوێستێکی لاوازدایە و ئیرەیی پێ نابرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆشدا بە گوێرەی پێویست نییە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨٠٨٦ - ٢٠٢٠/٢/١٦

# ماکرۆن لە بەیروت و بەغدا

لە ماوەی مانگێکدا، دووجار ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەرەنسا سەردانی بەیروتی پایتەختی لوبنانی کرد، ئەگەر لوبنان یەکێک لە وڵاتە کۆلۆنیالییەکانی فەرەنسا بێت، ئەوا سەرۆک ماکرۆن هەر بە هەمان خەیاڵی جارانەوە خاوەنداری لە لوبنان و قەیرانە سەختەکانی دەکات و هەر دوای تەقینەوە وێرانکەرەکەی بەندەری بەیروت، سەرۆکی فەرەنسا کەلاوە و دار و پەردوو و دووکەڵەکەی بەسەرکردەوە، لە ناو ئاپۆڕایەکی زۆری هاووڵاتیانی لوبناندا کە هاواریان دەکرد، رزگارمان بکەن لە دەستی حوکمڕانە گەندەڵەکان.

جاری دووەم کە ماکرۆن گەڕایەوە بۆ بەیروت، ئەو حەماسەت و ئومێدە گەورەیەی خەڵکی لوبنان هەڵیان چنیبوو، دامرکاندەوە و هەناسەی ساردیان هەڵکێشا لەوەی کە ئەویش ناتوانێت برینەکانیان تیمار بکات.

ماکرۆن سەرەتا وتی، پێویستە ژێرخانی سیستمی حوکمڕانی لوبنان بگۆڕێت نەک جوانکاریی بکرێت، بەڵام ئێستا پشتگیری لە کاندیدی نوێ بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت (مستەفا ئەدیب) باڵیۆزی لوبنان لە ئەڵمانیا دەکات، کە لەلایەن شەقامی لوبنانەوە رەتدەکرێتەوە، چونکە ناوبراو سەرۆکی نووسینگەی نەجیب میقاتی سەرۆکی پێشووتری حکومەتی لوبنان بوو، لەبەرئەوە هەر بە درێژکراوەی هەمان سیستمی حوکمڕانی دەزانن.

### ***ماکرۆن لە بەغدا***

ساڵی ٢٠١٤ لە گەرمەی شەڕی داعشدا لە عیراق، فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا گەیشتە بەغدا و هەولێر بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی، رۆڵی کاریگەری فەرەنسییەکان بۆ لەناوبردنی داعش و تیرۆر گەلێک کاریگەر بوو، چونکە فەرەنسییەکان لە هەموو کەس زیاتر درکیان بە مەترسیی تیرۆر بۆ سەر ئاشتی ناوچەکە و جیهانیش کردبوو. لەوەش زیاتر، بوونی ٩٠٠ چەکداری هەڵگری رەگەزنامەی فەرەنسی لە نێو ریزەکانی داعش لە عیراق و سوریا، ئەرکی فەرەنسییەکانی قورستر کردبوو.

ئێستاش ماکرۆن سەردانی بەغدای کرد و زنجیرەیەک کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ سێ سەرۆکایەتییەکەی عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو هێزە سیاسییەکانی عیراق کرد، بە وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە بە سەرۆکایەتیی هاوسەرۆک لاهور تاڵەبانی.

ئەوەی لە لێدوان و هەواڵەکان و میدیاکاندا بیستمان، ئەوەیە کە ماکرۆن پێداگرە لەوەی

فەرەنسا، عیراق بەتەنیا جێناهێڵێت، هێشتا مەترسیی تیرۆری داعش ماوە، جگە لەوەش دەستوەردانی دەرەکی لە کاروباری عیراق و پێشێلکردنی سەروەریی خاکەکەی. لە بەرامبەر ئەم مەترسی و هەڕەشانەدا، سەرۆکی فەرەنسا رایگەیاند، کە ئەوان پڕۆژەیەکیان هەیە بە ناوی (پاراستنی سەروەریی عیراق) و لە بەرامبەریشدا لایەنی عیراقی هاوکاری و پشتیوانییەکانی فەرەنسایان بۆ عیراق بەگرنگ وەسفکرد و بەرزنرخاند.
خاڵێکی گرنگ لە پڕۆژەکەی فەرەنسادا، پاراستنی سەروەریی عیراقە کە دەخوازێت سەرکردەکانی ئەو وڵاتە رەزامەندیی لەسەر بدەن و دواتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی بکات. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا روو دەدەن کە فڕۆکەکانی تورکیا رۆژانە بۆردوومانی گوند و چیا و ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، کە بەشێکی دانەبڕاوی عیراقن. لەم کاتەدا ناکۆکییەکانی فەرەنسا و تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و قەیراندایە، هەر لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا دوورگەی قوبرس و ناکۆکی لەگەڵ یۆنان و دەستوەردانی تورکیا لە لیبیا و سوریا و زۆر شوێنی تریش، بۆیە فەرەنسا دەخوازێت لە عیراق بەر بەو پێشێلکارییەی تورکیا بگرێت.
بابەتێکی تری گرنگ کە ئەمجارە لەم سەردانەدا باسکرا، وزەی ئەتۆمە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە عیراق لەلایەن فەرەنساوە. ئەگەرچی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشووشدا رژێمی ئەوسای عیراق هەنگاوێکی وای نا هەر لەگەڵ فەرەنسا، بەڵام ئیسرائیل بۆردوومانی کرد.
لە کۆتاییدا هاوپەیمانی و هاوکاریی فەرەنسا و هەموو وڵاتانی گەورە و پیشەسازی و خاوەن پێگە و هێز بۆ عیراق گرنگە، بۆئەوەی بتوانێت خۆی بنیاتبنێتەوە و بەر بە دەستوەردانی وڵاتە ئیقلیمییەکان بگرێت و خۆی لە سیاسەتی جەمسەربەندیی بپارێزێت.

کوردستانی نوێ -ژ. ٨١٧٢ - ٢٠٢٠/٩/٦

# ئاگربەستێکی مێژوویی لە ئەفغانستان

دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە ململانێ و شەڕو کوشتاری نێوانیان، ڕۆژی ٢٩ شوباتی ٢٠٢٠ لە دەوحەی پایتەختی قەتەر، سەرکردەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان و نوێنەری ئەمریکا ئاگربەستێکی مێژوویی گرنگیان واژۆکرد، بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی نێوانیان، کە ئەمەش دەروازەیەک دەکاتەوە بۆ دانوستاندنی ئاشتی و ئەمەش بێگومان پڕە لە دڕکو داڵ.

ئەگەر سەرۆک ترەمپ هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی و پێشتریش لە هەڵمەتەکانی بانگەشەدا بەڵێنی ئەوەی دابوو کە کێشەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ کۆریای باکوور، کۆتاییهێنان بە شەڕ لە ئەفغانستان، کۆتاییهێنان بە ڕێکەوتننامەی (٥+١) لەگەڵ ئێران، کشانەوە لە ڕێکەوتننامەی پاریس بکات، ئەوا ئێستا هەموو ئەوانە بوونە کردار.

هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە ڕۆژی دوای ئیمزاکردنی ئەو لێکتێگەیشتنە، واتە ٢٠٢٠/٣/١، روو لە ئەفغانییەکان سەرۆک ترەمپ وتی: ئەم هەلەی ئاشتی لە دەست مەدەن، ئەگەر بزووتنەوەی تالیبان و حکومەتی ئەفغانستان پابەندبن و لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن، ئەوا هەنگاو دەنێین بۆ پێشەوە بەرەو کۆتاییهێنان بە جەنگ و گێڕانەوەی سەربازەکانمان بۆ نیشتمانی خۆمان.

لەلای خۆشیانەوە، بزووتنەوەی تاڵیبان لە هەمان ڕۆژدا فەرمانیان بە هێزەکانیان دا تاکو پابەندی ئاگربەستەکە بن و هیچ هێرشێک نەکەن، تاکو لەگەڵ دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکاندا ڕێکەوتنەکە واژۆ دەکرێت. هەروەها زەبیحوڵڵا موجاهید وتەبێژی تاڵیبان رایگەیاند: کە هەر ئەمڕۆ فەرمان بۆ هەموو «جەنگاوەرانی» بزووتنەوەکەی دەرچووە کە خۆبپارێزن لەهەر هێرشو پەلامارێک لە پێناوی بەدیهاتنی ئاشتی و بەختەوەریی نەتەوەکەمان، خوازیاری ئەوەبوو کە ئەمریکییەکانیش پابەندبن بە بەڵێنەکانی کاتی وتوێژ و ڕێکەوتنەکەوە.

لەلایەکی تریشەوە، نیگەرانیی بزووتنەوەکەی پیشاندا لە هەمبەر فڕینی فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تالیبان.

### *زەمینە لەبارە بۆ ئاشتی؟*

لە بارودۆخێکدا کە ئەمریکا بەرەو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەڕوات لە کۆتایی ئەمساڵدا، دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئێستا بە نیازی خۆکاندیدکردنەوەیە بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی، بۆیە ئەم مەسەلەیە گرنگە بۆ هەڵمەتی بانگەشەو راکێشانی دەنگی دەنگدەرێکی بێشومار.

لە هەمان کاتیشدا ئەفغانییەکان هەرچەندە میللەتێکی جەنگاوەر و کۆڵنەدەرن و بە درێژایی

مێژوو وڵاتەکەیان گۆڕستانی داگیرکەران و ئیمپراتۆرییەتەکان بووە، بەڵام ئێستا ماندوو و شەکەتی شەڕی درێژخایەنن، هەروەکو سیراجەدین حەقانی کەسی دووەم لە بزووتنەوەی تاڵیبان لە وتارێکیدا بۆ ئەم قۆناغە، لە رۆژنامەی نیۆرک تایمزدا بە راشکاوی دەڵێت: «هەمووان ماندوو بووین لە جەنگ».

***لە جەنگی ئەفغانستاندا کێ سەرکەوت؟***

بێگومان هەمووان سەرکەوتن لەم شەڕە درێژخایەنەدا، ئاشتی بۆخۆی جوانترین دیارییە بۆ هەمووان، بۆ ئەمریکییەکان، بۆ ئەفغانییەکان، بۆ تالیبان، قازانجیان بەدەستهێنانی ئاشتی بوو، چونکە ئەگەر شەڕ ١٠٠ساڵی تریش بەردەوام بووایە، هیچ سوودێکی بۆ کەسیان نەدەبوو.

***لەم جەنگەدا کێ دۆڕا و کێ زیانمەند بوو؟***

زەرەرمەندی یەکەم و دۆڕاوی یەکەم رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەیە، کە هەر خۆی هۆکاری هەموو ئەو شەڕو ماڵوێرانییە بوو کە بەسەر ئەفغانستاندا هات و ئەو وڵاتەی کردبووە بنکەی سەرەکیی کردەوە تیرۆریستییەکان و لەوێوە پیلان و نەخشەی دەکێشا، هەر جارەی بەناوو پاساوێکەوە.
ئەوەی لە رێکەوتنامەکەی نێوان ئەمریکا و بزووتنەوەی تالیباندا هاتووە، بڕینی هەموو پەیوەندیی و هەماهەنگییەکە لەگەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەکو ئەلقاعیدە و داعش و هەموو رێکخراوە تیرۆریستییەکانی تریش، نەک هەر بەڵێن، بەڵکو کارکردنی جددی بۆ ئەوەی خاکی ئەفغانستان نەبێتە بنکە و گۆڕەپانی هیچ نەخشە و پلان و پیلانێکی تیرۆریستی دژ بە هیچ وڵاتێکی تر.
جگە لە رێکخراوە تیرۆریستییەکان کە زەرەرمەندن، وڵاتانی ئیقلیمیش بەشی خۆیان زیانیان لەم پرۆسەی ئاشتییە بەردەکەوێت، بە تایبەتی ئێران کە دیپلۆماسییەتی ئەمریکا دۆسێی ئەفغانستانی بە زیرەکانە لە دەست دەرهێنان.
لە کۆتاییدا، وتوێژ و رێکەوتن گەلێک باشترە لە جەنگ و ماڵوێرانی، ئەگەرچی کاتی زۆریش ببات، بە تایبەتی بۆ شەڕێک لە ١٩ ساڵی رابردوودا کە بە گوێرەی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەیان هەزار کەسی ئەفغانی و ١٩٠٠ سەربازی ئەمریکی بەهۆیەوە کوژراون.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١٠٦ - ٢٠٢٠/٣/١٠

# پەتا و دەردەکان تا کۆرۆنا

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنینەوە، ئەوسا دەزانین پەتا و دەرد و تاعونەکان چییان بە مرۆڤ و شارستانێتییەکەی کردووە، هەرچەندە لە وتارێکی وا کورتدا من لەوەیە و بێگومانیش ناتوانم بە درێژی و بە چڕی باسی ئەو بابەتە سامناکە بکەم، بەڵام بۆ رۆژگاری ئێستای سەردەمی کۆرۆنا کە تائێستا جیهان پێیەوە گیرۆدە بووە و ژیانی خەڵک و دامودەزگاکانی حوکمڕانی لە جیهاندا نیمچە ئیفلیج کردووە، بیرخستەوەیەکی خراپ نییە.
دەوڵەتی هایتی کاتێک ساڵی ١٧٩١ زایینی لە ئاکامی شۆڕشێک کە ئەو ئەفریقییانەی فەرەنسییەکان وەکو کۆیلە هێنابوویانن بۆ هایتی، دامەزرێنرا، هەربۆیە ناپلیۆن لە ساڵی ١٨٠٢ زاییندا هەوڵیدا ئەو وڵاتە کۆلۆنییەی خۆی داگیربکاتەوە و سوپایەکی نارد کە پێکهاتبوو لە نزیکەی ٥٠ هەزار سەرباز، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندەی تای زەرد (حمی الصفراو) زۆربەی هێزەکەی گیانیان لەدەستدا و دوای ساڵێک ناپلیۆن ناچار بوو دەستبەرداری ئەو بڕیارەی ببێت و هەرێمی لویزیانا بە نرخێکی هەرزان بە ئەمریکا بفرۆشێت. ئەمە نموونەیەکی ئێجگار بچووکە لەوەی کە چۆن پەتا و دەردەکان ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕن.

### تاعونی جستنیان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی

ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی یان (ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژهەڵات) لە سەردەمی حوکمڕانی ئیمپراتۆر جستنیان کە لە نێوان ساڵانی ٥٢٧ زایین تاکو ٥٦٥ زایین ئەوپەڕی گەشە و فراوانی بەخۆیەوە بینیوە و هەر لە سەردەمی ئەمدا یاسای رۆمانی نووسرا و ریفۆرمی کارگێڕی و دارایی کراوە و کەنیسەی ئایا سۆفیا دروستکرا و بەشێکی زۆری خاکی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژئاوا داگیرکرا بەمەبەستنی یەکخستنەوەی هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکە، هەر لەو کاتەدا ئەم تاعونەش بڵاوبۆوە کە دواتر بە تاعونی جستنیان ناسرا.
ئەم پەتایە لە سەرەتای ساڵی ٥٤١ی زایین سەریهەڵدا لەنزیک شاری پۆرسەعید لە میسر و دواتر بەرەو خۆرئاوا گوازرایەوە تا ئەسکەندەریە، لە رۆژهەڵاتەوە تا فەلەستین، دواتر لە سەرەتای ساڵی ٥٤٢ی زایین تا قوستەنتینیەی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکە تەشەنەی کرد، کە تاکو زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ درێژەی کێشا و تاکو ساڵی ٧٥٠ی زایینی خایاند.
سەرچاوە مێژووییەکان و ناسیونال جیۆگرافیک باس لەوە دەکەن کە بەهۆی تاعونی جستنیانەوە ٣٠ – ٥٠ ملیۆن کەس گیانیان لەدەستداوە، کە بۆ ئەوکاتە دەکاتە نیوەی

دانیشتووانی گۆی زەوی و ئەم پەتایە ئاسیا و باکووری ئەفریقا و ناوچەی عەرەبی و ئەورووپای گرتەوە.
ئەم پەتایە ئیمپراتۆرییەتەکەی زۆر لاواز کرد، بەهۆی زۆری ژمارەی مردووەکانەوە نەپەرژانە سەر راهێنان و خۆڕێکخستن و تاڕادەیەک نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات، جگە لەوەش ژێرخانی ئابووریی وڵات داڕما و هەر لە ئاکامی ئەم پەتایەدا بەشی زۆری خاکی ئیمپراتۆرییەتەکەیان لەدەست دا، هەر لە باکووری ئیتالیا تا باکووری ئەفریقا و تەنانەت لە دەستدانی کەناری ئیسپانیاش لە ساڵی ٧١٧ی زایین بۆ عەرەبەکان و وڵاتی شام و ئاسیای بچووکیش.

### تاعونی رەش لە ئەوروپا

ئەم تاعونەش کە لە ریگەی رۆژهەلات و ئەوەی پێی دەوترێت ریگەی ئاوریشم، پێدەچێت هەر لە چینەوە وەکو ئێستای کۆرۆنا لە نێوان ساڵەکانی ١٣٤٧ تا ١٣٥١سەری هەڵداوە و ئەوکاتە ژمارەی دانیشتووانی جیهان کەمتر لە ٥٠٠ ملیۆن کەس بووە و تەنها لە ئەوروپا ٧٥ ملیۆن کەس بەهۆیەوە مردن.
تا ئەوکاتە ئەوروپا زۆ چڕ بوو، ژمارەی دانیشتووانەکەی هیچ کەموکورتییەکی نەبوو لە هێزی کاردا، بەڵام بەمە کێشەی گەورەی بۆ دروستبوو کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی زۆر شۆڕش لە لایەن جووتیاران و چین و توێژەکانی ترەوە، بە مەبەستی بە دەستهێنانی مافی زیاتر.

### ئەنفلۆنزای ئیسپانی

ئەویش یەکێکی ترە لەو پەتا پیسانە کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە سەریهەڵدا و نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن کەس تووشی بوون، کە لە ٥٠ تا ١٠٠ ملیۆن کەس بەهۆیەوە گیانیان لەدەست دا.

### کۆرۆنا چی دەگۆڕێت؟

کۆرۆنا ئەو ڤایرۆسەی کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ لە چین سەری هەڵدا و تا ئێستا زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس تووشی بوون، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەسیش بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە، تاکو ئێستا هیچ ڤاکسینێک نەدۆزراوەتەوە بۆ چارەسەرکردن و لەناوبردنی ڤایرۆسەکە، بۆیە پێدەچێت کاریگەریی زۆری هەبێت بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی، کە لەوەیە ئیتر بەریەککەوتنی مرۆڤەکان ببێتە شتە یاساغ و حەرامەکان، ئەی ئایندەی ریستۆرانت و کافێ و فرۆکە و گەشتەکان چۆن دەبن؟

کۆرۆنا فێری کردین لە دووری یەکترەوە کاربکەین، رۆڵی نیشتمانپارێزیی گۆڕی لە سەربازەوە بۆ پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و سیستمی تاک جەمسەری جیهانی گۆڕی بۆ فرەجەمسەر، شێوازی خواپەرستی و سروشە ئایینییەکانی گۆڕی، رۆڵی ئەنتەرنێت و فراوانبوونی بەکارهێنانی پێویستی بوونی، پێدانی چارەسەر و خزمەتگوزاری تەندروستی لە دوورەوە بە نەخۆش بێئەوەی بچنە کلینیکە تەندروستییەکان، باوەڕی مرۆڤەکان زیاتر بووە بە زانست و زانیاری نوچداری، کزبوونی باوەڕ بە دابونەریتی کۆن و دواکەوتوو، زیاتر بڵاوبوونەوەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی، با چاوەڕوانی شتی تریش بین.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١١٨ - ٢٠٢٠/٥/١٧

# ئەمریکا و چین
# لە لێواری جەنگێکی ساردا

واشنتۆن و پەکین لەسەر لێواری جەنگێکی سارددان بەمانای وشە، ئەمە مانشێت و سەردێڕی میدیا و رۆژنامەکان نییە، شرۆڤەی شرۆڤەکاران نییە، ئەمە وتەی (وانگ یی) وەزیری دەرەوەی چینە لەمەڕ دوا لێدوان و تۆمەتبارکردنی یەکدی لە نێوان چین و ئەمریکا سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
وەزیری دەرەوەی چین زیاتر مەترسیی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی و ئەمریکای ئاشکراکرد و وتی: ئەمریکا تووشی ڤایرۆسێکی سیاسی بووە، کە بەردەوام هانی کاربەدەستەکانی دەدات پەلاماری چین بدەن، ئامادەیی وڵاتەکەشی دەربڕی بۆ هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)، بەمەرجێک دوور بێت لە دەستێوەردانی سیاسی.
هەر لە میانی هەمان بابەتدا، وەزیرەکەی چین وتی: هەموو درۆ و دەلەسەکانی ئەمریکا بە ورد و درشتییەوە رەتدەکەمەوە و هەندێک ناوەندی بڕیاری سیاسی لە ئەمریکا هەن، دەخوازن پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە وەکو بارمتە دابنێن و بە ئاراستەی شەڕی ساردا ببیەن و ناکۆکی و ململانێی کۆن و کەڵەکەبووەکانی نێوانمان سەبارەت بە بازرگانی و کۆمپانیای هواوی و بارودۆخی هۆنگ کۆنگ مانا و ئاراستەی تری بدەنێ، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
راستە پێشکەوتنی چین لە هەموو بوارەکانی بازرگانی و گەشەکردن و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی جیهان بینیوە و چین پەلاماری هیچ وڵات و گەلێکی نەداوە لە مێژووی نزیکیدا، سەرەڕای زۆری ژمارەی دانیشتووانەکەی کە سەرووی ١,٤ ملیار کەسە، هەموو ئەوانە وایانکردووە کە ببێتە هێزێکی خۆشەویست و دۆست لەلای زۆرێک لە گەلانی جیهان. لە بەرامبەردا ئەم پێشەوەچوونە گەورانەی چین مەترسی و دڵەڕاوکێی گەورەی لای ئەمریکییەکان خوڵقاندووە، ئەوەی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا مەترسیدارتر و مەزنترە بۆ ئەمریکا ناوی چینە، ئەو عیملاقەی کە کاتی خۆی ناپلیۆن بۆناپارت وتی، لێی گەڕێن با هەر بخەوێت، چین ئەگەر رابێت جیهان داگیر دەکات.

### مەترسیی ئەمریکا لە چین

سەرچاوەی مەترسییە گەورەکەی ئەمریکا لە چین، لە راستیدا ڤایرۆسەکە و ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤانەی نییە کە لەسەر ئابووری ئەمریکا بە جێیهێشت، بەقەد ئەو

ئاڵنگارییە گەورەیەی چین بۆ دۆلاری ئەمریکی کە دراوی نیشتمانییانە و بڕبڕەی پشتی سیستمە ئابوورییەکەیەتی، دروستیکردووە، کە حەفتا و پێنج ساڵە بێ رکابەر کۆنترۆڵی هەموو ئاڵوگۆڕی دراو و بۆرسەکانی جیهانی کردووە. لە ئێستادا چین لە زۆر رێگە و پێگەوە کۆسپ و ئاڵتەرناتیڤی بۆ دروست دەکات، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هەژموونی دۆلار لە نزیکترین کاتدا.
راستە تا ئێستا لە ئەمریکا نزیکەی ١,٦ ملیۆن کەس تووشی کۆرۆنا بوون و ئەو ڤایرۆسە نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسی کووشتووە و ئەم ژمارانەش قابیلن بۆ هەڵکشان، ئەگەر سەرۆک ترەمپ کرەنتین کەم بکاتەوە یان رێکارەکان هەڵبگرێت، بەڵام هەڕەشەی گەورەتر بۆ ئەمریکا لە چینەوە پارە و دراوە تازەکەی چینە (یوان-ی دیجیتاڵی) کە هاتۆتە گۆڕێ و تا ئێستا لە چوار هەرێمی ئەو وڵاتە کاری ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت.
لە دوای پێنج ساڵ لە توێژینەوە و پێشخستن،ئێستا پلانەکەیان ساز و ئامادەیە بۆئەوەی ببێتە دراوێکی یەدەگی جیهانی، ئەگەر وەکو دۆلار بەهێزتریش نەبێت.

### گرنگی دراوەکەی چین

گرنگی و بەهێزی دراوە دیجیتاڵییە تازەکەی چین (RMB دیجیتاڵ) لە دوو خاڵدا گرنگە:
١. شکستهێنانی هەر سزا و ئابلۆقەیەک کە لە داهاتوودا ئەمریکا دژ بە چین پیادەی بکات.
٢. بەخشینی هێز و توانایەکی جیۆسیاسی گەورە بە چین.
ئەمەش ئاسانکاریی گەورە بۆ کۆمپانیا چینییەکانی وەکو تنست و عەلی بابا دەکات، کە لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین بە بەربڵاوی کار دەکەن، دەتوانن لەسەر مۆبایلە زیرەکەکانەوە قەبەترین ئاڵوگۆڕی دراو و بازرگانی بکەن، کە تەنها لە ساڵی ٢٠١٨ دا بایی ٤١,٥ تریلیۆن دۆلار بووە.
هەر لە ئێستاشدا ئابووری چین یەکەم وڵاتە کە بووژاوەتەوە و لە سەردەمی کۆرۆنادا هەر ئێستا ١٧٧ کەشتیی نەوتی گەورە بەرەو بەندەرەکانی ئەو وڵاتە دەڕۆن بۆئەوەی بارەکانیان بەتاڵ بکەن، جگە لە نیگەرانی ئەوروپییەکان لەسەر کڕینی بەش و سەهمی کۆمپانیا ئەوروپییەکان لەلایەن چینییەکانەوە بە نرخێکی هەرزان بە هۆی کۆرۆناوە، تەنانەت ئابووریناسێکی ئەوروپا هۆشداریدا لەوەی کە بەبێ دەنگی و دوور لە هەر هەڵایەک، چین نیوەی جیهان دەکڕێت.

کوردستانی نوێ - ژ. ٨١٢٦ - ٢٠٢٠/٦/٧

# ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێوان جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوینددا

ئێستا ئیتر ڤایرۆسی (کۆڤید ١٩) کۆرۆنا لە قۆناغی پشکنین و وردبینی و باسکردن و توێژینەوەوە پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش بڵاوبوونەوەیە بە هەموو جیهاندا، ئەمەش نەک بە وتەی میدیاکان و بانگەشە و لێدوانی ئەملا و ئەولا، بەڵکو ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بە فەرمی ڕایگەیاند کە ڤایرۆسی کۆرۆنا پەتا و دەردێکی جیهانییە و هیچ سنوورێکی دیاریکراوی نییە.
لە هەمان کاتدا کە دەبێژین ڤایرۆسی کۆرۆنا جیهانییە، مەبەست سامناکی و توانای کوشندەیی ڤایرۆسەکە نییە، بە قەد ئەوەی کە سنوورێکی جوگرافیای دیاریکراوی نییە و لە ناوچەیەکدا گەمارۆ نادرێت، هەروەکو چۆن سەرەتا لە شاری ووهانی چین سەریهەڵدا کە پێشبینی دەکرا هەر لەوێندەر گەمارۆ بدرێت و کۆتایی پێبێت، بەڵام دواتر خێرا سنوورەکانی بڕی و بەڵگەکانیش ئەوەن تاوەکو ئێستا چەندین دەوڵەتی گرتۆتەوە و سەدان هەزار کەس تووشبوون و هەزاران کەسیش گیانیان لەدەستداوە. هەر ئەمەش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ناچارکرد بە پەتایەکی جیهانی بیناسێت.
هەرچەندە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو ڕووداوەکانی تایبەت بەو دەردە نەگریسە بە خێرایی بە هەموو جیهاندا پەل دەکوتێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە شێوازێکی ئاڵۆزتر و شێواو ترە، بەهۆی ئەوەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە تێکەڵەیەکن لە دەوڵەمەند و هەژار، داهاتی تاک و کۆی، داهاتی گشتی و ژێرخانی سیستەمی تەندروستی جیاوازە، ناوچەکە ناسەقامگیر و پڕ کێشە و ململانێی چەکدارییە، کە لە زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەدا ژێرخانی تەندروستی زۆر لاواز کردووە.
جگە لەوانەش، شاڵاوی کۆچەری و پەنابەران لە نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیە و باری تەندروستی و سیستەمی تەندروستی، ناوچەکەی شپرزە کردووە. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی جیۆسیاسی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ هەریەک لە چین و ئێران، کە کانگای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی ناوبراون.
کاردانەوە و ڕێکارەکانی وڵاتانی ناوچەکە لە هەمبەر کۆرۆنادا، تا ئێستا ڕاگەیاندنی حاڵەتی تووشبوون و مردن و چارەسەری ڤایرۆسەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تری ناوچەکە جیاوازە و ئەمەش ڕەنگە لەبەرئەوە ئەوە بێت کە بەهەر هۆکارێک لە هۆکارەکان، توانای ئەوەیان نییە پشکنینی ورد و تایبەت بە ڤایرۆسەکە بکەن.
سوریا، تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تۆمار نەکردووە سەرەڕای پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ

ئێران، لەوانەیە بەهۆی سیستمی تەندروستی ماندوو و شەکەتی ئەو وڵاتەوە بێت کە ناتوانێت ئەم ڤایرۆسە دەربخات.

***یەمەن، هەمان دۆخی سوریای بەسەردا جێبەجێ دەبێت.***

عەرەبستانی سعودیە، هەموو سـەردان و مەراسیمە ئایینییەکانی حـەج و عەمرەی هەڵوەشانەوە و تا کاتێکی نادیار سەردانی شاری مەککە تەنها بۆ دانیشتووانی شارەکەیە.
هەندێ لە وڵاتانی کەنداو بۆ پێدانی ڤیزا بۆ سەردانیکەرانی وڵاتەکەیان، داوای بەڵگە و ئەستۆپاکی دەکەن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.
ئێران، هەرچەندە ئێرانییەکان بەهۆی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی شوباتەوە دواکەوتن لە راگەیاندنی حاڵەتە تووشبوەکان، ئەمەش زیانێکی گەورەی پێگەیاندن.
لە عیراق نزیکەی ٢٥٠ حاڵەت و لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە ٧٥ تووشبوو تۆمارکراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکاری ورد و زانستی گونجاوی گرتۆتەبەر بۆ بەگژداچوونەوەی کۆرۆنا.

کوردستانی نوێ – ٢٠٢٠/٣/٢٣

# جیهان دوای کۆرۆنا

ئەم سەدەی بیست ویەکە هەرلەسەرەتاکەیەوە وەکوسەدەکانی پێش خۆی نەبوو ,هەرلە ڕوداوەکانی (١١) سپتەمبەری ٢٠٠١کەدواترجیهانی گۆڕی ,ئەمریکیەکان پەلاماری ئەفغانستانیان داوحکومەتی تالیبانیان ڕووخان وئەو وڵاتەیان داگیرکرد,لە ٢٠٠٣ شدا عێراقیان داگیرکرد,ئەوکەرەسانەی لەڕوداوەکانی ١١ سپتەمبەردابەکارهاتن جیاوازبوو لەکەرەسەوچەکەکانی هێرش بردنی تەقلیدی , ئەمان کەڵکیان لەبلیتی گەشتکردن بەفڕۆکە وەرگرت تاوەکودەست بگرن بەسەر فڕۆکەی مەدەنی و بەکاری بێنن بۆپەلاماری تاوەرەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانی لەنیۆرک وبنتاگۆن , نەک بەبۆمبی ئەتۆمی.
لەئێستاشدا ئەوەی ڕوو دەدات کە هەمووجیهانی تووشی شۆک کردووە ودەتوانین بڵێین ژیانی مرۆڤایەتی ئیفلیج کردووە ڤایرۆسێکی بچکۆلەیە و بەچاونابینرێت ئەویش (کۆرۆنای کۆڤید_١٩)ەیە کەبۆتەپەتاودەردێکی نەگریس وترس ولەرزێکی ئێجگارگەورەی خستۆتەدڵی دانیشتوانی گۆی زەوی.
ئەوەی وامان لێدەکات بگەینە ئەوباوەڕەو بڵێین کەجیهانی دوای کۆرۆنا جیهانێکی جیاوازترە کەپرسیاروگومانی گەورەمان لەلا دروستدەکات لەسەرچەمکەکانی دەوڵەت وسنورو وجیهانگیری و یەکێتی وهاوپەیمانیە زەبەلاحە ئیقلیمی ونێودەوڵەتیەکان بەتایبەتی یەکێتی ئەوروپا کەسنورەکانیان لەسەریەک داخستووە.
ئەگەر سەدەی پێشووبەدیاری کراوی لەدەیەی هەشتاکانی دا جەنگی ساردی نێوان دووجەمسەری ئەوسا ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی لەناتۆو یەکێتی سۆڤیەت وهاوپەیمانەکانی لە هاوپەیمانی وارسۆ پێشبرکێ یان لەسەرشەڕی ئەستێرکان دەکردو ملیارەها دۆلاریان بۆخەرج کرد ,بەڵام ئێستا کۆرۆنا ڤایرۆس لەسەرگۆی زەمین نەک بەربین وبەر دەرگای بەهەمووان گرتووە , بەڵکو هەمووکون و قوژبنێکی سەرزەمینی داگیرکردووەوهەڕەشە لە مرۆڤ وشارستانیتیەکەی دەکات.
لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەستەوسانە تا ئێستا, بەڵگەش لێدوان و وتەکانی زۆرێک لە سەرکردەکانی جیهانە هەرلەترەمپەوە تاوەکو رۆبن جۆنسۆن وئەنگیلا مێرکل وسەرۆکی ئیتالیاوئەوانی تریش.
ئەوەی مایەی تێڕامان ولەسەروەستانە بۆگەلانی سەرزەوی وبەتایبەتی وڵاتانی زلهێز کەلەکاربەدەستەکانیان بپرسن ئەوەی بۆشەڕی ساردوو شەڕی ئەستێرەکان خەرجتان کرد بۆ ژێرخانی تەندروستی وبەگژاچوونەوەی دەردوپەتاکان بکرایە ئێستا ژیانی گەلان جۆرێکی دی بوو.
لەهەمان کاتدا ڕوداوەکانی سەردەمی کۆرۆنا شەرعیەت ورەوایەتی زۆر دام ودەزگاو

ڕێکخراو وجومگەی زەبەلاح وچەورخۆردەخەنە ژێرپرسیارەوە کەئیترمانەوەیان هیچ بەهاوکاریگەرییەکی بۆکۆمەڵگاکان نیە ولەبەرامبەریشدا زۆر دەزگاو فەرمانگەش ڕۆڵی کاراو لێهاتووانەیان بینی کە دەکرێت گەشەیان پێ بدرێت.

لەکۆتاییداکۆرۆنا ئەو بەلا نەگریسە کە بەدوای مرۆڤەکانەوەیە لەزەمین وئاسمان ودەریاشەوە هەمووی لەمرۆڤ یاساغ کردووە , تاوەکو ژووری نووستن و مزگەوت وکەنیسەکان وهەموو خانەوشوێنەکانی عیبادەتی ئاینەکانی تریش بۆنەومەراسیمەکانی پرسە , جەژنی دایک وهەمووجەژنەکانی تریش ,.تاکەچارەسەرێک تاوەکو نها کاربەدەستانی ولاتان بەگەلەکانیانی دەبێژن لەماڵەوەدابنیشن , بزانین تاکوێ دەتوانین ؟

کوردستانی نوێ – ٢٠٢٠/٣/٢٥

# کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا

لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکادا کە خاوەنی یەکێک لە کۆنترین سیستمە دیموکراتیەکانە لە جیهاندا, تائێستا ئەوەی بەخۆیەوە نەدیووە کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان تێیدا دوابخرێت، یان ئەنجام نەدرێت لەژێر هیچ بارودۆخێکدا، تەنانەت لەسەروەختی شەڕی ناوخۆشدا لەو وڵاتە, بەڵام ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێت، جۆرێک لە گومان و دوودڵی و ساردییەک لەلای هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دروست بووە لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە بڕیارە ٣ تشرینی دووەمی ئەمساڵ ٢٠٢٠ بەڕێوەبچێت، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید١٩) کە هەڕەشە لە سەرجەم مرۆڤایەتی دەکات.

ئەوەشی کە ئەو گومانەی زیاتر بەهێز کردووە لای ئەمریکاییەکان ئەوەیە کە حزبی دیموکرت لە هەندێک لە ویلایەتەکان هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانیان دواخستووە, جگە لەوەش، هەندێک چالاکیی هەڵبژاردن هەڵوەشێنرانەوە لەلایەن هەمان حزبەوە بۆ کاندیدەکانی حزبەکەیان بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایتیەکە بۆ رکابەریی کۆمارییەکان کە سەرۆکی ئێستا ترەمپ-یان کاندید کردۆتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە بۆچوونێکی دیکە لەناو ئەمریکییەکاندا هاتۆتە ئاراوە کە گوایە سەرۆک ترەمپ لەم سەروەختەدا بڕیاری دواخستن یان بەڕێوەنەچوونی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە دەدات بەهۆی کاریگەریی و کاردانەوەکانی ڤایرۆسی کۆرناوە، ئەمەش بە کەڵک وەرگرتن لە باری نائاسایی فیدراڵی, بەڵام یاسا ناسەکانی ئەو وڵاتە لە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتیش ئەم هەنگاوە بەدوور دەزانن و دەبێژن ترەمپ ئەو دەستەڵات و توانایەی نییە ئەو هەنگاوە بهاوێژێت.

لە ڕووی دەستووریشەوە دەستوری ئەمریکا بوارنادات هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دوابخرێت یان نەکرێت لەژێر بارودۆخێکی قورس و سەختدا نەبێت, ئەویش پێویستی بە یاسادانانە لەلایەن کۆنگریس و ڕەزامەندیی سەرۆک کۆمار و نەبوونی هیچ بەربەستێک لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە, هەرچەندە لەساڵی ١٨٤٥ ەوە ئەو پەیمانەی واژۆ کراوە تائێستا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکادا هیچ گۆڕانکاریی و دواخستنێکی تێدا نەکراوە.

ئەگەر کەمێک بۆ پێشوو بگەڕێینەوە لەکاتی ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ , رایەک سەریهەڵدا لەنێو راوێژکارەکانی ئەوسای سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش کە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکە دوابخرێت، بەهۆی ئەو ڕووداوانـەوە, بەڵام هەرزوو کۆندۆلیزا رایس راوێژکاری ئەوکاتی ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمریکا بەرپەرچی ئەوانەی دایەوەو

وتی: لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت و ناکرێت هەڵبژادنی سەرۆکایەتی ئەمریکا دوابخرێت , چونکە لەسەردەمی شەڕیشدا و بەتایبەتی تر شەڕی ناوخۆییش دوانەخراوە.
ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان لە ئەمریکا دواخرابێت, هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان بووە کە لەچەند وێستگەیەکی کەمدا لەمێژووی ئەمریکادا بووە، ئەویش لە ویلایەتی نیویۆرک بەهۆی ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەرەوە و جارێکیش لە ولایەتی فلۆریدا بەهۆی گێژەڵوولکەی ئێرما لە ساڵی ٢٠١٧ ، ئەوانیش تەنها بۆ ماوەی دوو هەفتە.
ئەوەی زیاترمەبەستم بوو لەم وتارە کورتەدا کاریگەریی پەتای نەگریسی کۆرۆنایە لەسەر هەلبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمساڵ ٢٠٢٠ کە هەندێک لە ویلایەتەکان هەموو چالاکی و پرۆسەکانی کەمپینی هەڵبژاردنیان هەڵپەساردووە هەرچەندە حزبی کۆماری یەکلایی بوونەتەوە لە کاندیدکردنی سەرۆک ترەمپ بۆ خوولێکی نوی, هەرچی دیموکراتەکانیشە هەموو چالاکی و ریکلام وپڕوپاگەندەکانی نێوان هەردوو کاندید جۆ بایدن و سیناتۆر بیرنی ساندرز یان گواستۆتەوە بۆ سەر تۆڕی ئینتەرنێت.
دواجار هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەڕێگەی پۆست و ئەلکترۆنییەوە پرۆسەکە ئەنجام بدرێت و پۆستەی خۆڕایی دابین بکرێت بۆ ئەندامان و ستراتیژی پاراستنی هەڵبژاردنەکان لە هەموو ولایەتەکانی ئەمریکادا و لابردنی هەر کۆسپ و تەگەرەیەک کە دێتە ڕێگەی ئەوپرۆسەیە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٢٠٢٠/٤/١

# ئەمریکا و ئێران لە دەمەقاڵەو تویتەوە بۆ بەریەککەوتن

سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ فەرمانی بە هێزەکانی دا کە هەر بەلەمێکی سەربازیی ئێران لە کەشتییەکانیان نزیک ببێتەوە لە ئاوەکانی ناوچەی کەنداودا ئاگربارانی بکەن و لەناوی ببەن, ئەمەش لە دوای هەفتەیەک دێت لە نزیکبوونەوەی ١١ بەلەمی سوپای پاسدارانی ئێران لە کەشتیگەلێکی ئەمریکا لە ئاوی کەنداودا کە هەفتەی رابردوو زۆر لێی نزیک ببوونەوە.

ناکۆکییەکان هەڵدەکشێن، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئێران تا رادەیەکی زۆر، بەتایبەتی ئەمریکا کە ئێستا لە یەکەمی لیستەکەدایە بۆ تووشبوون و مردن, هەرچەندە لە زۆر شوێنی تر بە هۆی ئەو ڤایرۆسەوە شەڕو ململانێکان خاوبوونەتەوە.

لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا کە ئێران گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسە نەگریسەیە و قوربانیی زۆریشی هەیە، بارودۆخی وڵات شڵەژاو و نالەبارە بەهۆی گەمارۆ و سزاکانی ئەمریکاوە، کەچی لەم کاتەدا یەکەم مانگی دەستکردیان هەڵدایە بۆشایی ئاسمان، ئەگەر پێشتر دەیانوت بۆ مەرامی سەربازیی نییە، بەڵام ئێستا باس لەوە دەکەن کە بۆ مەبەستی بەرگریی و سەربازییە.

هەر ئەمەش وای لە ترەمپ کرد کە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە تویتێکدا بنووسێت کە فەرمانی بە هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا کردووە لە کەنداو کە هەر بەلەمێکی ئێران نزیک ببێتەوە لێیان لەناوی بەرن.

لە بەرامبەریشدا فەرماندەی گشتی سوپای پاسدارانی ئێران فەرمانی داوە بە هێزەکانی کە وەڵامی هەر هەڕەشە و پەلامارێک بدەنەوە کە بکرێتە سەر هێزەکانیان، ئەم ئاماژانە ئەگەر بچنە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوا نەک ناوچەی کەنداو، بەڵکو هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە گۆڕەپانی جەنگێک کاولکار کە ساڵانێکە هەردوو جەمسەری ئێران و ئەمریکا بە هاوپەیمان و بریکارەکانیانەوە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن.

بەڵی ئەوکات ئاکام و کاریگەرییەکانی لەگەڵ کۆرۆنادا ئەم ناوچەیە دەکاتە قوربانیەکی تری جەنگی بەرژەوندیی هێزە ناکۆکە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان کە هیچ دیارییەکیان بۆ مرۆڤایەتی پێ نییە جگە لە شەڕوماڵوێرانی.

لەلایەکی ترەوە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بێنتاگۆن داوای روونکردنەوەی لە کۆشکی سپی کردووە دەربارەی تویتەکانی سەرۆک ترەمپ , کە باس لە بەئامانج گرتنی بەلەمە

ئێرانییەکان دەکات, لەبەرئەوەی سەرۆک ترەمپ بابەتەکەی بە روون و راشکاوانە لە تویتەکەیدا یەکلایی نەکردۆتەوە, هەر لەبەر ئەوەشە کە هێزی دەریایی ئەمریکا داوای روونکردنەوەی لە بنتاگۆن کردووە و ئەوانیش داوای ڕوونکردنەوەیان لە کۆشکی سپی کردووە.
بۆیە ئێستا راو سەرنجێکی دیکە خۆی قوتکردۆتەوە لە ناوەندە سیاسی و هەواڵییەکان ئەویش ئەوەیە کە ترەمپ بۆیە لەم کاتەدا ئەم قەیرانە دەوروژێنێت کە نرخی نەوت زۆر دابەزیووە, بەمەش تا تەنگەی هورمز و کەنداو ببێتە مەیدان و ململانێکانی ئەمریکاو ئێران، ئەوا نرخی نەوت خێرا بەرزدەبێتەوە، هەروا‌ش دەرچوو لە دوو رۆژی رابردوودا نەوت ١٥٪ نرخەکەی بەرزبۆوە.

کوردستانی نوێ – ٢٠٢٠/٤/٢٤

# ترەمپ لەرێککەوتننامەی پاریس کشایەوە

هەرچەندەرێککەوتننامەی پاریس ساڵی ٢٠١٥ لە نێوان زۆرێک لە وڵاتانی پیشەسازی و گەورەی جیهان واژۆکرا وا ئێستا دۆناڵدترەمپی سەرۆکی ئەمریکا، ئەمریکای کشانەوە لەورێککەوتننامە چونکە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنیشیدا بە ئاشکرا باسی ئەوەی کردبوو هەرچەندە باسی زۆر شتیتریشی کردبوو بەڵام جێبەجێشی نەکرد.
جارێ پێش ئەوەی بچینە ناو درێژەی باسەکەوە بابزانین چی روودەدات ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە لەرێککەوتننامەکە وەکو زانایان و پسپۆرانی کەشوهەوا باسی دەکەن؟
بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی پلەکانی گەرمای زەوی بەخێرا چونکە ئەمریکا پشکی شێری هەیە لەرێژەی پیسکردنی ژینگە بە بەرهەمهێنانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەگەر پابەندی رێککەوتنەکە نەبن.
ئەوەی شایانی نیگەرانی و باسیشە ترەمپ ئەم دیاردە سامناکە بە درۆیەکی داهێنراوی چینیەکان دەزانێت کە کۆبوونەوەی لووتکەی کەشو هەوا لە ساڵی ٢٠١٥ زۆربەی وڵاتانی جیهان (١٩٥) وڵات واژۆیان کردو قایل بوون بە بەندەکانی کەریگرتنە لە وەبەرهەم هاتنی ئەو گازانەی کە پلەی گەرما بەرز دەکەنەوە. هەربۆیە لە کاتی کۆبوونەوەی لوتکە لە سقلیە سەرکردەکانی حەوت وڵاتی گەورە داوایان لە ترەمپ کرد پابەند بێت بەرێکەوتنامەی پاریسەوە بەڵام شکستیان هێناو نەیان توانی، ئەوەی گرنگە پسپۆڕان دەڵێن ئەگەر ئەمریکا نەچێتە ژێرباری ئەورێککەوتننامەئەوا بۆی هەیە پلەی گەرمای زەوی دوو پلەی سەدی بەرزبێتەوە.
بڕیارەکەی ترەمپ نیگەرانی زۆر لێکەوتەوە لە ئاستی ناوخۆی ئەمریکا دەرەوەش لە ناوخۆدا جگە لە سەرۆکی زۆرینەی کۆمارییەکان لە کۆنگریس باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشوو و دیموکراتەکان و زۆرێک لە کەسایەتی کۆمپانیا گەورەکان ئەمە بە کارەساتو بە یەکێک لە خراپترین بڕیارە سیاسیەکان لە سەدەی بیست و یەکدا دەزانن و دوو ولایەتیش رایانگەیاند ئەوان پابەند نابن بە بڕیارەکەی ترەمپەوە. لە سەر ئاستی دەرەوەش زۆربەی زۆری وڵاتان هەر لە چین وروسیاو ئەلمانیاو ئیتالیاوفەرەنساو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بگرە نیگەرانی و مەترسیەکانی خۆیان لەم هەنگاوەی ترەمپ پیشان داوەو بە هەنگاوێکی کارەساتبارو خەمناک ناوزەدیان کردوەو بە شکستی گەورەی مرۆڤایەتیان داناوە بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەستێرەکەمان زەوی.
بۆ زیاترروونکردنەوەی بابەتەکە دەبێت بزانین رێککەوتننامەی پاریس چیەو ئامانجی چی بوو؟
ئامانج لەرێکەوتنامەی پاریسی ساڵی ٢٠١٥ یەکەم هەنگاو بوو بەرێگایەکی درێژو پڕکۆسپ

و تەگەرەدا کە بەربەستێک لە بەردەم گۆڕانکارییەکانی ئاوهەوادا دابنرێت و زۆر وڵات بەڵێنیاندا کەئەو بەربەستانەدابنێن لە بەردەم گۆڕانکاری خێرای ئاوهەوا بۆ خۆپاراستن لە کارەساتی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆو پلەی گەرماو کاریگەرییەکانی لە سەر ژینگەو مرۆڤ بە گشتی , هەرچەندە تا کشانەوەی ئەمریکا لەسەر زاری ترەمپەوە هیچ وڵاتێک بە جدی ئەو هەنگاو مەرجانەیان جێبەجێ نەکرد زۆر بە کەمی نەبێت.
بەڵام وەکو شارەزایان ئاماژەی بۆ دەکەن بە کشانەوەی ئەمریکا لە جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەکە چونکە ئەمریکا بە دووەم وڵات دێت بۆ بەرهەم هێنانی ئەو گازانەی کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوە پاڵەپەستۆو پلەی گەرما وادەکات کە گۆڕانکارییەکان لە ئاوو هەوادا خێراتررووبدەن و کاریگەریان هەبێت لەروودانی زۆرتری لافاو شەپۆلی گەرماو گێژەلوولکەو وشکەساڵی.

***کاریگەرییەکانی ئەم بڕیارەی ترەمپ***

ئەم بڕیارەی ترەمپ هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئایندەو دوارۆژی مرۆڤایەتی چونکە بە وردی هیچ بەرژەوەندی و لێکەوتە کاریگەرییەکانی ئەم بڕیارە شرۆڤە نەکراوە بۆ ئایندەی نەوەی نوێ لە ئەمریکا و ئەو پاساوانەی بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە هێنراونەتەوە زۆر دوورن لە واقیع و راستیەوە هەر وەکو راپۆرتێکی رۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی فۆرین پۆلیسی دەڵێت بڕیارێکی نا عەقلانیە و باس لە کاریگەرییە کارەسەتبارەکانی ئەم بڕیارە دەکات و بەتایبەتی بۆ لاوانی ئەمریکا لە ساڵانی داهاتودا.
ماوەتەوە بڵێین ئایا ئەم بڕیارەی ترەمپ وەکو بڕیارە کانی تری دەربارەی عەرەب و ئیسلام و قەدەغەی چوونیان بۆ ئەمریکاو دروستکردنی دیوار لە گەڵ مەکسیک و هەڵوێستی بەرامبەر ئێران و کێشەو قەیران و ململانێکانی جیهان جێگەی سەرنج و ناکۆکی نێوان ئەو و دامودەزگاکانی وڵاتەکەی بوون ئایا پاشەکشەی لێدەکات یان داهاتووی ژیانی سیاسی خۆی لەسەر دادەنێت.

کوردستانی نوێ – ژ. ٧٢٩٠ – ٢٠١٧/٦/١١

# ململانێی ئەوروپا و ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوین

هەرچەندە ئەوروپییەكان لە دوای جەنگی یەكەمی جیهان و بگرە پێشتریش و لە دەمی جەنگەكەیشدا (١٩١٤– ١٩١٨) كاراكتەری كارای سەر گۆڕەپانی سیاسی وروداوەكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بوونوریكەوتننامەكانی ئەو دەمی دابەشككردنی ناوچەكە و هەر لە سایكس ـ بیكۆ و سیڤەر و سان ریمۆ و بەڵێنی بلفۆر گەواهی ئەوراستیەن.

بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمـەوە و سەرهەڵدانی جەنگی ساردی نێوان دوو جەمسەری جیهان بلۆكی سۆسیالستی بە سەرۆكایەتی یەكێتی سۆڤیەتی جاران و بلۆكی سەرمایەداری بە سەرۆكایەتی وڵاتەیەككگرتووەكانی ئەمریكا , ئەمریكا جێگە و پێگەی پێ لێژكردن و خۆی سەركردایەتی جیهانی گرتە دەست كە ئەمە باسێكی درێژە و لەوەیە لێرەدا نەكرێت بە درێژایی باسی بكەم.

ئەوەی مەبەستی منە لەم وتارە كورتەدا باسی بكەم و بیوروژێنم ئەوەیە ئایا ململانێكانی ئەمریكاو ئەوروپا لەرۆژهەڵاتی ناویندا جارێكی تر سەرهەڵدەدەنەوەو كێ براوەی ئەم ململانێ دەبێت؟

هەرچەندە وڵاتانی ئەوروپا لە دوای دامەزراندنی یەكێتیەكەیان، یەكێتی ئەوروپا لە هەوڵی ئـەوەدان ببن بە خاوەنی بڕیارو دیدی سەربەخۆی خۆیان لە هەمبەر كێشەو قەیران وروداو ململانێكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بەڵام تاوەكو ئێستاش ئەوەی روونەو گەلێك لە چاودێرانی سیاسیش لەو بڕوایەدان كەنەیان توانیووە ببن بە خاوەن بڕیارو دیدی سەربەخۆی خۆیان لە ئاست دۆسێكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بەڵكو ئەوەی دەبینرێت و دەخوێنرێتەوە لە سیاسەتەكانیان پاشكۆیەتی و خۆبەستنەوەیە بە سیاسەتەكانی ئەمریكاوە.

كە ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە وڵاتانی ئەندامی یەكێتی ئەوروپا دیدو بۆچوونی جیاوازیان هەیە بۆروداو ململانێكانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ناوچەكە بەگشتی و لە هەمانكاتیشدا ئەمە وڵاتانی یەكێتی ئەوروپای سارد نەكردۆتەوە بۆ هەوڵدان و خۆسازدان بۆ خۆشكردنی زەمینە بۆ وەرگرتنی بڕیاری سەربەخۆ لە ئایندەدا لە سەر ئەو دۆسێو كێشانەی كە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان.

بۆیە هەر لەو چوارچێوەدا بەباشی دەزانم سەرهەڵدانی چەند ئاماژەو هەوڵ و سەرتایەكی ئەوروپییەكان بخەمەروو كە دیدو بۆچوونەكانیان بەرەو سەربەخۆبوون و پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریكا دەردەكەون بەرامبەرروداوەكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی

دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ کە دیارترینیان دۆسێی ئەتۆمی ئێران و قەیرانەکانی سوریاو لیبیاو کێشەی نێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداو.
بەڵێ ئەگەر بەراوردی سیاسەتی ئەمریکا و ئەوروپیەکان بکەین لە هەمبەر ئێران و دۆسێ ئەتۆمیەکەی وریککەوتنی (٥+١) ئەو دەبینین تەواو پێچەوانەی یەکن چونکە ئەوروپیەکان پابەندی رێککەوتنەکەن، بەڵام ئەمریکا خوازیاری هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکەیە و پێکهێنانی هاوپەیمانی وڵاتانی سوونەیە لەگەڵ ئیسرائیلیش دژ بە ئێران و پێشگرتن بە فراوان بوونی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە.
لە کێشەی تازە سەرهەڵداوی نێوان دەوڵەتی قەتەرو وڵاتانی کەنداو و میسر ترەمپ پشتگیری لە عەرەبستانی سعودیەو ئیمارات و بەحرەین و میسر دەکات بۆ چەسپاندنی سزای زیاتر بەسەر قەتەر و وەزارتەکانیشی ((پنتاگۆن و دەرەوە)) پشتگیری هەوڵی دیبلۆماسی دەکەن بۆ کپکردنەوەو دامرکانەوەی کێشەو قەیرانەکان، ئەوە سیاسەتی ئەوروپیەکان هەرلە فەرەنساو ئەڵمانیا و کۆمیسیۆنی ئەوروپاش لە هەوڵی ناوەندگیری و ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ وڵاتانی کەنداو قەتەریش کە هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ چارەسەری قەیرانەکەبەرێگای دبلۆماسی.
ئەم هەوڵ و کۆششەی ئەوروپیەکان بۆ دامراننەوەی ئەم کێشانە لە خۆڕا نەهاتووە سەرخستنی زمانی دیالۆگو دانوسان بۆ ئەو قەیرانە خزمەت بە مسۆگەرکردنی گەیشتنی نەوت و غازە بۆ ئەوروپاو بەرژەوەندییەکی ئابوری پڕسوودە چونکە ناوچەی کەنداو سەرچاوەیەکی گرنگی وزەیە بۆ ئەوروپا و هەر سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ یەک لەو ناوچەیە بێگومان هەڕەشەیە بۆ سەر بازاڕەکانی وزە لە ئەوروپا.
لەسەر کێشەکانی سوریاش، فەرەنساو ئەڵمانیاش تەنانەت کۆمیسیۆنی ئەوروپاش حەزیان بە چارەسەری دیبلۆماسییەو ناکۆک نییە لەگەڵ هەڵوێستی روسیا و هاوپەیمانەکانی بە ئێرانیشەوە لە کاتێکدا هەڵوێستی ئەمریکاروون و ئاشکرا نییەرۆژێک لەگەڵ مانەوەی ئەسەد ورۆژێکی لەگەڵ لابردنی هەرچەندە وادیارە لە ئایندەدا بەرژەوەندییەکانیان ئەوە یەکلایی دەکاتەوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٣٠٩ – ٢٠١٧/٧/٩

# کۆبوونەوەی لووتکەی هیلسنکی ترەمپ و پوتین

١٦ ی تەمووزی ٢٠١٨ لە شاری هیلسنکی پایتەختی فنلەندا کۆبوونەوە لووتکە لە نێوان سەرۆکی هەردوو زلهێزی جیهان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وروسیا ئەنجامدرا بێگومان ئاشکراوروونە ئەو دوو وڵاتە کاریگەری گەورەیان بە سەر هەموورووداوەکانی جیهانەوە هەیە و هەریەکەیان خاوەنی دیدو بەرژەوندی خۆیەتی و لە هەوڵی پاراستن و جێ پێ قایمکردن و سەپاندنی هەژموونی خۆیانن.
کۆبوونەوەکەی هەردوو سەرۆک وەکوراگەیەنرا بە درێژی باسی زۆر لە کێشە و قەیرانەکانی جیهان و ناوچەکەیان کردووە بە تایبەتی ئاشتی لە سوریا ورۆڵی ئێران و بوار نەدان بە کەڵک وەرگرتنی ئێران لە نەمان و لەناوچوونی داعش بەتایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و هاوکاری هەماهەنگی لە بوارەکانی وزە و بەگژاچوونەوەی تیرۆر و ئاسایشی ئیسرائیل.
ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا ئەنجامدرا کە لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە گرژی و ئاڵۆزی قورسی بە خۆیەوە بینی بە هۆی ئەوەی ئەمریکا روسیا تۆمەتبار دەکات بە دەستوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەرێگەی هاککردنی حسابی ئەلکترۆنی حزبی دیموکراتی ئەمریکاوە،روونتر ئاژانسی C IA هەواڵگری ئەمریکا هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو تەنانەت لیژنەی لێکۆڵینەوەی دادوەر میللر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ١٢ دیبلۆماتی روسی دەرکردووە.
لە ئاوا بارودۆخێکدا ئەو کۆبوونەوەی لووتکە ئەنجامدرا کە هێشتا ناکۆکی و ململانێی گەورە بوونیان هەیە لە نێوان دوو زلهێزدا کە خۆی لە ناکۆکیەکانی سوریا دەبینێتەوە کە ئەمریکا پشتیوانی هێزەکانی ئۆپۆزەسیۆن دەکات بە دیاریکراوە هێزەکانی سوریای دیموکراتی سەر بە کوردەکان و روسیاش پشتیوانی رژێمی ئەسەد دەکات راستەوخۆ و بە هەموو شێوازێکی سەربازی سیاسی و دارایی..تد، بەهەمان شێوە لە کێشەی ئێران و ئەمریکادا ئەمریکا لەرێککەوتننامەی (٥+١) کشاوەتەوە و روسیا پابەندە پێوەی تا ئێستا ئامادە نیە بچێتە ژێرباری سزاو ئابلۆوقەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە سوریاش لەگەڵ ئێران هەماهەنگە بۆ پشتیوانی رژێمی بەشار ئەسەد.
بۆیە ئەم لووتکەیە لە لایەن ناوەندەکانی بڕیار لە ئەمریکا و لە لایەن میدیاکانی ئەو وڵاتەوە خوێندنەوەی جۆراو جۆری بۆکرا، تەنانەت بە جۆرێک وەسفیان کرد کە ئەمە لووتکەیەکی کەسی و تایبەتی نێوان دووسەرۆکە نەک لووتکەی فەرمی نێوان سەرۆکی دوو وڵات.

**تووندترین کاردانەوەکانی ناوخۆی ئەمریکا**

هەرچەندە کاردانەوەکان لە هەردوو حزبی گەورەی ئەمریکا کۆماری و دیموکراتییەوە دەرچوون واتە بە خودی حزبەکەی سەرۆک ترەمپیشەوە کە لە سەر زاری سیناتۆر جۆن مەکین کە یەکێک لە کەسایەتیە دیار و کاریگەرەکانە لە سەر ئاستی ئەمریکا وتی پرێس کۆنفرانسی هەردوو سەرۆک یەکێک لە خراپترین چرکەساتەکانی مێژووی سەرۆکایەتی ئەمریکایە و بە هەڵەیەکی کارەسەتبار ناوزەدی کرد.

هەروەها گەورە کۆنگریسمانی کۆمارییەکان لە کۆنگریس بۆل رایان وتی با سەرۆک ترەمپ بزانێت روسیا هاوپەیمانی ئێمە نیە هەروەها ناکرێت ئێمە و روسیا هاوتا و هاوسەنگ بەراورد بکرێین لەرووی ئاکار و رەوشتەوە کە ئەوان هەمیشە دژ بە پرنسیب و بەها ئاکاری و دیموکراسیەکانی ئێمەن.

هەروەهارایان دووپاتی کردەوە کەروسیا دەستی وەرداوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی رێچکەی دیموکراسی بگۆڕێت و لاوازی بکات لە بەرئەوە پێویستە ئەمریکایێ نەدات بەو دەستوەردان وبەربەستێک دابنێت بۆ ئەو کردەوە بێ بەهایانە.

هەروەها هەر لە حزبی کۆمارییەکان سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بۆب کروکریش وتی: پوتین سەرکەوتوو بوو تا ئاستێکی باش لەم کۆبوونەوەی لووتکەدا هەروەها وتی لێدوانەکانی سەرۆک ترەمپ وای پیشانی داین کە پارووپەکی چەورو ئاسانین. هەروەها دیموکراتەکانیش کاردانەوەی جیاوازتر و توندتریان هەبوو بەرامبەر بە وتەکانی ترەمپ لە پرێس کۆنفرانسەکەدا کە تا ئاستی خیانەت وسووکایەتی ناویان برد , نانسی بلۆسی سەرۆکی کەمینەی دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران وتی پوتین سووکایەتی بە ترەمپ کرد هەروەها لە توێتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی توێتەر وتی هەموورۆژێک لە خۆم دەپرسم ئایا روسەکان چیان هەیە لە سەر ترەمپ لەرووی سیاسی و کەسێتی وماڵیشەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە شیکاری رەفتاری ترەمپە کە ناتوانێت بەرەنگاری پوتین ببێتەوە.

لە هەمووی توند تر لێدوانێکی سەرۆکی کەمینەی دیموکراتەکان لە ئەنجوومەنی پیران تشاک شومرە کە وتی مێژووی ئەمریکا سەرۆکێکی وای بە خۆیەوە نەدیووە کە سەرۆکەکەی پشتیوانی دوژمنێکی ئەمریکا بکات وەکو ئەوەی ترەمپ بەرامبەر پوتین کردی.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٦٢٠ - ٢٠١٨/٧/٢٢

# ئایا سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین دەگۆڕێت؟

ئەگەرچی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین تارادەیەکی زۆر جێگیرە و لە سەر چوار ئامانجی سەرەکی بنیات نراوە ئیتر هەر سەرۆکێک لە کۆشکی سپی نیشتەجێ بێت پابەندە بەو ئامانجانەوە جا ئیتر لە پارتی کۆماری بێت یان دیموکراتی ئامانجەکانیش ئەمانەن :-

١. ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی توندڕەوی.
٢. بەرگرتن بە هەژموونی ئێران لەناوچەکەدا.
٣. کارکردن بۆ بەرزنەبوونەوەی نرخی نەوتی خاو.
٤. بەرگری و پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل.

لە دوای بڕیارەکەی یان ڕاستتر تویتەکەی سەرۆک ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا شەپۆلێکی زۆری نیگەرانی و ناڕەزایەتی لێکەوەتەوە کە وەکو گێژەڵوکەیەک وابوو یار و نەیارەکانی ئەمریکای گرتەوە چ بە دەست لەکار کێشانەوەی وەزیری بەرگری ئەمریکا(جیمس ماتیس) و هەروەها ژەنراڵی خانەنشین جون کیلی سەرۆکی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی و برێت مەکگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ئەمە لەلایەکەوە.
لەلایەکی ترەوەباس لەوە دەکرێت کە سەرۆک ترەمپ نیازی کێشانەوەی هەزاران سەربازی ئەمریکای هەیە لە ئەفغانستان هەروەها پێشنیاری ئەوەی کردووە کە تورکیا سەرکردایەتی شەڕی لە ناوبردنی داعش بکات (ئەمە بەڕاستی جێگەی پێکەنین و لاقرتیە کە میدیاکانی تورکیا خۆیان بە گومان بوون لە پەیوەندی تورکیا و ئەو گروپانە) هەروەها ترەمپ وتوویەتی: دەکرێت ڕۆڵێکیش بەروسیا و هیندستان و پاکستان بسپێرێت لەو شەڕەدا.
لە ئاوا بارودۆخێکدا ترس و نیگەرانی دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکای لە ناوچەکە تووشی شۆکێکی گەورە کردووە کە کێ ئەو بۆشاییە گەورە پڕ دەکاتەوە کە کشانەوەی ئەمریکیەکان لە ناوچەکە بە جێی دەهێڵێت؟ هەرچەندە تا ئێستا ئەمریکا بەفەرمی دەستی نەکردووە بە کێشانەوەی هێزەکانی لە ئەمریکا.
بێگومان هەر ئێرانییەکان دەبن لە ئاوا بارودۆخێکدا کە ئەو توانایان هەبێت بەو ئامادەگی و پەیوەندییە ئقلیمیەی کە لەناوچەکەدا هەیانە بتوانن لە کورتترین ماوەدا دەست بە سەر بارودۆخەکەدا لە بەرژەوەندی خۆیان بگرن.

بۆیە لە ئێستادا و لە ٢٠١٩/١/٨ ەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک بۆمبیۆ گەشتێکی سیاسی و دیبلۆماسی و یستراتیجی بۆ هەشت وڵاتی گرنگی ناوچەکە دەست پێکردووە بە مەبەستی رەوانەوەی ترس و نیگەرانییەکانیان و وردتر و ڕاشکاوانەتر بۆ گەیاندنی دوو مەبەست ئەوانیش:-

١. ئەمریکا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین چۆڵ ناکات و بەجێی ناهێڵێت

٢. هەژموونی ئێران مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ناوچەکە و لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە هەوڵی بەرگرتنی دەدەین.

ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە هەموو ئەو هەشت وڵاتەشی کە بۆمبیۆ سەردانی یان دەکات هاوهەڵوێست و تەبا نین لەسەر هەموو قەیران و ئاریشە و کەیسەکانی ناوچەکە هەریەکەی لە ئاوازێک دەخوێنن، بۆ نموونە شانشینی ئوردون زیاتر کێشەی فەلەستین و مەسەلەی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل و پەناهەندە فەلەستینیەکان مەبەست و خەمیەتی. عەرەبستانی سعودیە کێشە و ململانێکانی لەگەڵ ئێران و شەڕی یەمەن و دەستوەردانەکانی ئێران لەوێندەر دەخاتە بەر باس و مەسەلەی تیرۆری خاشقچیش نیگەرانی دەکات لە باسکردنی، سوڵتانشینی عومانیش باسی هەوڵەکانی خۆی بۆ ئاشتی فەلەستینیەکان و ئیسرائیل و هەروەهارۆڵی ناوەندگیری خۆی بۆ ئاشتی لەیەمەن دەکات، لە هەمانکاتدا بەحرەین باسی کێشەکانی خۆی و ئێران دەکات کە وڵاتێکی رووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ ئێران.

قەتەریش باسی ئابڵووقەی عەرەبەستان و گەمارۆکانی سەری دەکات، میسریەکان باسی کێشەی تیرۆر و مەسەلەی هاندانی پرۆسەی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل دەکەن.

جۆن پۆڵتن راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا سەردانی ئیسرائیل و تورکیای کرد و لە تورکیا ئەردۆغانی نەیبینی بۆ باس کردنی بارودۆخی سوریا.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، کارێکی لۆجیکی نییە ئەمریکا گۆڕانکاری خێرا لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بکات، بەڵکو گۆڕانکاری پێویستی بە کات و زەمینەسازی هەیە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی نوێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لە کاتێکدا تورکیا خۆی ساز و ئامادە کردووە لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا خەونی کورد بۆ بەدیهێنانی مافەکانی زیندەبەچاڵ بکات.

بەهەرحاڵ لەکاتی کشانەوەی ئەمریکا هەر لە ئێستاوە کوردەکانی سوریا لە هەوڵی دانوساندان لە گەڵ رژێمی ئەسەد و دووریش نییە هاوپەیمانێتێکی بەهێز لە نێوان روسیا و تورکیا و ئێراندا پێک بێت، کە هەموو ئامانج و سیاسەتەکانی ئەمریکا ساڵانێکە لە ناوچەکەدا کاری بۆ دەکات، ببن بە بڵقی سەرئاو.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٦٣ – ٢٠١٩/١/١٤

# راپۆرتەکەی مولەر

دواجار دوای بیست و دوو مانگ لێکۆڵینەوەو کنەی ورد لەسەر دۆسێی ئەگەری دەستوەردانی روسیا لە هەڵبژاردانە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا کە تێیدا دۆناڵد ترەمپ هەڵبژێردرا بە سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦، ئەو دۆسێیە پەیوەندی بە سەرۆک ترەمپ و کەسە نزیکەکانییەوە هەبوو.

رۆبەرت مولەر ئەو لێکۆڵەرەوە دادییەی کە دەستنیشانکرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەو دۆسێ هەستیار و ئاڵۆزە، لە کۆتاییدا ئێوارەی هەینی ٢٢ی ئازاری ٢٠١٩ راپۆرتەکەی پێشکەشکرد بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە ناوەرۆکەکەی بدات یان هەواڵێک ئاشکرا بکات کە ئایا سەرۆک ترەمپ و تیمەکەی تێوەگلاون بەو تۆمەت و دەنگۆیانەی کە لە میدیا و ناوەندەکانی تری بڕیاردا رووبەڕوویان کراوەتەوە؟ لە کاتێکدا ئەگەر ئاماژەی ئەوەی تێدا بێت کە سەرۆک ترەمپ تێوەگلاوە و ئاگاداری ئەو بابەتەیە، ئەوا دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە و سزادانی ترەمپ لەلایەن رکابەرەکانییەوە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتەکان.

ئەمریکا لە بارودۆخێکی هەستیار و چاوەڕوانییەکی پڕ دڵەڕاوکێ و بە وردییەوە دەگوزەرێنێت کە لە کاتەکانی داهاتوودا (ولیام بار) وەزیری دادی ئەمریکا پوختەیەکی راپۆرتەکەی مولەر بخاتە بەردەستی کۆنگریسی ئەمریکا سەبارەت بە دەستوەردانی رووسەکان لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکادا لە ٢٠١٦. هەرچەندە روون و ئاشکرا نییە تا ئێستا بار تەواوی راپۆرتەکە بڵاودەکاتەوە هەروەگو دیموکراتەکان و هەموو گەلی ئەمریکا دەخوازن یان هەر پوختەیەک و کورتەیەکی بەش بەشی لێ بڵاودەکەنەوە هەروەکو هەندێک سەرچاوەی میدیایی باسی دەکەن؟

بەڵێ هەروەکو وتەبێژی تیمی لێکۆڵینەوەکەی مولەر رایگەیاند کە ئەرک و کارەکانی ئەوان تا چەند رۆژێکی کەمی دی کۆتایی دێت و چەند کەسێکی کەم لە کارمەندەکان دەمێننەوە تاوەکو ئاسانکاری بکەن بۆ کۆتاییهێنانی پرۆسیسەکانی نووسینگەی لێکۆڵەرەکە.

### کێشە و ململانێی دوای راپۆرتەکە

پێدەچێت کێشە و ململانێی گەورە دوای تەواوبوونی راپۆرتەکەی دادوەر مولەر کە دیموکراتەکان دەخوازن دەستبەجێ بکرێتەوەو بوار نەدەن ترەمپ و یاریدەدەرەکانی بیبینن، هەروەکو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا نانسی بیلوسی و سەرۆکی کەمینە لە ئەنجومەنی پیران جاک شۆمەر لە بەیانێکی هاوبەشدا خوازیاربوون و پێداگرییان کرد کە پێویستە داواکاری گشتی ئەمریکا سەرلەبەری راپۆرتەکە بڵاوبکاتەوە و هەموو

دۆکیۆمێنتەکان و هەموو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە کە گەیشتۆتە دەست کۆنگریس. هەروەها داوایان لە بار کردووە کە داواکاری گشتییە، ئەو دۆکیۆمێنت و زانیارییانە رادەستی سەرۆک ترەمپ و هیچ کام لە یاریدەدەرەکانی نەکات، هەروەها پێویستە لەسەر کۆشکی سپی هیچ دەستوەردانێک لەو دۆسییەدا نەکات و دەستوەردان لە بڕیارەکاندا نەکات.

ئەگەر خاڵێکی لاواز هەبێت لە راپۆرتەکەی مولەر ئەوەیە کە سەرۆک ترەمپ وەکو کەسی یەکەمی خاوەن پەیوەندی بەو دۆسێیە بانگهێشتی بەردەم تیمی لێکۆڵینەوە نەکرا تا راستەوخۆ ئیفادە و وتەکانی وەربگیرێت، بەڵکو پارێزەرەکانی سەرۆک ترەمپ دوای چەندین مانگ قایل بوون بەوەی کە سەرۆک بە نووسین وەڵامی پرسیارەکانی مولەر بداتەوە. لە هەمانکاتدا مولەریش وتویەتی کە داوامان لە سەرۆک نەکردووە ئامادەی بەردەم تیمی لێکۆڵینەوە بێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە و لە پشت پەردە و کەوالیسەوە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە مولەر لە ژێر فشاری توندا بووە بۆ ئەوەی ئەو کارە نەکات، بەڵام پێدەچێت لە داهاتوودا دادگای باڵا ئەگەر پێویست بکات ئەو هەنگاوە بنێت.

لە کۆتاییدا هەرچەندە تا کۆتایی راپۆرتەکەی مولەر سەرۆک ترەمپ جۆرێک لە بێدەنگی هەڵبژاردبوو، بەڵام رۆژی پێنج شەممەی رابردوو سەرۆک ترەمپ لە ئاهەنگێکدا لە بەردەم لایەنگرانی لە شاری (گراند رابیدز) لە ویلایەتی میشیگان،ریگەیاند: ئەو تەمە رەوییەوە کە نەیارەکانمان لەسەر من و ئیدارەکەم دروستیان کردبوو، وتیشی: دوای سێ ساڵ درۆ و بوختان و سووکایەتی ئەو خەیاڵ و بوختانانە تەواو بوون کە ئامانجیان بێ نرخ کردنی سەرکەوتنە مەزنەکەمان بوو لە هەڵبژاردندا.

ماوەتەوە بڵێین کە راپۆرتەکەی مولەر باس لەوە دەکات کە هیچ هەماهەنگی و دەستوەردانێک نەبووە لە نێوان روسیا و تیمی بانگەشەی سەرۆک ترەمپ. بە گوێرەی میدیاکان هەرچەندە بە فەرمی جارێ هیچ رانەگەیەنراوە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٢٥ – ٢٠١٩/٣/٣١

# هیندستان و پاکستان

پاش ئەوەی لەگەڵ برای بەڕێز کاک ستران عەبدوڵڵا ڕێکەوتین کە گۆشەیەکی دووهەفتە جارێکم بداتی لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێی خۆشەویست بەناوی (دەرو دراوسێ) کە ناوەکە پێشنیازی بەڕێزیان بوو، منیش پەسەندم کرد، وا یەکەم بابەت دەنووسم بەو هیوایەی بتوانم لەمەودوا لەو گۆشەیەوە بەردەوام لەخزمەتی خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەی ناوبراودابم، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە یەکەم وتاریشم کە نووسیم ساڵی ٢٠٠٧ هەر لێرەوە دەستمپێکردو بڵاوکرایەوە.

دوای ئەوەی برای بەڕێزم کاک تەها سۆڵەیی لینکی وتارێکی بۆ ناردم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆر هاوڕیو دۆستی ئازیز بابەتی دانسقەو بەپێزم بۆ دەنێرن، بەڵام ئەو ناونیشانەی هەمان خاکو هەمان شارستانی بۆچی هیندستان پێشکەوتو پاکستان دواکەوت؟ زۆر سەرنجی ڕاکێشامو بەدواداچوونم بۆ کردو هەوڵ دەدەم لەخوارەوە بەکورتی بۆ خوێنەرانی ئازیزی کوردستانی نوێی بخەمەڕوو.

ڕووبەری خاکی هیندستان، سەرووی سێ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو ئاماری دانیشتووانەکەی نزیکەی ١,٣ ملیار کەسە، هەرچەندە هەندێک لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن زۆر لەوە زیاتریش بێتو دەڵێن خەڵکێکی زۆر هەیە تۆمارنەکراون، بەڵام ڕووبەری پاکستان نزیکەی یەک ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەسە.

ئەگەرچی ئەو دوو وڵاتە خاوەنی مێژوو شارستانییەتێکی کۆنو هاوبەشن کە نزیکەی ٦ هەزار ساڵ پێکەوە لەسەر یەک خاک پێکەوە ژیاون، تا لەساڵی ١٩٤٧دا پاکستان لەهیندستان جیابۆوەو پرسیارەکە لێرەوە سەر قوت دەکاتەوە بۆ؟ هیندستان ڕێڕەوێکی جیای هەڵبژاردو پێشکەوتو پاکستانیش ڕێگەیەکی تر کە پاشکەوت؟ دەبێت بۆ ئەو فاکتەرانە بگەڕێینو بزانین چینو دەکرێت گەلانی تر چاوی لێبکەنو پەند لەئەزموونەکانی ئەوان وەربگرن بەتایبەتی ئێمەی کورد کە لەسەرەتای ڕێگای کاروانێکی سەختو دژواردایین؟

لەپێشدا بەباشی دەزانم بەراوردێک بکەین لەچەند ڕوویەکەوە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەگوێرەی ئامارەکانی کە لەبەردەستدان :

هیندستان لەپۆلینکردنی گەشەکردنی مرۆیی لەریزبەندیی ١٣٠دایەو لەپلەی گەشەی مامناوەندە، بەڵام پاکستان لەڕیزبەندیی ١٤٧دایەو لەپلەی گەشە نزمەکانە بەگوێرەی ڕاپۆرتی گەشەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٥ کە پشتی بەستووە بەپێودانگی داهاتی ساڵانەی تاکو پەروەردەو ساغڵەمییو یەکسانی لەبەردەم یاسادا.

لەڕووی ئابوورییەوە زانیارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠١٥ باس لەوە دەکەن کە

بەرکەوتی ساڵانەی تاک لەهیندستان ١٥٩٠ دۆلارە، نزیکەی ٢١,٩٪ دانیشتووانەکەی لەژێر هێڵی هەژارییەوەن، بەڵام پاکستان بەرکەوتی ساڵانەی تاکی کەمترە لە ١٤٤٠ دۆلارو زیاتر لە ٣٦,٣٪ دانیشتووانەکەی لە ژێرهێڵی هەژارییەوەن.
هەروەها هیندستان بە حەوتەم ئابووریی بەهێز لەجیهاندا دێتە ئەژماردن کە داهاتی گشتیی نیشتمانی سەرووی ٢,١٨ تریلیۆن دۆلارە کە دەیانجار لەئابووریی پاکستان زیاترە کە داهاتەکەی ٢٦٩,٩٧ ملیار دۆلارە.
لەڕووی پەروەردەو فێرکردنەوە هیندستان خاوەنی دووەم گەورەترین تۆڕی پەروەردەو فێرکردنە لەسەر ئاستی جیهانو هەروەها ١٠ زانکۆی هیندی لەڕیزبەندیی باشترین ١٠٠ زانکۆی جیهاندان، بەوتەی رۆژنامەی تایمزو رێژەی نەخوێندەواریی لەو وڵاتەدا ٣١٪–ە، بەڵام پاکستان زانکۆکانی لەڕیزی خراپترینی زانکۆکانی ئاسیادانو رێژەی نەخوێندەواریی تێیدا ٤٤٪–ە.
لەڕووی زانستو تەکنۆلۆجیاوە هیندستان وڵاتێکی زۆر پێشکەوتووە لەبازاڕەکانی مۆبایلو ئینتەرنێتی خۆڕاییو دروستکردنی مانگی دەستکردو ناردنی بۆ خولگەی مەریخ بە نرخێکی هەرزانو ساڵی ٢٠١٥ نزیکەی بایی ١٠٠ ملیار دۆلار کاڵاو شتوومەکی تەکنۆلۆجیای هەناردەی دەرەوە کردووە، بەڵام پاکستان بایی کەمتر لەیەک ملیار دۆلاری هەناردەکردووە.
تێکڕایی مامناوەندی تەمەنی دانیشتووانی هیندستان ٦٨ ساڵە، بەڵام پاکستان ٦٦ ساڵە، هەروەها رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵی هیندستان لە پلەی ٧٧ریزبەند دەکات بۆ گەندەڵی، بەڵام پاکستان لەپلەی ١١٧داریزبەنددەکات.
لەئەنجامی ئەم بەراوردکارییە ئاساییەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە هیندستان زۆر لە پێش پاکستانەوەیە جا بابزانین فاکتەرەکانی چین؟
١–دیموکراسی: هیندستان کە بە دەستورێکی سیکۆلاری بەڕێوەدەبرێت، توانیووێتی باشترین ژینگەی پێکەوەژیان بۆ کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنو رەگەزو ئاینی جیاواز دابینبکات کە ئازادیو یەکسانیی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بەڕێوەبچێت کە ئەو وڵاتەی لەگەندەڵیو ئاژاوەو کودەتا پاراستووە. بەڵام پاکستان کە کۆمارێکی ئیسلامییەو دامەزراوەی سەربازیی فەرمانڕەوایی دەکات لەدوای سەربەخۆیی لەساڵی ١٩٤٧ەوە سی جار کودەتا کراوە کە زۆرێک لەچاودێران لەو باوەڕدان کە هەموو ئەوانە هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەندەڵیو ئاژاوەو ململانێو پێکدادانی خوێناوین.
٢–ئابووری: هیندستان کە ئێستا لەڕیزیی حەوتەمدایە بۆ داهاتی گشتی ناوخۆ لەئاستی جیهانداو لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی وا پێشبینی دەکات کە تا ساڵی ٢٠٣٠ هیندستان ببێتە سییەمین ئابووریی گەورەی جیهان بەحوکمی بوونی قەوارەیەکی گەورەی مرۆیی کە سەرووی ملیارێک کەسەو بوونی دەستی کاری شارەزاو هەرزانو سیاسەتێکی دەرەوەی

هیندیی گونجاو کە کۆمپانیا گەورەکان رادەکێشێت بۆ ئەو وڵاتە، بەپێچەوانەوە پاکستان گیرۆدەی زۆر قەیرانو کێشەو ململانێی خوێناوی بووە کە رێگرن لەپێشکەوتنو ئارامی ئەو وڵاتەو سەرهەڵدانی رەوتە توندڕەوو جیهادییەکانی وەکو تاڵیبانی پاکستانو ئەوانی تر، وادەکەن سەرمایەو وەبەرهێنان لەو وڵاتە رابکەنو سەرەڕای پەراوێزخستنی رۆڵی ئافرەتان لەپاکستان.

٣-پەروەردەو فێرکردن: حکومەتی هیندستان زۆر پشتیوانیی لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کردووە لەڕێگەی دامەزراندنی سەدان زانکۆو پەیمانگا بەپسپۆڕیی جیاجیاوە کە ئێستا هیند خاوەنی دووەم گەورەترین سیستمی خوێندنە لەسەر ئاستی جیهان کە ساڵانە ملیۆنەها خوێندکار دەردەچێنن کە ئەمەش دەستی کاری شارەزاو لێهاتوون لەبواری زانستو تەکنۆلۆجیا، بە پێچەوانەوە سیستمی پەروەردەو فێرکردن لەپاکستان رووبەڕووی زۆر قەیرانو تەنگوچەڵەمەی قورس بۆتەوە چ لەڕووی ناوەڕۆکو چ لەژێرخانی فێرکردن کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە نەخوێندەواربن، کە ئەمەش وایکردووە کە زەمینەی لەبارو گونجاو نەخوڵقێت بۆ گەشەو پەرەپێدان لەو وڵاتەدا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧١٨٦ – ٢٠١٧/٢/٥

# کۆریای باکوور دۆزەخێک

کۆریای باکوور  ئەو وڵاتەی کە لەم ساڵانەی دواییدا  زۆرێک لە هاوڵاتیەکانی لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدان خۆیان لەو دۆزەخەرزگار بکەن کەرژێمەکەی کیم جۆنگ ئۆن بۆی خووڵقاندوون و بۆیە لەو پێناوەدا ئامادەن هەموو سەرکێشی و قوربانییەک بدەن و بۆیە ئەگەر سەرنجێکی ماڵپەڕو ناوەندە هەواڵیەکانی تایبەت بەو وڵاتە بدەین دەیان و سەدان چیرۆک و بەسەرهاتی سامناکی کۆرییەکانمان بەرچاو دەکەوێت کە چلۆن لە دۆزەخی دکتاتۆرەکەی کۆریا هەڵدێن و  خۆیان دەگەیەننە چین و کۆریای باشوور.
ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ٦٥ ساڵی رابردووی نیمچە دوورگەی کۆریا بدەینەوە دەبینین لە٢٣/ حوزەیرانی ١٩٥١ لە دوای ساڵێک لە شەڕێکی گەرم و خوێناوی هیچکام لە لایەنەکانی جەنگەگە سەرکەوتو ژێرکەوتوونەبوون نە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی توانیان پێش بەرەوتی کۆمۆنیستی بگرن و لە ناویان بەرن و نە کۆمۆنیستە کۆریەکان و چینیە هاوپەیمانەکانیان توانیان هەردوو پارچەکەی نیمچە دوورگەی کۆریا یەکبخەنەوەلە ژێر ئاڵای سووردا.
بۆیە کاتی خۆی نوێنەری یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیازی ئاگربەسیان بۆ هەردوولای جەنگەکە کرد، بەڵام نەگەیشتنە هیچرێککەوتنێک لە نێوان چین ونەتەوەیەکگرتووەکان تاوەکو لە ٢٣ تەمووزی ١٩٥٣ لە گوندی بانمونگوم کە دەکەوێتە سەر هێڵی پانی ٣٨ کە هێڵی جیاکەرەوەی هەردوو بەشەکەی کۆرياییەلەوساوە تائێستا هەرچەندە جەنگ وەستاوە بەڵام ناکۆکی و ململانێ ی سنووری هەرماوە تەوە بە هەڵواسراوی.
بەڵێ جەنگی کوریا کە بە جەنگی ئەهلی ناسراوە تا ئێستا گیانی هەزاران کەسی کردە قوربانی و کۆریای باکوور کە ئەوکات لە سەروبەندی کۆتایی جەنگە ئەهلیەکەدا بارودۆخی گەلێک لە کوریای باشوور باشتر بوو لەرووی پیشەسازییەوە پێشکەوتووتر بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی رژێمە دکتاتۆرو خوێنڕێژەکەیەوە، گیرۆدەی دواکەوتوویەکی قووڵ بووە کەرژێمێکی کۆمۆنیستی ستالینی و تاکپەرستی سەرکردەیەکی رەفتار شێت ونەتەوەپەرستێکی توندڕەو شۆڤێنیست کە دەرگای لەسەر کۆریای باکوور داخستووە بە دیوارێکی پۆڵایین و مافی موڵکداری تایبەتی بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کردووەو خەڵکی وڵاتی تووشی خراپترین جۆری هەژاری و نەداری کردووەو چەندین پرۆسەی جینۆساید و پاکتاوی نەژادی ئەنجامداوە.
کاتێک لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوولە دوای بیرۆستەریکاو گلاسنۆستی گورباتشۆف و هەرەسی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بلۆکی سۆسیالستی کە پشت و پەنای رژێمی کۆریای باکوور بوون، ئەمان دەستەوەستان نەوەستان بەڵکورێگەیەکی تازەیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بپارێزن ئەویش چەکی ئەتۆمی بوو، کە توانیان دوای

چەندین ساڵ بە ژێر پێ خستنی یاساوڕێسا نێو دەوڵەتیەکان چەکی ئەتۆمی بە شێوەیەکی زۆر دیارییکراو بەرهەم بهێنن و واتە ئێستا کۆریای باکوور خاوەنی چەکی ئەتۆممیە، بەڵام دەتوانێت یەک هەڵمەت یان پەلاماریێ ئەنجام بدات ناتوانێت ئامانج و پەلاماری دووەم ئەنجام بدات، کە ئەویش لەوەیە بەشێک لە کۆریای باشوور بێت کە ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر باش و پێشکەوتووە وەکو نمونەی وڵاتانی رۆژئاوا.

***ئایا دکتاتۆرەکەی باکوور ئامانجی لەناوبردنی باشووری کۆریاییە؟***

ئەوەی لە ئەنجامی بەدوادا چوون و وردبوونەوەم بۆرووداوەکانی ئەو ناوچە و بەڕای چاودێرانی دۆخی ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاش، ئامانجی کیم جۆنگ ئۆن لەناوبردن و وێرانکردنی کوریای باشوور نییە بە قەد ئەوەی هەوڵدانە بۆ پاراستنی رژێم و دەسەڵاتەکی خۆی، دەستبەردار نەبوونی ئەو مۆدێلەیە لە فەرمانڕەوایی، بۆیە شرۆڤەکارانی ئەو ناوەندانە لەو بڕوایەدان کە گوێ نەدان بەو تاقیکردنەوە ئەتۆمیانەو پەنا نەبردن بۆ زمانی هەڕەشە و گەورە نەکردنەوەی قەیرانەکە لە قازانجی ئەمریکایە، چونکە تاقیکردنەوەکانی کۆریای باکوور زیاتر بۆ خۆ نمایشکردنەوراکێشانی هەست و سۆزی هاوڵاتیانی خۆیەتی کە هەمیشە خۆیان ببەستن و سازو ئامادەبن بۆ هەر هێرش و پەلامارێکی ئەمریکا و بە هاوڵاتیەکانی دەڵێت ئەوەی لە شەڕی ١٩٥٠ _١٩٥٣ پێیان نەکرا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئێستا ناتوانن بیکەن، چونکە ئێستا خاوەنی چەکی ئەتۆمی ورۆکێتی بالیستی دوور مەودایین.
بەڵێ باشتر وایە هەر بێدەنگ بوون لە ئاست ڕەفتارە هەرزەکارییەکانی کیم جۆنگ ئۆن چاوەڕوانی گۆڕانکاری لەناوخۆی کۆریای باکوورەوە بن چاودێران دەڵێن: لەوانەیە ئەمە ببێتە مایەی سەرسووڕمان بۆ هەندێک کەس، بەڵام لەماوەی دووساڵی رابردوودا جووڵانەوەیەک سەری هەڵداوە لەو وڵاتەدا کەڕژێم هانی بازاڕی نیمچە سەرمایەداری دەدات و بوار بە خاوەندارێتی تایبەتی دەدات و هانی پێشکەوتن و گەشەی تەکنۆلۆجیا دەدات.
لە کۆتاییدارایەکی تریش هەیە کە ئەمیش دەکرێت بە هەند وەربگیرێت ئەوەیە، کە کە هاوکاری کۆریای باکوورو ئێران لە ژێر چاودێری روسیا و چین دا، ئەو سیناریۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە کۆرییایەکی خاوەن چەکی ئەتۆمی ورۆکێتی دوور مەودا، گەورەترین کۆسپ و بەربەستە لەبەرامبەر هەژموون و دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر جیهاندا وریێ خۆشکەریشە بۆ ئێران کە جارێکی تر هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدات.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٣٦٥ – ٢٠١٧/٩/١٧

# عومران خان لە گۆڕەپانەکانی یاری کریکێتەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی پاکستان

عومران خان ناوی تەواوی عەمران ئەحمەدخان نیازی لە ٢٥ نۆڤەمبەری ١٩٥٢ لە ولایەتی لاهوری پاکستان لە دایک بووە، باوکی ئەندازیاری شارستانی بووەو دواتر ئارەزووی وەرزشی هەبووە بووەتە یاری کەری(کریکێت) نێودەوڵەتی تیپی نیشتمانی پاکستان.
ئێستا سەرۆکی بزوتنەوەی ئینساف ی پاکستانەوە لە ساڵی ٢٠١٣ەوە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی پاکستانە تا ٢٠١٨ ئەو تاکە کورسیەیە کە بزوتنەوەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا بە دەستی هێنا لەگەڵ ئەمەشدا چالاکوانێکی دیارو بەتوانای کاری خێرخوازی بووە تارادەی دامەزراندنی یەکەم نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشی کوشندەی شێرپەنجە لە وڵاتەکەیدا بە ناوی نەخۆشخانەی شەوکەت خاتووم کە بە ناوی دایکی یەوە ناونراوە.
ئەو بزوتنەوەیە کە لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە دایمەزراند بەناوی بزوتنەوەی ئینساف سەرەتا تەنها یەک کورسی کۆمەڵەی نیشتمانی بە دەستهێنا وەکو نوێنەری شاری میانۆ دواتر بە هۆی کاریگەرییەکانی بەهاری عەرەبیەوە گەشەی زیاتری کردوو توانی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠١٨ لە هەردوو حزبە کۆن و فەرمانڕەواکانی پێشووی بباتەوە واتە حزبەکەی نەواز شەریف کە ئێستا لە زینداندایە بە تۆمەتی گەندەڵی و حزبەکەی بەنەزیر بۆتو کە ساڵانێکی درێژە حوکمڕانی پاکستانن و تۆمەتی گەورەی گەندەڵی و خراپ بە کار هێنانی دەسەڵاتیان لە سەرە.

***عومران خان چی لە هەگبەکەیدایە بۆ گەلی رووت و رەجاڵ و هەژاری پاکستان؟***

ئەگەرچی عومران خان لە بنەماڵەیەکی ئۆرستۆکراتی وڵاتەکەیەتی و خوێندنی لە زانکۆی ئۆکسفۆردی شانشینی یەکگرتوو تەواو کردووە بەڵام لە یەکەم هەنگاویدا کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە کە موژدەی خێرو خۆشی دەدەن بە گەلی پاکستانی داماو ئەگەر بەردەوام بێت و لە نیوەی رێگادا پاشگەز نەبێتەوەو خۆی رادەستی تاقم و باندە زل و زەبەلاحەکانی ماڤیا ی ولاتەکەی نەکات.
سەرەتا هەر لە دوای سوێند خواردنی وەکو سەرۆکوەزیران لە نووسینگەکەی خۆیەوە دەستپێکرد بڕیاری دا لە خانوویەکدا بژێت کە لە سێ ژوور پێکهاتووە لە جێی ئەو کۆشکە زەبەلاحەی کە بۆ سەرۆکوەزیران تەرخان کرابوو بڕیاری دا بیکاتە مۆزەخانە و هەروەها بڕیاری دا لە کۆی ٥٢٤ کەس لە خزمەتکارو دەستو پێ و تەنها دووکەس بهێڵێتەوەبۆ

کاروباری ماڵە بچکۆلەکەی کە ٣ ژووره هەروەها فرۆشتنی ئەورەتڵە ئۆتومبیلە گران و دژ بە گولانەی کە بۆ سەرۆک وەزیران تەرخان کرابوو گێڕانەوەی پارەکەی بۆ گەنجینەی دەوڵەت.
هەروەها عومران خان لە یەکەم وتاریدا بۆ خەڵکی وڵاتەکەی و بە تایبەتی بۆ خاوەنکارو دەوڵەمەندەکان داوای لێکردنن کە هەموویان باجەکانیان کە لە سەریانە بیدەن بە دەوڵەت و پێی وتن من لە ئۆفیسەکەی خۆمەوە دەستم پێکردووە دەبێترووبەڕووی هەژاری و قەرزاری ببینەوە هەروەها وتی دەمەوێت پاکستانێکی نوێ ببینم لەرێگەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی پاکستان لەرێگەی جێبەجێ کردنی سیستمێکی ئیسلامی چاودێر کۆمەڵایەتی کە بەربەستێک بۆ هەژاری و نەبوونی دابنێت هەروەها کەمکردنەوەو پووکانەوەی قەرزارییەکان هەروەها وتی دابو نەریتێکی خراپمان بە میرات بۆ ماوەتەوە ئەویش پشت بەستنە بە قەرزو کۆمەکی دەرەکی بەم شێوەش ستەمە وڵات پێش بکەوێت و لە سەرپێ ی خۆی بووەستێت.
سەرەڕای هەموو ئەمانە عومران خان کە خۆی بەلایەنگری هەژارانی وڵاتەکەی دەزانێت هەرچەند خۆی لە بنەماڵەی هەژارانەوە نەهاتووە چونکە هەژاران چینێکی بەرینی خەڵکی وڵاتەکەی پێکدەهێنن بۆیە بڕیاری بەگژاچوونەوەی پەتای گەندەڵی داوەو ئەکتیڤکردنی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت و پشت بەخۆ بەستن واتە پشت بە پیشەسازی و توانای نیشتمانی و کۆتاییهێنان بە پاشکۆیەتی ئەمریکا.
بەڵام ئەوەی لای من لەوەیە جێگەی گومان بێت جێبەجێ نەکرێت ئەوەیە کە پاکستان تاکە وڵاتی ئیسلامییە کە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمیە و سوپای پاکستانیش سوپایەکی بە هێزە و لەکاتی پێویستدا کە سیاسیەکان لە سەر هێڵی سیاسی سوپا لایان دابێت کودەتایان کردووە و دواترینیان کودەتاکەی ژەنراڵ پەروێز موشەرەف بوو کە خوودی عومران خان وەکو باس دەکرێت لایەنگری لێکردووە.
ئەوەی لە ئێستاشدا کۆتایی بە حوکمی دوو حزبی تەقلیدی ئەو وڵاتە هاتووە و بزوتنەوەی ئینسافی عومران خان دەستەڵاتی بەدەستهێناوە بێگومان بە بێ پشتیوانی و هەماهەنگی سوپا نەبووە.
لە کۆتاییدا دەکرێت بپرسین عیراقیش پێویستی بە عومران خانێک هەیە لە نووسینگەکەی خۆیەوە دەستپێبکات لە کاتێکدا لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەیەکی وزاری نوێ دایە کە بە یاسا یاسادانەرەکان چەندین ئیمتیازو مووچەی چەورییان بۆ خۆیان بڕیوەتەوە؟

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٦٥١ – ٢٠١٨/٩/٢

# ڕوسیا و ئیسرائیل
# لە هێڵی پەیوەندی گەرمەوە
# بۆ ڕووبەڕووبوونەوە

هەر لەوکاتەی لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ ەوە روسیا هاتە ناو کێشە و ململانێکانی سوریاوە هەماهەنگی و پەیوەندی یەکی گەرمی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دەستپێکرد بەو ئومێدەی خۆیان لە بەریەککەوتن بپارێزن لە ئاسمان و خاکی سوریادا بە شێوەیەک گەلێک کۆبوونەوەو دیداری دووقۆڵیان رێکخستبوو تەنانەت بنیامین نەتەنیاهو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل تا ماوەیەک پێش ئێستا لە دوو ساڵی رابردوودا هەشت جار سەردانی مۆسکۆی کردبوو دوای ئەوەش دووجاری تر چووە.

کۆبوونەوەکان لە سەرئاستی جیاوازبووە لە نێوانیاندا چ بواری سەربازی و هەواڵگری و سیاسی و جگە لە هێڵێکی پەیوەندی گەرم لە نێوانیاندا واتە لە نێوان بنکەی حمێمیمی روسی لە لازقیەو وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل لە تەلئەبیب، لەم رێگەیەشەوەروسیا توانی بووی ترسی ئیسرائیلیەکان بڕەوێنێتەوە لە بوونی هێزەکانی ئێران و حزبوڵای لوبنان لە سوریا ئەویش لەرێگای فشار خستنە سەر ئێران کەراوێژکارەکان هێزەکانی خۆی و میلیشیاکانی حزبوڵاو هەموو هێزە وابەستەکانی خۆی بە ماوەی ١٢٠ کم بکێشێتەوە لەسێگۆشەی قنێترەی باشووری دیمەشق و سویداو جۆلان و هەروەهارێگەدان بە ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر هێزی هاوپەیمانەکانی سوریا وئێران بەرادەیەک ٢٠٢ جار هێرشی هەوایی کراوەتە سەریان لە ماوەی هەژدە مانگدا.

یەکێک لەو هەڵوێست و هەوڵانەی روسیا بۆ پێشگرتن بە هەڵگیرسانی شەڕو ئاژاوەی گەورە لە نێوان ئیسرائیل و سوریا و ئێران ئەو کاتە بوو لە مانگی شوباتی رابردووی ئەمساڵ ٢٠١٨ کە فڕۆکەF16 ەکەی ئیسرائیل خرایە خوارەوە لە سوریا بنکەی حمێمیم هەموو هەوڵەکانی خستە گەڕ لەسەرداخوازی ئیسرائیل بۆ ئەهوەن کردنەوەی دۆخەکە. بەڵام واجارێکی تر دۆخەکە لەبەردەم تەقینەوەیەکی مەترسیداردایە کاتێک دووشەمەی رابردوو فڕۆکەیەکی L20 ی روسی خرایە خوارەوە کە پانزە پلەداری روسی سەرنشینی بوون هەموو کوژران لە کاتی هێرشێکی ئیسرائیلی بۆ سەر بنکەیەکی توێژینەوەی زانستی و تەکنیکی سوریا کە روسەکان ئەمە بەکارێکی ئەنقەست دەزانن و هەرچەندە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە بەئاگری دۆست خراوەتە خوارەوە، واتە بە ئاگری رۆکێتی S200 سوری کە ئەمە توورەیی توندی روسیا لێکەوتەوە و هەندێک بڕیاری توندی دەرکردووە

کە لەوەیە دۆخەکە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بگۆڕێت.

**بڕیارەکانی روسیا**

ڕوسیا سێ بڕیاری توندی دەرکردووە کەدژ بە بەرژەوەندی ئیسرائیلن ئەوانیش ئەمانەن -:

١. ڕادەستکردنی سیستمی مووشەکی بەرگری S٣٠٠ لە ماوەی دوو هەفتەدا بە سوریا کە ئەم خاسیەتانەی تێدایە (پێکانی ئامانج لە دووری ٢٥٠ کم هەروەها پێکانی ئامانجی ئاسمانی و هەوایی جۆراو جۆر وەکو فڕۆکە مووشەکی بالیستی و مووشەکی تریش لەبەرزایی ١٠م تا ٣٠ کم هەروەها چاودێری کردنی ٢٠٠ ئامانج و هەروەها شەڕ لەگەڵ ٢٤ ئامانجیشدا لە یەک کاتدا هەروەها توانایەکی زۆری بۆ شەڕی ئەلکترۆنی )

٢. دانان و جێگیرکردنی سیستمێکی ئۆتۆماتیکی کە هەموو بنکە بەرگرییەکانی سوریا بەیەکەوە ببەستێتەوەو هەموو ئامانجە یارو نەیارەکان لە یەک جودا بکاتەوە هەروەها کۆنترۆڵکردنی بڕیاری پێویست.

٣. دانانی سیستمێکی ئەلکترۆنی تەشویش دژ بە هەموو ئەو فڕۆکە ورۆکێت و مانگە دەستکردانەی کە نزیک دەبنەوە لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە سوریا.

**ئامانجی پوتین لوم بڕیارانە**

ئامانجی سەرۆک پوتین وروسیا لەم هەنگاوانە بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی سیاسی و سەربازییە لەوانە:-

١. ناردنی مەسجێک کەروسیا هێزێکی گەورەو زەبەلاحە.

٢. کۆتایهێنان بە ئۆپەراسیۆنە هەواییەکانی ئیسرائیل لە سوریا کە بووەتە مایەی نیگەرانییەکی زۆر بۆ هاوپەیمانەکانی روسیا لە سوریا واتە ئێران کە وای دەخوێننەوە کە بەرژەوەندی ئیسرائیل دەخاتە سەرووی بەرژەوەندی ئەوانەوە.

٣. ناردنی مەسجێکی بەهێزی تر بۆ ئەمریکا هەردوو هاوپەیمانەکەی بەریتانیا و فەرەنسا کە ئیتر ناتوانن نکوولّی لەرۆڵی روسیا لە سوریا بکەن وناتوانن رێز لە سەروەری سوریاش نەگرن تا کۆتایی.

٤. هەوڵدانی پوتین بۆ دانانی نەخشەڕێگایەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی سوریا بە دیدێکی نوێوە بۆسەر مێزی دانوستان کە ئەمریکاوروسیا و ئیسرائیلیش بگرێتە خۆ.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٦٧٦ – ٢٠١٨/٩/٣٠

# هیند و پاکستان لاپەڕەیەکی تری گرژی

ئەگەرچی پاکستان لە هیندستان جیابۆتەوە، بەڵام لەوەتەی لە یەک جیابوونەتەوە کێشەی ویلایەتی کشمیر وەکو خاڵێک و ناوچەیەکی جێناکۆک لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ماوەتەوەو تا ئێستا لە چەند وێستگەیەکی جیاجیادا بۆتە مایەی شەڕو پێکدادانی خوێناوی. یەکەم خولی ئەو جەنگەش ساڵی ١٩٤٧ هەڵگیرساو تا ساڵی ١٩٤٨ بەردەوام بوو، خولی دووەمی جەنگیش ساڵی ١٩٦٥ هەڵگیرساو کۆتاییهات بە دەستوەردانی زلهێزەکانی وەکو یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە پشتیوانی هیندستانی دەکردو هەروەها ئەمریکاش.
لە خولی سێیەمی جەنگێکی تردا کە ساڵی ١٩٧١ هەڵگیرسا، بووە هۆی ئەوەی پاکستان دابەش بێت بۆ دوو دەوڵەت و بەنگلادشی لێ جیا ببێتەوە. جگە لەم شەڕو ململانێ خوێناوییانەی نێوانیان، پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنو تاقیکردنەوەی ئەتۆمیو زۆر گرژیو قەیرانی تر سەریان هەڵدا لە نێوان ئەم دوو وڵاتە قەرەباڵغ و خاوەن چڕترین ژمارەی دانیشتووانو خەڵکێکی هەژارو بێ دەرەتان. لەو کێشانە رووداوەکانی کارجیل ساڵی ١٩٩٩ کە بەهۆی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی پاکستانەوە وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی هیندستان سەریهەڵدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨. هەروەها رووداوەکانی مۆمبای ساڵی ٢٠٠٨، لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر هەوڵو کۆشش درا بۆئەوەی رێ بە بەردەوامی جەنگ بگیرێتو پڕۆسەیەکی ئاشتی بەرقەرار بکرێت.
بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ گروپێکی توندڕەوی چەکدار بە ناوی لە شکری تیبە پەلاماری هەموو شوێنە سەرەکیو بنکەو بارەگا گرنگەکانی شاری مۆمبای دا لە هیندستان.
کێشەی کشمیر کە بەشی زۆری خەڵکەکەی موسڵماننو لەکاتی جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان لەگەڵ هیندستاندا ماونەتەوە، لەوەساوە تا ئێستا سەرەڕای هەوڵو خەبات بۆ چارەسەرکردنی بە شێوەی ئاشتییانەو دیالۆگ و دانوستان، بەڵام تا ئێستا بەبێ چارەسەر ماوەتەوەو بەردەوام بارودۆخی ئەم ناوچەیە لە هەڵکشان و داکشان و زەمینەی لەباربووە بۆئەوەی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا سەرهەڵبدات. ئەگەر جاران بە چەکی کلاسیکی جەنگیان بکردایە، مەترسییە گەورەکە لەوەدایە کە ئێستا هەردوو وڵاتەکە خاوەنی چەکی ئەتۆمین.
ئەوەی زیاتر ئەو بارودۆخە بارگاوی دەکات، ئەو پێشێلکاری و دەستدرێژییە بەردەوامو بێ بەزەییانەیە کە سوپای هیندستان بەرامبەر بە خەڵکی کشمیر دەیکات، جگە لە سوپا زۆر تاقمو رەوتی توندڕەوی هیندی سەریان هەڵداوەو کاری توندوتیژیو پێشێلکاریی دەرهەق بە موسڵمانە کشمیرییەکان دەکەن.
بۆیە هەندێک ناوەندو سەنتەری ناودارو ئاگاداری میدیایی باس لەوەدەکەن کە لە نێوان

ساڵەکانی ١٩٩٠ تاکو ٢٠١٤، (١٥٠) ئەفسەری پلە باڵای سوپای هیندستان ١٠٨٠ حاڵەتی کوشتن و لەناوبردنی خەڵکی کشمیریان ئەنجامداوە، بە دەر لە یاساو دادگا.هەروەها رفاندنو بێسەرو شوێنکردنی ١٧٢ کەسی کشمیریو جگە لە تۆمارکردنی سەدان حاڵەتی ئەتککردنو پەلاماردانو ئەشکەنجەو سووکایەتی.

ئێستا ئەوە بۆ شەش مانگ دەچێت عمران خان وەکو سەرۆک وەزیرانی نوێ لە پاکستان دەست بەکاربووە. ئەم کۆتایی بە دەستەڵاتی دوو حزبە کلاسیکییەکەی پێش خۆی لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هێناو زۆر هەنگاوی ریفۆرمی ناوە، هەر لە کۆشکی سەرۆک وەزیرانەوە تاکو ستافی دەستو پێوەندو خزمەتکارەکانی و چاککردنی سیستمی باجو زۆر هەنگاوی تر. لەوانە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکانی وڵاتەکەی، بەتایبەتی هیندستان کە رێڕەوی کارتاربۆری کردەوە و حاجییەکانی ئایینی سیخ بە بێ ڤیزە بەناو خاکی وڵاتەکەیدا برۆن. هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاساییکردەوە، سەرەڕای ناکۆکی مەزهەبی نێوانیان کە ئێران شیعەیەو پاکستان سووننە. هەروەها لەگەڵ عەرەبستانی سعودییەشدا هەموو هێڵەکانی پەیوەندیو هاتوچۆی کردەوە. بەڵام سەردانی ئەمریکاو ئەوروپای نەکردو هەوڵی بۆ نەدا.

بەڵام پێش دوو هەفتە، دوو رووداو روویدا. یەکێکیان لە پارێزگای زاهیدانی رۆژهەڵاتی ئێران کۆمەڵێک پاسداری ئێران کوژرانو لە هیندستانیش کۆمەڵێک سەربازی هیندی کوژران. هەردوو وڵات پەنجەی تۆمەتیان بۆ پاکستان درێژکرد. تەنانەت سەرۆک وەزیرانی هیندستان وتی: بەڵگەی تەواومان لە بەردەستە کە پاکستان لە پشت کردەوە تیرۆرستییەکەوەیە، بۆیە هەموو پەیوەندییە بازرگانییەکانی وەستاند لە گەڵ پاکستانو ئاراستەی رووداوەکان بەرەو ئاقارێکی زۆر خراپ رۆیشت و فڕۆکەکانی هیند پەلاماری پاکستانیان داو دوو فڕۆکەیان خرایە خوارەوەو فڕۆکەوانێک بە دیل گیرا.

لە کۆتاییدا هەرچەندە عمران خان بە هۆشیارییی لەگەڵ رووداوەکاندا دەجوڵێتەوەو خاوەن خواستێکە بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکەی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ دراوسێکانی، بەڵام خواستێک هەیە لەلایەن زۆر ناوەندو وڵاتەوە، بۆئەوەی پرۆژەکەی شکست پێ بهێنن.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٠٤ – ٢٠١٩/٣/٣

# دابەزینی نرخی نەوتی خاو لەبازاڕەکانی جیهاندا

نەوت کەشادەماری ژیانی وڵاتانی گەورەو خاوەن پیشەسازی جیهانە، هەروەها بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و کشتوکاڵییەکانیش هەمان گرنگی و بایەخی هەیە. نەوت کەمەزنترین سەرچاوەی وزەیەو هەروەها چاکترین سەرچاوەیە بۆ گۆڕینی بۆ پێداویستی دیکە، وەک بەنزین و گازوایل و دروستکردنی گەلێک شتی دیکە، پاکترین و هەرزانترین جۆری وزەیە تا ئێستا لەچاو سەرچاوەکانی تری وزە وەک غازی سروشتی و خەڵوزو وزەی ئەتۆمی و هایدرۆپاوەر، چونکە غازی سروشتی و هایدرۆپاوەر کەمن یان زۆر دەکەوێت ئەگەر بەهۆی با یان خۆرەوە وزە دابین بکرێت یان زیانبەخشە وەک خەڵوزو وزەی ئەتۆمی و هایدرۆپاوەر، کە دایۆکسید دەداتەوە یان لەبەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی(ریدیوتیف ویست) بەرهەمدەهێنێت.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم گرنگی نەوت بۆ وڵاتانی پیشەسازی بخەمەڕوو لەئێستاو چەند ساڵی داهاتوودا وەکو ئەمریکاو ئەوروپاو ژاپۆن و چین و هندستان، ئەمریکا کە تاساڵی(١٩٤٠) بەشی خۆی نەوتی هەبوو پێویستی بەهێنانی نەوت لەدەرەوە نەبوو، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە ئەمریکا(١٥٪) ی نەوتی بەکارهێنراوی لەدەروە دەهێناو لەساڵی(١٩٦٠) ئەم ڕێژەیە بەرزبوویەوە بۆ(١٨٪) لەساڵی(١٩٧٠) بەرزبوویەوە بۆ(٣٦٪) و لەساڵی(١٩٩٠) دا بوو بە(٤٩٪)، ژاپۆن و ئەوروپاش دوو هێزی سەرەکین و ئێستا چینیش لەگەڵیانە، چین پێش ئەوەی خۆی بکاتەوە بەڕووی بازاڕی جیهانداو ببێتە ئەندام لەڕێکخراوی بازرگانی جیهاندا واتە لەسەردەمی جەنگی سارددا نەوتی خۆی بەشی خۆی دەکرد، بەڵام لەساڵی(٢٠٠١) بەدواوە رۆژانە(٣,٢) ملیۆن بەرمیل نەوتی دەردەهێنا بەڵام(٥)ملیۆن بەرمیل نەوتی سەرف دەکرد، کەواتە پێویستی بە(١,٧) ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە لەدەرەوە بیکرێت.

سەرچاوەکانی کارگێڕی وزەی ئەمریکی پێشبینی ئەوە دەکەن کەچین ساڵی(٢٠٢٥) رۆژانە(١٢,٨) ملیۆن بەرمیل نەوت سەرفیاتی هەبێت کەدەرهێنانی نەوتی خۆی لەهەمان ساڵدا(٣,٤) ملیۆن بەرمیل نەوت تێپەڕ ناکات ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە کڕینی نەوت لەدەرەوە زیاد بکات بۆ(٩,٤) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، لەهەمانکاتدا بەراپۆرتی ساڵانەی وزە کە لەکارگێڕی وزەی ئەمریکی دەرچووەو تێیدا هاتووە ئەمریکا لەساڵی(٢٠٠١)دا لە(١٩,٧) ملیۆن بەرمیلەوە بەکاربردنی نەوت دەگاتە(٢٨,٣) ملیۆن بەرمیل لەساڵی(٢٠٢٥) ئەم زیادبوونە لەکاتێکدایە دەرهێنانی نەوتی خاو چاوەڕوان دەکرێت لە(٥,٧) ملیۆن

بەرمیلەوە دابەزێت بۆ(٤,٦) ملیۆن بەرمیل نەوت، ئەگەرچی ئەم دابەزینە دەتوانرێت بەڕادەیەکی کەم بەکارهێنانی نەوتی شل لەغازی سروشتی پڕبکرێتەوە، بەڵام کەلێنی نێوان بەکاربردن و دەرهێنانی نەوتی ناوخۆ تەنیا بەکڕینی نەوت لەدەرەوە پڕدەکرێتەوە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی ئاسیا بەپێی راپۆرتی کارگێڕی وزە لە(٢٥) ساڵی داهاتوودا رێژەی بەکارهێنانی نەوت دوو ئەوەندە بەرزدەبێتەوە لە(١٥) ملیۆن بەرمیلەوە بۆ(٣٢) ملیۆن بەرمیل سەردەکەوێت، تەنها چین لە(٥) ملیۆن بەرمیلەوە بۆ(١٢,٨) ملیۆن بەرمیلی دەچێتە سەر، هندستان لە(٢,١) ملیۆن بەرمیلەوە بەکاربردنی دەگاتە(٥,٣) ملیۆن بەرمیل.

مەبەستم لەم ژمارەو نموونانە ئەوەیە کە گرنگی نەوت و پێویستی رۆژانەی خەڵک بەم وزەیە لەهەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا بخەمەڕوو بەبێ نەوت پرۆسەی ئابووری ژیان ئیفلیج دەبێت و هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی دەریایی و زەمینی دەوەستێت، ئەوەی زیاتر مەبەستی منە لەم نووسینەدا نهێنی دابەزینی نرخی نەوتە بەم شێوەیەی ئێستای کە(٧٥٪)ی نرخەکەی لەدەستداوە لەچوار ساڵی رابردوودا نەوت بەم شێوەیەی ئێستای دانەبەزیوە، هەرچەندە رێکخراوی ئۆپیک لەدوا کۆبوونەوەیدا لەجەزائیر بڕیاری کەمکردنەوەی فرۆشتنی نەوتی بەرێژەی(٢,٢) ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا دا، ئەمە لەکاتێکدایە رۆژانە پێویستی نەوت زیاد دەکات و بەرهەمهێنانی نەوت لەوڵاتانی گەورەدا کەمدەبێتەوە، بۆیە دەکرێت بپرسین دەبێت نهێنی ئەم دابەزینە لەکوێدا بێت؟

***تێبینی***

سەرجەم ژمارەو داتاکانی ئەم نووسینەم لەوتارێکی مامۆستا زاهیر باهیرەوە وەرگرتووە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٤٧٩٢ - ٢٠٠٩/٢/٩

# پوتین لە جەنگی ساردەوە بۆ جەنگی گەرم

هەر لە سەرەتای سالی ١٩٩١ جەنگی سارد کۆتایی هات لە نێوان هەردوو بلۆکی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رۆژهەلات بە سەرۆکایەتی یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتی جاران، بەهەلوەشانەوەو لەبەریەکتەرازانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ چواردە ولاتی سەربەخۆ، ئەو جەنگەی کە بە سارد ناوزەدکرا هەرچەندە لە زۆر شوێنی جیا جیا بە وەکالەت بە گەرمیش بەڕێوە دەچوو، سەرەڕای پێشبڕکێ و ململانێی سەخت لە بواری پێشخستنی چەک و تەکنۆلۆجیای جەنگی بە هەموو جۆرەکانی ئەتۆمی کیمیایی بایۆلۆجی هەوالگری و تا بەرنامەی شەڕی هەسارەکان.

لە ئێستادا و دوای بیست و هەشت سال لە هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەروسیا خۆی بە جێنیشین ومیراتگری ئەو ئیمبراتۆریەتەسۆسیالسیتیە زەبەلاحە دەزانێت و خودی فلادیمێر پوتینی سەرۆکی ئێستای روسیای فیدرالی کە لە مندالدانی سۆڤیەتەوە لەدایک بووە و یەکێک لە هەلسووڕاوە دیارەکانی دەزگای هەوالگری (K G B) سۆڤیەتی جاران بوو، ئێستاش بۆ چەندین خولە سەرۆکە و نیازی هەیە بۆ ئەم هەلبژاردنە سەرۆکایەتیەی لەم ١٨ مانگی ئازارەدا ئەنجام بدرێت خۆی کاندید بکاتەوە و لە وتاری سالانەی خۆی لە بەردەم هەردوو ئەنجومەنی دۆما (پەرلەمان) و ئەنجومەنی یەکگرتوو (پیران) وەکو نەریتی سالانە دەبوو لە مانگی کانوونی یەکەمی رابردوو بخوێنرایەتەوە، بەلام هەر بە مەبەست بۆ نزیک بوونەوە لە کاتی هەلبژاردنەکان دواخرا لە ١/ئازارخوێنرایەوە. ناوەڕۆک و مەبەستی وتارەکە ئەوەی بیسترا لە سەرۆکیروسیای فیدرالی فلادیمیر پوتین سەردەمی جەنگی ساردی وەبیر ئامادەبووان و جیهانیش هێنایەوە هەروەها ئاماژەیەکی بەهێزیشی دا بۆ دەستپێکردنەوەی پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردن لەگەل رکابەرە سەرسەخت و لە مێژینەکەیان ئەمریکا کە وا ئێستا سنورەکانی هاوپەیمانی ناتۆی نزیک لە سنوورەکانی روسیا خستۆتەوە.

هەرچەندە لە ئێستادا پەیوەندییەکانی ئەمریکا وروسیا جۆرێک لە ساردی و سڕی پێوەدیارە بە هۆی تۆمەتبارکردنی روسیا بە دەستوەردان لە هەلبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ئەمریکا بەلام پوتین داوای لە ئەمریکیەکان کرد کە بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی دان وسان وباشتر و وردتر بیر بکەنەوە، چونکە هەموو ئەو سزانەی کە خراونەتە سەر ولاتەکەی ناتوانن بەر بە پێشووە چوونی ولاتەکەی بگرن بەلکو وتی: توانیوومانە هەموو ئەو ئامانجانە بە دەستبهێنین کەرۆژاواییەکان ویستوویانە بەدەستی نەهێنین، لە هەمانکاتدا وتی: ئێمە

هەرۆشە لە کەس ناکەین و پێداگیری لەوە کرد کە چەکی ئەتۆمی بەکار ناهێنین لە هەمبەر کەسدا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە هێرشمان بکرێتە سەر بە چەکی ئەتۆمی یان تەقلیدی کە بوونمان بخاتە مەترسیەوە،لەهەمانکاتدا هۆشداری توندی دا لە هەرپەلامارێک بۆسەر خۆیان و هاوپەیمانەکانی کەئەمە خاڵێکی هەستیارە نازانین هاوپەیمانەکانی بە دیاریکراوی کێن؟

لە هامانکاتدا پوتین لەم وتارەدا کە بۆنی جەنگی لێدەهات بە درێژی باسی تازەترین جۆری داهێنانەکانی چەک ورۆکێتەکانی کرد کە لە بەرامبەر دانان و بڵاوەپێکردنی سیستمی رۆکێتی بەرگری ئەمریکا لە نزیک سنوورەکانی وڵاتەکەی هەروەها زیاتر وتی: ئەمە جۆرێکە لە وەڵامدانەوەی ئەو پاشەکشەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٢ لە پەیماننامەی وەستانی پێشبرکێی چەکی ئیستراتیجی هێرشبردن ، وتی ئەوان واتە ئەمریکا ئێمەیان ناچار کرد کە پەنا بۆ پێشخستنی ئەم چەکانە بەرین کە لە وێنەیان نییە لە جیهاندا و هیچ جۆرە چەکێکی تەقلیدیش ناتوانێت بەریان پێبگرێت.

هەربۆیە ئەم لێدوانانەی پوتین نیشانەی سەرهەڵدانی لاپەرەیەکی تری ململانێ و پێشبرکێی خۆ پڕچەککردنە لە جیهاندا کە بە هیچ جۆرێک خزمەت بە مرۆڤایەتی و ئاشتی و ئاوەدانی ناکات و گەڕانەوەیە بۆ نەزمی دوو جەمسەری کەساڵانێکی درێژ لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو درێژەی کێشا.

بۆیە گەرووردتر لە وتارەکەی پوتین بڕوانیین ئەوراستیەمان زیاتر بۆروون دەبێتەوە:

سیستمی رۆکێتیمان پێشخستووە کە مەوداکەی کراوەیە تاکوێ بمانەوێت دەرِوات بەناوی (سارمات) کە کێشی هەررۆکێتێک ٢٠٠ تەنە کە توانای مانۆڕو خۆدەربازکردنی لە هەموو سیستمەکانی رادارو سیستمەکانی قەڵغانی رۆکێتی هەیە.

هەروەهارۆکێتی تری پیشانی ئامادەبووان دا لەریگای شاشە پێشکەوتووەکانەوە کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوو کە خێراییەکەی بیست جار لە خێرایی دەنگ زیاترە کە پێی دەڵێن کینجاڵ واتە خەنجەر.

جگە لەمانەش ژێردەریاییەکی تری نمایشکرد کە بە وزەی ئەتۆمی کاردەکات و توانای هەڵگرتنی هەموو جۆررۆکێتێکی هەیە لە قوڵایی دەریاکانەوە هەروەها چەندین جۆررۆکێتی تر کە بەلیزەر کاردەکەن لە هەموو کەش و هەوایەکی نالەباریشدا.

لە کۆتاییدا وتی((کەس گوێی لێ نەدەگرتین و کەس نەی دەخواست قسەمان لەگەڵ بکات ئێستا ئێتر گوێمان لێبگرن)) دیارە مەبەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانێتی.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٥١٣ – ٢٠١٨/٣/١١

# سەدەیەک پاش جەنگی جیهانی یەکەم

ڕۆژی ١١ مانگی ١١ ساڵی ١٩١٨ جەنگی جیهانی یەکەم یان وەکو دەبێژن شەڕە گەورەکە کۆتایی هات واتە ئێستا دە دەیە و سەد ساڵە کۆتایی بەو جەنگە نەگریسە هاتووە کە کۆتایی بە ژیانی ٣٧ ملیۆن کەس هێنا ئەمە بۆ خەڵکی هەژار و سەرباز و هەموو خەڵکی وڵاتانی بەشداربوو لەو جەنگەدا ئاکامێکی سامناک و وێرانکەر بوو بەڵام نەبوو بە پەندو عیبرەت بۆ ئەوەی ئیتر کۆتایی بە جەنگ بێت لە جیهاندا بەڵکو لە دوای ٢١ ساڵ جەنگی جیهانی دووەمیش هەڵگیرسا.

بەڵێ ئەو شەڕە نەگریسە ئاکامەکەی هەر ئەو کووشتارە ملیۆنیە نەبوو کە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانەدا هات بەڵکو زۆر کایە و دەستەڵات و دەورانیشی گۆڕی و لولی دان لەوانە سێ ئیمبراتۆریەتی گەورەو کۆنی رامالی لە گەڵ خۆیدا ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەر و دەستەڵاتی قەیسەری روسیا بوو کە بوون بە شێک لەرابردوو، لەگەڵ ئەوەشدا زەمینەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی سیستەمی سۆسیالیستی بەرابەرایەتی لینین و بەلشوویکەکان و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەتی لە ئەورووپای رۆژهەڵات، هەروەها لە ئەورووپای رۆژئاواش زەمینەی سازکرد بۆ سەرهەڵدانیرەوتی فاشیزم لە ئیتالیا و ئیسپانیا و نازیزم لە ئەڵمانیا کە ئەمانەش دواتر بوونە فاکتەرێک بۆ بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەم کە زۆر لە جەنگی یەکەم وێرانکەر و درندەتربوو.

ئەگەرچی سەرەتا بە هۆی تیرۆرکردنی جێنشینی پادشای نەمسا (ئەرشیدۆک فرانز فێردیناند) کە بە دەستی تاقمێکی تیرۆریستی سربی ئەنجامدار بەڵام لەراستیدا زۆر فاکتەری تر هەبوون کە وایانکرد ئەو شەڕە ماڵوێرانەکەرە بەرپا بێت و بۆ ماوەی چوار ساڵ درێژە بکێشێت ئەوانیش ئەمانەن بەرای زۆرێک لە چاودێران و مێژوونووسانی ئەودەم :-

١. ململانێ ی سەربازی لە نێوانی نەتەوەکانی ئەوروپا لە بواری خۆپڕچەککردن
٢. هاوپەیمانێتی سیاسی لە نیوان بەریتانیای گەورە لەلایەک و ئەڵمانیا لە لایەکی ترەوە.
٣. سەرهەڵدانی ئیمپریالیزم.
٤. سەرهەڵدانی نەتەوە.

خاڵێکی تر کەزۆر گرنگە لە ئاکامی ئەو شەڕەو هاتەئاراوە بەشداریکردنی سوپای ئەمریکا لە جەنگەکەو بەتایبەتی لە سەر خاکی ئەوروپا لە دەرەوەی سنووری خۆی.

هەرچەند پێشتر بە کورتی ئاماژەم بە پەند وەرنەگرتن لە ماڵوێرانییەکانی جەنگی گەورەی جیهانی یەکەم کرد بەڵام پێمخۆشە جارێکی تر ئەوە بخەمەوەروو کە هەرچەند سەدەیەکە ئەو شەڕە کۆتایی هاتووە بەڵام مەیل و خواست و حەز لە شەڕککردن هەر هەیە بە

داخەوە شەڕی ساردی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی  جاران و هاوپەیمانی ناتۆ بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و شەڕە ناوچەیی و ئیقلیمیەکانی نیمچە دوورگەی کۆریا و شەڕی ڤێتنام و ئەمریکا و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن روسیاو دواتر شۆڕش و بەرنگاربوونەوەی خەڵکی ئەفغانستان بەرامبەر داگیرکەرە سۆڤیتیەکان و شەڕی هەشت ساڵەی عیراق و ئێران و داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عیراقەوە  و شەڕی فۆکلاند لە نێوان بەریتانیا و ئەرجەنتین.

سەرەڕای زۆر شەڕی ناوخۆیی و بزوتنەوەی ئازدیخوازی گەلان هەرلە شەڕەکانی عەرەب و ئیسرائیلەوە بگرە تا شەڕی گەلی کورد و حکومەتە  یەک لە دوای یەکەکانی عیراق بۆ وەدستهێنانی مافی چارەنووس یان مافی ژیان وەکو هاوڵاتیەکی ئاسایی و شەڕی کوردەکانی رۆژهەڵات بۆ خودموختاری و شەڕی چل ساڵەی کورد لە باکوور لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و لە زۆر شوێن و کون و کەلەبەری تری  ئەم جیهانە زمانی شەڕ و کوشتن و بڕین هەیە.

لە کۆتاییدا و لەم بۆنە سامناکەدا کە بۆنی خوێن و سووتماکی لێدێت دەبێت بپرسین ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە جەنگ تەحریم بکرێت و لە جیاتی ئەو سیستمێک بۆ جیهان دابمەزرێت کە بە ئاشتیانە و بە دیالۆگ هەموو کێشەو قەیران وململانێکان یەکلایی بکرێنەوە ئەو پارەیەی بۆ خۆپڕچەککردن و کوشتار بەکاردێت هەموو برسی و هەژارو نەدارەکانی پێ تێر بکرێت؟

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧١٨ – ٢٠١٨/١١/١٨

# ئەوروپا لە نێوان هاوپەیمانی ناتۆ و سوپای یەکگرتووی خۆیدا

هەرلەوکاتەی لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٧ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکایەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای گرتە دەست ئەوروپییەکان لێدوانەکانی ترەمپیان بە هەند وەرگرت کە باسی ئەوەی دەکرت ئیتر بە بەلاش پارێزگاری لە کەس ناکەین، زۆر وڵاتی دەگرتەوە ئەم لێدوانە هەر لەرۆژهەڵاتی ناوینەوە تاوەکو دۆستە کۆنەکانی لە ناتۆو بە دیاریکراوی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا کە تاوانباری دەکردن بەوەی کەوا ئەرکە داراییەکانی سەرشەنیان لە هاوپەیمانی ناتۆ بەجێ ناهێنن.

هەربۆیە سەرۆکی فەرەنسا ئیمانۆئیل ماکرۆن لە نۆڤەمبەری ئەمساڵدا ٢٠١٨ داوای پێکهێنان و دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی بۆ ئەوروپاکرد بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ وراستەوخۆ بەرەڤانی لە خۆیان بکەن بەبێ ئەمریکا،ئەم لێدوانە سەرۆکی ئەمریکای گەلێک قەڵس و نیگەران کرد چونکە ئەم داخوازی و پێشنیازە ئەمریکای خستە خانەی چین وروسیاوە وەکو هەڕەشەو مەترسین بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی ئەوروپا.

لە هەمانکاتدا راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگێلا مێرکل لە ١٣ نۆڤەمبەری ئەمساڵدا لە وتارێکدا لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپادا وتی: پێویستە هەمووریۆشوێنێکی پێویست بگرینە بەر بۆ پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندی هاوڵاتیانمان و هەروەها کاربکەین بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی سوپایەکی راستەقینەی ئەوروپا هەروەها پێداگیریشی کرد لەسەر ئەوەی کە ئەم بۆچوونە پێچەوانەی بوونی هاوپەیمانی ناتۆ نابێت لە ئەوروپا،لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی روسیا فلادیمیر پوتین پێشوازی گەرمی لە پێشنیارەکەی ماکرۆن کردو وتی: ئەمە بۆچوونێکی تازەنیە و کۆنە بەڵام سەرۆک ماکرۆن زیندووی کردەوە. هەروەها وتی: کارێکی لۆجیکیە کە ئەوروپا خاوەنی سوپای سەربەخۆی خۆی بێت خاوەنی سەروەری بێت بۆ بەرگری و ئاسایشی خۆی.

هەرچەندە هەندێک بۆچوون هەیە کە باس لەوە دەکەن بە بێ ئەمریکا ئاسایشی ئەوروپا دابین ناکرێت لە کاتێکدا یەکێتی ئەوروپا دامەزراوە و خاوەنی دامودەزگای زۆرە هەر لەپەرلەمان و پەیوەندی یەکانی دەرەوەو...تد بەڵام ناکرێت ئاسایش و بەرگریەکەی وابەستەی هێزی دەرەکی بێت کە ئەمریکایە مەبەستیان.

ئەوروپا بۆ بیر لە دامەزراندنی سوپای سەربەخۆی دەکاتەوە؟

هەرچەندە سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە لەرابردوودا لەکاتی لاوازبوونی روسیا و سەرقاڵبوونی

بە کێشەکانی ناوخۆیەوە دەهاتە ئاراوە وەکو لەکاتی رووخان و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەوە هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی هێزو هەژموونی روسیادا، جگە لەوەش ترس و بەخۆکەوتنەکانی ئەوروپیەکان لە لێدوان و کردەوەکانی سەرۆک ترەمپە هەروەکو لە سەرەتای وتارەکەمەوە ئاماژەم پێکرد کە هەر لە سەرەتای هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەیەوە باسی دەکرد و بە گوێی هەموو جیهانی دا دەدا کە دەیووت سەرچاوەی هەموو قەیران و کێشەکان کەروبەڕوی ئەمریکا دەبێتەوە، ئەوەیە کە ئەمریکا جڵەوی سەرکردایەتی جیهانی گرتۆتە دەست و هەروەها ئاماژەی بە ئەوە دەدا کە لە پەیمانی ناتۆ دەکشێنەوە هەروەها لە شوێنێکی دی دا دەی گووت کە کێ زیاتر بدات پابەند دەبین بە پاراستن و پارێزگاری لێی. هەروەها دەیگووت،ئەمریکا دەبێت خۆیرزگار بکات لەو نەفەرانەی کە بە خۆڕایی سوار دەبن.

کەچی ئەوەی بینیمان ترەمپ پێچەوانەی ئەو لێداوانانەی خۆی هەڵوێستی وەرگرت زۆر دژی پێکهێنانی سوپای سەربەخۆی ئەوروپایە و وتی: ئەگەر ئێمە نەبووینایە ئیستا فەرەنسیەکان بە ئەڵمانی دەئاخفتن و لە کاتێکدا ئەگەر سەیری لێدوانەکانی پێشووتری بکەین ئەم هەنگاوەی ئەوروپیەکان ئەو بارە قورسەی لە سەرشانی ئەمریکا لادەبرد کە ترەمپ باسی دەکرد بۆ پارێزگاری لە ئەوروپا.

هەرچەندە ئەگەر ساڵی ٢٠١٧ بە نموونە وەربگرین لە سەر خەرج و پێداویستیەکانی هاوپەیمانی ناتۆ تەنها ئەمریکا ٦٨٦ ملیار دۆلاری داوە کە دەکاتە ٧١٪ کۆی خەرجیەکان، چونکە ئەمریکا لەڕووی مێژوویەوە گەورەترین هاوبەشی هەبووە لە دابینکردنی هەموو کەرەسەکانی ئەو هاوپەیمانێتیەوە،چ لەرووی سەربازی و سیاسیەوە هەر ئەوەشە ئەمریکای کرد بە برا گەورەی هەموو جیهان بەڵام ئەگەر سەرۆک ترەمپ بیەوێت هەر سەرگەورە و فەرمانرەوا و قسەڕۆیشتوو بێت، ئەمریکا دەبێت هەر کیسەی پڕبکات و بە سەخاوتەوە خەرجی بکات.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٣٠ – ٢٠١٨/١٢/٢

# ئاوڕێک لە ساڵی رابردوو
# روانینێک بۆ ئەمساڵ ٢٠١٩

سەرەتا پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە کاتەکان  هیچ جیاوازیان نییە ساڵی رابردوو ساڵی نوێ  ئەوە خولەک و سەعات ورۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ و سەدەیە وەکو یەکەی پێوانەی کات لە لایەن مرۆڤەوە لە دێرزەمانەوە دانراوە بۆ زانین و یاداشتی  مێژوو و رووداوەکان و دانانی پلان بۆ داهاتوو.

### ڕۆژهەڵاتی ناوین

ئەم ناوچەیرۆژهەلاتی ناوینە چۆن لەرابردوو دا چەقی ململانێ و قەیران بووە، پێدەچێت لە ساڵی داهاتوویشدا بە هەمان شێوە بمێنێتەوە، بەهۆی بوونی زۆر گروهو تاقمی توندئاژۆو و میلیشیاتی جۆراوجۆر لەوانە (ئەلقاعیدە و داعش و حزبولا) کە سەرکردەکانیان تا ئێستا ئازادن وەکو ئەیمەن زەواهیری و ئەبوبەکر بەغدادی و زۆری تریش.
ئەگەرچی لە سوریا و عیراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا بانگی سەرکەوتن بە سەر داعشدا درا، بەڵام هەموو ئەو پاساو و فاکتەرانەی کە زەمینەیان رەخساند بۆ سەرهەڵدانی ئەو رەوتانە هێشتا هەر ماون و هەوڵ بۆ زەمینەسازی بنبڕکردنیان وەکو پێویست نەدراوە. هەرچەندە لەوەیە بۆ ماوەیەکی کورت ئارامی و بووژانەوەی بازاڕ و ئاوادەنکردنەوە لەم ناوچەیەداروبدات و کاریگەری بۆ سەر وڵاتانی تورکیا و لوبنانیش هەبێت. ڕۆژهەڵاتی ناوین سێ وڵات سێ هێزی مەزن کاریگەریان لە سەری هەیە ئەوانیش: وڵاتانی ئەمریکا و چین وروسیایە، وڵاتانی رۆژئاوای  ئەوروپایش کاریگەریان لەوان  کەمتر نین، هەرچەندە ئەمریکا بە تویێتەکانی ترەمپ بێت، پاشەکشە دەکات لە سوریا بەڵام روسیا ئەگەرچی بە دبلۆماسیەتی هێمن و لە سەرخۆ دەستی پێکرد دەستوەردانەکانی لە سوریا، بەڵام ئێستا توند تر وراشکاوانەتر هاتۆتە پێش و لەرێگەی ئەو مافی ڤیتۆانەی لە ئەنجوومەنی ئاسایش بەکاری هێنا بەرامبەر ئەوەی رۆژئاواییەکان و ئەمریکا لە قەیرانی عیراق و لیبیادا پەراوێزیان خست، سێ وڵاتی ئیقلیمیش لە پەراوێزی ئەواندا ئیستراتیج و بەرنامەی خۆیان هەیە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە ئەوانیش: ئێران و ئیسرائیل و تورکیان کە چۆن لە ساڵی رابردوودا درێغیان نەکردووە لە دەستوەردان و ململانێی سەپاندنی هەژموونی خۆیان بە سەر وڵاتانی ناوچەکە، لەم ساڵیشدا واپێشبینی دەکرێت گوڕوتینی نوێ بەخۆیەوە ببینێت.

### ئەمریکا

ئەمریکا وەکو بزوێنەرێکی سەرەکی رووداوەکانی جیهان دەمێنێتەوە لە مساڵدا چۆن لەرابردوودا

رۆڵی پۆلیسی جیهانی وازی دەکرد، هەرچەندە ترەمپ لە تویتێکدا وتی: ئێمە ئیتر پۆلیسی رۆژهەڵاتی ناوین نابین. بەڵام پێناچێت ئەو وتانە بۆ ترەمپ بچێتە سەر، چونکە ئەمریکا هێشتا خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزە هەرچەندە باسی قەرزاری زۆریان دەکرێت، لە لایەکی ترەوە دوور نییە ترەمپ رووبەڕووی زۆر کێشەی گەورە بێتەوە لەوانە: کێشەی دادوەر مولیر تایبەت بە مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا و دەستوەردانی روسیا و بردنەوەی زۆرینە لە لایەن دیموکراتەکانەوە لە هەڵبژاردنی تەواوکار ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کە ئیتر ترەمپ بە ئاسانی ناتوانێت زۆر هەنگاو بڕیار بدات.

***چین***

پێشبینیەکان باس لە خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری چین دەکەن، چونکە ئەو وڵاتی بەنیازە گرنگی بە بواری سەربازی و گەردوونی بدات.

***ئەوروپا کیشوەرە پیرەکە***

ئەوروپا سەرەڕای ئەوەی بەریتانیای مەزن بەهۆی برێکیستەوە چوونە دەرەوە لە یەکێتی ئەوروپا،رووبەڕووی کێشە و قەیران و ململانێی گەورە بۆتەوە، لە نێو هەردوو حزبی سەرەکی پارێزگارانی فەرمانڕەوا و کرێکارانی ئۆپۆزەسیۆن لە سەر چۆنیتی دەرچوون و ئەورێکەوتنەی لەم دواییە تیریزامەی سەرۆک وەزیرانی لەگەڵ ئەوروپیەکاندا ئەنجامیداوە. فەرەنساش بە دەست هێلەک زەردەکانەوە حکومەتەکەی ئیمانۆئیل ماکرۆن گیری خواردووە، سەرەڕای جێبەجێکردنی هەموو داخوازییەکانیان لە کاتێکدا ماکرۆن دەنگی لە ٦٦٪ فەرەنسیەکانی هێناوە کەچی کەمینەیەک کە خۆیان لە سەد هەزار کەسێکدا دەبیننەوە، دەخوازن خواستی خۆیان بە سەر ماکرۆن و حکومەتەکەیدا بسەپێنن.
ئەڵمانیاش پەنابەران ئەو شاڵاوە گەورەی کەرووی لەو وڵاتە کردووە کێشە و قەیرانی قووڵی بۆ دروست کردوون.
بەگشتی ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، دەربارەی ئەوروپا بە گشتی سەرهەڵدانی تاقم و گرووپی پۆپۆلیستی راستڕەو کە دەخوازن یەکێتی ئەوروپا هەڵبووەشێننەوە و ئەمانەش تۆمەتبارن بەهاندانی دەستی دەرەکی بەتایبەتی ئەمریکا و روسیا لە پشتیانەوە بن، کە ئەمەش ئالنگارییەکی زۆر مەترسیدارە بۆ یەکێتی ئەوروپا سەرهەڵدانی گیانی نیو نازییەتی کە سەرەتاکانی لە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوتووە، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ پاشەکشەی ململانێی ئابووری و گرنگی دانی زیاتر، بە سێکتەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

کوردستانی نویَ - ژ. ٧٧٥٧ - ٢٠١٩/١/٦

# کشانەوەکانی ترەمپ لەرێکەوتننامە و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان

سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ کاتێک دۆناڵد ترەمپ بوو بە سەرۆکی ئەمریکا پێچەوانەی هەموو پێشهات و ئەگەر و لێکدانەوەکانی شارەزایانی هەڵبژاردن بوو ئەو کات وتارێکم نووسی بەناونیشانی بوومەلەرزەی ترەمپ دوای دەرکەوت ترەمپ نەک یەک بوومەلەرزە بەڵکو بوومەلەرزەی زۆر لە گەڵ خۆیدا هێناوەو هەرجارەی لەلایەکەوە جیهان دەهەژێنێت.

ترەمپ ئەوەی کە هەر لە سەرەتای هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنیەوە نەیشاردۆتەوە ئەوە بوو، کە ئەو دژایەتی خۆی بۆ زۆر پەیماننامەورێکەوتننامەی گرنگ راگەیاند بوو کە سەرۆکەکانی پێش خۆی واژۆیان کردبوو لە هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماریش بە بیانوو و پاساوی ئەوەی ئەمانەرێگرن لە جووڵەی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرووی نێو دەوڵەتیەوە هەروەها زیانی گەورە بە ئەمریکا دەگەیەنێت لەڕووی ئابوورییەوە.

١. بۆیە هەر لە یەکەم ساڵی حوکمڕانی و جێنیشینی لە کۆشکی سپی لە پەیماننامەی پاریس کشایەوە تایبەت بە کەش و هەوا کە ساڵی ٢٠١٥ ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکی پێشوو ئۆباما واژۆییان کردبوو بە بیانووی ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکادا یەکناگرێتەوە ,

٢. هەروەها لە رێککەوتننامەی هاوبەشی ئیستراتیجی ئابووری لەگەڵ ولاتانی پشت ئۆقیانووسی ئارام کە لە تەک دوازدە ولات سەرۆکی پێشوو ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٥ واژۆی کردبوو کشایەوە.

٣. هاوشان لە گەڵ دروشمی ئەمریکا یەکەمە و پێش هەموو شتێکە کە سەرۆک ترەمپ بەرزی کردۆتەوە هەر لە سەرەتاوە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زۆررێکخراوی نێودەوڵەتی گرنگ کشایەوە بە پاساوی ترەمپ گوایە لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای ئەمریکادا نایەتەوە. هەر لەو چوارچێوەدارەخنەی زۆری لەرێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرت کە دژ بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کاردەکەن لەوانە لەرێکخراوی یونسکۆ(ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەورۆشنبیری و زانست) هەروەها دەستبەرداری ئەندامێتی ئەمریکا بوو لە ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نێو دەوڵەتی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە بەرئەوەی ئەمریکا سیاسەتەکەیانی بەدڵ نەبوو دەرهەق بە ئیسرائیل، بڕین و وەستاندنی کۆمەک و هاوکارییەکانی بۆ ئاژانسی بەهاناوەچوون و بەکارخستنی ئاوارە فەلەستینیەکالنی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان (ئۆنروا).

٤. تایبەت بە کێشەی فەلەستینیش دوای ئەوەی فەلەستینیەکان داواکارییەکیان بەرزکردەوە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی دژ بە بڕیاری گواستنەوەی باڵوێزخانەکەیان لە ئۆرشەلیمەوە

بۆ قودس، لە ٦ دیسەمبەری ٢٠١٧ جۆن پۆڵتۆنی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا رایگەیاند، کە وڵاتەکەی لە پاشکۆی پرۆتۆکۆلی ڤیەنا بۆ چارەسەری کێشەو ململانێکان بەرێگای ئاشتی کشایەوە.
.٥ ٨ی ئایاری ٢٠١٨ سەرۆک ترەمپ یەک لایەنە لەرێککەوتننامەی (٥+١) تایبەت بە چەکە ئەتۆمییەکانی ئێران کشایەوە و بە خراپترین و کارەساتبارترین رێککەوتننامە لە مێژووی ئەمریکادا ناوی برد، هەر لە دوای پاشەکشەکەشی هەموو سزاکانی جارانی بە زیاترەوە بە سەر ئێراندا سەپاندەوە بەو نیازەی نەک هەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی بووەستێنێت بەڵکو سنوورێک دابنرێت بۆرەفتارو دەستوەردانەکانی لە ناوچەکەدا کە هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە دەکات.
.٦ لە دوا هەوڵیدا ترەمپ بۆ کشانەوەو بادانەوە لەرێککەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکان کە لە هەموویان مەترسیدارترەو گەڕانەوەیە بۆرۆژانی شەڕی سارد و ململانێی خۆپڕچەککردنی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا ئەویش خواست و نیازی کشانەوەیە لە پەیماننامەی رۆکێتە مامناوەند مەداکانە لەگەڵ روسیا کە ساڵی ١٩٨٧ واژۆ کراوە کە ئەمەش ئاماژەیەکی سامناکی گەڕانەوەی پێشبڕکێ ی خۆ پڕچەککردنە لە نێوان واشنتۆن و مۆسکۆ.
ئیدارەی ترەمپ لەم بڕیاری کشانەوەو بادانەوانە هیچ راوێژێک بە هاوپەیمان و دۆستەکانی ناکات، دەخوازێت بە شێوازێکی نوێ دایان بڕێژێتەوە ئەورێکەوتنانە کە لە بەرژەوندی خۆیدا بێت هەرچەندە تائێستا هیچ ئەڵتەرنەتیفێکی نەخستۆتەروو.
لە کۆتاییدا دەکرێت بپرسین ئایا ئەمریکا بە کشانەوەی لە زۆرێک لەو پەیماننامە گرنگانە زیان بە پێگە و هەیبەتی نێودەوڵەتی ناگات؟! لە کاتێکدا سەرۆکایەتی نەزم و سیستمی جیهانی دەکات، ئایا کاریگەری رۆڵی ئەمریکا لە سەررووداوەکان کەم ناکاتەوە؟ ئایا بوار بۆ وڵاتانی تر نارەخسێنێت شوێن و پێگەی ئەمریکا بگرنەوە بەتایبەتی چین؟

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٨٦ – ٢٠١٩/٢/١٠

# کۆنگرەی میونشن (٥٥)

کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایش یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٣ بەسترا، ئەوکات لە ژێر ناوی دیداری نێودەوڵەتی بۆ زانستی بەرگری بوو، کەلە نێوان هەردوو چالاکوانی بەناوبانگی دژ بە نازیزم و هیتلەر (ئیڤان فۆن کلایست) و زانای بواری فیزیا (ئەدوارد تێلەر) هاتە دامەزراندن، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ زانستەکانی بەرگری) دواتریش جارێکی تر ناوەکەیان گۆڕی بۆ (کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایش).

گرنگی ئەم کۆنگرەیە لەوەدایە، کە بایەخ بە پرسەکانی ئاسایش دەدات، وەکو سەکۆیەکی ئازاد، سیاسەتوانەکان لێکۆڵینەوە لە کێشەو قەیرانەکانی پەیوەست بە ئاسایش دەکەن، بە شێوەیەک ئەمساڵ زیاتر لە پێنج سەد کەسایەتی پایە بڵند بەشداربوون تێیدا، لە سەر ئاستی جیهان، هەر لە سەرۆکی وڵاتان و سەرۆکی وەزیران و وەزیرانی دەرەوەو بەرگری، لەوانەراوێژکاری ئەڵمانیا خاتوو ئەنجێلا میرکل و مایک بێنسی جێگری سەرۆکی ئەمریکاو وەزیری دەرەوەی روسیا و سەرۆکی میسر عەبدولفەتاح سیسی و میری قەتەرو...تد.

کۆنگرەی ئاسایشی میونشن کۆنگرەیەکی ساڵانەیە و لە شاری میونشنی ئەڵمانیا دەبەسترێت، لە و کۆنگرەدا دەربارەی سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەشداربووان لەهەموو ئاستەکاندا هەروەها شارەزایان بیرۆکەکانیان دەخەنەڕوو، بۆ ستراتیجیەتی تازەو هەوڵ و کۆشش بەرەو ئاشتی و سەقامگیری بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن و تاوتوێی هەموو پرسەکانی وابەستە بە ئاشتی دەکەن.

### *سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ئەمریکاو ئەوروپا*

ئەوەی ئەمجارە لە سەر مینبەری کۆنگرەی میونشن وەدەرکەوت، ئەو ناکۆکیە گەورەو ئەو دیدە جیاوازانە بوو کە لە نێوان دانیشتوانی هەردوو کەناری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، واتە ئەمریکاو ئەوروپیەکان سەری هەڵداوە، کە ئەمە سەرەتایەکی باش نابێت بۆ ئایندەی ئاسایش و ئاشتی و ئەو سیستەمەی کە ساڵانێکە جیهان بەڕێوەدەبات بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بە تایبەتی دوای جەنگی ساردو لە بەریەک هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

ناکۆکیەکانی ئەمجارە بەجۆرێک بوو زۆر بابەت و مەسەلەی تایبەت بەهەردوو کەناری گرتەوە، هەر لەمەسەلەی ئابووری و بازرگانی تادەگاتە مەسەلەی ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی سیاسەتەکانی سەرۆک ترەمپ، کشانەوەی لە زۆرێک لەرێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان مایەی نیگەرانی و سەرئێشەی گەورەیە بۆ ئەوروپیەکان.

**خاڵە ناکۆکەکانی ئەمریکاو ئەوروپییەکان**

گرنگترین خاڵی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و ئەوروپییەکان بەتایبەتی لە گەڵ ئەڵمانیا و فەرەنسا، دەرکەوت کاتێک راوێژکاری ئەڵمانیا نیگەرانی خۆی و وڵاتانی تری ئەوروپای راگەیاند لە سەر زنجیرە بڕیارگەلێک کە سەرۆکی ئەمریکا ترەمپ داویێتی، کە هەمووی دژ بە بەرژەوندی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانێتی لەپەیمانی ئەتڵەسی، تەنانەت نیگەرانیەکەیان بەڕادەیەک بوو کاتێک مایک بێنسی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە ناوهۆڵی کۆنگرەکەدا سڵاوی سەرۆک ترەمپی بە ئامادەبووان راگەیاند، دانیشتووانی هۆڵەکە کە پێکهاتبوو لە زۆر لە سەرۆک و وەزیرو جەنراڵەکانی سوپا، بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشاو کەس خۆشحاڵ نەبوو.
لەرووی بازرگانیشەوە ئەنگیلا مێرکل نیگەرانی خۆی لە لێدوانێکی سەرۆکی ئەمریکا دەربڕی، کەوتبووی کڕین و هێنانی ئۆتۆمبیلی ئەوروپی بۆ ئەمریکا هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، وتی ئەمە هەنگاوێکە مایەی ترس و بێزارییە بۆمان.
خاڵێکی تری ناکۆکی لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا (جان- ئیف لۆدریان) دەرکەوت کەرەخنەی لەبڕیارەکەی ترەمپ گرت، لە سەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا بەبێ راوێژ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، وتی نازانرێت چ ئاژاوەیەک روودەدات لە ئاوا بارودۆخێکدا و چ بۆشاییەک دروست دەبێت و کێ پڕی دەکاتەوە.
خاڵێکی تری ناکۆکی گەورە کە لە کۆنگرەی وارسۆی چەندرۆژ پێشتریش سەری هەڵدابوو لە نێوانیاندا، لە کۆنگرەی میونشنیش بە هەمان شێوە وریتمی پێشوو ئامادەبوو مەسەلەی ئێران بوو ئەگەرچی ئەمریکا لەساڵی رابردوو یەک لایەنە کشایەوە لەرێککەوتننامەی (٥+١) و ئابلۆوقەو سزاکانی توندتر لە جاران خستەوە سەر ئێران، خوازیارە ئەوروپییەکانیش هەمان هەنگاو بگرنەبەر، بەڵام ئەمان دیدو بۆچوونی تەواو جیاوازیان هەیە لە گەڵ ئەمریکا تایبەت بە دۆسێی ئێران.
لەبەرامبەردا ئەوروپییەکان لەسەر زاری فیدریکا مۆگیرینی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا رایانگەیاند، کە ئەمان پابەندن بە جێبەجێکردنی تەواورێککەوتنامەکەوە.
هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش رایگەیاند بە بێ جێبەجێکردنی ئەورێککەوتنامە ناوچەکە بەرەو جەنگێکی کراوە دەڕوات ناوچەکە ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت.
بابەتێکی جێناکۆکی نێوان ئەو دووبەرە ئەوەیە، کە هەندێک لە وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ بوودجەی پێویست تەرخان ناکەن بۆ بواری بەرگری و سوپا، کە ئەمریکا دەخوازێت هەریەک لە وڵاتانی ئەندام ساڵانە٢٪ داهاتی گشتی بۆ تەرخان بکەن، بەڵام هەندێک لە ئەندامانی ناتۆ تا ئێستا پابەند نابن.
دۆسێ یەکی دی کە زۆر جێگەی نیگەرانی ئەمریکایە و ئەوروپییەکان بە تایبەتی ئەڵمانیا

کاری لە سەردەکات و پابەندە پێوەی، ئەوەیە کەراکێشانی بۆڕی غازی شلی روسیایە لە بەلتیقەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە ناسراوە بە (نورد ستریم ٢)، ئەمریکا دەڵێت چۆن دەبێت وڵاتێکی گەورەی ئەوروپا کە ئەڵمانیایە دیلی روس بێت بە هۆی غازەوە.
بابەتێکی تر کە مایک بینس جێگری سەرۆکی ئەمریکا،رەخنەی توندی لێگرت، مەسەلەی کڕینی چەک ورۆکێتە لەروسیا، لە لایەن هاوپەیمانانی ئەمریکاوە، ئەویش مەبەستی تورکیا بوو کە بۆندی کڕینی سیستمی S400 لە گەڵ روسیادا واژۆ کردووە، بێنس وتی ئێمە ناتوانین بەرگری لەرۆژئاوا بکەین لە کاتێکدا رۆژئاوا پشت بەچەکی رۆژهەڵات ببەستێت.
ئەوەی بەوردی سەیری وتوێژو باسەکانی کۆنگرەی میونشن بکات، هەست دەکات کە ئاستی ناکۆکی و دیدو بۆچوونەکانیان لەپلەیەکی باڵادایە و ئیتر ناکرێت بەو سیستەمەی جاران جیهان بەڕێوە ببرێت، بە تایبەتی دروشمەکەی سەرۆک ترەمپ کە دەڵێت ئەمریکا پێش هەمووشتێک، ئیتر هیچ بوارێک بۆ هاوپەیمانەکانی ناهێڵێتەوە بۆ بەرگری و هاوبەشێتی راستەقینەو سەرۆکایەتی جیهان، جاران ئەمریکا بۆیە قسەو فەرمانی لەهەموو شوێن دەڕۆیی و جێبەجێدەکرا چونکە دەستی کراوە بوو.
بەهەرحاڵ لە کۆتاییدا ئەوەی لە کۆنگرەی ٥٥ میونشن هەستی پێکرا، جیهان بە بارودۆخێکی نا ئاسایی تێپەڕ دەبێت، سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێ ی نێوان ئەمریکا لەگەڵ روسیاو چین و هەروەها ئەمریکا پشتی کردۆتە هاوپەیمانە کۆنەکانی لە ئەوروپا و یابان، وایان دادەنێت کە ئەمانەرکابەری ئابوری بن لەئایندەدا.
لە لایەکی ترەوە حاڵەتێکی ترس و لەرز ئەوروپای گرتۆتەوە، بەئاستێک سەرۆکی کۆنگرەی میونشن (ولفجانج ئیشینجر)رایگەیاند، کە جیهانی لیبراڵ و ئازاد لەسەر لێواری داڕمانە بۆیە داوای لە سەرکردەکان کرد کە لەئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویی دابن و ئەو دامودەزگاو دامەزراوانەی کە ساڵانێکی دوورو درێژە دامەزرێنراون بینپارێزن، بەتایبەتی هاوپەیمانی ناتۆ کە ترەمپ هەڕەشەی ئەوەدەکات پاشەکشەی لێبکات ئەو هاوپەیمانێتیە سەربازییەی کەپارێزگاری لەرۆژئاوا بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی دەکات.
هەربۆیە سەرۆکی کۆنگرەکە خوازیار بوو لە ئامادەبووان کە گوێ بۆ دەنگی بیرو هۆش بگرن و ناکۆکیەکان وەلاوە بنێن و خواست و ئیرادەی سیاسی بخوڵقێنن بۆ چارەسەر کردنی هەموو کێشەو ململانێکان لە ئەوروپاو دەرەوەی ئەوروپا و نیگەرانی خۆی نەشاردەوە لە نەمانی متمانەو سەر هەڵدان و گەشەکردنی ناکۆکی، لە سەر سنورەکانی ئەوروپا دوورنیە، بگوێزرێتەوە بۆ ناو ئەوروپا لەکاتێکدا ئەوروپاش گیرۆدەی کێشەکانی برێکیست و کێشەی ئاوارەو پەناهەندەکان لە تورکیاو هەڕەشەکانی ئەردۆگان بۆ بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٩٧ – ٢٢+٢٠١٩/٢/٢٣

# گەشەکردنی رۆڵی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوین

روسیا ئەو وڵاتەی کە میراتگری یەکێتیی سۆڤێتی جارانە و هەموو جبەخانەو چەک و سیستەمەکانی بەرگری ئەو ئیمپراتۆریەتە زەبەلاحەی کە بۆ ماوەی چل و پێنج ساڵ واتە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە ١٩٤٥ تاکو لەبەریەک هەڵوەشانەوەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١، رکابەری یەکەمی ئەمریکا و هاوپەیمانێتی ناتۆ بوو کە بە سیستەمێکی دوو جەمسەریی، ئیدارەی هەموو قەیران و ململانێکانی جیهانیان دەکرد.
لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە دابەشبوونی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤێت بۆ چواردە وڵاتی سەربەخۆ و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی وارسۆ کە یەکێتی سۆڤێت سەرکردایەتی دەکرد، ئیتر روسیا سەرەڕای ئەوەی کە هەموو چەکە ئەتۆمی و سیستەمەکانی بەرەڤانی بۆ مایەوە، بەڵام وڵاتێکی لاواز لە رووی ئابووری و گیرۆدەی دەیان قەیرانی قورس.
بەڵام لە دوای دەستبەکاربوونی ڤلادیمیر پوتین وەکو سەرۆکی روسیای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٠، توانی زۆرێک لە کێشە و قەیرانەکان چارەسەر بکات و رۆڵی روسیا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا تاڕادەیەکی باش بباتە پێشەوە، ئەوەی مەبەستمە لەم وتارە کورتەدا ئاماژەی پێبدەم، رۆڵی روسیایە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین لە دوای بەهاری عەرەبی و بەدیاریکراوی لە سوریا لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕش لەو وڵاتە، دوای بە لاڕێدابردنی ئەو شۆڕشە لە لایەن تاقم و گروپە تیرۆریستەکانەوە بۆ شەڕی ناوخۆ و ئەهلی و وێرانکردنی ئەو وڵاتە.
هەرچەندە روسیا یەکەم وڵات و هێز نەبوو کە دەست وەربداتە ناو رووداوەکانی سوریا، بەڵکو پێش ئەو میلیشیاکانی حزبوڵڵای لوبنان و پاسدارانی ئێران راستەوخۆ بەشداریی شەڕ و ململانێکانی ئەو وڵاتە بوون. جگە لە پشتیوانی ماڵی و سەربازی و لۆجستیکی عەرەبستانی سعودیە و قەتەر و تورکیا بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، هەروەها پاڵپشتی ئاسمانیی ئەمریکاش. بەڵام روسیا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و توانی ببێتە بڕیار بە دەستی یەکەم و داینەمۆی سەرەکی هەموو رووداوەکانی سوریا لەسەر خاک و بوونی خۆی بسەپێنێت.

***هۆکارەکانی پێشکەوتنی رۆڵی روسیا:***

١. دیارترینی ئەو هۆکارانە، ئامادەبوونێکی چڕی سەربازیی کە پێشتر لەوێندەرێ پێگە و بنکەی سەربازیی تەرتوسی هەبوو. جگە لە سیستەمێکی چەکی پێشکەوتوو کە ئەمەش

پەیامێک بوو بۆ هەمو لایەنانی دی کە ئێمە بۆ گەشت و گوزار نەهاتووینەتە سوریا و سڵ لە هیچ شتێک ناکەینەوە و هەرچیش پێویست بێت دەیکەین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان لەم شەڕەدا.

٢. مۆسکۆ بە ئاشکرا رایگەیاند، ئەم بۆ پشتیوانی رژێمی ئەسەد هاتۆتە سوریا و وەکو هاوبەشێکی سەرەکی و بەتایبەتی کە سالآنێکە هەر لە سەردەمی سۆڤێتەوە پەیماننامەی دۆستایەتی هاوبەشیان بۆ درێژ مەودا واژۆ کردبوو. لە هەمان کاتدا رایگەیاند کە ئەمان شەڕی تیرۆر و داعش دەکەن، کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و روسیا و سوریاش، کە بەمە مۆسکۆ چووە ناو بەرەی دژ بە شەڕی تیرۆرەوە.

٣. هۆکارێکی تری زۆر گرنگ کە رۆڵی روسیای بەهێزکرد، پێگەی نێودەوڵەتی روسیا بوو وەکو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە وڵاتانی تری وەکو ئێران و تورکیا و سعودیە و قەتەر نەیانتوانی هەمان رۆڵ ببینن.

٤. هەڵەکانی ئەمریکا یەکێکی دی لە هۆکارە سەرەکییەکان بوو کە زەمینەی خۆشکرد بۆ باڵادەستبوونی روسیا لە ناوچەکە بەگشتی و سوریا بەتایبەتی. لە کاتێکدا شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە زۆر لە دۆسێکانی ناوچەکە هەر لە عیراقەوە بگرە تاهەڵسوکەوت لەگەڵ ئیخوانەکانی میسر، بە تایبەتیش ئەوەی لەم دواییەدا ترەمپ لە تویتێکدا بڕیاری دا هێزەکانی لە سوریا بکێشێتەوە، ئەمە زیاتر گۆڕەپانەکە بۆ روسیا و هاوپەیمانەکانی چۆڵ دەکات و بۆشاییەک دروست دەکات کە دەبێت پڕبکرێتەوە.

٥. جوگرافیای سیاسی، پێگەی جوگرافیای نزیک مەودای نێوان روسیا و سوریا هۆکارێکی تری یاریدەدەر بۆ ئەوەی پێگەی روسیا بەهێزتر بێت لە لایەنەکانی تر، بە ئاسانی روسیا بتوانێت بنکە و بارەگای سەربازی بە تێچوویەکی زۆر کەم بنیات بنێت، ئەم نزیکییە ئەوەی بۆ روسەکان رەخساند کە بە ئاسانی بێنە سوریا و بچنە دەرەوە، کە ئەمە بۆ ئەمریکییەکان زەحمەتە کە رکابەری سەرەکی روسیان.

لە کۆتاییدا روسیا نەک هەر لە سوریا بەڵکو ئێستا رۆڵی گرنگی لە زۆر لە دۆسێکانی ناوچەکە هەیە، چ لە دۆسێی یەمەن پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو هەیە و دەتوانێت رۆڵی کاریگەر ببینێت لە یەکلاییکردنەوەی زۆرێک لە کێشە و ململانێکانی ناوچەکە.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٧٩٨ – ٢٠١٩/٢/٢٤

# هۆکارەکانی پشت کوشتاری موسڵمانان لە نیوزلەندا

ڕۆژی هەینی ١٥ /٢٠١٩/٣/ جیهان کاتێک بە ئاگا هاتەوە تاوانێکی گەورە و خەمناک و دڕندانە لە شاری (کرایست تشرش) واتە شاری مەسیح لە وڵاتی نیوزلەندای دوورە دەست و پەڕ لەجیهاندا ئەنجامدرا کە (٤٩) کەسی سڤیل و بێتاوان کوژران، تاوانیان ئەوە بوو لە مزگەوتدا نوێژو خوا پەرستیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەمە نە تاوانە و نە تیرۆر، بەڵکو هەموو یاساو ڕێساکان ئازادای بیروباوەڕو ئاین و بەجێهێنانی مەراسیم و ئەرکە ئاینیەکانیان بۆ تاک فەراهەم کردووە.
دەبێت چی بێت ئەم زەمینە و ژینگەیەی لەبار کردبێت بۆئەوەی تاوانێکی وا قێزەون ئەنجام بدرێت؟ ئایارق و بێزاری ئیسلام فۆبیا لەپشت ئەم کردەوە تیرۆریستیەوەن لەلایەن تاقم و گروپی راستڕەو پۆپۆلیستی کە لێدوان و بیرو بۆچوونەکانیان لەهەموو کات زیاتر رەواجی هەیە و بڵاوە بەهۆی کارو کردەوەکانی داعش و ئەلقاعیدەو تاقم و گروپە توندئاژۆکانی ترەوە کە لە دوای ١١ سێپتەمبەرەوە کاردانەوەی زۆری لێکەوتوەتەوە لەزۆر کونج و کەلەبەری ئەم جیهانە جەنجاڵ و پڕ لەکێشەو قەیرانەدا لەم قۆناغە مێژووییە هەستیارو ناسک و شڵەژاوەی ئێستادا؟
کەمینەی موسڵمان لەکۆمەڵگەی نیوزلەندا کەمینەیەکن خێراترین و زۆرترین گەشەیان کردووە کە ژمارەکەیان لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٦، شەش ئەوەندەی خۆی زیادی کردووە! هەرچەندە هەموویان لە بنەچەوە بیانی نین، بەڵکو خەڵکی رەسەنی نیوزلەندەشن، هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ٪٧٧ خەڵکی دەرەوەی نیوزلەندەن و ٪٢٩ خەڵکی هیندستانن و ٪٢١ خەڵکی عیراق وئێران و هەندێک وڵاتی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەش ئێستا ژمارەی موسڵمانەکان لە نیوزلەندە پەنجا هەزار کەسە کە رێژەی ٪١ ی ژمارەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن.
کە لە شارە سەرەکییەکانی ئۆکلاندو کریست تشیرش و ویلنجتون و هاملتون نیشتەجێن و توانیویانە تائێستا ببن بە خاوەنی حەوت کۆمەڵە و قوتابخانەی ئیسلامی بۆ فێرکردنی کچانی ئیسلامی و هەروەها قوتابخانەیەکیش بۆ لەبەرکردنی قورئان جگە لە دروستکردنی پەنجا مزگەوت، بەڵام ناتوانن بانگ بە دەنگی بەرزو بە بڵندگۆ بدەن، چونکە یاسای نیوزلەندا رێگە بەوە نادات.
هەرچەندە کۆمەڵگای نیوزلەندی زۆر دوورە لەتوندڕەویی رق و دەمارگیریی ئاینی و

نەتەوەیی، بەڵام ئەو رووداو کردەوەکانی شوێنانی ترە لە جیهان پەلیان هاویشتووە بۆ نیوزلەندە کە کارو کردەوەی وا سامناک و قێزەون لەسەر خاکەکەی ئەنجام بدرێت، لەو رووداوانەش تەقینەوەکانی ١١ ی سێپتەمەبەری نیویۆرک و سەرهەڵدانی داعش بەکارو کردەوە توندڕەوییەکانیانەوە.
نیوزلەندە هیچ سنوورێکی وشکایی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا نییە، بەڵکو کۆمەڵێک دوورگەن لە ئۆقیانووسی ئارامدا لەباشووری خۆرهەڵاتی ئوسترالیادا، واتا شوێنێکی زۆر پەڕو دوورە دەست و دابڕاوە لە جیهان، بەڵام رووداني تاوان و کردەوەیەکی وا نائاسایی، ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرو بەڵگەنەویستە بۆ هەموو لایەک دەسەلمێنێت کە تیرۆر هیچ سنوورێکی نییەو هیچ جوگرافیایەک لەسەر گۆی زەویدا دانابڕێت لەکێشەو ململانێکان.
هۆکارێک و ئاماژەیەکی تری ترسناکی ئەم کردەوە تیرۆریستییە ئەوەیە هەڵبژاردنی شاری (کرایست تشرش) کە مانای (کەنیسەی مەسیح)ە، ئەمەش پێدانی رووپۆشێکی ئێتنیکی ئایینییە بەم ململانێ سامناکە کە ببێتە خاڵێکی جیاواز و جیاکردنەوەی هەردوو ئایینی ئیسلام و مەسیحی کە ساڵانێکی زۆرە بەیەکەوە هەڵیانکردووە و پێکەوە لەزۆر شوێنی ئەم جیهانەدا پێکەوە دەژین بەبێ کێشە.
لەلایەکی دیکەشەوە دوڵەتی ئیسرائیل کە تا ماوەیەک لەمەوبەر خۆی بە دەوڵەتێکی سیکۆلارو دیموکراسی دەناساند، ئێستا پاشگەزبووەتەوەو خۆی بە دەوڵەتێکی تایبەت بە ئایینی یەهودی دەناسێنێت لەکاتێکدا لە سنوورەکەیدا عەرەب و موسڵمان و مەسیحی و دورزی هەن و بەم هەنگاوە هەموو ئەو پێکهاتانە لە مافەکانیان لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بێبەش دەبن.
رۆژی ٢٠١٩/٣/٢١ -ش چوار مزگەوتی موسڵمانەکان لە شاری بیرمنگهام لە بەریتانیا کەوتنە بەر هێرشی خەڵکی نەناسراو و هەموو ئەمانە ئاماژەی سامناکن بۆ ئایندەی پێکەوەژیان و ئارامیی و سەقامگیریی و بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی تاقم و گرووپە پۆپۆلیستەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٢٠ – ٢٠١٩/٣/٢٥

# روسیا لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا

ئەگەرچی لە سەدەی پێشووەوەو و بە دیاریکراوی لە سەروەختی جەنگی سارددا ولاتانی عەرەبی و ئەوانەی کە بە بەرەی بەرەنگاربوونەوە ناسرابوون و میسر سەرۆکایەتی و رابەرایەتی دەکردن لە رۆژگاری سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیێتی جاران هەبوو و لە زۆر وێستگەی گرنگدا رەنگی دایەوە، هەرچەندە نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەمریکای رکابەری سۆڤییێت لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیبوو.

ئێستا کە ئەو بارودۆخە بەتەواوی گۆڕاوە، نە یەکێتی سۆڤیێت ماوەو نە عەرەبیش خاوەن بەرەی یەکگرتوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل، بەتایبەتی دوای رێکەوتننامەی کامپ-دیڤیدی ساڵی ١٩٧٨ لە نێوان میسر و ئیسرائیل و سەردانی مێژوویی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی ئەوکاتی میسر بۆ تەلئەبیبی پایتەختی ئیسرائیل، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت روسیا جێنشین و میراتگری یەکێتی سۆڤیێتی جارانە و ولاتانی عەرەبیش لە مێژوویاندا لە ئێستا پەرش و بلاوتر و بێ سیمبول و کاریزما و پرکێشەتر نەبوون.

ئەوەی دەخوازم قسەی لەسەر بکەم دوا سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلە بۆ مۆسکۆی پایتەختی روسیا کە لەم ساڵانەی دوییدا بە شێوەیەکی خێرا و زوو زوو ئەنجامی دەدات، بە تایبەتی دوای رووداوەکانی سوریا و بوونی هێزەکانی ئێرانە لەو ولاتە کە دراوسێی ئیسرائیلە و کاریگەریی زۆری لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل هەیە و گەلێک نیگەرانە.

ئەگەرچی ئەم سەردانە و سەردانە مەکوکییەکانی نەتنیاهۆ بۆ مۆسکۆ، لە میدیای عەرەبیدا جێگەی نیگەرانی و بێزاری و هەندێک پێشبینییە، بەلام لەو باوەڕەدام ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسە عەرەبانە بە هەڵەداچوون، چونکە عەرەب خۆیان ئێستا دوژمنی ناوەندی و سەرەکییان ئیسرائیل نییە و خەڵکی تر و شوێنی تر بە مەترسی بۆ سەر نەتەوەی عەرەب دەزانن، ئیتر دەبێت چاوەڕوانی چی لە مۆسکۆ بکەن؟

راستییەکی تریش هەیە دەبێت عەرەب و هەموو هاوپەیمان و سۆزدارەکانی مۆسکۆی بیزانن، ئەویش ئەوەیە کە روسیا وەکو ئەمریکا نییە، نە ئەو هێز و توانایەی هەیە کە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیەتی و نە روسیاش ئامادەیە دوژمنەکان و دوژمنی هاوپەیمانەکانی بۆمب و موشەک باران بکات وەکو ئەمریکا دەیکات دەرهەق بە نەیار و دوژمنی هاوپەیمانەکانی.

بەڵکو روسەکان وەکو دەڵێن هاوڕێی رێگەن، کوردیش لە دوو وێستگەی گرنگدا روسەکان چزەیان لێهەڵساندووە، ئەوانیش کۆماری کوردستان لە سەردەمی سۆڤیێت و عەفرینیش

لەم دواییەدا لە سەروەختی پوتین و روسیا. با بێینەوە سەر عەرەب و روسیا. دواجار کە فڕۆکەکانی ئیسرائیل پەلاماری سوریایان دا هەڵوێستی روسیا زۆر لاواز و شەرمنانە بوو و وتیان هاوپەیمانی ئەمریکا بوون ئەوانەی هێرشەکەیان کردبوو، لە کاتێکدا ئەوان ئێستا خاوەنی هەموو شتێکن لە سوریا.
ئەوەی گرنگە روسیا پابەندە بە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە و لەو پێناوەشدا بەبێ هیچ دوودڵی و نیگەرانییەک هەموو کارێکی پێویست دەکات.

***بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ستراتیجییەکانی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوین***

بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی و ستراتیجی روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوین، روبەڕوبونەوە و بەریەکەوتن نییە لەگەڵ ئەمریکا و تەنانەت هاوپەیمانەکانیشی لەوانە ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوی عەرەبیش، بەڵکو ئێستا روسیا سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکانێتی بە پلەی یەکەم، ئەویش پێشخستن و پەرەپێدانی ئابوورییەکەیەتی و دەخوازێت بازێکی گەورەی جۆریی پێبدات بۆ پێشەوە، لە هەمان کاتیشدا نماییشی سیاسەتی دەرەوەی وادەکات کە سیاسەتێکی بەرگرییە بۆ ئەوەی لە ناوخۆدا زەمینەسازی بکات بۆ ئەو پێشکەوتنە کە ئامانجی دوورمەودایەتی.
لەبەرئەوە کاری لە پێشینەی روسیا لەم قۆناغەدا پەرەپێدانی بازرگانی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانێتی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەبێ جیاوازی و هەر کارێک لە دەرەوەی ئەم فۆرمە دەچێتە ناو ئەو ئامانجەوە کە بۆ لەناوبردنی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی و هەر لەو روانگەیەشەوە دەستوەردانی کردووە لە سوریادا، وەکو خۆیان رایانگەیاندووە پێویستیان بە رۆژهەڵاتێکی ناوینی ئارام و سەقامگیر و زیرۆ پرۆبڵمە.
روسییەکان ئامادەنین بچنە ناو هیچ کام لە ململانێکانی ناوچەکەوە و بە ململانێی ئێران و ئەمریکاشەوە، بەڵکو لەگەڵ چارەسەری سیاسی و ئاشتییانەن بۆ تەواوی کێشەکان.

کوردستانی نوێ - ژ. ٧٨٣١ - ٢٠١٩/٤/٧

# ململانێکانی ئەمریکاو ئێران
# لە هورمزەوە بۆ جەبەل تاریق

جەبەل تاریق ناوێکی نامۆ نیە بۆ زۆربەمان بە تایبەتی بۆ جیهانی ئیسلامیش بە گشتی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی لە ئەندەلس و سەرکردەی ئەو شاڵاوە ش ( تاریقی کوڕی زیاد ) لە ساڵی ٧١١ زاینی،تەنگەی جەبەل تاریق ئەو شوێنەیە کە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە کە ناوە عەرەبیە کۆنەکەی دەریای ( زقاق) بوو هەرچەندە ئینگلیزو ئیسپانیەکانیش ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆی،کە قووڵترین شوێنی ئاوەکەی ٣٠٠ مەترەو تەسکترین شوێنی پانتاییەکەی ١٤ کیلۆمەترە.

تەنگەی جەبەل تاریق یەکێک لە هەستیارترین ڕێڕەو وپێگە دەریاییە گرنگەکانی جیهان کە کەشتیگەلی بارهەڵگر هاتوچۆی بەردەوامی تێدا دەکەن لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داو ناوچەیەکی جێناکۆکە لە نێوان هەردوو وڵاتی بەریتانیا و ئیسپانیادا،لە ئێستا بووەتە گۆڕپانی ململانێکانی ئێران و ئەمریکا لە لایەکی ترەوە ئەمە ئەو ڕاستیە سامناکەمان دێنێتە پێش چاو کە ئەگەر ململانێ و ناکۆکییەکان ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت بە لۆجیک و ژیری ئەوە بۆی هەیە پەل بهاوێ بۆ زۆر پنت و جوگرافیای دوورتر کە دواتر کۆنترۆڵکردنی لەوەیە ئاسان نەبێت لایەنی تریش ڕاکێشێتە ناو هاوکێشەکەوە.

### سەرهەڵدانی کێشەکە

کاتێک ئەم کێشە تازەیە سەری هەڵدا کە دەستەڵاتدارانی تەنگەی جەبەل تاریق کەشتیەکی نەوت هەڵگری ئێرانیان ڕاگرت کە گوایە نەوتی ئێران دەگوازێتەوە بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەدی سوریا کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەوروپایە کە سزای ڕژێمی ئەسەد دەدات و ڕێگری لەوەدەکات کە هیچ کاڵاو کۆمەکیەکی بۆ بڕوات،پێدەچێت ئەمەش شێوازێکی دی هاوپەیمانەکانی واشنتۆن بێت بۆ فشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران.

گواستنەوەی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژئاوای ناوەڕاست

لە تەنگەی جەبەل تاریق و لە خواری خوارەوەی ئیسپانیا کەشتی بارهەڵگری (گریس ١) کە ئاڵای پەنەمای هەڵکردبوو و نەوتی ئێرانیشی بارکردبوو کەبە نیازبوو بڕواتە دەریای سپی ناوەڕاستەوە و لەوێشەوە بۆ بەندەرەکانی سوریا بەڵام لە دووری

چوارکیلۆمەتر پێش ئەوەی بگاتە گەرووی جەبەل تاریق لەبەرەبەیانییەکی زووی ڕۆژی ٤ تەمووزی ٢٠١٩ هێزە کانی ئاسایشی گەرووەکە کە پێکهاتببوون لە (٣٠) کەس و سەربە تاجی بەریتانیای مەزنن و ناوچەیەکی جێناکۆکە لە نێوان بەریتانیاو ئیسپانیادا لە نێو ئاوە ئیقلیمیەکانی گەرووی ناوبراودا فڕۆکەیەکی سەربازی جۆری «کۆبتەر» بەسەر کەشتیەکەدا سووڕایەوەو سەربازە بەریتانیەکان خۆیان هەڵدایە سەری و تاقمی کەشتیەکەیان دەست بەسەر کرد لە سەر فەرمان و داخوازی دەستەلاتدارانی ناوخۆیی گەرووی جەبەل تاریق.

بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسەکان و تەنانەت سەرچاوە هەواڵگرییە ئاگادارەکانی دۆخی ئێران و ناوچەکە پێدەچێت ئەمە یەکەم هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بێت بۆ ئەوەی باز بەسەر سزاو ئابڵووقەکە سەپاوەکانی سەری بدات و خۆڵ بکاتە چاوی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە.

هەر ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن کە ئەو کەشتییە بارهەڵگرە بە دۆکۆمێنت لە بەندەری بەسرەی عیراقی بارکراوە لە نەوت لە مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوو هەرچەندە کاربەدەستانی بەندەری ناوبراو نکووڵی لەوەدەکەن و دەڵێن لای ئێمە تۆمار نەکراوە و لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی تر باس لەوەدەکەن کەلە کەنارەکانی خودی ئێران بارکراوە.

لەلایەکی ترەوە لێرەدا پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە بۆ ئەم کەشتیە ئەگەر کێشەیەکی نیە، بۆ عەرەب واتەنی ( ئەم حەولە ئەلعالەمە ) دەکات و لە کەناڵی سویسەوە نزیکترین ڕێگەیە ناپەڕێتەوە، ئەوەی گومانەکە زیاد دەکات ئەوەیە بڕینی ڕێگای کۆن و دووری هاتوچۆی جارانی پێش هەڵکەندنی کەناڵی سوەیس ڕەئس ڕجاو لساڵح لە باشووری کیشوەری ئەفریقیاوە بگرێت بۆ ئەوەی خۆی لە سزاو گەمارۆکانی ئەمریکا بشارێتەوەو دەربازبێت هەرچەندە ناکۆکییەکانی نێوان ئیسپانیا و بەریتانیا تا ئێستا زۆر توندو ئاڵۆزنەبووە لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکان تا ئێستا بەردەوامن و لەوەیە ماوەیەکی درێژیش بخایەنێت لە بەرئەوەی لایەنی سێەمیش بەشدار دەبێت لە لێکۆڵینەوەکان و تەنانەت کۆمپانیای خاوەن کەشتییەکە کە واباس دەکرێت ڕوسی بێت و لە دوبەی تۆمار کرابێت.

### دەرهاویشتەکانی ئەم قەیرانە

لەلایەکی ترەوە دەست بەسەرداگرتنی ئەم کەشتیە بارهەڵگرە نەوتییەی ئێران لە لایەن دەستەڵاتدارانی جەبەل تاریقەوە کە سەر بە تاجی بەریتانیان نیگەرانی و تووڕەیی حکومەتی ئیسپانیای لێکەوتووەتەوە ،وەزیری دەرەوەی ئیسپانیاش ڕایگەیاندووە کە نامەی نیگەرانی و ناڕەزایی وڵاتەکەی دەداتە حکومەتی بەریتانیا دەرهەق بەو پێشێلکارییەی سەروەری وڵاتەکەی و زیاتریش وتی ئەمە لەسەر داخوازی ئەمریکییەکان بووە لە بەریتانیا.

لە بەرامبەردا بەریتانیەکانیش ڕایەکی جیاوازییان هەیە دەڵێن ئەمە پاساو هۆکاری یاسایی تەواومان لە بەردەستە کە بارهەڵگرەکە سزاو گەمارۆکانی سەر ڕژێمی ئەسەدی شکاندووەو هیچ هۆکارێکی سیاسی تری لە پشتەوە نیە.
لەلایەکی ترەوە ئێرانیەکانیش دەبێژن و سوورن لە سەر ئەوەی کە کەشتییەکان لە ئاوە نێو دەوڵەتییەکاندا بووەو ئەم هەنگاوەی حکومەتی بەریتانیا بە ڕووخێنەرو و نامۆ و نا یاسایی ناودەبەن وحکومەتی بەریتانیا بەوە تاوانبار دەکەن کە چووەتە ژێرباری داخوازی و فەرمانەکانی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوەی ئێران پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو هەوڵ و تەقەلا سیاسی و یاساییەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی کەشتییەکەو تاقمەکی ئازاد بکات وهۆشداری لەوش دەدات کە ئەم هەنگاوە گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە زیاد دەکات.
بەریتانیەکانیش ڕوونتر قسەدەکەن ئێستاو دەڵێن ئەمە جێبەێکردنی یاساکانی یەکێتی ئەوروپایەو کە سزای ڕژێمی ئەسەد دەدات کە لە دوای شۆڕشی گەلانی سوریاوە لەساڵی ٢٠١١ تا ئێستا ئەو ڕژێمە خەڵکی سڤیل بە بێ تاوان دەکوژێت و دەبێژن ئەو کەشتییە بارەکەی بۆ پاڵاوگەی بانیاسی سوریایە کە سەربە کۆمپانیای نەوتی حکومەتی ئەسەدەو ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی یەکێتی ئەوروپایە.

### کاردانەوەکانی ئێران

هەروەکو ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاوی کردۆتەوە کەشتی ( گریس) یەکێکە لەو چوار کەشتییەکە کە نەوتی ئێران بە قاچاغ دەگوێزێتەوە بۆ سنگافورەو چین بە پێچەوانەی سزاکانی ئەمریکا لە سەر ئێران بەڵام لێرە لە جەبەل تاریق پاساوەکە جیاییە ئەویش سەرپێچی سزاکانی یەکێتی ئەوروپایە بۆ سەر ڕژێمی ئەسەد لێرەدا دەکرێت بپرسین ئەمریکا ڕۆڵی هەیە لەم کردەوەدا یان نا ؟
بە هەرحاڵ ئێران بەتوندی ئیدانەو سەرکۆنەی ئەم هەنگاوەی بەریتانیای کردوو هەڕەشەی ئەوەی کرد لە سەر زاری ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە (موحسین ڕەزایی)کە هەنگاوی وەکو ئەوان دەنێن و کەشتییەکی بەریتانی دەستبەسەرا دەگرن و جێبەجێشیان کرد لە ڕۆژانی ڕابردوو لە تەنگەی هورمز.

### بەریتانیا و چۆنیەتی هەڵسووکەوت لە گەڵ ئەم قەیرانەدا

هەرچەندە بەریتانیا یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی ئەمریکا و لە هەموو وڵاتانی تر و هاوپەیمانەکانی تری لێکنزیکن و بەڵگەش زۆرە لە ڕابردوودا لە زۆر پرسی گرنکدا بەریتانیا پشتیوانی هەڵوێستەکانی ئەمریکا بووە بێ پێچ و پەنا لە کۆڕو کۆمەڵە نێو

دەوڵەتیەکانیشدا،بەڵام لە پرسی کشانەوەی ئەمریکا لە سەروەختی سەرۆک ترەمپ لە ڕێککەوتننامەی (٥+١) لەگەڵ ئێراندا بەریتانیا نەکشایەوەو پابەند بوونی خۆی بە ڕێککەوتننامەکەوە ڕاگەیاند.
بەڵام دوای ئەوەی دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە گەرووی هورمز پەلامار دران لە مانگە حوزەیرانی ڕابردوو ئەمساڵ ٢٠١٩ بەریتانیەکان ئێران بە ئەنجامدەری هێرشەکە دەزانن هەرچەندە ئێران نکوولی لێدەکات بۆیە جۆرێک لە گرژی و ئاڵۆزی کەوتە پەیوەندییەکانیانەوە،لە هەمان کاتیشدا کێشەیەکی تریش هەیە لە نێوان ئەودوو وڵاتەدا ئەویش ئەوەیە کە هاوڵاتییەکی بەریتانی بە بنەچە ئێرانی (نازەنین زاغاری رادکلیف) لە ساڵی ٢٠١٦ ەوە لە ئێران لە زینداندایە بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوکمدراوە ئەوانیش ڕەتی دەکەنەوە کەوەها بێت بۆیە فشار دەکەن تاوەکو ئازاد بکرێت.
هاوکات لەگەڵ فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بۆ ئەوەی ناچاری بکات بۆ هەمواركردنەوەی یان ڕێککەوتنێکی نوێ،ئەمە کاردانەوەی لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتە ئەوروپیەکانیش کردووە بە تایبەتی دوای ٨ ی حوزەیرانی ڕابردووی ئەمساڵ ٢٠١٩ کە ئێران هەڕەشەی ئەوەی کرد کە دەست بە پیتاندنەوەی یۆرانیۆم دەکاتەوە بۆ سەرووی ٣,٦٧ ٪ ئەگەر ئەوروپیەکان پابەند نەبن بە ڕێککەوتننامەکەوە بۆیە زمانی قسەکردنیان گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە بەرامبەر بە ئەوروپیەکانیش.
بۆیە ئەم هەنگاوەی ئێران هەرچەندە خۆی دەبێژێت هۆشداری دانە تاوەکو هەڕەشە بەڵام ئەوروپیەکانی نیگەران کردووە.
هەر تایبەت بە پەیوەندییەکانی بەریتانیا و ئێران بەو پێ یەی کە تا ئێستا بەریتانیا پابەندە بەڕێککەوتنی (٥+١) بۆ یە دەبێت ئازادی دەریاوانی بۆ کەشتیەکانی ئێران فەراهەم بکات کە نەوتی ئێران دەگوێزنەوە واتا بەریتانیا ناچێتە ژێرباری سزاکانی ئەمریکا هەرچەندە پاساوی بەریتانیا بۆ دەستبەسرگرتنی کەشتیەکە لە جەبەل تاریق ئەوەیە سزاکانی سەر ڕژێمی ئەسەدی سوریای بەزاندووە.

**لە کۆتاییدا:**

١. ئەگەر بەریتانیا و ئێران دوو کەشتیەکەیان یەک بە یەک ئازاد نەکەن واتە دیل بە دیل ئاڵوگۆڕییان پێ نەکەن هەرچەندە هەریەکەیان پاساوی جیای هەیە بۆ دەست بەسەردا گرتنەکە،ئێرانیەکان دەبێژن کەشتیە بەریتانیەکە ڕێساکانی هاتووچۆی دەریاوانی پێشێل کردووە بۆیە گرتوومانە پاساوەکانی بەریتانیاشمان بۆ گرتنی کەشتیە ئێرانییەکە پێشتر باسکرد ئەوا دەبێت حکومەتی بەریتانیا زیاتر دەست وەربداتە کاروباری ناوچەی کەنداو یان ڕاستەوخۆ هێزی سەربازی بنێرێتە ناوچەکە بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی کەشتییە بار

هەڵگرەکان بکەن کەئەوەش تێچوویەکی زۆری دەوێت جگە لە ترس وئەگەری هەڵگیرسانی شەڕو بەریەککەوتن لە گەڵ ئێراندا و نازانرێت تا کەی درێژە دەکێشێت.

٢. ئاسانترین چارەسەر ئەوەیە کە بەریتانیا کەشتیە ئێرانیەکە ئازاد بکات و ئێرانیش کەشتیە بەریتانیەکە ئازادبکات ئەمە لە بەرژەوەندی باڵای هەردوو وڵاتەکەیە،بە پێچەوانەی ئەمەو بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوەو قەیرانیکی گشتگیرە کە ئاکامی زۆر خراپی بە دوادا دێت نەک لە ئاستی ناوچەکە بگرە جیهانیش.

٣. ئێران دەوڵەتێکی میحوەری گرنگە لە ناوچەکەدا و ناکرێت پشتگوێ بخرێت و لە پەراوێزدا بێت توانا ڕۆکێتی زۆری هەیە و پێگەو بنکە و دۆستی زۆری لە ناوچەکەدا هەیە.

٤. ئەگەر شەڕوو پێکادان لە نێوان ئێران وبەریتانیادا ڕووبدات ئایا ئەمە شکست و نەنگی نییە بۆ گەورەیی و خۆبەزل زانینی بەریتانیا لە مێژوودا کە هەمیشە خۆی بە بەرز وزەبەلاح و لە بن نەهاتوو زانیووە.

کوردستانی نوێ – ژ. ٢٠١٩/٨/١

# عەرەب و یەهود لە دوژمنەوە دەبن بە دۆست؟

ئەگەرچی یەکەم ڕێکەوتنی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیل لەساڵی ١٩٧٩دا ئیمزا کرا بە ناوی ڕێکەوتننامەی (کامپ دیڤید) لە لایەن ئەنوەر سادات سەرۆکی ئەوکاتی میسر و مناحیم بیگن سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائیلەوە بە ئامادەبوونی جیمی کارتەر سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا، کە ئەمەش کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا و کار گەیشتە ئەوەی میسر لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی دەربکرێت و هەموو وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت هەندێک وڵاتی ئیسلامیش، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ میسر بقرتێنن.

دوای ئەوەش، ئیسرائیل ڕێکەوتنەکانی ئۆسلۆ لەگەڵ فەلەستینییەکان و ڕێکەوتنی وادی عەرەب لەگەڵ ئوردن و ڕێکەوتنەکانی ئەم دواییەی لەگەڵ ئیمارات و بەحرێن بەست.

ئەوەی گرنگە بەلامەوە و مەبەستمە باسی بکەم و بیوروژێنم، بە کورتی لەم وتارەدا ئەوەیە کە ئایا ڕێکەوتننامە و پەیماننامە و پرۆتۆکۆلاتی فەرمی، دەتوانن کێشە و قەیرانێکی قووڵی فرە ڕەهەندی وەکو کێشەی عەرەب-ئیسرائیل، چارەسەر بکەن؟

کێشەیەک ٧٢ ساڵە درێژەی هەیە و سێ شەڕی گەورە لە نێوانیاندا لە ساڵەکانی ١٩٤٨، ١٩٦٧ و ١٩٧٣ ڕوویداوە و عەرەب لە کەنداوی عەرەبییەوە تاوەکو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، خەڵکی یەهود و دەوڵەتی ئیسرائیل بە دوژمن و زایۆنیزم ناو دەبەن و لە هەموو پرۆگرامەکانی خوێندنیاندا ڕەنگی داوەتەوە و وا بە ئاسانی لە بیرەوەریی گشتیی نەتەوەی عەرەبدا ناسڕێتەوە.

ئەگەر ئێستا دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا کە کەمتر لە دوو مانگی ماوە بۆ هەڵبژاردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی، دەخوازێت بەم ڕێکەوتنە خێرا و پەلە پەلانە لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو، بالانسی دەنگەکانی بەرز بکاتەوە بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی لەلایەن یەهودەکانی ئەمریکاوە و سوود لە پێگە و توانا داراییەکانیان وەربگرێت.

لەلایەکی ترەوە، نەتەوەی عەرەب لە بەرامبەر پشتیوانیی ئەمریکا و ئەورووپا و ڕوسیا و زۆرێکی تر لە وڵاتانی جیهان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و مەحفەلە نێودەوڵەتییەکاندا، هەست بە پشتگوێخستن و زوڵمێکی گەورە دەکەن، وەکو دەرئەنجامێکی ئەو ناهەوسەنگییەش، ئەو هەموو ڕەوتە جیهادی و تیرۆریستی و توندوتیژە سەریهەڵداوە لە هەناوی کۆمەڵگەی عەرەبیدا، کە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم جیهانەدا بەدیدەکرێت. نموونە زۆرن، هەر لە ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەرەوە لە ئەمریکا تاوەکو دەیان و سەدان کردەوەی تیرۆریستیی خۆکوژی لە شارە گەورەکانی جیهان، لە ئەورووپاوە بۆ ئاسیا و ئەفریقیا و ئوسترالیا و ... تد.

لە مانگی ئابی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی ئیمارات و ئیسرائیل ئاساییکرانەوە، دواتر باسی ڕێکەوتنی عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل بە گەرمی هاتە ئاراوە، بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە:

١- پەیوەندیی نزیکی شازادەی جێنیشین محەمەد بن سەلمان لە جارید کۆشنەر زاوای ترەمپ و ئەندازیاری سەودای سەدە و خودی ترەمپ.

٢- دیدی شازادە محەمەد بۆ گۆڕینی سعودیە لە وڵاتێکی کۆنزێرڤاتیڤەوە بۆ وڵاتێکی سەردەمیانە نوێ و کراوە.

٣- دروستکردنی جەمسەرێکی بەهێز لە نێوان سعودیە و ئیسرائیل، کە هەردووکیان دۆستی ئەمریکان دژ بە ئێران.

سەرەڕای ئەو فاکتەرە بەهێزانەش، بەربەستی گەورە بۆ پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل هاتنە پێش لەلایەن خودی مەلیک سەلمان پادشای وڵاتەوە و بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە دزەیان کردووە بۆ میدیاکان، شا سەلمان وتویەتی: ئێمە خاوەنی دەستپێشخەریی خاک بەرامبەر بە ئاشتین، کە دوو دەیە بەر لە ئێستا کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیش بە فەرمیی پشتیوانییان کرد، کە ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکاندا پاشەکشە بکات بەرامبەر بە ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، یان بەڵێن بدات کە لە داهاتوودا پاشەکشە بکات، بەڵام پێچەوانەی ئەمە، واتە ئاساییکردنەوەی خۆڕایی و بێ بەرامبەر، بەڕای فەلەستینیەکان، خیانەتە لە مەسەلەی فەلەستین.

عەرەبستانی سعودیە کە لە رووی قەوارە و پێگە و ژمارەی دانیشتووانەوە زۆر جیاوازە لە بەحرێن و ئیمارات، جگە لەوەی حیجاز لانکەی ئایینی ئیسلام و شوێنی هەموو مەزارە پیرۆزەکانی ئیسلامە و خۆی بە خاوەن و دەمڕاستی هەموو موسڵمانانی جیهان و کێشەکانیان دەزانێت، بۆیە ئێستا و بە زیندوویەتیی شا سەلمان، گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا کارێکی سانا نییە، بۆیە پێدەچێت لە سەردەمی شازادە محەمەددا ئەو گۆڕانکارییە بێتەدی، کە خاوەنی دنیابینی نوێیە و دەخوازێت عەرەبستان بکاتە هێزێکی ئیقلیمی بەهێز و کاریگەر بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل.

لە کۆتاییدا، هەرچەندە هەندێک ئاماژە بەدی دەکرێن لەلایەن میدیاکانی سعودیە و پیاوانی ئایینی ئەو وڵاتەوە، کە باسی دوژمنی زایۆنیزم ناکەن و میدیاکان باسی هۆلۆکۆست دەکەن، بەڵام وەکو گەواهییەکیش بۆ وتەکانی سەرەوەم لەسەر پەروەردە و هەڵوێستی نەتەوەی عەرەب، ئاکامی راپرسییەکی پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی دوور کە لە عەرەبستانی سعودیە کردوویەتی، دەخەمەڕوو، کە زۆربەی زۆری سعودییەکان دژی ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی وەرزشی و بازرگانین لەگەڵ ئیسرائیل، تەنها ٩ ٪یان لایەنگری ئاساییکردنەوەی پەیوەندین لەگەڵ ئیسرائیل.

کوردستانی نوێ -ژ. ٨١٨٧ - ٢٠٢٠/٩/٢٧